منتدى إقرأ الثقافي
www.iqra.ahlamontada.com

ئاستانە

فێمینیزم

لە گوتاری چارەسەرەوە تا واقیعی کێشەساز

نووسینی: زەکەریا ژاکاو

زەکەریا ژاکاو

زەکەریا دلێر حەسەن

لەدایکبووی (١٩٩٩/٥/٣)یە لە شاری سلێمانی

بڕوانامەی دبلۆمی لە نەوت و گاز بە پلەی یەکەم

بەدەست هێناوە.

ئەندامی ڕێکخراوی ئاستانەیە بۆ هزر و گەشەپێدان

فێمینیـــــــــــــزم

لە گوتاری چـــــــارەسەرەوە

تا واقیعی کێشەســـــــاز

نـــاوی نـــووســـــەر : زەکەریا ژاکاو
دیزاینی ناوەوە و بەرگ : ڕێکخراوی ئاستانە
نـــۆبـــەتـی چـــاپ : ٢٠٢٣
تـیـــــــــــــراژ : ١٠٠٠ دانـــــــە

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتیەکان - هەرێمی کوردستان
ژمارە سپاردنی (١٧٦٤) ی ساڵی ٢٠٢٣ پێدراوە

مافی لەچاپدانەوەی پارێزراوە بۆ ڕێکخراوی ئاستانە ©

فێمینیـــــــــزم

لە گوتاری چـــــــارەسەرەوە
تا واقیعی کێشەســـــــاز

نووسینی
زەکەریا ژاکاو

بسم الله الرحمن الرحيم

پێشکەشەنامە

پێشکەشە بە زاتی ئەو-رسول الله- کە بەحری نووری عیلم و عیرفانە.

داواکارم لێی ئەم پەرتووکە بە دیاری وەربگرێت و، کە لە ڕۆژی سەڵادا گەیشتم بە خزمەتی پێی بڵێم "ئەوەی کە لە وتاری ماڵئاواییتدا غەم و هەمت بوو و هاوارت لە شوێنکەوتوانت دەکرد کە ئاگایان لێی بێت، کە ئافرەتان بوون، ئەم پەرتووکەم بۆ نووسین و بە خاوی و سستی خۆم هاتم بەدەم بانگەکەتەوە، هەوڵمدا ئافرەتان لەڕێی ئەم چەند دێڕەوە بپارێزم و ئافرەتانی موسڵمان شەریعەتەکەت بەرنەدەن و نەبنە شوێنکەوتەی بزووتنەوە و فکرێک کە لەگەڵ ئایینەکەتدا یەک ناگرێتەوە. بۆیە لەم ڕۆژەدا کە مناڵ تێیدا سەری سپی بووە و هیچ کەسێک منی لەیاد نییە و هەموان بەڕێوەن بۆ مەحشەر، داوات لێدەکەم لای خوا شەفاعەتم بۆ بکەیت و لەگەڵ دۆستەکانی خۆتدا ناوم بهێنیت بە خودا بڵێیت ئەمە یەکێک بووە لەوانەی بەدەم بانگەشەکەمەوە هاتووە".

پاشان پێشکەشە بە دایکم، ئەو مرۆڤەی کە هەرچییەک بنووسم و هەرچییەک بکەم ناتوانم مافی بدەم.

سوپاسنامە

(مَنْ لَمْ يشْكُر النَّاسَ لَمْ يشْكُر الله) «ئەوەی سووپاسی خەڵکی نەکات سووپاسی خواش ناکات».

پێغەمبەر موحەممەد (ﷺ)

سەرەتا سوپاسی ئەو خودایەی کە خالقی گەردوون و دروستکراوەکانە، حەمد و شوکر بۆ ئەو زاتەی کە نیعمەتی ئیمان و ئیسلامی بەسەردا ڕژاندووین و کاتی بە بەندەکانی داوە تا کردەوەکانیانی تێدا ئەنجام بدەن.

سوپاس بۆ نێردراوی خوا موحەممەد (ﷺ)، کە پەیامی خودای پێ گەیاندووین و فێری کردووین چۆن ژیان بەسەر ببەین و مامەڵە لەگەڵ مەخلوقاتدا بکەین.

پاشان سوپاسی دایکی ئەزیزم و براکەم کاک «دانیاڵ ژاکاو» دەکەم لە هاندان و یارمەتیدانیان لە نووسینی ئەم توێژینەوەیەدا و سوپاس بۆ تێبینی و ڕەخنە و سەرنجەکانیان بۆ دەوڵەمەندکردنی ئەم پەرتووکە.

سوپاسی بۆ هاوڕێ و برای ئەزیزم کاک "سەرمەد فوئاد" کە هاوکارییەکی باشی کردم لە نووسینی ئەم پەرتووکەدا و لەگەڵمدا ماندوو بوو، هیچ کات ئەو ساتانەم بیر ناچێتەوە کە پێکەوە بە کتێبخانەکانی شاردا دەگەڕاین و زۆرجار دەچووینە ژێرزەمینی کتێبخانەکانەوە و لەشمان خۆڵاوی دەبوو تا پەرتووکێکمان لەسەر فێمینیزم و ئافرەت دەستدەکەوت و وەکوو سەرچاوە بەکارمان دەهێنا، یان هەندێک جار بە دڵخۆشییەوە تەلەفۆنی بۆ دەکردم و

دەیوت "کتێبێکم بۆت دۆزیوەتەوە و سوودی لێ دەبینیت بەکاری بهێنیت"، هیوادارم لە بەهەشتدا پێکەوە یادی ئەو ساتانە بکەینەوە.

سوپاسی دکتۆرە «بێخاڵ ئەبووبەکر» دەکەم کە ماندوو بوو بە خوێندنەوە و پێداچوونەوە و هەڵسەنگاندنی ئەم پەرتووکە و، بە تێبینی و ڕەخنە و پێشنیارەکانییان پەرتووکەکەیان دەوڵەمەند کرد.

سوپاسی مامۆستا و برای ئەزیزم «سەرهەنگ ئەحمەد» دەکەم کە یارمەتییەکی باشی داوم لە سەرچاوەی نووسینی ئەم پەرتووکە و بەردەوام تێبینی و پێشنیاری خۆی داوە لەسەر نووسینەکان و پێداچوونەوەی زانستی بەشێکی ئەم پەرتووکەی لە ئەستۆی خۆی گرتووە.

سوپاس بۆ برای ئەزیزم دکتۆر «یووسف مەلا خەلیل» کە پێداچوونەوەی بەشی یەکەمی ئەم پەرتووکەی لە ئەستۆی خۆی گرتبوو.

سوپاس بۆ مامۆستای ئەزیزم «تەرزە عەبدوڵڕەحمان موحەممەد» کە هەستا بە پێداچوونەوەی هەڵەچن و خاڵبەندی بۆ پەڕتووکەکە.

شانازییە بۆم کە هەریەک لەم مامۆستا ئەزیزانە کاتی خۆیان بەخشیوە بە پەرتووکەکە و داواکارم خودای گەورە لێیان قبووڵ بکات بە بەهەشتەکەی پاداشتیان بداتەوە.

پێشەکی

بِسْمِ اللَّـهِ الرَّحْمَـٰنِ الرَّحِيمِ

سەرەتای هەموو کارێکی خێر بە ﴿بِسْمِ اللَّـهِ﴾ دەست پێدەکات. ئێمەش بەناوی خودا دەستمان پێکردووە و تەنیا پشت بە ئەو دەبەستین.

هەر لەدەستپێکی بەدیهێنانی مرۆڤەوە، خودا ئادەم و حەوا (نێر و مێ)ی دروستکرد؛ تا ببن بە هاوسۆز و هاوژینی یەکتری. هەردووکیان(نێر و مێ) پێویستین بۆ یەکتری، چونکە بەردەوامبوونی ژیانی مرۆڤ پەیوەستە بە مانەوەی نێر و مێ پێکەوە. ئەگەر یەکێکیان نەبێت ژیانی مرۆڤ کۆتایی پێدێت.

باوکە ئادەم و دایکە حەوا وەک (ژن و مێرد)ێک دەستپێکی چیرۆکی مرۆڤیان نووسییەوە و بوونە جێی حەوانەوەی یەکتری. نەوەکانیشیان، وەک کوڕ و کچ، خوشک و برا، دایک و باوک، نەنک و باپیر، پور و برازا، خاڵ و خوشکەزا، ژن و مێرد، خاڵ و پور، بەردەواميیان بە ژیاندا و پێویستییەکانی یەکترییان پڕکردەوە. هەر بۆیە خودا لە قورئاندا دەفەرموێت ﴿وَالْمُؤْمِنُونَ وَالْمُؤْمِنَاتُ بَعْضُهُمْ أَوْلِيَاءُ بَعْضٍ ۚ يَأْمُرُونَ بِالْمَعْرُوفِ وَيَنْهَوْنَ عَنِ الْمُنكَرِ وَيُقِيمُونَ الصَّلَاةَ وَيُؤْتُونَ الزَّكَاةَ وَيُطِيعُونَ اللَّهَ وَرَسُولَهُ ۚ أُولَٰئِكَ سَيَرْحَمُهُمُ اللَّهُ ۗ إِنَّ اللَّهَ عَزِيزٌ حَكِيمٌ﴾ [التوبة:٧١] واتا: «باوەڕدارانی پیاو و ئافرەت، هەندێکیان دۆست و خۆشەویست و سەرخەری هەندێکی تریانن؛ فەرمان دەکەن بە چاکە و ڕێگری دەکەن لە خراپە. هەروەها نوێژەکانیان ئەنجام دەدەن و زەکاتی مالّەکانیان دەدەن و گوێڕایەڵی خودا و پێغەمبەرەکەی دەکەن. هەر کەسێک ئەم خاسیەتانەی

تێدا بێت خودای گەورە ڕەحمی پێ دەکات؛ بەڕاستی خودای گەورە زۆر بە عیزەت و بالادەست و کاریەجێیە»

هەر خودا بە پیاوان دەڵێت "ئافرەتەکانتان پۆشاکتانن" ﴿هُنَّ لِبَاسٌ لَّكُمْ وَأَنتُمْ لِبَاسٌ لَّهُنَّ﴾

پۆشاک!

وەسفێکی زۆر جوانە. پۆشاک بەرگی حەیا و حورمەتە و داپۆشەری عەیبەیە، مرۆڤ لە سەرما دەپارێزێت، لەکاتی باراندا ناهێڵێت تەڕ بێت، پۆشتەی دەکات و دەیڕازێنێتەوە. ئەگەر کەسێک پۆشاکەکەی دابنێت و بێ پۆشاک بچێتە ناو خەڵکییەوە، با بزانێت بێ حەیا چووەتە ناو خەڵکییەوە! عەیبە و شوێنی شەرمی دیارە؛ کەموکورتییەکانی لەبەرچاوی خەڵکیدایە و سەرمای دەبێت، نزیکترین شت لە مرۆڤەوە پۆشاکەکەیەتی.

دەی کێ هەیە پۆشاکەکەی دابنێت؟ لیان بیدڕێت و پارێزگاری لێ نەکات؟! مەگەر شێت بێت!

وردە وردە لەگەڵ زۆربوونی مرۆڤەکان و کزبوون و نەمانی بیروباوەڕ لەنێو نەوەکانی ئادەم و حەوادا؛ ستەم و ناکۆکی کەوتە نێوان ڕەگەزی «نێر و مێ»وە. «نێر» مافی مێی دەخوارد و «مێ»ش بە پێچەوانەوە مافی نێری دەخوارد. هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ دووربوون لە یاساکانی خودا. خودا بۆ ڕاستکردنەوەی ئەم ناڕێکی و ستەمەی ناو مرۆڤەکان، بەپێی کات یەک لەدوای یەک پەیامبەرانی دەنارد تا مرۆڤەکان زوڵم و ستەم لە خۆیان و خەڵکی نەکەن و بگەڕێنەوە بۆلای خودا؛ چونکە لە گەڕانەوە بۆلای خودا، ماف دەست دەکەوێت و خراپە نامێنێت.

ئەوەی پێغەمبەران لەسەر شانیان بوو ئەنجامیاندا و پەیامەکەی خۆیان

گەیاند. بەڵام زۆرینە گوێیان نەگرت، لەگەڵ گوێنەگرتندا سەرپێچییان کرد! دەی دیارە لەگەڵ سەرپێچیشدا زوڵم و ستەم دروست دەبێت.

خوداش کات بە مرۆڤەکان دەدات بۆ ئەوەی بیربکەنەوە و کاریکەن. ئایا مرۆڤەکان لەکاتێکی کەمی دونیای فانیدا، ستەم دەکەن یان لەگەڵ یەکتری باش دەبن؟!

کاتێکیش بڕیار کەوتە دەستی مرۆڤەوە، سەرپشکە کە چاکە یان خراپە دەکات.

لەگەڵ ئەم سەرپشک بوونەدا زۆرێک لە مرۆڤەکان خراپەیان ئەنجامدا، ستەمیان لە یەکترکرد. ئەوانەیان کە ستەمیان لێکرابوو هەوڵی تۆڵەکردنەوەیاندایەوە. ڕەنگە ستەملێکراو تەنیا تۆڵەی نەکردبێتەوە بەڵکوو بە زیادەوە زیانی لە ستەمکار دابێت و ئێستا ستەمکار مافی لای ستەملێکراو بێت!

ململانێ کەوتە نێو نەوەکانی ئادەم و حەواو و ستەم کەوتە نێوان «نێر و مێ»، ئێستا نازانرێت کێ ستەمکارە و کێش ستەملێکراو! نێر ستەمی لە مێ کردووە یان مێ ستەمی لە نێر کردووە؟

نەوەکانی ئادەم و حەوا دەستیان بۆ دڕینی پۆشاکەکانیان برد!

لەناو جەرگەی ئەم ململانێ و ستەمەدا، بزووتنەوەیەک لە هەناوی هزرگەلی فەلسەفی و ئایدۆلۆجیای سەدە تاریکەکانی ڕۆژئاواوە لەنێو ئافرەتاندا سەریهەڵدا کە ناویان لەخۆیان نا «بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی ژنان - Women Libration Movement». ڕەوتەکەیان ناوی فێمینیزمە و ئەندامەکانیان پێیان دەوترێت «فێمینیست».

ئەگەر گوێ لە فێمینیستەکان بگیرێت، باس لەوە دەکەن کە ئەم بزووتنەوەیە

لە بەرژەوەندی ئافرەتدا تێدەکۆشێت و هەوڵی دەستەبەرکردنی مافەکانی ئافرەت و هەوڵی یەکسانی ڕەهای نێوان ڕەگەزی نێر و مێ دەدات.

هەندێکی تریان دەڵێن: "نا... فێمینیزم تەنیا دەستەبەرکردنی مافی مێ نییە، بەڵکوو سەرخستنی ڕەگەزی مێیە بەسەر نێردا."

تەوژمێکی تری ئەم بزووتنەوەیە ئەمەش نالێن، بەڵکوو بە تووڕەییەوە دەڵێن: "فێمینیزم بریتییە لە دوورکەوتنەوە و دژایەتی ڕەگەزی نێر.ئەسڵەن بۆ سێکسیش نابێت مێ بچێت بۆلای نێر؛ دەبێت ڕەگەزی نێر لە جیهاندا لەناو ببرێت."

زۆرینەی زۆری ئەم تەوژمە بریتییە لە ڕەگەزی مێ، واتا هەر کۆمەڵێکن لە کەسوکاری مرۆڤەکانی تر؛ هەر (خوشک و کچ و دایک و ژن و پور) ی ئەو نێرانەن کە ئەمان دژایەتییان دەکەن و پێیان وایە نێرەکان ستەمیان لێکردوون.

لەم توێژینەوەیەدا بەدواداچوون کراوە بۆ ئەم ڕێبازە، هەوڵدراوە لە زمانی فێمینیستەکانەوە فێمینیزم بناسێنرێت و بزانرێت ئایا هەر بەڕاستی ئەم گرووپە هەوڵی بەدەست هێنانی مافی ئافرەت دەدات و ئایا بەدەستیان هێناوە؟! ئایا هەموو فێمینیستەکان یەک بیرکردنەوەیان هەیە؟ هەروەها هەوڵدراوە بزانرێت کە یەک داواکارییان هەیە یان داواکارییان جیایە؟

ئایا هەموو ئافرەتێک ئەم بزووتنەوەیەی قبوولە؟ یان ئافرەتانێک دژایەتی دەکەن؟ ئەسڵەن فێمینیستەکان لەنێو خۆیاندا یەکترییان بەلاوە پەسەندە؟ چەند جۆرن؟ لە چ سەردەمێکدا دروست بوون؟ کێ نوێنەر و پێشەوایانە؟ ئەی گەیشتوون بە ئامانجەکەیان و مافی ئافرەتیان بەدەست هێناوە؟

پرسیارێکی گرنگتر، ئایا فێمینیزم لەگەڵ یاسا و شەریعەتی خودادا یەک دەگرێتەوە؟ وەک باسکرا، خودا مافی مرۆڤەکان دەدات و بەدەست هێنانی

مافیش لە گەڕانەوەدایە بۆلای ئەو. ئەی فێمینزیم ڕێگەیەکە بۆلای خودا؟ فێمینیستەکان بڕوایان بە خودا و ئایین هەیە یان نا؟ ئەگەر فێمینیستەکان لەسەر فێمینیستبوون کۆک بن، ئایا لە هەڵبژاردنی ئایین و ئایدۆلۆجیاشدا وەک یەکن؟

بۆ دەستکەوتنی وەڵامی ئەم پرسیارانە و کۆمەڵێک پرسیاری تر کە لەگەڵ چوونە ناو بابەتەکدا بەرۆکمان دەگرێت، هەوڵماندواوە توێژینەوەیەک لەسەر فێمینیزم بکەین و بێلایەنانە و دادپەروەرانە بابەتەکان بخەینەڕوو و فیمینیزم شیبکەینەوە کە چییە، چۆن دروست بووە، چەند قوتابخانەیە و میژووەکەی چۆنە. لە ئەنجامدا دەگەین بەوەی ئایا هەڵبژاردنی فێمینیزم وەک ڕێبازێکی فیکری باشە یان خراپ؟

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە ئەوەیە بزانرێت کە ئایا بەڕاستی فێمینیزم داکۆکیکاری مافی ئافرەتە یان تەنیا بانگەشەیەکە؟ دژی فیترەتی مرۆڤە یان لەگەڵیدا یەکانگیرە؟ ئایا هەڵبژاردنی فێمینیزم کێشە و ناکۆکییەکان کۆتایی پێ دەهێنێت یان بەردەوامی پێدەدات؟ چونکە یەکێکی تر لە ئامانجی توێژینەوەکە ئەوەیە کە کۆتایی بە کێشەکانی نێوان نێر و مێ بهێنێت.

بۆ گەیشتن بەم ئامانجەش، لە یەک ڕوانگەوە ناڕوانینە فێمینیزم بەڵکوو هەوڵ دەدەین لەگەڵ خوێنەردا پێکەوە پیاسەیەک بە شەقام و کوچە و کۆڵانەکانی فێمینیزمدا بکەین و گوێ لە دانیشتوانی شاری فێمینیزم بگرین، ئەگەر جیهانی فێمینیزم کۆتایی بە ململانێکان هێنا، ئەوا بڕیاری باشەی لەسەر دەدەین، ئەگەر نەشیهێنا جێی دەهێڵین و بەدوای چارەسەری ڕاستەقینەدا دەگەڕێین.

تێبینی:

خوێنەری ڕاستەقینە بەوەدا دەناسرێتەوە کە دەست دەداتە خوێندنەوەی پەرتووکێک، بە ئامانج و مەبەستێکی دیاریکراوەوە پەرتووکەکە دەخوێنێتەوە، پێشەکی هەر پەرتووکێکیش بریتییە لە ناساندن و ئامانجی پەرتووکەکە، ئەگەر کەسێک پێشەکی بە جوانی نەخوێنێتەوە ئەوا لە سودی کتێبەکە بێبەشدەبێت؛ کۆمەڵێک تێبینی و خاڵی گرنگی ناوەڕۆکی کتێبەکەی لەدەست دەچێت.

لە پێشەکی ئەم توێژینەوەیەشدا کۆمەڵێک خاڵی گرنگ باسکراوە کە پێویستە خوێنەران بیزانن.

١ـ ئەم توێژینەوەیە بە زمانێکی سادە و ساکار نوسراوە و هەموو وردەکارییەکانی میژووی ئافرەت و فێمینیزم باسنەکراوە بەڵکوو تەنیا پوختەیەکە کە هێڵە گشتییەکانی فێمینیزم نیشانی خوێنەر دەدات. چونکە ئامانجی ئەم توێژینەوەیە ئەوەیە کە چەمکی فێمینیزم بە خەڵکی بناسێنێت، بەتایبەت ئافرەتانی باوەڕدار؛ پاشان خۆیان بەدواداچوون بکەن.

٢ـ بە زمانێکی بابەتییانە، دوور لە لایەنگیری و تەشەنوج و زبری فکری نوسراوە. چونکە یەکێک لە خاڵە ناشرینەکانی نوسەری ئەمڕۆ ئەوەیە کە لایەنگیری خۆی لە نوسین و باسەکانیدا دەردەخات.

٣ـ زۆرێک لەو توێژینەوە و پەرتووکانەی کە دەربارەی فێمینیزم نوسراوە چ لەلایەن باوەڕدارانەوە بێت یان خاوەن فکرەکانی ترەوە؛ ستەمێکی زۆریان لە فێمینیزم کردووە بەوەی کە بە یەک چاوەوە تەماشای هەموو فێمینیست و قوتابخانەکانیان کردووە. یان وا نیشاندراوە کە ئەوەی فێمینیست بێت، دژی پیاو و هاوسەرگیریی و یاساکانی کۆمەڵگە و ئایینە. یان هەموو فێمینیستەکان هاوڕەگەزخوازن. لەکاتێکدا فێمینیستەکان بەپێی سەردەم و قوتابخانەکانیان جیاوازن، ناکرێت وانیشانبدرێت کە هەموو فێمینیستەکان

ڕادیکاڵانە بیر دەکەنەوە یان هەموو فێمینیستەکان هەوڵی ئەوە دەدەن کە ژن لە خێزان بهێننە دەرەوە؛ نا... بەڵکوو لە تۆڕێنەوەکەدا هەر قوتابخانەیەکی فێمینیزم بەجیا باسکراوە و داواکارییەکانیان خراوەتە ڕوو.

خودا بە ئاشکرا لە قورئاندا فەرمان بە مرۆڤ دەکات ئەگەر قسەیکرد دەبێت دادپەروەر بێت ﴿وَإِذَا قُلْتُمْ فَاعْدِلُوا﴾ واتا: «کاتێک قسەتان کرد دادپەروەربن». کەواتە دەبێت دادپەروەرانە و بابەتییانە بڕیار و قسە لەسەر فێمینیزم و هەر باسێکی تر بکرێت.

٤_یەکێکی تر لە ئامانجەکانی ئەم تۆڕینەوەیە ئەوەیە کە لەڕووی فکرییەوە فێمینیزم هەڵبسەنگێنرێت، نەک هەڵەی فێمینیستەکان ببێت بە بناغە بۆ ڕەخنەگرتن لە فێمینیزم. ڕەخنەی فکری مرۆڤی فکری بەرهەمدەهێنێت. بەڵام ڕەخنە لە کاروکردەوەی فێمینیستەکان و بەشەخسیکردنی گفتوگۆ، تەنیا ختوکەی عاتیفی و لایەنی سۆزداری مرۆڤ دەدات. پێگەیاندنی مرۆڤی فکریش دە هێندەی ختوکەی سۆزی خەڵکی سودی زیاترە. وەکوو عبدالعزیز الطریفی دەڵێت: «سازاندنی عەقڵێک، باشترە لە وروژاندنی هەزار سۆز و عاتیفە؛ عەقڵ جێگیر دەبێت بەڵام سۆز دەمرێت. یەک جێگیریش لە هەزار هەڵگەڕاو باشترە».

زەکەریا ژاکاو

چەمکی فێمینیزم
زیاتر لە پێناسەیەک

ڕۆژێک منداڵەکەم پرسیاری لێکردم "دایکە، فێمینیزم چییە؟" منیش لە وەڵامدا وتم: "پەیوەست بوونە بە کێشە تایبەتییەکانی ژەگەزی مێینە کە پیاوان بە هیچی دەزانن."

فێمینیستی فەرەنسی «میلێر»

چەمکی فێمینیزم زیاتر لەلایەن ئەو ڕێکخراوانەوە یان ئەو ئافرەتانەوە بەکاردێت کە داوای یەکسانی ڕەهای نێوان ئافرەت و پیاو دەکەن؛ یاخود بە شێوەیەکی گشتی داوای مافی ئافرەت دەکەن.

ئەگەر بە شێوەیەکی سادە چەمکی فێمینیزم پێناسە بکەین ئەوا پێناسەکەی «ڕیبیالیۆن»کە فێمینیستێکی فەرەنسییە وەک پوختترین و سادەترین و گشتگیرترین پێناسە دادەنێین کە دەڵێت: "فێمینیزم فکرێکە بۆ دەستخستنی مافی یەکسانی ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی مێیینە."

یاخود بە سادەیی شیکردنەوە بۆ چەمکەکە دەکەین لەڕووی زمانەوانییەوە وەک ئەوەی کە (feminism) وشەیەکی لاتینییە و ڕیشەکەی(femina)ـە و بۆ ژن (woman) بەکارهاتووە. دواتر لە زمانی ئینگلیزیدا(feminine) بەکارهاتووە لە فەرەنسیشدا (feminism و feminin) بەکارهاتووە. هەروەها (ism)یش لە پاشبەندی لاتینی (ismus)ەوە هاتووە. هەندێکی تریش دەڵێن ڕەگەزی (female)

کە بە مانای مێ دێت، واتە لە بنەچەدا وشەکە لە فیمیلّیزم (femalism)ـەوە هاتووە.

لە زمانی کوردیشدا هەندێک جار نووسەر یان وەرگێڕە کوردەکان چەمکی فێمینیزم وەردەگێڕن بۆ «مێگەرایی» یان «ئافرەتگەرایی». بەڵام لەڕاستیدا ئەمە هەڵەیە، هەڵەیەکی زانستی و فکرییە. چونکە «مێگەرایی و ئافرەتگەرایی» بە واتای فەزڵیەتدانی ئافرەت دێت بەسەر پیاودا. بەڵام بەشێکی زۆر لە فێمینیستەکان دژی ئەوەن کە فەزڵی ئافرەت بدرێت بەسەر پیاودا. هەروەها زۆرێک لە فێمینیستەکان دەڵێن فێمینیزم مافدانە بە ژن، نەک سەرخستنی ژن بەسەر پیاودا. بۆیە واباشترە چەمکی «فێمینیزم» وەکوو خۆی بەکاربهێنرێت.

بەڵام لەڕاستیدا لەلایەن فێمینیستەکانەوە پێناسەیەکی یەکگرتوو نادۆزرێتەوە بۆ چەمکی فێمینیزم! چونکە هەر فێمینیستێک لە ئاڕاستەی خۆیەوە پێناسی پێدەدات. هۆکارەکەشی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە لە هەر کۆمەڵگەیەک و لە هەر سەردەمێک مامەڵەیەکی جیا لەگەڵ ئافرەتدا کراوە. ئافرەتەکانیش بەپێی بارودۆخ و داواکاری و سەردەم و شوێنەکە پێناسەیان کردووە.

فێمینیزم پێناسەیەکی تەواو لەخۆی هەڵناگرێت، چونکە وەکوو «مادلین پلێتی»[1] دەڵێت: "هەر فێمینیستێک، فێمینیزمی تایبەت بە خۆی هەیە". خاڵێکی تریش کە هۆکارە بۆ زۆربوونی پێناسەکانی تایبەت بە چەمکی فێمینیزم، زۆربوونی ئاڕاستە تیۆرییەکانی بزووتنەوەکە و ناکۆکی نێوان قوتابخانە فێمینیزمییەکانە.

هەمەڕەنگی و تەوژمەکانی فێمینیزم مرۆڤ تووشی سەرلێشێواوی

---

(۱) Madeleine Pelletier: مادلین پلێتی پزیشکی دەروونی فەڕەنسییە، و فێمینیستێکی سەر بە شەپۆلی یەکەمی فێمینیزمە و لە ۱۸ی ئایاری ۱۸۷٤ لە پاریس لەدایک بووە، لە کانوونی دووەمی ۱۹۳۹ مردووە.

دەکات: فێمینیزمی لیبرالّی، لایەنگری مافی یەکسان، فێمینیزمی سروشتی، فێمینیزمی مارکسیستی، فێمینیزمی سۆسیالیستی(ئەویش خۆی دەبێتە لە دوو لقی فێمینیزمی تیۆری سیستمە یەکگرتووەکان و دووفاقییەکان)، فێمینیزمی ڕادیکالّیی، فێمینیزمی شۆڕشگێڕانە، فێمینیزمی کولتووریی، فێمینیزمی ئێگزستانشیلیزم(وجودی)، فێمینیزمی دەروونشیکارانە(کە ئەمیش دوو لقە)، فێمینیزمی پۆستمۆدێرن، فێمینیزمی جیهانی سێیەم، فێمینیزمی ڕەشپێستەکان، فێنینیزمی جولەکەکان، فێمینیزمی ئاسیایی، فێمینیزمی چیکانا (کە ئەمیش سێ لقە: چیکانای لیبرالّ، نیشتیمانی-کولتووری و چیکانای شۆڕشگێڕانە)، فێمینیزمی دایکانە، فێمینیزمی پۆست ستەرەکچەلّیزم، فێمینیزمی پۆست کۆلۆنیالّیزم، فێنینیزمی جوتیار و فێمینیزمی پێگەتەوەر یان مانەوەتەوەر ...

هێشتا ئەمانە هەموو جۆرەکانی فێمینیزم نین. لە ڕابردوودا چەندین ڕەوتی تر هەبووە وەک «کاترین ئەنتۆنی» ئاماژە بە فێمینیزمەکانی ئەڵمانیا دەکات کە بریتیبوون لە (فێمینیزمی بۆرجوا، پارێزکار، فێمینیزمی میانڕەو، ڕادیکالّ، فێمینیزمی مەسیحی و بێلایەن، فێمینیزمی بەسالّاچووان و لاوان...)

لەبەر ئەمەیە کە دکتۆرە «نورة فرج المساعد» دەڵێت: "هیچ ڕۆژێک لە ڕۆژان فێمینیزم بزووتنەوەیەکی یەکگرتوو نەبووە، بەڵام لە چەند ڕەوتێکی جیاواز پێکهاتووە"[1]

بۆیە ئەگەر بمانەوێت بە شێوەیەکی باش لە چەمکی فێمینیزم تێبگەین، پێویستە شارەزای میژوو و قوتابخانەکانی بین. هەروەها بزانین ئەو هۆکارانە چی بوون کە فێمینیزمیان دروست کرد. ئایا پێش ئەم هەموو جۆرە ئاراستە فێمینیزمییانە، فێمینیست بوونی هەبووە؟ جیاوازی چییە لەنێوان ئاڕاستە

---

(۱) پەرتووکی (النسوية: فكرها واتجاهاتها)، نووسینی دکتۆرە (نورة فرج سعيد)

فێمینیزمییەکان؟ ئایا هەموو قوتابخانە فێمینیزمییەکان یەک داواکارییان هەبووە؟ دەکرێت بە یەک چاوەوە سەیری هەموو فێمینیستەکان بکرێت؟ یان ئاڕاستەیەکی تیۆری فێمینیزمی سەدەی ٢١ هەمان ئەو ئاڕاستە تیۆرییەیە کە لە سەدەی ١٩ و ٢٠دا هەبووە؟ ئەسڵەن فێمینیستەکانی ئێستا دان بە داواکاری فێمینیستەکانی سەدەکانی ڕابردوودا دەنێن؟ ئایا فێمینیستە سپی پێستەکان ڕازین بەوەی کە فێمینیستە ڕەنگامەپێست(ڕەش و زەرد و سوور...)ەکان بەناوی ئەمانەوە قسە بکەن و وشەی «ئێمە» بەکاربهێنن بۆ داواکارییەکانی ژنانی جیهان؟

ڕەنگە گرنگترین جیاوازی تیۆرییەکانی ئەمڕۆ لەگەڵ پێشینان لە سااڵنی ڕابردوودا، جیاوازی نێوان فێمینیزمی لیبراڵی(دادگەر، یان لایەنگری مافی یەکسان) لە لایەکەوە و فێمینیزمی کولتووری لە لایەکی ترەوە بێت. ئەو ڕەوتەی کە ئەمڕۆ بە فێمینیزمی کولتووری ناوی دەبەین، هاو شێوەی هەمان ئەو قوتابخانەیەیە کە لە کۆتایی سەدەی نۆزدەیەم و سەرەتای سەدەی بیستەمدا بە فێمینیزمی کۆمەاڵیەتی یان دایکانە ناوزەد دەکرا. کەسانێک پێیان وایە فێمینیزم هەمیشە لەنێوان ئەم دوو جەمسەرەدا لە هاتووچۆدا بووە و دیارە بەاڵگەش بۆ قسەکانیان دەهێننەوە.

جیاوازی ئاڕاستەکانی فێمینیزم چییە و بۆچی ئەم جیاوازییە گرنگە؟

فێمینیزمی لیبراڵی (فێمینیزمی لایەنگری مافی یەکسان) لە سەدەی هەژدەدا هاتە ئاراوە. پێداگری لەسەر وێکچوونی نێوان پیاوان و ژنان دەکات. بەاڵم فێمینیزمی کەلتووریی جەخت لەسەر جیاوازییان دەکاتەوە. یەکەمیان بەتەمای هێنانەئارای کۆمەاڵگەیەکە کە هیچ جۆرە هەاڵواردنێکی ڕەگەزیی تێدا بەدینەکرێت. وەک «جودیت الربێر» دەاڵێت: "ئامانجی درێژخایەنی فێمینیزم

دەبێت لەوە کەمتر نەبێت کە ڕەگەز وەک ڕێسای پێکهێنەری کۆمەڵگەی پۆست پیشەسازی بسڕێتەوە"[1]

لەلایەکی ترەوە فێمینیستە کولتوورییەکان ڕوانگەیەکیان هەڵبژاردووە کە دەتوانرێت بە (ژن تەوەر) ناوزەد بکرێت. واتە ڕوانگەیەک کە پێداگریی لەسەر ئەو بەها فێمینیستییانە دەکاتەوە کە هەڵقوڵاوی ئەزموونی فێمینیستەکانە. بە باوەڕی ئەمان چاوپۆشیکردن لەم بەهایانە خۆڕادەست کردنە بەرانبەر بە پێوەرە پیاوانەکان کە یەکسانی بە هەمان وێکچوون لەقەڵەمدەدەن.

ئەگەر فێمینیزم بە چالاکییەک بۆ گەیشتن بە یەکسانی ژنان و پیاوان پێناسە بکرێت؛ پرسیارێک دێتە ئاراوە، ئایا فێمینیستەکان دەیانەوێت لەگەڵ کام پیاوانەدا یەکسانبن؟

بۆیە فێمینیستە کولتوورییەکان لەگەڵ ئەو جۆرە پێناسەکردنەی فێمینیزمدا کۆک نین کە هەوڵی دەستەبەرکردنی یەکسانی سیاسی و کۆمەلایەتی و ئابووری و ماف دەدات! لەبری ئەوەش دەڵێن دەبێت فێمینیزم بەگوێرەی ئاستی پەرەسەندنی سەربەخۆیی ژنان پێناسە بکرێت و سەرکەوتنیشیان بەگوێرەی پانتایی ئەو بەهایانە هەڵبسەنگێنرێت کە بەسەر کۆمەڵگەیدا دەسەپێنن. دەشڵێن ئەم پێناسەیە هۆکار نییە بۆ ئەوەی ڕێگری لە پیاوان بکرێت کە فێمینیست بن.

بەڵام جۆرەکانی فێمینیزمی کەلتووری لە ڕابردوودا هەمیشە بەم شێوەیە واتایەکی ڕادیکاڵیان نەبووە. بۆ نموونە، بابەتی دایکایەتی لە تەوژمی یەکەمی فێمینیزمدا لەبەرچاو بگرن؛ لەو ڕووەوە کە زۆرێک لە ئەزموونەکانی ژنان بەستراوەتەوە بە دایکایەتییەوە. زۆربەی فێمینیستەکان هەوڵیانداوە لەجیاتی

---

(1) Judith Lorber,"Dismantling Noah,s Arc," in gender in intimate relationships: A microstructural Approach,ed Barbara J.Risman and pepper schartz.

ڕەتکردنەوەی، سەرلەنوێ بایەخی کۆمەڵایەتی ئەم بابەتە بوروژێننەوە. زاراوەی فێمینیستی دایکانەش هەر لێرەوە سەرچاوەیگرتووە.

لێرەوە کۆمەڵێک پرسیاری تر دروست دەبێت؛ ئایا ئەمە کردەوەیەکی تێکدەرانە بووە یان گوزارش لە چۆکدادان دەکات؟ ئایا فێمینیزمی دایکانە لەڕێگەی بەپێوەرکردنی ئەزموونەکانی ژنانەوە لە بنەڕەتدا ڕادیکاڵ بوو؟ یان بە سازشێک لەگەڵ بۆچوونە ڕەگەزەکانی سەبارەت بە ژنان لە پێگەی دایکدا دێتە ئەژمار؟

ئەگەر بمانەوێت ئەم پرسیارانە بە شێوەیەکی دیکە بخەینە ڕوو، دەبێت بپرسین ئایا جیاوازی نێوان هۆشیاریی ژنانە و هۆشیاریی فێمینیستی چییە؟

پەرچەکرداری ژنان بەرانبەر بە سووکایەتپێکردن، دەشێت شانازیکردن بەو بەهایانەوە بێت کە کۆمەڵگە بە هیچی نازانێت؟

وردە وردە لەگەڵ چوونە ناو چەمکەکەوە کۆمەڵێک پرسیار دێنە پێشەوە کە بۆ وەڵامدانەوەیان پێویستە بگەڕێینەوە بۆ بەر لە دروستبوونی چەمکەکە. بۆ دۆزینەوەی وەڵام دەبێت هەلومەرجی مێژوویی تاوتوێ بکەین.

لە سەدە تاریکەکانی ڕۆژئاوادا ئافرەت بە ڕێژەیەکی زۆر سەرکوتکراوە و کۆمەڵێک مافی لێ زەوتکراوە. جگە لەوەش زۆرجار سزای تاوان وەک سزای زیناکار تەنیا بۆ ئافرەتان هەبوو، پیاوانی نەدەگرتەوە. ئەگەر ژن و پیاوێک زینایان بکردایە ئەوا تەنیا بە ئافرەتەکە دەوترا "زیناکار" یان "داوێنپیس".

لەبەرانبەر ئەم کارانەدا ئافرەتان کۆمەلێک هەوڵ و چالاکییان دەکرد کە لە ئێستادا فێمینیستەکان ئەو چالاکییەکانەی کە ئافرەتانی پێش سەرهەڵدانی فێمینیزم دەیانکرد زۆرجار بە چالاکی فێمینیستی یان هۆشیاری فێمینیستی ناوی دەبەن. هەندێک لە چالاکییەکانی تریش بەناوی هۆشیاری ژنانە ناوزەد

دەکەن، لە دیدی ئەواندا هۆشیاری فێمینیستی لە دەرەوەی ڕۆڵی ڕەگەزیی و خێزان و بنەماڵەدایە.

«تما کاپلان» سەرچاوەی چالاکییەکانی ژنانی ماڵەوەی بارسێلۆنا دەگەڕێنێتەوە بۆ هۆشیاری ژنانە نەک هۆشیاری فێمینیستی. چونکە ئافرەتانی بارسێلۆنا بەگوێرەی ڕۆڵی ڕەگەزیی دەجوڵانەوە؛ پاڵنەری خانمانی بارسێلۆنا لە پێگەی دایک و هاوسەردا، بەختەوەریی بنەماڵەکانیان بوو[1].

هەر لەبەر ئەمەشە «مارلین لێ گەیت» کە فێمینیستێکی نوێیە، داواکارییەکانی «کریستین دی پیزان» لە سەدەی پانزەدا بە داواکاری فێمینیستی نازانێت! لەکاتێکدا هەموان دان بەوەدا دەنێن کە «کریستین دی پیزان» یەکەم فێمینیستە.

بەڵام لە حەقیقەتدا هەم «مارلین لێ گەیت» هەم هەر فێمینیستێکی تری ئەم سەردەمە بە عەقڵی ئەمڕۆ هەڵسەنگاندن بۆ ئافرەتان و فێمینیستەکانی سەدەکانی ڕابردوو بکات هەڵە دەکات،. چونکە بارودۆخی ئێستا و ڕابردوو زۆر جیاوازە، قوتابخانە و دیدیان جیاوازە، کەواتە داواکاریشیان جیاوازە.

گرنگە ئاماژە بە بابەتێکی تریش بکرێت، ئەویش ئەوەیە کە چەمکی "فێمینیست" جیایە لە "چالاکوانی بواری ژنان"، چونکە فێمینیست ئەفکار و بیرکردنەوەی فێمینیستی هەیە، و زیاتر هەوڵدەدات ئافرەت لە خێزان و یاساکانی کۆمەڵگە بهێنێتە دەرەوە، "چالاکوانی بواری ژنان"یش کاردەکات بۆ هێنانەدی مافە شەرعی و ڕەواکانی ژنان، بۆیە ناکرێت ئەم دوو دەستەواژەیە لەجیاتی یەکتری بەکاربهێنرێن. بەڵام لێرەدا گرنگە باس لەوە بکرێت کە دەکرێت فێمینیست هەبێت خێزانی قبووڵ بێت و ئامادە بێت لەژێر سەرپەرشتی

---

(1) A History of Feminism In Western Society: Marlin Le Gate. Part" the discovery of feminism".

پیاوێکدا بێت، وەکوو «باربارا لێ سمیت بۆدیشۆن»ی فێمینیستی بەڕیتانیی، لەلایەکی تریشەوە دەکرێت ئافرەت هەبێت لەژێر ناوی "چالاکوانی بواری ژنان"دا ئەفکاری فێمینیستی بڵاوبکاتەوە-هەندێکجار ئەم نمونانە لەنێو ناوەندە ئیسلامییەکاندا دەبینین، کەسانێک هەن لەژێر ناوی چالاکوانی بواری ژنان و بەدەستهێنانی مافی ژنان، ئەفکاری فێمینیستی بڵاودەکاتەوە-، بەڵام پێویستە بزانرێت کە ئەم دوو چەمکە جیاوازن.

بۆیە ناکرێت یەک پێناسە بۆ فێمینیزم دابنرێت، یان وا نیشانبدرێت کە هەموو فێمینیزمەکان دژی پیاوانن و خێزانن یان هەموو فێمینیستەکان هەوڵی سەرخستنی ڕەگەزی مێ دەدەن. لە ئەمڕۆدا فێمینیستەکان هەوڵی بەسەنتەربوونی مێ دەدەن. ئاڵای جەنگیان دژی پیاوان بەرزکردووەتەوە و بە ڕەهایی پیاو ڕەت دەکەنەوە؛ بگرە هەوڵی گۆڕینی هەندێک چەمک و وشە دەدەن کە بۆنی پیاوی لێ دێت وەک هەوڵی گۆڕینی میژوو (HISTORY) دەدەن بۆ (HERSTORY). واتە میژووی ئافرەت لە ئینگلیزیدا نابێت بە (HIS) دەست پێبکات کە بۆ کورِ بەکاردێت. بەڵکوو دەبێت (HER) دابنرێت کە بۆ کچ بەکاردێت. یاخود نابێت کۆی ژنان (WOMEN) بەم شێوازە بنوسرێت، بەڵکوو دەبێت پاشگری پیاوان (MEN) لەخۆ نەگرێت و بگۆڕدرێت بۆ (WOMYN). ئەم جۆرە فێمینیستانە هەموو شتێک لە ڕوانگەی (مێ) وە دەبینن. بگرە ئەم جۆرە ئەسڵەن ئافرەتیان لە مێ بوون و سروشتی خۆی بردووەتە دەرەوە. ئافرەتی خستووەتە جەنگێکەوە کە هیچ شتێک نەزانێت جگە لەوەی دژی بڕیارەکانی پیاو بووەستێتەوە. لە چەمکی «ململانێ»وە دەڕوانن جیهان. بەشێکیشییان لەلایەن سیستمی سەرمایەدارییەوە ئاڕاستە دەکرێن. بەناوی ئازادییەوە ڕەسمی ئافرەت بۆ فرۆشتنی کاڵاکانیان (شامپۆ و سابوون و بابەتی جوانکاری...) بەکاردەهێنن. بۆیە ناکرێت ئێمە بە یەک چاوەوە تەماشای ئەمان و کریستین دی پیزان بکەین کە یەکەم فێمینیستە و دەڵێت:

"ئەو ژنە یان ئەو پیاوەی کە بەرزترین بەهای چاکەی تێدایە، لەوی تریان باشتر و بەرزترە. پایەداری یاخود بێ پایەیی کەسێک لە جەستە و ڕەگەزەکەیدا نییە؛ بەڵکوو لەوەدایە کە چەند بەهای چاکەی هەیە و چەندێک کاملانە ژیان بەڕێوە دەبات."[1] هەروەها دی پیزان بە مێژووی ژیانی دەستەواژەی «پیاوسالاریی» بەکار نەهێناوە و دەسەڵاتی پیاوانیشی ڕووبەڕووی پرسیار نەکردووەتەوە. بەڵکوو ڕەخنەی لەو جۆرە هەڵسوکەوتە دەگرت کە بەرانبەر ژنان دەکرا و هەوڵی چاککردنی دەدا. هەر لەبەر ئەمەشە کە مارلین لێ گەیت سەرەڕای ڕێزێکی زۆر بۆ چالاکییەکانی دی پیزان، هێشتا داواکاری و چالاکییەکانی بە کاری فێمینیستی ناو نابات.

بۆیە ناکرێت ئێمە بە هەمان چاوی فێمینیستی ڕادیکاڵی یان فێمینیستی مارکسی و سۆسیالیستی و لێزبیانی(هاوڕەگەزبازیی) لە دیپیزان و فێمینیستەکانی تر بڕوانین. بەڵکوو هەر قوتابخانە و پێناسەیەکی تایبەت بە خۆی هەیە.

زیاتر لەمەش درێژە بە پێناسەی فێمینیزم نادەین، لە پەڕەکانی داهاتوو لە بەشی (ئاڕاستەکانی فێمینیزم) بە شێوەیەکی پوخت باسی هەریەک لە ئاڕاستەکانی قوتابخانەی فێمینیزم دەکەین و لەگەڵ خوێندنەوەیان دەردەکەوێت کە فێمینیزم یەک پێناسەی نییە.

---

(1) Christine de Pizan: The city of ladies

ئافرەت لە میژووەدا

"سوپاس بۆ خودا کە منی بە یۆنانی خولقاند نەک بەربەری، بە ئازاد نەک بە کۆیلە، بە پیاو نەک بە ژن"

سوقرات

پێش ئەوەی باسی میژوو و دروست بوونی فێمینیزم بکرێت، گرنگە بزانرێت دۆخی ئافرەت لای شارستانێتییە کۆنەکان و ئایینەکان، و لای هەندێک لە فەیلەسووفان چۆن بووە؟!

سەرەتا گرنگە بزانرێت کە ئافرەت لە هەموو سەردەمێکدا سەرکوتنەکراوە؛ بەو شێوازەی زۆرێک لە میژوونووسان و فیمینیستەکان دەیگێڕنەوە. هەندێک لە میژوونووسان باس لەوە دەکەن کە هەژموون و زاڵبوونی نێر بەسەر مێدا لە ئەنجامی جەنگێک یان کۆمەڵە جەنگێکەوە بەدی هاتووە کە لە سەردەمانی زۆر کۆن و دێرینەوە ڕووی داوە. «عەبدولوەهاب مسیری» دەڵێت: "ئەوکاتەی کە سەرجەم کۆمەڵگەکان دایکایەتی و دایکسالاری (MATRIARCHY) بوون و مێیینە یان دایکان خاوەنی هەژموون و زاڵێتی بوون لەناو کۆمەڵگەکاندا، خواوەندەکان مێیینە بوون. ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی سیفەتی مێیینەی هەبووە، نەرموونیانی و پێکەوە سازیان بە شێوەی ئەندامی مێیینە بووە.) پاش ئەوە نێرینە زاڵ بووەتەوە.

«فریدریک ئەنگڵس» سەبارەت بە شکستهێنانی سەردەمی دایکسالاریی دەڵێت: "هەرەس هێنان بە دایکسالاریی، شکستێک و بەزینێکی میژوویی بوو

بۆ ڕەگەزی مێیینە"[۱].

هەرچەندە «سیمۆن دی بۆڤوار» ئەم ماوەی دایکسالارییە بە ئەفسانەی دەستکردی پیاو دادەنێت دەڵێت: "لەڕاستیدا ئەو ماوە مێژووییەی کە بە ماوەی زێڕینی مێژوویی ئافرەت دادەنرێت تەنیا ئەفسانەیە و هیچی تر"[۲].

بەڵام لە حەقیقەتدا ئافرەت لە هیچ کام لەم دۆخانەدا لە پێگەی خۆیدا نەبووە. نە دەبێت بکرێت بە خودا، نە دەبێت سووکایەتیشی پێ بکرێت و بە کەم سەیربکرێت. پێویستە ئافرەت وەکوو ڕەگەزی مێ، وەک دایک و کچ و ژن و خوشک تەماشا بکرێت؛ وەک چۆن پیاو وەکوو باوک و براو مێرد و کوڕ تەماشا دەکرێت.

ئافرەت لە دیدی هەندێک لە شارستانییەت و ئایین و فەیلەسووفەکاندا:

دۆخی ئافرەت لە شارستانییەتی هیندیدا:

"پیاوان ژنەکانیان لە هەر جۆرە ئاگایی و فەلسەفەیەک دوورەدەخستەوە. چونکە پێیان وابوو ئەگەر ژنان فێری پەروەردە و فێربوون ببن یان بە دیدێکی فەلسەفییەوە بڕوانن خۆشی و ناخۆشییەکای ژیان و مەرگ، ئەوا یان فاسد و خراپەکاریان لێ دەردەچێت، یان ئیتر ڕازی نابن لەژێر سەرکردایەتی و سەرپەرشتی پیاواندا بمێننەوە."

نووسەری هیندی «مگاستنس»

---

(۱) پەرتووکی (بنەچەی خێزان و خاوەندارێتی تایبەت و دەوڵەت)، فریدریک ئەنگڵس.

(۲) پەرتووکی (The Second Sex)، سیمۆن دی بۆڤوار.

یەکێک لەو ئەفسانە هیندیانەی کە زۆر دەگێڕدرێتەوە ئەوەیە کە لە سەرەتادا کاتێک خوداوەند (TWASHTRI) دەستی بە دروستکردنی ئافرەت کرد، بۆی دەرکەوت کە هەموو ماددەکانی بەکارهێناوە لە دروستکراوەکانی تردا و هیچ کەرەستەیەکی بۆ نەماوەتەوە بۆ دروستکردنی ئافرەت؛ کاتێکیش گەیشت بەم بەربەستە، ئافرەتی لە چەند بەش و پاشماوەیەک دروستکرد.[1]

شەریعەتی «مانو»[2] لە هیندستاندا کۆمەڵێک یاسای بۆ ئافرەتان داناوە. لە یەکێک لە بڕگەکاندا هاتووە کە (قەزا و قەدەر، زریان، مردن، دۆزەخ، ژەهر، مار پێوەدان و ئاگرکەوتنەوە، هیچ کامیان لە ژن خراپتر نین)[3].

هاوسەرگیری لە شارستانییەتی هیندیدا:

١_ بەشێک لە شارستانییەتی هیند ژن هێنانیان بە ناچاری دەزانی بۆ گەنجان و پیاوی بێ ژنیان بە دەرکراو و لە یاسادەرچووی کۆمەڵگە دادەنا. هەروەها هیچ پلە و پایەیەکی کۆمەڵایەتییان پێنەدەدا. ئەگەر تا ماوەیەکی زۆریش کچ شووی نەکردایە ئەوا هەر مایەی نەنگی بوو.

هەروەها لە هەندێک سەردەمدا وا باو بوو کە پێش هاوسەرگیریی، خێزانەکان هەموو شتێک بۆ کوڕ و کچ ئامادە بکەن.

هاوسەرگیریش لە تەمەنی لاوێتیدا ڕێگەپێدراو بوو، بەڵام باو و گشتگیر نەبوو. بەهۆی ئاو و هەوای گەرم و تایبەتی هیندستانەوە کچان لە تەمەنێکی

---

(١) Will Durant

(٢) مانو لەناو هیندییەکاندا بە سەرچاوەی یاسای کۆمەڵایەتی، مەدەنی، خێزانی دادەنرێت

(٣) شا تورابی، لە پەرتووکی (ژن لە سەربوردەی شارستانیەتەکاندا)، وەرگێڕانی (سالار عادل حەسەن)

پێشوەختەدا پێدەگەیشتن و ئەمەش وایکرد کە کچ زوو هاوسەرگیری بکات بۆ ئەوەی تووشی کێشەی کۆمەڵایەتی نەبێت[۱].

۲_یەکێک لە ڕێگەکانی تری هاوسەرگیری ئەوەبوو کە کوڕ دەیتوانی بەزۆر کچ لەماڵدا بفڕێنێت یان دەتوانرا کچ بکڕدرێت بە پارە یان دوای ڕەزامەندی کچ وەکوو خێزانی خۆی دەستنیشانی بکات. بەڵام هاوسەرگیری بە ڕەزامەندی هەردوو ڕەگەز تا ڕادەیەک شەرمهێنەر و ئابڕووبەرانە بوو. کچان زیاتر هەوڵیان دەدا لەڕێی کڕینەوە هاوسەرگیری ئەنجام بدەن و شوو بکەن. هەروەها ئەگەر بدزرانایە(بفڕێندرانایە) ئەوا مایەی شانازی بوو بۆیان.[۲]

شارستانییەتی هیندی هیچ مافێکی سەربەخۆی بە ئافرەت ڕەوا نەدەدی کە جیابێت لە مافی باوکی یان میردەکەی یان کوڕەکەی لە دۆخی مردنی باوک و میردەکەیدا. جا ئەگەر ئەمانە هەموویان نەمان ئەوا پێویست بوو بچێتە پاڵ یەکێک لە خزمەکانی میردەکەی لە ڕەچەڵەکدا. لە هیچ دۆخێکیشدا لە کارووباری خۆیدا سەربەخۆ نەبوو. یەکێک لەو زوڵمانەی کە لە ئافرەت دەکرا نەریتی (ستی-suttee)[۳] بوو، ئەم نەریتە ئەوە بوو کە ماف و ژیانی ئافرەت بە ماف و ژیانی میردەکەی بەسترابووەوە؛ ئەو ڕۆژەی کە میردەکەی دەمرد، بڕیاری بەسەردا دەدرا کە دەبێت ئەویش بەسەر ئاگرگایەکەوە-شوێنی سوتاندنی تەرم- لەگەڵیدا بسوتێنرێت و بمرێت.[٤] لە ماوەی ساڵانی (۱۸۱۵-۱۸۲۵) کە ۱۰ ساڵ دەکات شەش هەزار(٦۰۰۰) ژن سوتێنراون.

یاسانامەی مانو هەشت جۆری هاوسەرگیری بە ڕەوا دەزانی. کە لەنێواندا هاوسەرگیری بە ڕێگەی خۆشەویستی لە نزمترین پلەی ئەخلاقیدا بوو.

---

(۱) تاریخ تمدن: ج۲، ص٦۹۸

(۲) Will Durant: The story Of Civilization.

(۳) ئەو نەریتەیە کە ئافرەتان دەسوتێنران بە هۆکاری مردنی میردەکانیان

(٤) عباس محمود العقاد، لە پەرتووکی (المرأة في القرآن)

هاوسەرگیری جۆری کڕین باشترین ڕێگە و جۆری بوو.

«ویڵ دیورانت» مەراسیمێکی سەیر لەم بارەیەوە دەگێڕێتەوە و دەڵێت: "ئەو کەسانەی کە بەهۆی هەژاری و نەدارییەوە نەیاندەتوانی هاوسەر بۆ کچەکانیان پەیدا بکەن -واتە شتوومەکی پێویست بۆ کچەکانیان تەرخان بکەن و بە مێردیان بدەن-، ئەوا بە تەپڵ و مۆسیقاوە کچەکانیان دەبردە بازاڕ و خەڵکیان لەخۆیان کۆدەکردەوە؛ هەر پیاوێکیش بهاتایەتە پێشەوە و نیازی کڕینی کچەکەی هەبووایە، ئەوا چەند شوێنێکی جەستەی کچەکەیان نیشانی دەدا و ئەگەر کچەکەی بەدڵ بوایە ئەوا کچەکەی دەکڕی و هاوسەرگیریی لەگەڵ دەکرد."

لە بەرانبەر ئەم هزر و بیرەشدا، ژنانی هیندی پیاوەکانی خۆیان بە «گەورە یان ئەرباب» بانگدەکرد و زۆرجاریش دەیانپەرست. لە بەرانبەر ئەمەشدا پیاوان لەکاتی بۆنە و مەراسیمەکاندا چەند هەنگاوێک مەودایان لەگەڵ ژنەکانیان هەبوو و بە کەمی قسەیان لەگەڵ دەکردن؛ چونکە پێیان عەیب بوو کە پیاو لەگەڵ ژنەکەیدا پیاسەبکات و هاوشانی ڕێبکات.

٣- جۆرێکی تر لە هاوسەرگیرییەکان فرەژنی و فرەمێردی بوو. کە هەردووکیان لە کۆمەڵگەی هیندیدا ڕەوا بوو، بە تایبەت لەناو چینە گەورەکانی کۆمەڵگەدا.

بە پێی دەستووری «ڤیدا و مانو» چەند برایەک ڕێگەیان پێدرابوو کە یەک ژن بێنن و هاوبەشی بن تیایدا. یان ئەگەر ژنێک مێردەکەی نەزۆک بوایە، ڕێگەی پێدرابوو سەرجێیی لەگەڵ مێردی خوشکەکەی بکات بۆ ئەوەی منداڵی لێ ببێت و بکرێت بە ناوی مێردە نەزۆکەکەیەوە. هەروەها ژن بۆی هەبوو لەگەڵ پیاوی خانەدان و جوامێری ناوچەکەیان سەرجێیی بکات بۆ ئەوەی منداڵێکی لێ ببێت و دواتر لە منداڵی ئەو خانەدانە بەهرەمەند ببن.[1]

---

(١) المرأة بين الفقه والقانون: السابعي ص١٥، عودة الحجاب: ٢/٤٩، الأسفار المدسة في الأديان السابقة الإسلام: د علي عبدالواحد

داستانی دره‌وپادی (Draupadi) باسی ژنێک ده‌کات که له یه‌ک کاتدا مێردی به پێنج برا کردبوو. داستانێکی نامۆیه که له‌و سه‌رده‌مه‌وه وه‌رگیراوه و باس له دابوو نه‌ریتی «فره‌مێردی» ده‌کات؛ واته هاوسه‌رگیریکردنی ژنێک له‌گه‌ڵ چه‌ند پیاوێکدا که هه‌موویان بران. ئه‌م نه‌ریته تا ساڵی ١٨٥٩ له سیلان مابوو، ته‌نانه‌ت ئێستاش له هه‌ندێک گوندی «تبت» ماوه‌ته‌وه و ژن هه‌یه که شووی به چه‌ند پیاوێک کردووه و زۆرێک له پیاوه‌کان بران.

زۆرجاریش ئافره‌ت وه‌ک خودا سه‌یر کراوه له هیندستان. ته‌نانه‌ت هه‌ندێک له هۆزه‌کان ئه‌ندامی مێیینه‌یان ده‌په‌رست و سوجده‌یان بۆ ده‌برد.

«میت په‌رواتی» خوداوه‌ندێکی مێیینه بووه که بۆ مه‌به‌ستی خۆشه‌ویستی و هێز و نوێبوونه‌وه په‌رستراوه.

ئافره‌ت له شارستانییه‌تی ڕۆمانییه کۆنه‌کان:

"له ڕۆمدا ئه‌گه‌ر ژنێک تاوانێکی ئه‌نجامبدایه، پیاوه‌که‌ی مافی ئه‌وه‌ی هه‌بوو دادگایی بکات و بیترسێنێت. ئه‌گه‌ر زینا یان تاوانێکی وه‌کوو دزینی کلیلی عه‌نباری شه‌رابی ئه‌نجام بدایه، ئه‌وا سزای مه‌رگی به‌سه‌ردا ده‌سه‌پاند"[1]

شا توڕابی

له ڕۆمدا پیاو ده‌سه‌ڵاتێکی ڕه‌های به‌سه‌ر ژن و هه‌موو خێزانه‌که‌شیدا هه‌بوو؛ ته‌نانه‌ت مه‌رگ و ژیانی ژنه‌که‌شی له‌ده‌ستدا بوو و ده‌یتوانی ژنه‌که‌ی

---

(١) شاتوڕابی: سه‌ربووورده‌ی ژن له شارستانییه‌ته‌کان

لەناو ببات یان ڕێگەی پێبدات تا بژی.[۱]

پێیان وابوو کە مافی ئافرەت پەیوەستە بە باوک و برا و مێردەکەی یان کوڕەکەی؛ واتە مافی سەربەخۆی نەبوو.[۲]

تەنانەت ئەگەر ژن یان منداڵەکەشی تاوانێکیان ئەنجامبدایە ئەوا دەیتوانی لەناویان ببات و بیانکوژێت. بەم هۆیەشەوە یەکێک لە ڕۆمییەکانی سەدەی دووەمی پێش زاین بەناوی «کاتون» دەگێڕێتەوە کە "پیاو هەموو دەسەڵاتێکی بەسەر ژنەکەیدا هەبوو و دەسەڵاتەکەشی سنووردار نەبوو. هەرچی بوێستایە دەیتوانی بیکات. ئەگەر ژن تاوانێکی بچووکی بکردایە سزای دەدا و ئەگەر شەرابی بخواردایەتەوە بەندی دەکرد، و ئەگەر داوێنپیسی ئەنجامبدایە دەیکوشت."[۳].

ئافرەت وەک خاوەن ڕۆح مامەڵەی لەگەڵ نەدەکرا بەڵکوو لەژێر دروشمی "ئافرەت خاوەن ڕۆح نییە" سووکایەتییەک نەبوو پێیان نەکەن! کاتێک هەڵەیەکی بکردایە زەیتی گەرمیان دەکرد بەسەر جەستەیدا و بەکۆڵەکەی مااڵەوە دەبەستراندەوە[٤].

هاوسەرگیریی لە ڕۆمدا:

شاتوڕابی لە پەرتووکی «سەربوواردەی ژن لە شارستانییەتەکان»دا دەڵێت:

---

(۱) تاریخ رم، آلبرماله و ژوال ایزاک، ترجمه غلامحسین زیرک زاده، چاپ دوم، انتشارات کتابفروشی سینا، ۱۳۳۲

(۲) ئەبولحەسەنی نەدەوی: ئیسلام و کاریگەری لەسەر شارستانییەت و چاکەی بەسەر مرۆڤایەتییەوە

(۳) تاریخ رم، ل ۱۰٤

(٤) عودة الحجاب، محمد أحمد إسماعيل المقدم (٤٨/٢) .

"بەشێوەیەکی گشتی ئەنجامدانی پڕۆسەی هاوسەرگیریی لە ڕۆمدا بە مەبەستی منداڵبوون(زۆربوونی منداڵ) ئەنجامدەدرا. هەروەها هاوسەرگیریی بە پشتگیری و ڕەزامەندی باوکی کوڕ و کچ ڕێکدەخرا و بەبێ ئەوان هاوسەرگیری ئەنجام نەدەدرا. هەندێک جاریش کوڕ و کچ هەر لە منداڵییەوە بۆ یەکتری دەستنیشان دەکران."

بەپێی یاساکانی ڕۆمی کۆن، ئەنجامدانی پڕۆسەی هاوسەرگیری ناچاری بوو -واتا کوڕ هەر دەبوایە ژن بهێنێت-، بەڵام لە ساڵی ٤١٣ی پێش زاین کاتێک «کامیلۆس»ی یاسانووسی ڕۆم چەند باج و یاسایەکی بۆ کوڕە زگورتەکان دانا، ئیتر دوای ئەو یاسایە حوکمی ناچاری کاری پێنەکرا.

هاوسەرگیری لەنێوان ڕۆمەکاندا بە دوو شێوە بەڕێوە دەچوو:

یەکەم: (CUM MANU)

کە لەم جۆرەدا ژن(کچ) هەموو سەروەتەکەی بە پیاوەکەی دەدا. لەم هاوسەرگیرییەدا خەڵکەکە لە شوێنێکدا کۆدەبوونەوە و شیرینییان دەخوارد و بەشێوەیەکی گشتی کورەکە لەبەردەم یەکێک لە بەرپرسە حکومییەکان سکەیەکی مسی دەبەخشییە خێزانی کچەکە وەکوو هێمایەک بۆ نرخ و بەهای کچەکە[1].

دووەم: (MANU SINE)

کە لەم جۆرەیاندا سەروەتی ژنەکە بە پیاوەکە نەدەدرا. ئەم هاوسەرگیرییە پێویستی بە ڕێوڕەسمی ئایینی نەبوو، تەنیا پێویست بوو بوک و زاواکە ڕەزامەندی دەربڕن. لە هاوسەرگیری جۆری یەکەمدا، پیاو بە ئاسانی نەیدەتوانی لە ژنەکەی جیا ببێتەوە و تەڵاقی بدات، هەروەها مافی جیابوونەوە تەنیا لەدەستی پیاودا بوو. بەڵام لە هاوسەرگیری جۆری دووەمدا جیابوونەوە بە

(1) Will Durant: The story of civilization

خواست و ویستی هەر لایەنێکیان دەکرا بێ ڕەزامەندی ئەویتریان.[١]

«مۆنتکیۆ» دەڵێت: "لە ڕۆمی کۆندا باوک دەیتوانی کچەکەی ناچار بکات تا لە هاوسەرەکەی جیابێتەوە؛ تەنانەت ئەگەر خودی کچەکەش حەز و نیازی جیابوونەوەی نەبێت."[٢]

سەبارەت بە لەدایک بوونیش شتگەلێکی نامۆ دەبینرا؛ چونکە ئەگەر منداڵە لەدایکبووەکە ناتەواو-کەم ئەندام- یان کچ بووایە ئەوا باوکی دەیتوانی بیکوژێت. ئەگەر تەواویش بووایە، ئەوا ڕێزی لێدەگیرا و ئاهەنگی بۆ ساز دەکرا.

منداڵ نەبوون بە ناماقوڵ و ناشایستە و عەیبە دەژمێردرا؛ پێیان وابوو ئەگەر ڕۆمییەک نەبێتە خاوەنی منداڵێکی کوڕ بۆ چاودێریکردن و پاراستنی گۆڕەکەی، ئەوا ڕۆحیانەتەکەی هەتا هەتایە سزا دەدرێت و ئازار دەچێژێت. بۆیە هەوڵیان دەدا ڕێژەی منداڵ زیاد بکەن. بەڵام ئەوەمان لەیاد بێت کە هەوڵیاندەدا منداڵی کوڕ زیاد بکەن نەک کچ، چونکە ئەوان تەنیا کوڕیان بە مایەی ئارامی ڕۆحی باوکی دادەنا.[٣]

لەناو هەموو ئەندامانی خێزاندا تەنیا پیاو-باوک- لەبەرانبەر یاسادا هەندێک مافی پێدرابوو و دەیتوانی ماڵ بفرۆشێت و چاودێری بکات و ئاڵوگۆڕکێیان پێبکات؛ تەنانەت خاوەنی شتومەکی تایبەتی ژنەکەشی بوو. ژن مافی نەبوو لەبەردەم دادگادا ئامادەبێت وەکوو شایەتێکیش. کاتێکیش مێردەکەی دەمرد و ژنەکە بێوەژن دەکەوت هیچ جۆرە مافێکی لەسەر ماڵ و دارایی پیاوەکەی نەبوو.[٤]

---

(١) هەمان سەرچاوە

(٢) Baron De Montesquieu: Spirit Of Laws

(٣) شاتوبریان: سەربوورەی ژن لە شارستانییەتەکان

(٤) The story of civilization

لە ڕۆمدا زۆرجار مێ بوون وەک تاوان تەماشا دەکرا؛ بە نموونە: ڕۆمییەکان زەیتی کوڵاویان دەڕژاندە سەر لاشەی ئافرەتەکان تەنیا بە هۆکاری ئەوەی مێییەنە بوون، یان ئافرەتیان دەبەستەوە بە کلکی ئەسپەوە و بە تۆندی تاویاندەوان و بەدوای ئەو ئەسپانەدا ڕاکێشراون تا نەمردوون نەیانهێشتووە ئەسپەکە بووەستێت.(١)

لە ڕۆمدا مێرد بۆی هەبوو پیاوی تر بهێنێتەوە ماڵەوە بۆ ئەوەی سەرجێیی لەگەڵ ژنەکەی بکات؛ ژنەکەش بۆی نەبوو قسە بکات و لە بەرانبەر ئەو هەڵوێستەی مێردەکەی ناڕەزایەتی دەربڕێت.(٢)

ئافرەت لە شارستانییەتی یۆناندا:

یۆنان کانگای فەیلەسووفەکانە، یەکێکە لە کۆنترین شارستانییەتەکان و ئێستاش کۆمەڵگەی ڕۆژئاوایی بەم شارستانییەتەوە دەنازێت و شانازی بە فەیلەسووفەکانییەوە دەکات. بۆیە گرنگە گوزەرێک بە بارودۆخ و پێگەی ئافرەتدا لەم شارستانییەتەدا لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە بکەین.

بەشێوەیەکی گشتی لە کۆندا یۆنان دابەش ببوو بەسەر سێ کۆمەڵگەدا، کە بریتیبوون لە کۆمەڵگەی (ئاخا-سپارتا-ئاتن).

١- کۆمەڵگەی ئاخایی:

ئاخاییەکان هۆزێکی یۆنانی بوون کە دەوروبەری ١٢٠٠ ساڵ پێش زایین لە یۆناندا دەسەڵاتیان بەدەستەوە بووە، لە چیرۆک و داستانەکانیاندا ئافرەت ڕۆڵیکی زۆری هەیە. زۆربەی کات لەناو پیاواندا دادەنیشتن و گفتوگۆیان

---

(١) عوده الحجاب/ المرأة بين تكريم الإسلام وإهانة الجاهلية

(٢) هەمان سەرچاوە

لەگەڵیان دەکرد.

ئاخاییەکان بایەخێکی زۆریان بە ڕەگەزی مێ دەدا، چونکە سەرکردەکانیان لەکاتی جەنگدا لەڕێگەی کچ و ژنەکانیانەوە هانی گەلەکەیان دەدا بۆ ئەوەی بەرەنگاری دوژمن ببنەوە، و پشتیان بە لایەنی سیاسی و نەژادی نەدەبەست بەڵکوو پشتیان بە جوانی ڕووخساری ژنان دەبەست؛ بێ ئەوان کەسانی لاوازبوون و هیچ پاڵنەرێکی ژیان و مردنیان نەبووە.

لەگەڵ ئەمەشدا خێزانەکانیان لەسەر بنەچەی «باوک سالاری» بووە. باوک دەسەڵاتی بەسەر هەموو ئەندامانی خێزانەکەیدا هەبووە. باوک دەیتوانی زوڵمیان لێ بکات، و بەدیاری بیانبەخشێت و لەناویان ببات یان لە قوربانیخانەکاندا بیانکات بە قوربانی.(١)

٢- سپارتا:

ئافرەتانی سپارتای دێرین بەهێز و خۆڕاگر بوون، ڕۆحیەتێکی جەنگاوەرانەیان هەبوو. کوڕیان بۆ جەنگ وەک جەنگاوەر پێدەگەیاند. وەک «پلوتارک»(٢) دەگێڕێتەوە لەپێش جەنگەکان کاتێک دایکانی سپارتایی کوڕەکانیان بۆ جەنگ بەڕێ دەکرد، قەڵغانی جەنگیان بەرز دەکردەوە و پەندێکی سپارتاییان بە کوڕەکەیان دەوت "come back with this or on it" واتە "بە قەڵغانەکەوە بگەڕێوە یان لەسەر قەڵغانەکە بگەڕێوە". واتا بە سەرکەوتوویی و زیندووی بە قەڵغانەکەوە بگەڕێرەوە یان جەنگ بکە تا دەمریت و تەرمەکەت لەسەر قەڵغانەکە دەگەڕێنرێتەوە.

---

(١) سەربوواردەی ژن لە شارستانییەتەکاندا

(٢) پلوتارک: فەیلەسووفێکی سەر بە قوتابخانەی ئەفلاتوونییە، هەروەها مێژوونووس و ژیاننامە نووس و قەشە بووە لە پەرستگای ئەپۆلۆ لە دێلفی.

پلوتارک لە کتێبەکەیدا لە بەشی «وتە دانسقەکانی ژنانی سپارتایی» چەند چیرۆکێکی سەرنجڕاکێشمان بۆ دەگێڕێتەوە کە شایانی باسکردنن.

۱- لە پاش یەکێک لە جەنگەکان، پەیامبەرێک لە جەنگەکە دەگەڕێتەوە و هەواڵی سەربازەکان بۆ خەڵکی سپارتا دەهێنێتەوە؛ دەگات بە یەکێک لە دایکەکان و پێی دەڵێت: "دایکە، من زۆر داوای لێبوردن دەکەم بۆ ئەم هەواڵە ناخۆشە، یەکێک لە کوڕەکانت لەساتی ڕووبەڕووبوونەوەی دوژمندا کوژرا." دایکەکەش لە وەڵامدا دەڵێت: "ئەو کوڕی منە." پاشان هەواڵدەرەکە دەڵێت: "کوڕەکەی ترت ڕزگاری بوو، بەڵام ڕایکرد لە دوژمن"، دایکەکە دەڵێت: "ئەو کوڕی من نییە".[1]

۲- هەواڵدەرێکی تر لە جەنگێکی جیاواز دەگەڕێتەوە و ئەمجارەیان یەکێک لە دایکەکان دەڕوات بەرەوڕووی و پێی دەڵێت: "هارۆڵد، بارودۆخی وڵاتەکەمان چۆنە؟" هەواڵدەرەکەش دەڵێت: "دایکە، داوای لێبوردن دەکەم بۆ ئەم هەواڵە ناخۆشە، هەر پێنج کوڕەکەت لە جەنگدا کوژران"، دایکەکەش دەڵێت: "تۆ گەمژەیت، من دەربارەی کوڕەکانم پرسیارم لێ نەکردیت، بەڵکوو دەربارەی وڵاتەکەمان پرسیارم لێکردیت!" هەواڵدەرەکەش دەڵێت: "ئێمە بردمانەوە" لە کۆتاییدا دایکەکە دەڵێت: "ئێستا دڵخۆشم" پاش ئەمەش دایکەکە ڕووی وەردەگێڕێت و دەڕواتەوە بۆ ماڵەکەی.

۳- لە یەکێک لە جەنگەکاندا دوو برای سپارتایی لە ترسی مردن لە جەنگ هەڵدێن؛ کە دایکیشیان لە جەنگەکەدا لەگەڵیاندا بوو لە پشتەوەی سووپاکە. کاتێک کە بە دوو چاوی خۆی هەڵاتنی کوڕەکانی دەبینێت، تەنورەکەی بەرز دەکاتەوە و بە تووڕەییەوە پێیان دەڵێت: "ئەو شوێنە کوێیە کە ئێوە بیری لێ دەکەنەوە هەڵبێن بۆی؟ بگەڕێنەوە بۆ ئەو شوێنەی کە لێی هاتوونەتە

---

(1) The women of Sparta: Steven Pressfield.

دەرەوە".[۱]

ئافرەتانی سپارتایی بۆچی وابوون؟ چۆن پەروەردە کرابوون؟

شاتوبریان دەگێڕێتەوە کە لە سپارتادا کچان دیل و پابەندبوون بە خواستە سەرسوڕهێنەرەکانی دەوڵەتەوە. دەوڵەت داوای لە کچان دەکرد کە لە هەندێک یاری و پێشبڕکێدا بەشداری بکەن وەکوو (ڕاکردن و زۆرانبازی و هەڵدانی دیسک و تیرهاویشتن...)، ئەمەش بە بیانووی ئەوەی ببنە خاوەنی لەشێکی بەهێز و تەندروست تا لە داهاتوودا شایستەیی بوون بە دایکیان هەبێت و بتوانن منداڵ بەخێو بکەن.

پاشان ناچاریان دەکردن لەکاتی سەما و لە هەندێک کۆبوونەوەی گشتیدا جلوبەرگی ناشایستە و کەم بپۆشن بە چەشنێک بە ڕووتی دەربکەون؛ بە بیانووی ئەوەی کە گوایە بەم هۆیەوە هەر کەموکورتییەک لە لاشەیاندا هەبێت دەردەکەوێت و پێویستە چارەسەری بۆ بکرێت.[۲]

پلوتارک دەڵێت: "ئەم کارە شتێکی شەرمهێنەر و عەیبە نەبووە، چونکە پارێزکاریی دروشمیان بوو."

سپارتاییەکان پێشنیاریان بۆ کوڕەکانیان دەکرد لەکاتی هەڵبژاردنی هاوسەرەکانیاندا تەندروستی و کەسایەتی ئەو کەسەی کە هەڵیدەبژێرن لەبەرچاو بگرن[۳]. هەر بەم هۆیەشەوە بوو کە پاشا«ئەرخیداموس» یان سزا دا چونکە لەگەڵ کچێکی لاواز و نەخۆشدا هاوسەرگیری کردبوو.

ئامانجی سپارتاییەکان لە هاوسەرگیری زۆربوونی نەوە و منداڵ بوو.

---

(۱) هەمان سەرچاوە.

(۲) سەربووردەی ژن لە شارستانییەتەکان، شاتووبریان، وەرگێڕانی (سالار عادل)

(۳) واتە لەڕووی جوانی و ماسولکە بەهێزی و لەشولارەوە

ئەگەر ژنێکیش نەبوایەتە خاوەنی منداڵی بەهێز و تەواو ئەوا دەیانکوشت.[۱]

لەلایەکی تریشەوە دەسەڵاتدارانی سپارتایی داوایان لە پیاوان دەکرد کە بۆ ماوەیەک ژنەکانیان بە کەسانی پاڵەوان و بەهێز بدەن بۆ ئەوەی لەڕێی ئەوانەوە ببنە خاوەنی منداڵی بەهێز. ئەگەر پیاوێکیش نەخۆش و پەککەوتە بوایە وای لێچاوەڕوان دەکرا کە خۆی گەنجان بۆلای خێزانەکەی بانگهێشت بکات.[۲]

۳- ئاتن[۳]:

لە ئاتندا باوک دەسەڵاتێکی ڕەهای بەسەر هەموو ئەندامانی خێزانەکەیدا هەبوو.ئەگەر دایک منداڵێکی لاواز یان ناتەواوی بهێنایەتە دونیاوە، سەرەڕای ئەوەی باوکەکە بە منداڵی خۆی نەدەزانی، دەیشیتوانی بیکوژێت. لەم نێوەندەشدا بەزۆری کچیان دەکوشت لەچاو کوڕدا چونکە کچ لەکاتی هاوسەرگیریدا پێویستی بە کەلوپەل و شتومەک هەبوو.[٤]

دۆخی خوێنەواری و مەعریفی ئافرەت لە ئاتن(ئەسینا)دا:

لە ئاتندا، کچان لەماڵەوە خەریکی خوێندنەوە بوون، زیاتر فێری ماڵداری و زانستی ماڵداری دەبوون؛ هەر لە ماڵیشەوە لای دایکیان فێری خوێندن و ژماردن و ڕستن و چنین و دوورین و سەما دەبوون. لەوەش

---

(۱) تمدّن اسلام و عرب، لا ۵۰۷

(۲) تاریخ تمدّن، ج٤، ص١٤٦

(۳) (ئەسینا)ی ئێستا

(٤) تاریخ ملل شرق و یونان، آلبرماله و ژول ایزاک، ترجمه عبدالحسین خان هژیر، انتشارات کمیسیون معارف، چاپ اول، تهران،۱۳۰۹ش، ص۲٤٥. و، سالار عادل

زیاتریان نەدەخوێند، چونکە خاوەن ڕەوشتە بەرزەکان لەوە زیاتریان نەدەخوێند. تەنیا هەندێکیان خوێندنیان تەواو دەکرد کە ئەوانەش بەزۆری بە خراپەکارە بێ ڕەوشتەکانی ئەو سەردەمە ناسراو بوون.(١)

ئافرەت ئازادیی و پلەوپایە و هەموو ئەو شتانەی کە پەیوەندی بە مافە ڕەواکانەوە هەیە لێزەوتکرابوو. لە ماڵە خانەدانەکاندا لە جێگەیەکدا نیشتەجێ بوون جیا بێت لە ڕێگەی هاتووچۆوە و پەنجەرەکانی کەم بن و دەرگاکانی پاسەوانی لێبکرێت.

فەیلەسووف و بیرمەندانی وەکوو سوقرات، ئەفلاتۆن و ئەرستۆ لەم ژینگەیەدا گەورەبوون. کۆڕ و کۆبوونەوەی فەیلەسووفانی یۆنان خاڵی بوو لە ئافرەتان و ئافرەتێکی ناودار تیایاندا هەڵنەکەوت.(٢)

نەنگیش بوو لایان کە ئافرەت بێتە ئەو کۆڕانەوە و ئازادیان پێ بدرێت؛ هەر بۆیە ئەرستۆ ڕەخنەی لە خەڵکی سپارتا دەگرت لەوەی کە پیاوەکانیان نەرمونیان بوون لەگەڵ ژنانی هۆزەکانیاندا و مافی میرات و تەڵاقی یەکجاری و مافەکانی ئازادی و دەرکەوتنیان لە کۆڕەکاندا پێدەدان. شکان و لەناوچوونی سپارتاشی دەگێڕایەوە بۆ ئەو مامەڵە و ئازادییەی لەگەڵ ئافرەتدا کراوە.

میراتی ئافرەت لە یۆناندا:

لەڕاستیدا ڕەگەزی مێ لە یۆناندا بەشخوراو و ستەم دیدە بوو، چونکە مافی پەیماننامەی نەبوو و نەیدەتوانی لە بڕێکی کەم ماڵ و سامان وەربگرێت

---

(١) Will Durant: the story of civilization

(٢) ئەبولحەسەنی نەدەوی: ئیسلام و کاریگەری لەسەر شارستانییەت و چاکەی بەسەر مرۆڤایەتییەوە

هەروەها نەیدەتوانی لە خانەی داد ئاماده بێت. سەرەڕای ئەمانەش لەدوای مردنی مێردەکەی هیچ بەشێکی لە مولکی مێردەکەی بەرنەدەکەوت.[١]

لە ئاتندا، میراتی باوک لەنێوان کوڕدا دابەشدەکرا و کوڕی گەورەش کەمێک زیاتری بەردەکەوت. بەڵام لە سپارتادا میراتی دابەش نەدەکرا و تەنیا کوڕی گەورە دەبووە خاوەنی مولک[٢].

جێی باسە کە بە درێژایی یۆنانیش بەم شێوازە مامەڵە لەگەڵ ئافرەتدا نەکراوە؛ یۆنانییەکانیش خوداوەندی ئافرەتیان هەبووە وەک «ئەفرۆدایتی»[٣] کە خوداوەندی جوانی بووە.

ئافرەت لای عەرەب، پێش ئیسلام:

لەپێش ئیسلامدا ئافرەت لای عەرەبەکان بە دوو دۆخدا تێپەڕیوە، دۆخی یەکەم ئەوە بووە کە هەندێک کات وەک خودا تەماشا کراوە و بەشێکی زۆر لە خوداکان «مێ» بوون؛ یان بتیان لە شێوەی ئەندامی مێیینەی ئافرەت نەخشاندووە.

جگە لەوەش لە هەندێک لە هۆزەکاندا ئازادییەکی تەواو بە ئافرەت دراوە و رێگەی پێدراوە سەربەخۆ کار بکات؛ وەک خەدیجەی کچی خوەیلیدی خێزانی پێغەمبەر (ﷺ) کە ئافرەتێکی بازرگان و خاوەن پێگەی تایبەت بووە لە مەککەدا.

---

(١) تاریخ تمدّن، ویل دورانت، فتح الله مجتبایت، انتشاراف اقبال، تهران، ١٣٤٩، ج٥،ص٦

(٢) هەمان سەرچاوە

(٣) لەگەڵ ئەوەی هەوڵی گەڕانێکی زۆرمدا تا بزانم (ئەفرۆدایتی) لە کام سەردەم و کۆمەڵگەیەی یۆناندا(ئاتن و سپارتا و ئاخا) کراوە بە خودا، بەڵام هیچ سەرچاوەیەکم دەست نەکەوت ئاماژە بەوە بدات، بەڵکوو تەنیا وەک خواەندێکی یۆنانی ناسێندرا، بۆیە منیش لە کۆتایی دۆخی ژن لە یۆناندا بە شێوەیەکی گشتی ئاماژەمپێدا.

هەندێک لە مێژوونووسان وای دەگێڕنەوە کە باوکان تەنیا کچەکانیان زیندەبەچاڵ کردووە، بەڵام لە ڕاستیدا ئەم دیاردەیە باو نەبووە. هەروەها تەنیا بۆ کچان نەبووە بەڵکوو کوڕیش کوژراوە؛ کوڕیش زیندەبەچاڵکراوە. هۆکارەکەشی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە پێیان وابووە بەهۆی هاتنی منداڵەوە ڕزقیان کەم دەکات، بەڵام نکوڵی لەوە ناکرێت کە زیاتر کچان زیندەبەچاڵ کراون.

لەکاتی دووگیانیدا ئەو ئافرەتەی دووگیان بووایە، هەندێک ئافرەت هەوڵی دەدا منداڵەکەی لەبار ببات، چ کوڕ بووایە یان کچ گرنگ نەبوو، بەڵام پاش هاتنە دوونیای منداڵەکە، زیاتر کچانیان زیندەبەچاڵ دەکرد.

هەندێک لە مێژوونووسانیش باس لەوە دەکەن کە عومەری کوڕی خەتاب پێش موسڵمانبوون و پێشهاتنی ئیسلام کچەکەی خۆی زیندەبەچاڵ کردووە؛ بەڵام ئەو ڕوداوە هیچ ئەسڵێکی نییە و دوورە لە ڕاستییەوە، چونکە ئەم بەسەرهاتە لە هیچ سەرچاوەیەکی سەحیحدا نەهاتووە. هەروەها دیاردەی زیندەبەچاڵکردنی کچ لەناو هۆزەکەی عومەری کوڕی خەتابدا نەبووە و هیچ پیاوێک لە هۆزی بەنی عەدی کچەکەی خۆی زیندەبەچاڵ نەکردووە و هەبوونی کچ لەو هۆزەدا جێی شەرم نەبووە تا عومەری کوڕی خەتاب پێی شەرم بێت. پاشان کچە گەورەکەی عومەری کوڕی خەتاب «حەفصە» بووە؛ ئیتر چۆن دەکرێت عومەر کچە گەورەکەی زیندە بەچاڵ نەکات و کچەکەی تری بکات؟!

بۆیە ئەم باسەی عومەری کوڕی خەتاب هەڵبەستراوێکی شیعەکانە بۆ دژایەتیکردنی عومەری کوڕی خەتاب، لە حەقیقەتیشدا شتی وا ڕووی نەداوە.

لە بابەتی میراتیش هەندێک کەسیان بێبەشدەکرد وەک کچ و خێزان و منداڵ. میراتیان نەدەدا بە کەسێک نەبێت توانای تاڵانیی هەبێت یان توانای شەڕی هەبێت بەسواریی ئەسپەوە.

بێبەشکردنی ژن و منداڵ لە میراتی نەریتێکی کارپێکراو بوو لەلایان تا ئەو کاتەی ئەوسی کوڕی سابیت کۆچی دوایی کرد لە سەردەمی پێغەمبەر(ﷺ) ودوو کچ و کوڕێکی لەدوای خۆی بە جێهێشت. کچەکانی هەندێ ناشرین بوون، لەوکاتەدا هەردوو ئامۆزاکەی ئەوس هاتن و هەموو میراتەکەیان بۆ خۆیان برد؛ خێزانەکەی پێی وتن کە هەردوو کچەکەی مارە بکەن، ئەوانیش ڕازی نەبوون چونکە کچەکان جوان نەبوون. نیتر ئافرەتەکە هاتە لای پێغەمبەر(ﷺ) و وتی: "ئەی پێغەمبەری خودا، ئەوس لە دونیا دەرچوو و کوڕێکی منداڵ و دوو کچی لەدوای خۆی جێ هێشتووە، عەرفەتە و سوهێدەی ئامۆزای میردەکەم هاتن و هەموو میراتییەکەیان بۆ خۆیان برد و ڕازیش نەبوون کچەکان مارە بکەن!"

پێغەمبەریش(ﷺ) فەرمووی: دەستکاری میراتەکە مەکەن.[1] پاشان ئەم ئایەتەی سورەتی نیساء دابەزی ﴿لِلرِّجَالِ نَصِيبٌ مِمَّا تَرَكَ الْوَالِدَانِ وَالْأَقْرَبُونَ﴾ «کەسێک کە دەمرێت ئەگەر کوڕی لەدوای خۆی بەجێ هێشت ئەو کوڕانە ئەوەی کە دایک و باوک و خزمە نزیکەکانیان بەجێی دەهێڵن بەشی خۆیان هەیە لەو میراتییە». ﴿وَلِلنِّسَاءِ نَصِيبٌ مِمَّا تَرَكَ الْوَالِدَانِ وَالْأَقْرَبُونَ﴾ «بەهەمان شێوە ئافرەتانیش ئەگەر دایک و باوکیان مرد یان خزمی نزیکیان مرد و میراتیان بەجێ هێشت ئەمانیش بەشی خۆیان لەو میراتییە هەیە». کە لە سەردەمی نەفامیدا بەشی ئافرەتیان نەدەدا و ئافرەتیان لە میراتی بێبەش دەکرد. ﴿مِمَّا قَلَّ مِنْهُ أَوْ كَثُرَ نَصِيبًا مَفْرُوضًا﴾.[2]

---

(١) تفسير القرطبي(٥\٤٥)

(٢) تەفسیری ڕێبەر

هاوسەرگیری لای عەرەبەکانی پێش ئیسلام:

پێش هاتنی ئایینی ئیسلام یازدە جۆری هاوسەرگیری لەناو عەرەبدا هەبووە. بەڵام هاوسەرگیرییەکان بە شێوەیەکی گشتی لەناو هەموو عەرەبدا باو نەبووە، بەڵکوو هەندێک هاوسەرگیری تەنیا لەناو چەند هۆز و چەند ناوچەیەکدا هەبووە. هەندێک لە ناوچەکان گرنگییەکی زۆریان بە خێزان و ئافرەت داوە، هەندێکیش بە پێچەوانەوە.

١- هاوسەرگیریکردن لەگەڵ ژنی باوک (نکاح الضیزن):

لەم هاوسەرگیرییەدا کوڕی گەورەی پیاو لە ژنێکی تر، بۆی هەبوو ژنێکی تری باوکی مارە بکات پاش مردنی باوکی یان هەر ڕێگەی نەدایە شوو بکات (کوڕ خێزانی باوکی مارە دەکرد). تاوەکوو ئیسلام هاتوو ئەوەی قەدەغەکرد و خوای گەورە ئایەتی دابەزاند ﴿وَلَا تَنْكِحُوا مَا نَكَحَ آبَاؤُكُمْ مِنَ النِّسَاءِ إِلَّا مَا قَدْ سَلَفَ إِنَّهُ كَانَ فَاحِشَةً وَمَقْتًا وَسَاءَ سَبِيلًا﴾ [النساء ٢٢]. واتا: ئەو ژنانە مارە مەکەن کە باب و باپیرانتان مارەیان کردوون، مەگەر ئەوەی لە سەردەمی نەفامیدا بووە، بۆ ئەوە گوناهتان ناگاتێ، چونکە تێپەڕیوە، بێگومان مارەکردن و سەرجێێکردنی ئەو ئافرەتان ناپەسەند و نابەجێ و بێزراوە، ئەو یاسایە زۆر ناشرین و خراپە.

بەدڵنیایی ئەمە فاحیشەیە و بە زینا دەژمێردرێت و مارەیی نایات. هەروەها شتێکی ڕق لێبوو بوغزێنراوە، خراپترین ڕێگا و کارە کە مرۆڤ باوەژنی خۆی مارەبکاتەوە.

ئەم هاوسەرگیرییەش باو نەبووە لەناو عەرەبدا، بەڵکوو چەند هۆزێکی کەم ئەنجامیانداوە. جێی باسە ئەو هۆزانەی کە نزیکی دەوڵەتی فارس بوون وەک هۆزی بەنو تەمیم ئەنجامیان داوە.

٢- هاوسەرگیریی چێژ(نكاح المتعة):

بریتییە لەو هاوسەرگیرییەی کە وابەستەیە بە کاتێکی دیاریکراو و بەروارێکی دیاریکراوەوە و لەگەڵ هاتنی ئەو وادەیەدا هاوسەرگیرییەکە هەڵدەوەشێتەوە.[١] بەهۆی سروشتی ئەم هاوسەرگیرییەوە زۆربەی جار ڕەچەڵەک و بنەچەی ئەو منداڵانەی بەرهەمی ئەم جۆرە هاوسەرگیرییە بوون، دەچوونەوە سەر دایکیان، بەهۆی ڕۆیشتن و بەجێهێشتنی خێزانەکە لەلایەن باوکەوە[٢].

٣- هاوسەرگیری خەدەن (الخدن):

لە ڕاستیدا ئەم دیاردەیە بە هاوسەرگیری ئەژمارناکرێت، بەڵکوو لە دیدگای ئیسلامەوە تەنیا زینایەکە و هیچیتر؛ چونکە لێرەدا ژن و پیاوی سەردەمی جاهیلی بە شێوەیەکی نهێنی زینایان دەکرد، بە ڕەزامەندی نافرەت بەبێ هیچ بەڵێننامە و کۆتوبەندێکی کۆمەڵایەتی ئەنجام دەدرا.[٣]

٤- گۆڕینەوەی هاوسەر(نكاح البدل):

بریتییە لەو هاوسەرگیرییەی کە دوو پیاو ڕێک دەکەون لەسەر گۆڕینەوەی ژنەکانیان بە شێوەیەکی کاتی[٤].

---

(١) الزبيدي تاج العروس، ٥/٩

(٢) السيد عبدالعزيز سالم، دراسات في تاريخ العرب، الجزء الأول، عصر ما قبل الإسلام، «الأسكندرية ١٩٦٨م»، ص٣٩٤

(٣) جواد علي، المفصّل في تاريخ العرب قبل الإسلام، الطبعة الثالثة، دار العلم للملايين، بيروت، مكتبة النضة، بغداد، فبراير، ١٩٨٠م ٥٣٧/٥

(٤) الألوسي، بلوغ الأرب، ٢/٥

ئەم هاوسەرگیرییە بەشێوەیەکی بەرچاو بڵاو بووە لە بەشێک لە کۆمەڵگەی عەرەبیدا لە سەردەمی پێش ئیسلام. بەڵام لەگەڵ هاتنی ئایینی ئیسلام ئەم هاوسەرگیرییە حەرامکرا و وەک زینا پێناسەکرا.

٥- هاوسەرگیری ژن بە ژن (نكاح الشِّغار):

هاوسەرگیرییەکە کە تیایدا باوک کچەکەی خۆی دەدات بە کەسێک[١] بەو مەرجەی ئەویش کچەکەی یان خوشکەکەی خۆی بدات بە ئەم[٢] بەبێ هیچ مارەییەک[٣].

بۆیە ناویش نراوە «شِّغار» چونکە هیچ مارەییەکی نەبووە و هاوسەرگیرییەکە تەنیا لەسەر ڕێککەوتنی گەورەی دوو خانەوادەکە بەندە کە پیاون.

٦- هاوسەرگیری لەپێناو شکۆمەندیدا (نكاح الاستبضاع):

کاتێک پیاو بیویستایە کە منداڵێکی نەجیب و خاوەن شکۆی هەبێت ئەوا هانی ژنەکەی دەدا تا بچێتە لای پیاوێکی خاوەن دەسەڵات و بەناوبانگ و بەرەچەڵەک تا سێکسی لەگەڵدا بکات و لەو ڕێیەوە ببێتە خاوەنی منداڵێکی باش و بەدەسەڵات.[٤] هەروەها پیاوەکە نەدەچووە لای ژنەکەی تاوەکوو لە پیاوە خاوەن دەسەڵاتەکە دووگیان دەبوو.

---

(١) هەمان سەرچاوەی پێشوو

(٢) جواد علي، هەمان سەرچاوە ٥٣٨/٥

(٣) محمد بيومي مهران، الحضارة العربية القديمة، دار المعرفة الجامعية، الإسكندرية، ١٩٨٨م. ص ٤٢

(٤) عبد السلام الترمانيني، الزواج عند العرب في الجاهلية والإسلام، دراسة مقارنة، المجلس الوطني للثقافة والفنون و الأداب، سلسلة عالم المعرفة (٨٠)، الكويت ذو العقدة ١٤٠٤هـ/ أغسطس ١٩٨٤م

٧- هاوسەرگیری لەپێناو ڕزگاربوون لە هەژاری(نكاح المضامدة):

ئەم هاوسەرگیرییە زیاتر هەژارەکانی دەگرتەوە، لە کاتێکدا ئەنجامدەدرا کە برسێتی و قات و قڕی بەرۆکی خەڵکی دەگرت. لەم دۆخەشدا ژن و مێردی هەژار ڕێکدەکەوتن لەسەر ئەوەی کە بۆ ماوەیەکی کاتیی پیاوەکە ژنەکەی خۆی بدات بە پیاوێکی دەوڵەمەند و خانەدان تا لەو ڕێیەوە پیاوە خانەدانەکە لەبەرانبەر چێژ وەرگرتن لە ئافرەتەکە پارە و مااڵ و سامان بدات بە پیاو و ژنەکە و پاش باشبوونی دۆخی گوزەران ژنەکە دەگەڕایەوە لای مێردە کۆنەکەی. جێی باسە کە ژنەکە جگە لەو دوو پیاوە نەدەچووە لای هیچ پیاوێکی تر.

٨- هاوسەرگیری چەند مێردیی(نكاح الرهط):

لەم هاوسەرگیرییەدا ئافرەت دەیتوانی زەواج لەگەڵ چەند مێردێکدا بکات کە ژمارەیان لە سێ کەمتر نەبێت و لە نۆ زیاتر نەبێت.ئەم چەند نێرە بە جیا جیا دەچوونە لای ژنەکە و دەشیانزانی کە ژنەکە پەیوەندی لەگەڵ پیاوی تر هەیە. کاتێک ژنەکە دووگیان دەبوو و دواتر سکەکەی دادەنا، هەموو پیاوەکانی بانگ دەکرد و دەیوت: "خۆتان دەزانن کە چیتان کردووە و ئەم منداڵەش هی فاڵنە کەستانە!" واتە ئافرەتەکە بەدڵی خۆی دەیوت ئەم منداڵە هی فاڵنە کەستانە و منداڵەکەی دەخستە ملی یەکێک لە پیاوەکان.

سەربووردەی ژن لای تورکەکانی پێش ئیسلام:

تورکەکان لەنێو شارەکانیاندا، شارێکیان هەبوو پێی دەوترا «دانی» پیاوەکانیان کەڵەگەت و ژنەکانیشیان باڵاکورت بوون، شارەکەیان لەنێوان

خەزەر و ڕۆمەکان بوو، هەرجارە و لەگەڵ یەکێک شەڕیان دەکرد. هەموو جۆرە ئازەڵەکیان دەخوارد و زمانیان بە برینەکانیان دەهێنا و بە شمشێر شەڕیان دەکرد و ئارامییان نەبوو بۆ تیرهاوێژی. پیاوێک لەنێویان سەد ژنی دەخواست و لەوانەیە یەکێکیشیانی سەر ببڕیایە بەبەرچاوی دایک و باوک و برای ژنە و بەیەکەوە بیانخواردایە.[١]

زینا لەنێویان بڵاو بوو، هەر ئاوا یەکێکیان دەچووە ماڵی ئەوی تریان و دەکەوتە گیانی خاو و خێزانی بەبەرچاوی خاوەن ماڵەوە ئەویش نە ڕێگری لێدەکرد نە خۆشیشی تێکدەدا[٢].

ئافرەت لەلای سۆمەرییەکان:

ئافرەت مافی وهرگرتنی میراتی نەبوو، بگرە ئەگەر پیاوێک قەرزێکی زۆری لەسەر کەڵەکە بوایە لەپێناو دانەوەی قەرزەکەی خێزانەکەی دەفرۆشت، خۆ ئەگەر ئەرکی دایکایەتی جێبەجێ نەکردایە مێردەکەی مافی ئەوەی هەبوو بیسووتێنێت؛ هەروەک چۆن بەویستی خۆیان بەبێ هۆکار خێزانیان تەڵاقدەدا. بەڵام ئەگەر ئافرەتەکە داوای جیابوونەوەی بکردایە سەرئەنجامی بریتی بوو لە کوشتن![٣]

ئافرەت لە شارستانییەتی بابلیدا:

ئافرەت مافی خاوەندارێتی نەبوو، هەروەها لە میراتی مێرد و منداڵەکانیدا

---

(١) ابن الفقيه. البلدان، ص ٦٤٧.

(٢) هەمان سەرچاوە، ص٦٤٤

(٣) المرأەدورها ومكانتها في حضارة وادي الرافدين, ثلماستيان عقراوي (ص:٢٥) .

هیچ مافێکی نەبوو، بە وێنەی شارستانییەتی سۆمەری ئەگەر پیاوێک قەرزێکی زۆری لەسەر کەڵەکە ببووایە، لەپێناو دانەوەی قەرزەکەی خێزانەکەی دەفرۆشت، یان خێزانەکەی یان کچەکەی دەدا بە خاوەن قەرز وەک دانەوەی قەرزەکەی.[1]

ئافرەت لە شەریعەتی حامورابیدا:

لە شەریعەتی حامورابیدا ئەگەر پیاوێک کچی پیاوێکی تری بکوشتایە، دەبوایە لەجیاتی خۆی کچەکەی ڕادەستی باوکی کچە کوژراوەکە بکردایە تا لە تۆڵەی کچەکەیدا بیکوژێتەوە، یان ببوایە بە خاوەنی کچەکە (واتە بیکاتە کۆیلەی خۆی).[2]

---

(١) المرأەدورها ومكانتها في حضارة وادي الرافدين, ثلماستيان عقراوي (ص:٤٠) .

(٢) المرأة بين الفقه والقانون: السابعي ص١٤، عودة الحجاب: المرأة بين تكريم الإسلام و إهانة الجاهلية

ئافرەت لە جیهانی فەلسەفەدا

پێگەی ئافرەت لای هەندێک لە فەیلەسووفەکان و زانایان

"ئافرەت ئامادەیی ئەوەی تێدا نییە ببێتە هاوڕێیەکی بەوەفا، ئافرەت جگە لە پشیلەیەک هیچی تر نییە، دەکرێت چۆلەکەیەکیش بێت، ئەگەر کەمێکیش ڕۆشنبیر بێت دەبێتە مانگا. ئافرەت ئەهلی هاوڕێیەتی نییە، بەڵام با پیاوان پێمبڵێن کە کێ ئەهلی هاوڕێیەتییە؟"[1]

فەیلەسووفی ئەڵمانی، فریدریک «نیچە»

بەدرێژایی مێژوو پەیوەندی نێوان فەیلەسووفان و ژنان لە زۆر ڕووەوە باش نەبووە؛ هەر بۆیە بە دەگمەن فەیلەسووفێکی ئافرەت لە مێژوودا بەدی دەکرێت. ئەگەر لەو کەلاوڕۆژنەوە ڕابمێنین لە مێژووی فەلسەفە، دەردەکەوێت کە فەلسەفە تایبەت بووە بە ڕەگەزی نێر.

بەڵام «ئارسەر شۆپنهاوەر» بۆچوونی وایە ئەگەر زیاتر ڕابمێنین، دەردەکەوێت کە لە مێژوودا فەیلەسووفی ئافرەتیش هەبووە. وەک لە سەرەتای سەدەکانی زایینداا «ئاپالۆنیۆس»ی ڕەواقی دەستێکی باڵای هەبوو لە بەدواداچوون و کۆکردنەوەی فکری ژنان و ناساندیان. پاش ئەویش «فیلۆکۆرۆس» کتێبێکی گەورەی نووسی لەبارەی ژنانی فەیلەسووفی فیساگۆرسی.

---

(۱) هکذا تکلم زرادشت؛ فریدریک نیچە؛ ص۸۰

جێی باسە کە «ژیل موناژێ» لە هەموان زیاتر گرنگی بە کۆکردنەوە و ناساندنی ژنە فەیلەسووفەکانی مێژوو داوە. بەدواداچوون و لێکۆڵینەوەیەکی وردی کردووە و لێکۆڵینەوەکەشی ژنانی چەندین سەدەی لەخۆ گرتبوو، دواتریش لە ساڵی ١٦٩٠ لە کتێبی «کورتەیەک لە مێژووی ژنان» خستییە ڕوو.

بەڵام ئەوەی جێی سەرنج و سەرسوڕمانە، ئەوەیە کە ناوی ئەو فەیلەسووفانەمان پێ نەگەیشتووە و بۆچوونەکانیان لە ئێستادا نییە و باس ناکرێت. جێی پرسیارە کە ئایا دەکرێت بۆچوونەکانیان لاواز و بێ بنەما و گرنگ نەبووبن وا نەنووسراونەتەوە؟!

بۆیە دووبارە دەگەینەوە ئەوەی کە بوترێت لە مۆخی فەلسەفەی ڕۆژاواییدا ژن بوونی نییە. ئەگەر هەشبێت ئەوا گرینگی پێ نادرێت.

ئەسڵەن فەیلەسووفەکان زۆرجار نەک نەیانهێشتووە ژن بێتە کۆڕ و کۆبوونەوەکانیانەوە بگرە هەر لە ژیانێکیش هەڵاتوون کە ژنی تێدا بێت. خۆیان لە ژن بەدوور گرتووە، لە فەیلەسووفەکانی کلاسیکدا جگە لە سوقرات هیچ کام لە فەیلەسووفەکانی پێش خۆی ملیان بۆ هاوسەرگیری نەداوە و لە هیچ سەرچاوەیەکی مێژووییدا ئاماژە بەوە نەکراوە کە فەیلەسووفەکانی پێش سوقرات ژنیان هێنابێت.

سوقرات بوو بە یەکەم فەیلەسووف کە ئەو ڕێچکەیە بشکێنێت و بتوانێت هاوسەرگیری بکات. هاوسەرگیری لەگەڵ ئافرەتێک کرد بەناوی «خانتیپە» بەڵام هاوسەرگیرییەکەیان سەرکەوتوو نەبوو[1]. ئەو سەرنەکەوتنەش وایکرد کە سوقرات وتەی تووند بەرانبەر خانمان بڵێت؛ لە یەکێک لە وتەکانیدا دەڵێت: "گەورەترین سەرچاوەی کێشە و گرفت لە جیهاندا بەهۆی بوونی ژەگەزی

(١) ئارسەر شۆپنهاوەر: هونەری ژەفتار لەگەڵ ژنان.

مێینەوەیە. درەختی ژەهراوی ئەگەرچی لە ڕواڵەتدا جوانە، بەڵام کاتێک باڵداڕێک لەو درەختە دەخوات ڕاستەوخۆ دەکوژرێت. ژنیش هەمان کاریگەریی ئەو درەختە ژەهراوییەی هەیە لەسەر کۆمەڵگە".

«ئانتیستنس» یەکێک بووە لە شاگردەکانی سوقڕات و سەر بە فەلسەفەی «کەلبی» بووە، دەڵێت: "عەشق و خۆشەویستی لەگەڵ ژنان یەکێکە لە گوناهەکانی سروشت." شۆپنهاوەر دەڵێت: "ئانتیستنس کەیفی بە ژن و عەشق نەدەهات، ئەگەر بۆی هەڵبکەوتایە و ئافرۆدایتی-خواوەندی مێیینەی عیشق و جوانی- ببینایە ئەوا بە ئاڕاستەی کەوانەکەی بە تیرێک لەکۆڵی دەکردەوە و دەیکوشت."[1]

ئەم تێڕوانینانەش تەنیا لە فەیلەسووفانی کلاسیکدا نەبوو، بەڵکوو هەندێ لە فەیلەسووفانی مۆدێرنیش وتە و مامەڵەی تووندیان سەبارەت بە ئافرەتان هەیە؛ بە نموونە نیچە دەڵێت "ئەگەر چوویت بۆ لای ئافرەت، با قامچییەکەت بە دەستەوە بێت!" یان کارەکتەرێکی فەلسەفیی دیاری وەک فەیلەسووفی ئەڵمانی ئارسەر شۆپنهاوەر بە شێوەیەکی هێندە ڕەشبینانە لە ئافرەتان دەڕوانێت هەر کەس ڕێگوزەرێک بە نێو ژیانیدا بکات و گوتەکانی بخوێنێتەوە بەرانبەر ئافرەتان تەواو ڕق ئەستوور دەبێت و دونیایەک ڕقوکینە لە نێو دڵیدا بەرانبەر ئافرەتان دروست دەبێت. شۆپنهاوەر ئافرەتی بەتەمەن وەکوو باربێکی قورس بەسەر کۆمەڵگەوە دەبینێت و دەڵێت: "کە پیرەژنێک دەمرێت، باری سەرشانمان سووک دەبێت." یان لە شوێنێکی تر لە کتێبەکەیدا ژن بە هەشتپێی دەریا بەراورد دەکات و دەڵێت: "ژن هاوشێوەی هەشتپێی دەریا بە ئارامی و لێهاتوویەکی تەواوەوە، بە شێوەیەکی ژیرانە و تەفرەدەرانە خۆی دەشارێتەوە و لەنێو دەریای درۆدا مەلە دەکات. وەک چۆن شێرەکان نینۆک و کەڵبەیان هەیە، فیلەکان دوو شفرەی گەورەی قۆچ ئاسا و گامێشەکان قۆچی بەهێز، بەهەمان شێوە ڕەگەزی ژن

---

(۱) هەمان سەرچاوەی پێشوو

بۆ خۆپاراستن و بەرگریکردن لەخۆ بەهونەری خۆنواندن تەیارکراوە".

ئافرەت لە دیدی ئەرستۆدا:

زۆرێک لە فێمینیستەکان ئەرستۆ بە دوژمنێکی سەرەکی ژن لەقەڵەم دەدەن؛ چونکە لە ڕێی فەلسەفەوە ویستوویەتی ئەو باوەڕە لای خەڵکی دروست بکات کە ژنان پلەنزم و بێتوانان و ژنبوون نەنگییە.

دید و تێڕوانینەکانی ئەرستۆ بۆ ماوەی نزیکەی پازدە سەدە بەسەر بیرکردنەوەی ڕۆژئاوادا زاڵ بوو.

ئەرستۆ دەڵێت:

"ڕەگەزی «مێ» واتایەکی لاوازە."

"ئێستا دیارە بە چاوخشاندن بە ڕەگەزی مێییەنەدا دەردەکەوێت کە مێییەنە خۆی لە خۆیدا سستە، نێرینەش خۆی لە خۆیدا چالاکە."

"هێندەی بکرێت و هێندەی لە تواندا بێت نێر لە مێ جیاوازە. نێر شتێکی باشتر و پیرۆزترە، چونکە بناغەی جوولەی هەموو شتەکانی تره، لەکاتێکدا مێ جسمی ئەوانە."

هەروەها دەڵێت: "هەندێک لە منداڵان لە دایک و باوکیان دەچن، نێرەکان زیاتر لە باوکیان دەچن تا دایکیان، هەندێکیش بە ڕواڵەت هیچ لە مرۆڤ ناچن و تەنانەت وایان لێهاتووە لە بوونەوەری قلۆر و سەیر و سەمەرە دەچن؛ ئەم لادانەش لەکاتێکەوە دەست پێدەکات کە لەبری نێرییەنەیەک مێییەنەیەک فۆرم وەردەگرێت."

سەبارەت بە نوقسانی ئافرەت دەڵێت: "مێییەنە هەر لەو کاتەوە کە لە منداڵدانی دایکدایە، پێویستی بە کاتی زیاتر لە نێرینە هەیە بۆ گەشەکردن

و گەورەبوون. هەرچەند کاتێک لەدایک دەبێت هەموو شتێک لە مێیینەدا زووتر لە نێرینەکان گەشە دەکات، بۆ نموونە باڵغبوون، نێوانسالّی و پیربی، چونکە مێیینەکان بە جەوهەر لاوازتر و ساردمیزاجترن و ئێمەش دەبێ دۆخی مێیینە بوون بە نوقسانی و گۆڕانکارییەک لە فۆرمدا ببینین. هەرچەندە ئەمە نوقسانییە لە درێژەی پڕۆسەی ئاسایی سروشتدا دێتە ئاراوە."[1]

ئافرەت لە بیردۆزی پەرەسەندندا:

داروین باوەڕێکی پتەوی هەبوو بەوەی کەوا پلەی ئافرەت زۆر لەخوار پیاوەوەیە! بەتایبەت لە مەسەلەی «ململانێ لەپێناو مانەوەدا» کەتیایدا (کەم عەقڵ، کەم ئەندام، دواکەتووان و ئافرەت)ی لە یەک خانە داناوە. هەروەها لای وایە کە ئەندازەی مێشکی ئافرەت و لاوازی و کەمی ماسولکەکانی، ڕێگە بەئافرەت نادەن ململانێی مانەوە لەگەڵ پیاودا بکات؛ بەڵکوو ئافرەت تەنیا ناتەواوییەکی بایۆلۆجییە و مافی بەشداریکردنی لەو پڕۆسەیەدا نییە[2].

"جون ڕ. دۆرانت، John r. Durant"

بیردۆزی پەرەسەندن یەکێکە لەو بیردۆزانەی کە ئێستا لەلایەن زۆرێک لە بێباوەڕانەوە هەوڵی بەزانستاندنی دەدرێت. تەنانەت زۆرێک لە فێمینیست

---

(١) بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی تێڕوانینی ئەرستۆ بۆ ئافرەت دەتوانن سود لەم سەرچاوانەش وەربگرن.

Aristotle, generation of animals. A.L.PECK, Loep Classical Libarery (Cambridge, MA,: Harvard Press, 1943). Reprinted with permission. Is Aristotle a Misogynist? Christopher staves

(2) John R. Durant, "The Ascent of Nature in Darwin's Descent of Man" p. 295

و ئافرەتی بێبارەڕ پشتگیری لەو بیردۆزە دەکەن. بەڵام ئەوەی سەیرە کە لەو بیردۆزەدا ئافرەت وەک مرۆڤ تەماشا ناکرێت! نەک ئافرەت، بەڵکوو هیچ بوونەوەرێک بەهای نییە. لەم بەشەشدا کۆمەڵێک وتەی زانایانی بواری بایلۆجی و بیردۆزی پەرەسەندن وەک بەڵگە نیشان دەدەین.

ئافرەت لە دیدی چارلس داروینداا:

«چارلس ڕۆبێرت داروین» (١٨٠٩-١٨٨٢) سروشتزان و جیۆلۆجیست و زیندەوەرزانی ئینگلیزی بوو کە زیاتربە دامەزرێنەری بیردۆزی پەرەسەندن بۆ زیندەوەران ناسراوە. ئەو پێشنیاری کرد کە هەموو جۆرەکانی ژیان لە باوباپیرانی باو دابەزیوە.

داروین لە سەرەتادا کۆمەڵگەی ڤیکتۆریای ئایینی تووشی شۆک کرد، بە پێشنیاری ئەوەی کە ئاژەڵ و مرۆڤ باوباپیرانی هاوبەشیان هەیە!

لە ئێستادا بیردۆزەکەی لە جیهاندا ناسراوە و خەڵکی پێی ئاشنان.

ئەوەی کە بە خەڵکی ئاشنا نییە، دیوە ئەخلاقییەکەی بیردۆزی پەرەسەندنە کە کارەساتی کۆمەڵگەی لێ دەکەوێتەوە. چینایەتییەکی فراوانی لەنێوان پیاوان و ژنان، ڕەشپێست و سپیپێست، ئەورووپایی و ئاسیایی دروستکردووە.

فەزڵی پیاوی داوە بەسەر ژندا و سپیپێست بەسەر ڕەشپێستدا. تەنانەت ڕەشپێست و ئافرەت بەهۆی بیردۆزی پەرەسەندنەوە (evolution) وەک مرۆڤ سەیر ناکرێن.

وەک خۆی دەڵێت: "ئافرەت لەچاو پلەی پیاو لە پلەی خوارترە. نەژادی ئافرەتیش لەخوار پیاوەوەیە!"[١]

---

(1) Kevles, B., Females of the Species: Sex and Survival in the Animal Kingdom, Harvard University Press, Cambridge, MA, p. 1986 ,8

یاخود ڕۆڵی ئافرەت لە کۆمەڵگەدا بە هیچ تەماشا دەکات و دەڵێت: "ئافرەت کەڵکی هیچی نییە، جگە لە بەجێگەیاندنی کارەکانی ماڵەوە، ڕێکخستن و خاوێنکردنەوەی ماڵ. ئافرەت لەماڵدا لەسەگ باشترە لەبەر تەو هۆکارانەی پێشوو!"(١)

«کارڵ ڤۆگت»ی ماددەهگەراش (Materialist) کە لە «میژووی سروشت» لە زانکۆی جنێف مامۆستایە دەڵێت: "داروین لە بابەتەکانی تایبەت بە ئافرەت تەواو پێکاویەتی. بۆیە دەبێت دان بەوەدا بنێین کە ئافرەت زیاتر لە سروشتەوە نزیکە نەوەکوو لە پیاو!"(٢)

هەروەها دووبارە «کارڵ ڤۆگت» دەڵێت: "پەیدابوونی ئافرەت هەڵەیەکی پەرەسەندنە کە لە پیاودا ڕوویداوە. تا پێشکەوتنی شارستانییەت زیاتر بێت، بۆشایی نێوان ئافرەت و پیاو زیاتر دەردەکەوێت. کەواتە بەپێی بیردۆزی پەرەسەندن بێت، ئافرەت پەرەسەندوویەکی ناتەواوە!"(٣)

ئافرەت لە تەرازووی «گۆستاف لو بۆن»دا:

بەهۆی بیردۆزی پەرەسەندنەوە جیاوازییەکی زۆری چینایەتی لەنێوان ئافرەت پیاودا دروست بووە کە تێیدا سووکایەتیکردن بە ئافرەت دەخەنە ملی زانست و ڕێز نەگرتن لە ئافرەت دەزانستێنن.

«چارلس-ماری گوستاف لو بۆن» پۆلیماسی فەرەنسی بوو کە بواری

---

(1) Charles Darwin, The Autobiography of Charles Darwin 1882-1809,pp. -232 233

(2) Carl Vogt, Lectures on Manp. 192

(3) Stephanie A. Shields, "Functionalism, Darwinism, and the Psychology of Women: Ap. 749

بایەخداری بریتی بوو لە مرۆڤناسی، دەروونناسی، کۆمەڵناسی، پزیشکی، داهێنان و فیزیا لەگەڵ ئەمانەشدا داروینیستێکی بەناوبانگ بوو.

زیاتر بە بەرهەمێکی ناسراوبوو کە ساڵی ١٨٩٥ بڵاویکردەوە بەناوی قەرەباڵغی (The Crowd) کە لێکۆڵینەوەیەک بوو لە هزری جەماوەریی، بە یەکێک لە کارە نیمچەیەکانی دەروونناسی قەرەباڵغی دادەنرێت.

لە کتێبەکەیدا دەڵێت: "مێشکی ئافرەت لەڕووی قەبارەوەزیاتر لەمێشکی غۆرێلا دەچێت نەوەکو مێشکی پیاوێکی پێگەیشتوو!"[١]

جگە لەوەی لەڕووی قەبارەی مێشکەوە؛ ئافرەت بە غۆرێلا بەراورد دەکات، لە شوێنێکی تردا دەڵێت: "ئافرەت لە ڕووی بایۆلۆجییەوە زیاتر لە مێشوولە دەچێت وەک ئەوەی لە ئینسان بچێت؛ بەڵام دەتوانین ئافرەت وەکوو ئاژەڵێکی جیاواز و جوان و ناتەواوی پەرەسەندوو قبوڵ بکەین کە لە زنجیرەی پەرەسەندندا پەیدا بووە."[٢]

لەدوای ئەم وتانەوە، پێویستە هەڵگرانی بیردۆزی پەرەسەندن بەخۆیاندا بچنەوە کە ئایا دەکرێت بڕوات بە بیردۆزی داروینیزم هەبێت و باس لە مافی ئافرەت و مافی مرۆڤ بکەیت! ئەسڵەن ئافرەت لە بیردۆزەکەدا مرۆڤە؟!

داروینیزم، تەنیا شۆکێکی زانستییە، یان شۆکی ئەخلاقیش؟

بەهای خانمان لەکوێی بیردۆزەکەدا دەبینرێت؟

---

(1) women whose brains are closer in size to those of gorillas than to the most developed male brains

(2) Gould, The Mismeasure of Man

ئافرەت لە ئایینی زەردەشتیدا:

بەشێوەیەکی گشتی ئایینی زەردەشتی مامەڵەیەکی نامۆی لەگەڵ ئافرەتدا هەیە؛ بەجۆرێک زۆرجار مرۆڤ تووشی هەیەجان دەبێت کاتێک میتۆدی مامەڵەکردنی ئایینەکە لەگەڵ مێیینەدا لە فەرهەنگ و کتێب و سەرچاوە پیرۆزەکانیاندا دەخوێنێتەوە. بەنموونەی لای زەردەشتیەکان پیاو دەتوانێت زەواج لەگەڵ مەحرەمەکانی خۆی واتە دایک و خوشک و پوردا بکات. یا بەنموونەی ئەوەی سنوورێک بۆ فرەژنی نییە و دەکرێت پیاو ناکۆتا ژنی هەبێت یان ئەو پیاوانەی کە منداڵیان نابێت بۆ ماوەیەکی دیاریکراو دەکرێت هاوسەرەکەی بدا بەپیاوێکی تر و تا منداڵی ببێت، دواتر بیهێنێتەوە. یاخود زۆرجار ئەگەر پیاوان بزانن لە فرۆشتنی ژنەکانیان قازانج دەکەن ئەوا دەتوانن بیانفرۆشن. وەک ئاهورامەزدا لە ڤێندیدات، ڤارگەردی (٤) بەشی (٢) دەقی (٤٤) دا ڕێگەی پێداوە.

کاتێک ئافرەت دەکەوێتە سووڕی مانگانەوە، بەپێی بڕیارەکانی شەریعەتی ئایینەکە دەبێت ئافرەتەکە بە میزی گا بشۆردرێت. هەر وەک لە ڤارگەردی ١٦ بەندی (١ تا ٧)دا سەبارەت بەو ماوەیەی ئافرەت لە سووڕی مانگانەدایە، ئاهورامەزدا (خوای چاکە) دەڵێت: "ئافرەت تا لە سووڕی مانگانە تەواو دەبێت، پێویستە ١٥ هەنگاو لە ئاگرو ئاو و پارسمانی پیرۆز و ئیمانداران دوربکەوێتەوە. ئەو پیاوەش کەخواردنی پێدەدات دەبێت ٣ هەنگاو لێی دووربێت. خواردنەکەشی بریتیە لە نانی وشک و ئاوی جۆ بۆ ئەوەی زیاتر خوێنی لێبەرنەبێت. ئەگەر منداڵێک دەستی بەری بکەوێت یاخود کەلوپەلێکیش کە ئافرەتەکە دەستی لێبدات، دەبێت بشۆردرێت."

دوای تەواوبونی سووڕی مانگانەکە لە ڤارگەردی (١٦)بەندی (١٢)دا هاتوە کە دەبێت ٣ چاڵ هەڵبکەنن و لە چاڵی یەکەم و دووەمدا ئافرەتەکە بە میزی گا بشۆردرێت و لە چاڵی سێیەمدا لە ئاو هەڵبکێشرێت.

ئەگەر ئافرەتێکیش خۆی بدزێتەوە و خۆی پاك نەکاتەوە ئەوا بەپێی شەریعەتی ئایینەکە دەبێت سزا بدرێت. هەر وەکوو لە ڤارگەردی (١٦) بەندی (١٣) سەبارەت بەم حاڵەتە نوسراوە "ئەگەر ئافرەتێک شاردیەوە کە توشی سوڕی مانگانە بووە و خوێنی بینیوە و خۆی دزیوەتەوە لە خۆپاککردنەوە، ئەوا ئەم ئافرەتە «پیشوتانو» ی کردوە و سزاکەی ٢٠٠ قامچی ئەسپ و ٢٠٠ قامچی بسرواش (چارانا) دەبێت."

هەروەها لە ڤارگەردی (٥) بەندی (٥٤) سەبارەت بە مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو ئافرەتەی کە منداڵەکەی لەبارچووە، ئاهورامەزدا دەڵێت: "سێ ڕۆژ لە پاش ئەوەی کە منداڵەکەی لەبارچووە ئینجا دەبێت ئەو ئافرەتە بە میزی گا خۆی و جلو بەرگەکانی بشوات." و لە بەندی (٥٦)ی هەمان ڤارگەردا هاتووە "بۆ ماوەی ٩ ڕۆژ ئەم ئافرەتە دەبێت لە خەڵک داببڕێت و پاش ٩ ڕۆژ دەبێت دیسان ئەم ئافرەتە خۆی و جلوبەرگەکەی بە میزی گا بشواتەوە."

ئافرەت لە تەوڕاتدا:

تەورات یەکێکە لە بەهێزترین هۆکارەکان بۆ سەرهەڵدانی فێمینیزم. لە تەوراتدا ئافرەت بە سەرچاوەی کێشەکان دادەنرێت، چونکە بەپێی دەقی تەوڕات هەر لەسەرەتای مرۆڤایەتییەوە باوکە ئادەم بەهۆی دایکە حەواوە لە بەهەشت دەرکراوە و ئەو بەقسەی ماری کردووە. وەک لە «پەیمانی کۆن» لە سفری تەکوین(پەیدابوون) بەشی سێ باسکراوە -لەبەر دڕێژی چیرۆکی ئادەم و حەواو و مارەکە هەموو چیرۆکەکە دانانێین، بەڵکوو پوختە و فکرەی چیرۆکەکە باس دەکەین:-

مار لە هەموو ئاژەڵانی کێوی سەر زەوی و ئەو ئاژەڵانەی تر کە خودا دروستی کردوون زۆرزانتر و تەڵەکەبازترە، مارەکە لە ئافرەتەکە(حەوا)ی پرسی:

"بۆتان نییە لە هیچ درەختێکی باخچەکە بخۆن؟" ئافرەتەکەش لە وەڵامدا وتی: "بۆمان هەیە لە بەری درەختەکانی باخچەکە بخۆین، بەڵام خودا وتویەتی بۆتان نییە لە بەری ئەو دارە بخۆن کە لە ناوەڕاستی باخچەکەیە و دەستی لێ بدەن. ئەگەر وابکەن دەمرن." مارەکەش بە ئافرەتەکەی وت: "نا، بەڕاستی نامرن، چونکە خودا دەزانێت ئەو ڕۆژەی کە دەیخۆن چاوتان دەکرێتەوە و ئیتر وەک خوداتان لێدێت، چاکە و خراپە دەزانن." پاش ئەم گفتوگۆیە حەوا لە بەری دارەکەی خوارد و پاشان دای بە ئادەمیش. دوای خواردنی بەری درەختەکە، هەردووکیان چاویان کرایەوە و خۆیان بە ڕووتی بینی، پاش ئەوە گەڵای هەنجیریان لێک دووری و خۆیان پی داپۆشی.

پاش ئەم ڕووداوەش خودا لە مار و ئادەم و حەوا تووڕە دەبێت و بە مارەکە دەڵێت: "لەبەر ئەوەی ئەم کارەت کرد ئەوا تۆ لە هەموو ئاژەڵێکی ماڵی و کێوی نەفرەتلێکراوتر دەبیت. هەموو تەمەنیشت لەسەر سکت دەخشێیت و خۆڵ دەخۆیت. دوژمنایەتیش دەخەمە نێوان تۆ و ئافرەتەکە، نێوان نەوەی تۆ و نەوەی ئەوەوە. نەوەی ئەو سەرت پان دەکاتەوە و تۆش پاژنەی پێی دەکوتیت."

بە ئافرەتەکە (حەوا) شی وت: "ئازاری سکپڕیت زۆر زیاتر دەکەم. بە ژانەوە منداڵت دەبێت. ئارەزووت بۆ پیاوەکەت دەبێت و ئەویش بەسەرتدا زاڵ دەبێت.)

بە ئادەمیشی وت: "لەبەر ئەوەی تۆش گوێت لە ژنەکەت گرت و لەو درەختەت خوارد کە فەرمانم پێ کردبوویت نابێت کە لێی بخۆیت، ئەوا زەویش بەهۆی تۆوە نەفرەت لێکراوە. بە ڕەنجکێشانیش هەموو ڕۆژانی ژیانت لێی دەخۆیت، درکوداڵت بۆ بەرهەم دێنێت و ڕووەکی کێڵگە دەخۆیت. بە ئارەقەی ناوچەوانت نان دەخۆیت هەتا دەگەڕێتەوە بۆ زەوی کە لێیەوە وەرگیراویت؛ لەبەر ئەوەی تۆ خۆڵیت و بۆ خۆڵیش دەگەڕێتەوە."

بەهۆی ئەم دەقانەی تەورَاتەوە لای شوێنکەوتوانی ئایینی جولەکە

ئافرەت بە سەرچاوەی کێشە و خراپە دادەنرێت، بەپێی ئەم ئایینەش هۆکاری ئازاری سکپڕی و ژانی منداڵبوون دەگەڕێتەوە بۆ ئەو سەرپێچییەی کە حەوا کردوویەتی و ئادەمی مێردیشی سزا دراوە. مرۆڤایەتی بەهۆی ئەو کارەوە لە بەهەشت دەرکراوە و وەک سزایەک نێردراوەتە سەر زەوی.

تێبینی:

زۆرێک لە موسڵمانان وا دەزانن چیرۆکی ئادەم و حەوا و هۆکاری دابەزینیان بۆسەر زەوی لەبەر هەمان هۆکارە؛ وا تێگەیشتوون بەهۆی ئەوەی کە باوکە ئادەم و دایکە حەوا لە بەری دارەکەیان خواردووە نێردراونەتە سەر زەوی. بەڵام ئەمە ڕاست نییە، وەک لە قورئاندا باسکراوە کە خودا هەر لە سەرەتاوە و پێش دروستکردنی ئادەم و حەوا بڕیاریداوە کە مرۆڤ لەسەر زەوی بکات بە جێنشین، وەک خودا دەفەرموێت: ﴿وَإِذْ قَالَ رَبُّكَ لِلْمَلَائِكَةِ إِنِّي جَاعِلٌ فِي الْأَرْضِ خَلِيفَةً﴾ [البقرە:٣٠] واتا: «پەروەردگارت بەفریشتەکانی فەرموو، من ئەمەوێ لەسەر ڕووی زەویدا کەسانێک دابنێم کەببن بەجێنشینی یەکتری» هەروەها لە هیچ سەرچاوەیەکی ئیسلامیشدا باس لەوە نەکراوە کە خودا ئافرەتی سزا دابێت.

جگە لەم چیرۆکە، بەهەمان شێوەی ئایینی زەردەشتی، لە تەورَاتیشدا مامەڵەیەکی خراپ لەگەڵ ئافرەتدا دەکرێت کاتێک دەکەوێتە سوڕی مانگانەوە. بە گڵاو سەیر دەکرێت، لەماوی سوڕی مانگانەشدا هەر پیاوێک یان هەر کەلوپەلێک کە ئافرەتەکە دەستی لێ بدات گڵاو دەبێت. وەک لە سفری لاوین، ئیسحاحی (١٥) دەقی (١٩) تا (٣٤). (بۆ زانیاری زیاتر دەتوانن بگەڕێنەوە بۆ تەورَات و دەقەکە بخوێننەوە، لەبەر زۆری دەقەکان لێرە داینانێم).

دۆخی ئافرەت لە ڕۆژئاوادا:

لەڕاستیدا پێویستە مێژووی فێمینیزم و ڕۆژئاوا پێکەوە باسبکرێت، چونکە فێمینیزم لە ڕۆژئاوادا سەریهەڵدا. بۆیە فێمینیستەکانی ئیستا زۆرجار چالاکییەکانی ئافرەتانی ڕۆژئاوای پێش فیمینیزم بە چالاکی فێمینیستی دادەنێنن. بەڵام لەبەر دوو هۆکار تا ڕادەیەک بەجیا باسی دەکەین، یەکەم، لەبەر ئەوەی ئەگەر بمانەوێت بە شێوەیەکی ورد ئەو باسە بکەین، ئەوا بابەتەکە زۆر درێژ دەبێتەوە. ئەگەر بە کورتیش مێژووی فێمینیزم و ئافرەت لە ڕۆژئاوا باسبکرێت ئەوا باسەکە ئاڵۆز دەبێت و تێکەڵبوون و تێنەگەیشتن ڕوو دەدات. بۆیە دۆخی ئافرەتمان بە شێوەیەکی سەربەخۆ باسکردووە.

بەڵام ئەوانەشی کە بە سەربەخۆ باسکراون هەر پەیوەندییان بە دروستبوونی فێمینیزمەوە هەیە و سەرەتایەکن بۆ دروستبوونی ئەو قوتابخانەیە.

خاڵی دووەمیش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ناکۆکییەی کە لە مێژووی چەمکی فێمینیزمدا هەیە و سەردەمەکەی بۆ کەی دەگەڕێتەوە کە لە بەشی مێژووی فێمینیزمدا باسکراوە.

ئەگەر حەقی تەواو بە باسکردنی دۆخی ئافرەت لە مێژووی ڕۆژئاوادا بدرێت، ئەوا نەک چەند پەڕەیەک، بەڵکوو پێویستە چەندین کتێب لەسەر ئەم باسە بنوسرێت؛ چونکە هەر لە پێش زایینەوە نێرەکانی ڕۆژئاوا خراپ مامەڵەیان لەگەڵ ئافرەتدا کردووە، لە چاخەکانی ڕێنسانس و سەدەکانی پازدە تا بیستیش ئافرەت ڕێگەی خوێندنی پێنەدراوە، ئەگەر ئافرەت داوای مافی خۆی بکردایە ئەوا لە بەرانبەردا جنێوی پێدەدرا و سووکایەتی پێدەکرا، تەنانەت ئێستاش کە سەدەی بیست و یەکە و پاش هەرسێ شەپۆلی فێمینیزم کە بۆ ئازادی ئافرەت سەری هەڵداوە، ئافرەتان لەژێر لافیتەی «ئازادی»دا جەستەیان وەک کاڵا دەفرۆشرێت و لە هیچ ناوچەیەکی جیهان ئافرەت وەک

ڕۆژئاوا لەژێر هەڕەشەی زۆرەملێی سێکسیدا نییە، فێمینیزمیش لە ڕۆژئاوادا سەریهەڵدا و مامەڵەی ئەو شارستانییەت و ئایینانەی ڕۆژئاوا بوونە هۆکاری دروست بوونی فێمینیزم. بۆیە دەتوانین بڵێین ئەگەر مامەڵەی ناتەندروستی ڕۆژئاوا نەبوایە ئەوا فێمینیزم بوونی نەدەبوو. هۆکاری سەرەکیش دەگەڕێتەوە بۆ ئایینی یەهودی. جیا لە ئایینی یەهوودی، مەسیحییەتیش یەکێک بووە لە هۆکارەکان. زۆرێک لە دەقە دەستکاریکراوەکانی ئەو دوو ئایینە هەم دژی ژنانە، هەم لەگەڵ زانست و ئەقڵدا یەک نایەتەوە، لەڕاستیدا ئایینی مەسیحی وەک ئایینی یەهودی نەبووەتە کێشە بۆ ئافرەتان، بەڵکوو شوێنێک کە ئافرەتانی ڕۆژئاوا لە چاخەکانی ناوەڕاستدا پەنایان پێ گرتبێت کڵێسا بووە. ئەسڵەن هەندێک لە فێمینیستەکان پێغەمبەر عیسا(علیه السلام) بە فێمینیست دەزانن! زۆرێک لە ئافرەتانی ڕۆژئاوا بۆ ئەوەی بە باش تەماشا بکرێن، چوونەتە پلەی ڕەهبانییەتەوە و زەواجیان نەکردووە و خزمەتی کڵێسایان کردووە (ئەوان ئەمەیان بە باش زانیوە).

بۆ ئەو دۆخەی ئەوان ئەوە باشترین ڕێگە بووە. بەڵام ئەگەر بەباشی لە پێگەی ئافرەت تێبگەین و وردتر خوێندنەوە بۆ دۆخی ئافرەت بکرێت دەردەکەوێت کە هێشتا ئایینی مەسیحیەت ئافرەتی نەبردووەتە پێگەی خۆیەوە.

بۆیە جیا لە شارستانییەتەکانی تر، گرنگییەکی زیاتر بە دۆزی ئافرەت لە میژووی ڕۆژئاوادا دەدەین، هەرچەندە حەقی تەواوی پێ نادەین، بەڵام پوختەیەک لە هەلومەرجی ئافرەتان سەدە تاریکەکانی ڕۆژئاوادا دەخەینەڕوو.

ئافرەت و پێوەرە ئەخلاقییەکان:

هەم ئافرەت هەم پیاو پێویستە بەها ئەخلاقییەکان بپارێزن و هێڵە سوورەکانی ئەخلاق نەبەزێنن. بەڵام کام بەها و هێڵی ئەخلاقی؟ دەبێت بۆ سنوورە ئەخلاقییەکان بگەڕێینەوە بۆ کوێ؟

دەبێت یاسا ئەخلاقییەکان لەدەرەوەی مرۆڤ دابنرێت، سەرچاوەکەی سەرچاوەیەکی ئیلاهی بێت نەک مرۆیی. لە هەر سەردەمێکدا مرۆڤ یاسای ئەخلاقی دانابێت، هەر مرۆڤ بەپێی ئەو یاسایە زوڵمی لێکراوە و مافی خوراوە چ ئافرەت دانابێت یان پیاو. ئەگەر ئافرەت دانابێت لە ڕوانگەی «مێ»بوونەوە یاساکانی داڕشتووە و خوای مێی زاڵکردووە. ئەگەر پیاویش دانابێت نێرێتی بەسەر کۆمەڵگەدا سەپاندووە، هەر بۆیە فێمینیزم سەرەتا پەرچەکردارێک بوو بۆ نێرسالاری ئەورووپا، بەڵام ئەگەر بچینە ناو قوتابخانەکانی فێمینیزمەوە و لە داواکارییەکانیان وردبینەوە، مێسالاریش دەردەکەوێت.[1]

بەپێی یاسای جێرمەنییە کۆنەکان، لەڕووی یاساییەوە پیاوان تووشی سزای زینا نەدەبوون، بەهۆی دزیکردن لە پیاوێکی ترەوە سزا دەدران، بەڵام سزای ژن بۆ هەمان کردەوە مردن بوو.

لە یاسای ئیسپانی چاخەکانی ناوەڕاستدا هاتووە کە «زینا تاوانێکی تایبەت بە ژنانە». هەروەها یاسای ئیسپانی لە ساڵی ١٨٨١دا، ڕێگەی بە ژنان نەدەدا کە بەهۆی زینای مێردەکانیانەوە داوای تەڵاق بکەن.

لەم سەردەمانەدا چونکە پیاوان یاسا ئەخلاقییەکانیان داڕشتووەتەوە و بۆ یاسادانان گەڕاونەتەوە بۆ کۆمەڵگە، چەوساندنەوەی ئافرەت لە بڕیارەکاندا دەبینین.

---

(١) لە بەشی ئەخلاق و فێمینیزم درێژە بەم بابەتە دراوە.

ئافرەت و خوێندەواریی:

"ژنی بیرمەند لە نەیزەکێک دەچێت، هەر کە دەرکەوت دەبێت چاوەڕێی شەڕ و زیان بکەین."

باتسوا مەیکین، ٣٧٦١

ئەگەر لێکۆڵینەوەیەکی ورد بۆ دۆخی خوێندەواری ئافرەت لە ڕۆژئاوادا بکرێت، لە دەرئەنجامدا لێکۆڵەر بە حەز و توانا و وزەی ئافرەتان سەرسامدەبێت.

بەڵام ئایین و پیاوانی ڕۆژئاوا ڕێگر بوون لەبەردەم خوێندن و هونەرەکانی ژنان. خوێندەواریی بۆ ئافرەت قەدەغە و بێزلێکراو بوو بەڵام دەرفەت بە کوڕ دەدرا کە بخوێنێت، ئافرەتان دریژمەوداتر لە هەر تویژێکی تری ناو کۆمەڵگە، لەژێر پەروەردەی جەهل و نەزانیدا بوون.

دامەزراندنی زانکۆکان لە سەدەکانی دوازدە و سیازدەدا تەنیا بەڕووی کوڕاندا ئاوەڵا بوو، لە سەدەی پازدە و شازدەوە وردە وردە هەندێک لە پیاوانی ڕۆشنبیر باسی ئەوەیان دەکرد کە پێویستە ئافرەتانیش بخوێنن؛ بەڵام هەوڵەکەیان تەنیا بۆ ئافرەتە خانەدانەکان(چینی باڵا و دەوڵەمەند) بوو، هەموو ئافرەتێکی نەدەگرتەوە. بەڵام هەر بە چاوێکی خراپەوە تەماشای ئەو ئافرەتانە دەکرا و توانجیان لێدەدرا لەناو کۆمەڵگەدا.

ئەوکاتەش لە زۆرێک لە وڵاتانی ئەورووپا بە بڕیاری فەرمی ڕێگریی لە خوێندنی ئافرەتان دەکرا؛ بەڵام هەندێک جار بەهۆی پیاوانی دەست ڕۆیشتووەوە بڕوانامە بە ئافرەت دەدرا. زۆرجاریش ئافرەتان ژیانی ڕاهیبێتییان هەڵدەبژارد تا هاوسەرگیری نەکەن و لە خوێندن بەردەوام بن.

لە سەدەی حەڤدەدا «ئانا ماریا فۆن شۆرمەن» بە خۆشاردنەوە لە جلخانەدا

توانی بەشداری لە وانەکانی زانکۆی ئۆترێخت بکات. ئەم ئافرەتە سیازدە زمانی دەزانی (عیبری، عەرەبی، کلدانی، سریانی، یۆنانی، تورکی، لاتینی، فەڕەنسی، ئیتاڵی، ئیسپانی، ئینگلیزی، ئەڵمانی و فنلەندایی). خاوەنی کتێبێکی ڕێزمانی یۆتۆپیاشە. بەڵام لە کۆتاییدا وازی لە خوێندەواری هێنا و پەیوەست بوو بە کڵێساوە بەهۆی فشاری کۆمەڵگەوە.

تەنانەت لە سەدەکانی دواتریشدا زۆرجار ژنان ڕووڵەت و ڕوخساری خۆیان دەگۆڕی بۆ پیاوان تا بەشداری لە وانەکان بکەن. کاتێک لە زانکۆی «کرۆکۆ» یەکێک لەو ژنانە ئاشکرا بوو کە بۆچی وای لە خۆی کردووە، لە وەڵامدا وتی: "لەبەر خۆشەویستیم بۆ خوێندن!"

ڕاهیبی مەکسیکی سەدەی حەڤدەهەم «سور جوانا ئینس دولا کروز» کە ئێستا زۆرێک لە فێمینیستەکان وەک یەکەم فێمینیستی ئەمریکا دەیناسێنن، باس لە دەردەسەرییەکانی پەرستگا دەکات کە بەهۆی گۆرانی وتن و مۆسیقا ژەنینی ڕاهیبەکانی تر لە ژوورێکی تری نزیک ژوورەکەی ئەمەوە نەیتوانیوە بەباشی کتێب بخوێنێتەوە.

ئافرەتێکی وەکوو «سور جوانا» لە گێڕانەوەکانیدا باس لەوە دەکات کە هێندە حەزی بە خوێندەواریی بووە پەنیری نەدەخوارد، چونکە دەنگۆی ئەوە بڵاو بووبووەوە کە دەبێتە هۆی کەمهۆشیی!

چەند هۆکارێک هەبوو بۆ ئەوەی پیاوان ڕێگریی لە ئافرەتان بکەن بخوێنن، هۆکاری یەکەم ئەوەبوو کە پیاوان پێیانوابوو ئافرەتان وێرانکارن.

هۆکاری دووەم دەگەڕایەوە بۆ قسەکانی قەشە پۆڵس، ئەو تارادەیەک ڕێگەی بە ژنان دەدا بخوێنن بەڵام دەیوت نابێت ئافرەتان مامۆستایەتی بکەن و زاڵ بن بەسەر پیاواندا. وەک لە (تیمۆتی، نامیلکەی یەکەم بەشی ١١) دەڵێت: "لێگەڕێن با ژن لە بێدەنگیدا بە ملکەچی تەواوەوە فێربێت؛ بەڵام

بەرگەی ئەوە ناگرم ژنێک مامۆستایەتی بکات یان بەسەر پیاودا زاڵ بێت بەڵکوو دەبێت بێدەنگ بێت."

هۆکاری سێیەم دەگەڕێتەوە بۆ تێڕوانینی پیاوانی ئەورووپا بۆ ژنان کە تەنیا لەڕووی سێکسەوە لە ژنانیان دەڕوانی. پێیانوابوو ژنی پەیڤوان هەمیشە داوێنپیسە. وەک مارلین لێ گەیت دەڵێت: "ئەگەر پیاوێک لە کۆڕێکدا قسەی بکردایە، پێیان دەوت پیاوێکی کۆمەڵایەتییە. بەڵام ئەگەر ژنێک قسەی بکردایە پێیان دەوت قەحبەیە."[1]

هۆکاری چوارەم دەگەڕێتەوە بۆ تەورات و تێڕوانینەکانی فەیلەسووفان بۆ ئافرەتان کە لە پێشتر ئاماژەمان پێدا.

ئەگەر درێژە بەم باسە بدەین ئەوا دەیان چیرۆکی لەم شێوازە هەن کە ئافرەتان حەزیان بە خوێندن بووە و ڕێگریان لێکراوە؛ ڕووبەڕووی جنێو و سووکایەتی بوونەتەوە و هیچ کەرەستەیەکی فێربوونیان لەبەردەستدا نەبووە بەڵام هەر هەوڵی فێربوونیان داوە. تەنانەت حەزی خواردنیان لەخۆیاندا لەناوبردووە و پۆشاکی ئافرەتانەیان لابردووە و وەک پیاو خۆیاندەرخستووە تا بخوێنن. ئافرەتانی ئەورووپا بەدەست نێرسالارییەوە دەیاننالاند، بە تایبەت لە فەرەنسا و ئەڵمانیا و ئیتاڵیا، لە نوسین و شیعرەکانی کۆمەڵێک ئافرەتی وەک (هایریش ئەگریا، فۆنتی، دولا کروس و ماری کرافت...) لە سەدەی پازدە و شازدە و حەڤدە و هەژدەدا دەردەکەوێت کە سەدەکانی ناوەڕاست هێندە تاریک بووە کە ئافرەتان تەنانەت ئەم مافە سەرەتاییانەشیان نەبووە.

لێرەدا پرسیارێک دێتە ئاراوە، دەکرێت ئەم ئافرەتانە وەک فێمینیستێکی هاوڕەگەزخوازی ئێستا تەماشا بکرێن یان وەک فێمینیستێکی کورد؟ ئەگەر تەماشای فێمینیستە کوردەکان بکەین، زۆرینەیان باگراوندێکی مەعریفیی

---

(1) In their time, a history of feminism in western society.

قوڵیان نییە؛ زانکۆکان کراونەتەوە و گرنگی پێ نادەن. پیاوانی ئێستا بە هیچ شێوازێک وەک پیاوانی ڕۆژئاوا مامەڵە لەگەڵ ئافرەتاندا ناکەن، بەشێکی زۆریان هەموو جەختکردنەوەیان لەسەر ئەوەیە کە بۆتۆکس و فیلەر بکەن!

ئافرەت و هاوسەرگیری:

"هاوسەرگیریی هەوسارێکی بچووکە لە ملی پیاواندا، بەڵام ئێمە لە قوڵایی گرتووخانەدا قەتیس دەکات"

ئان فینچ(کێنتس وینچسڵی)، شاعیری سەدەی ١٧

لە ڕۆژئاوادا ئافرەت لەڕووی هاوسەرگیرییەوە مامەڵەیەکی باشی لەگەڵدا نەکراوە، زۆرجار تەنیا وەک بووکەڵەیەکی سێکسی تەماشا کراون. پیاوان مامەڵەی میێردێکی ڕاستەقینەیان لەگەڵدا نەکردوون و بەدەست پیاوانەوە ناڵاندوویانە.

لە کتێبی «ژیان بەدوای خەیاڵەوە» باس لەوە کراوە کە ئافرەتانی ئەڵمانی ناڕەزایەتی ئەوەیان دەربڕیوە کە پیاوان تەنیا وەک ئامێرێکی سێکسی تەماشایان کردوون دوور لە سۆز و خۆشەویستی. فێمینیستەکانی ئەڵمانیا بەرپەرچی پیاوانیان داوەتەوە و کۆمەڵێک توانای خۆیان سەلماندووە و ویستویانە نیشانی پیاوان بدەن کە ئافرەتان تەنیا بریتی نین لە سێکس.

«جێرمن گریک»یش لە پەرتووکی «سێکس و قەدەر» باس لەوە دەکات کە ناکرێت ئافرەت لەکاتی زەواجدا تەنیا گرنگی بە دیوە سێکسییەکەی بدرێت(جێرمن گریک لەدوای سێ هەفتە شووکردن، لە میێردەکەی جیا بووبەوە).

«دی گۆچ»ی فەرمنسیش دەڵێت: "پیاوان لە بەرپرسیاریەتی و بەرێوەبردن شکستیان هێناوە، چونکە نیوەی کۆمەڵگەی فەرمنسییان پشتگوێ خستووە(لێرەدا

دی گۆڕ که دەڵێت نیوەی کۆمەڵگەی فەرەنسی، مەبەستی لە ژنانە)".

ئەگەر ئافرەتان ڕەخنە یان بۆڵەبۆڵێکیان بکردایە ئەوا پیاوان قەفەسێکی ئاسنینیان دەکردە سەری ژنەکانیان و وایان لێدەکردن کە نەتوانن قسە بکەن. هەروەها کاتێک پیاو بۆ ماوەیەکی زۆر مااڵوەی بەجێبهێشتایە ئەوا پارچەیەک ئاسنی لەشێوەی جلی ژێرەوەی ئافرەتان بە دامێنی ژنەکەیەوە دەبەست، نەوەک لەئەگەری نەبوونی میێردەکەی ژنەکەی لەگەڵ پیاوی تردا ڕاببوێرێت.

ئەم جۆرە مامەڵەیەش وایکرد کە ژنان ڕقیان لە هاوسەرگیریی ببێتەوە و توشی لادانی سێکسی ببن. هەندێک لە ئافرەتان بەوە خۆیان لە هاوسەرگیریی دەپاراست کە ژیانی ڕاهیبی هەڵبژێرن، هەندێکیش تا مردن هاوسەرگیرییان نەدەکرد، تەنانەت هەندێک لە ژنان بوون بە هاوڕەگەزباز، واتە پەیوەندییان لەگەڵ هاوڕەگەزی خۆیاندا هەبوو! هەندێک لە ژنەکان شیعری خۆشەویستییان بەسەر ژنەکانی تردا دەوت وەک «کاترین فلیپس» کە شاعیرێکی سەدەی ١٧ بوو، بەوە ناسرابوو کە شعری ڕۆمانسی و سێکسی بەسەر ژنەکانی تری دەورووبەریدا دەوت، لە یەکێک لە نامەکانیشیدا ئەوەی ڕوون کردووەتەوە کە خۆشەویستی ژنەکانی تر لەدڵیدا ئاگرییان گرتووە.

بەڵام هەموو ئافرەتەکان هەوڵی ڕاکردن لە هاوسەرگیرییان نەداوە، هەموو پیاوێکیش لەگەڵ ژنەکەی خراپ نەبووە. بەڵکوو هەندێک کات پیاوان باش بوون، هەندێک کاتێکیش کە ئافرەتان یاسای هاوسەرگیریان نووسیوەتەوە لە کتێبدا، یاساکە هێندە توند بووە لەسەر ئافرەت کە ئەگەر ئاماژە بە نووسەرەکەی نەکرێت، هەر نازانرێت کە ئەمە ژن، نا... بەڵکوو فێمینیستێک نووسیویەتی! بۆ نموونە «باربارا لێ سمیت بۆدیشۆن»ی فێمینیستی بەریتانیی کە هەشتی نیسانی ١٨٢٧ لەدایک بووە و لە یازدەی حوزەیرانی ١٨٩١ مردووە. لە سەدەی نۆزدەهەم فێمینیست و چاالکوانی مافەکانی ژنان بوو، لە ساڵی ١٨٥٨ ڕۆژنامەی ئافرەتانی ئینگلیزی دامەزراند.

لە ساڵی ١٨٥٤ لە نامیلکەیەکدا بەناوی (Most Important Laws Concerning Women) باس لە کۆمەڵێک یاسا دەکات سەبارەت بە ژنان.

لە نامیلکەکەیدا، بەشێکی تایبەت کردووە بە (ژنانی هاوسەردار و یاسا)، دۆخی مافەکانی ژنانی هاوسەرداری بە کورتی بەم جۆرە باس کردووە:

"ژن هەموو ئەو مافانەی لە ڕەبەنیدا هەیبوون لەدەستدەدات و بە تەواوی بونیادی لە بوونیادی مێردەکەیدا دەتوێتەوە، مێرد لەڕووی مەدەنییەوە بەرپرسی سەرجەم کار و کردەوەکانی ژنە. ژن لەژێر چاودێری و پشتگیریی مێردەکەیدا دەژی و ئەم هەلومەرجە بە «لەژێر سێبەری مێرد»دا ناوزەد دەکرێت.

جەستەی ژن هی پیاوە، ژن لەژێر سێبەری پیاودایە و ئەویش دەتوانێت هەر کاتێک بیەوێت بە نیشاندانی سکالانامەیەک لە دادگاوە بالادەستیی خۆی دەربخات.

هەموو داراییەکانی ژن پێش هاوسەرگیریی، لەوانە پارەی نەخت، پارەی ناو بانک، زێڕ و زیو، کەلوپەلی ناوماڵ، جلوبەرگ و شتی تر هەمووی دەبێت بە مولکی مێرد؛ مێرد دەتوانێت چۆنی بییەوێت خەرجیان بکات و بەکاریان بهێنێت جا چ لەگەڵ ژنەکەیدا پێکەوە یاخود بەجیا بژین...

دادگەکانی «یاسای گشتی» یان «دادپەروەری»یش ئەو دەسەڵاتە ڕەهایەیان نییە کە بتوانن مێرد ناچار بکەن پشتگیری ژنەکەی بکات.

پارەیەک کە ژنی هاوسەردار بەدەستی دەهێنێت، بەتەواوی هی مێردەکەیەتی. ئەم پارەیە و سەرچاوەکانی تری داهاتیش، جیا لەو شتانەی کە لەسەرەوە ئاماژەیان پێکرا دەخرێتە «خانەی دارایی تایبەتەوە»."

پاش خوێندنەوەی ئەم دەقانە، بە تەواوی دەردەکەوێت کە هەندێک لە فێمینیستەکان گرنگی زۆریان بە خێزان و سەرکردایەتی پیاو لەماڵدا داوە.

مێژووی فێمینیزم

«لە پڕۆتۆ و پێش فێمینیزمەوە تا پۆست فێمینیزم»[1]

"بەپێی زۆرێک لە لێکۆڵینەوەکان زاراوەی «فێمینیزم» بۆ یەکەمجار لە ساڵی ١٨٧١ز لە دەقێکی پزیشکیدا بە زمانی فەرەنسی بەکارهاتووە کە تایبەت بووە بە جۆرە نەخۆشییەک کە لە پیاواندا هەبووە. دواتر «ئەلێکساندەر دومای کۆڕ» ئەم وشەیەی وەرگرت و واتایەکی نوێی بۆ دارشت و لە کتێبەکەیدا بەناوی «ژن-پیاو» بەکاریهێنا، ئەم وشەیەشی بۆ ئەو ژنانە بەکارهێنا کە لە ڕواڵەتدا هەڵسوکەوتیان پیاوانەیە."[2]

جیەن فریدمەن

هەردوو زاراوەی «فێمینیست و فێمینیزم» لە قۆناغە سەرەتاییەکانی بزووتنەوەکەدا وەکوو بیرۆکەیەکی سیاسیی سەری هەڵداوە، لەبارەی مێژووی سەرهەڵدانیشییەوە چەند بیروڕایەکی جیاواز لەو کتێبانەی کە باسی فێمینیزمیان کردووە هەیە، بە دیاریکراوی ناتوانین سەرەتاکانی سەرهەڵدانی بزووتنەوەی فێمینیزم دیاری بکەین؛ کارێکی ئاسانیش نییە چونکە هەندێک سەرچاوە فێمینیزم دەگەڕێننەوە بۆ سەدەی پازدەهەم لەسەر دەستی «کریستین دی پیزان»، هەندێکی تریش ئاماژە بە «ماری وڵستۆن کرافت» لە کۆتاییەکانی سەدەی هەژدەهەم دەکەن. هەندێک مێژوونووس و فێمینیست لکاندنی چەمکی

---

(١) پڕۆتۆ: دەستەواژەیەکە بە واتای کۆنترین یان سەرەتاییترین دێت،

(2) Jean Friedman: Feminism

فێمینیزم بە پێش سەدەی نۆزدەوە بە هەڵەیەکی مێژوونووسانە لە قەڵەم دەدەن. بە نموونە مارلین لێ گەیت دەڵێت: "لکاندنی چەمکی فێمینیزم بە پێش سەدەی نۆزدەوە هەڵەیەکی مێژوونووسانەیە، ئەگەر فێمینیزم بە بزافێکی ڕێکخراو بۆ دەستەبەرکردنی مافەکان و بەرژەوەندییەکانی ژنان بزانین، ئەوە بۆ یەکەمجار لە سەدەی بیستەمدا دەبینین کە بزووتنەوەکانی ژنان هەم لە ئەورووپا و هەم ئەمریکای باکوردا پێکهاتن، بەڵام لەم دۆخەشدا هێشتا ڕووبەڕوی ئەو کێشەیە دەبینەوە کە چ وشەیەکی گونجاو دابنێین. مێژوونووسان ماوەیەکی زۆرە لەوە تێگەیشتوون کە نە هۆشیاری ژنان لە سەرکوتکردنیان و نە بڕیاری تاکەکەسی و بەکۆمەڵ بۆ بەگژداچوونەوەی سەرکوتکاریی پەیوەست نەبووە بە لەدایک بوونی زاراوەسازیی مۆدێرنەوە، من لە قۆناغە بەراییەکانی فێمینیزمدا بەدواداچوونم بۆ ئەم هۆشاریییە کردووە، جیا لەوەش دەبێت بپرسین ئایا پێش ئەوەی کە شۆڕشەکانی فەرەنسا و بەریتانیا و ئەمریکا لە کۆتایی سەدەی حەڤدە و هەژدەدا وشەگەلێک بۆ ئازادیی و ڕزگاریی دابهێنن، فێمینیزم بە شێوەیەک هەر بوونی هەبووە؟"[1]

مارلین لێ گەیت سەرەڕای ئەم بۆچوونەی کە لە کتێبی (In their time) نوسیویەتی، بەڵام هەر لە هەمان کتێبدا چەندین جار چەمکی فێمینیزم و فێمینیست بۆ سەدەکانی پازدە و شازدە و چاخەکانی ناوەڕاست بەکار دەهێنێت؛ تەنانەت بەشێک لە کتێبەکەی لەژێر ناوی «فێمینیزمەکانی چاخەکانی ناوەڕاست» تەرخانکردووە!

دوو لێکدانەوە بۆ ئەم حاڵەتە دەکرێت، یەکەم ئەوەیە کە ئەمە دژیەکییە. دووەم دەکرێت بەهانەی ئەوەی بۆ بهێندرێتەوە کە لە زمانی هەندێک لە مێژوو نووسانی تەوە باسی مێژووی کردووە و ناکۆکییەکانی گواستۆتەوە.

---

(1) Marlin Le Gate: A History Of Feminism In Western Society.

لەگەڵ هەموو ئەم بیروڕا جیاوازانەشدا، چەند شەپۆلێکی فێمینیزم لەڕووی کاتەوە بۆ بزووتنەوەکە دەرکەوتووە کە سێ شەپۆلە: (شەپۆلی یەکەم و دووەم و سێیەمی فێمینیزم). لەگەڵ باسکردنیان ڕا جیاوازەکانیش سەبارەت بە سەرهەڵدانی شەپۆلەکان باسدەکەین، لەناو هەر یەک لەم شەپۆلانەشدا کۆمەڵێک ناڕاستەی فێمینیزمی دروست بوون، کاتێک دەچینە ناو لاپەڕەکانی مێژووی فێمینیزمەوە بۆمان دەردەکەوێت زۆرێک لە نووسەرە فێمینیستەکان هەر یەکەو جۆرێک لە فێمینیزمیان ڕادەگەیاند بەپێی کاریگەربوون بە تیۆرە گشتییەکانی ئەوسای ئەورووپا، وەک فێمینیزمی (لیبڕاڵی، ماركسی، ڕادیکاڵی، سۆسیالیستی...) کە هەریەکەیان بە تیۆری باوی سەردەمەکەیانەوە کاریگەر بوون؛ واتا لە پەراوێزی ئەوانەوە دەهاتنەوە سەر داواکانی مافی ئافرەت.

بۆیە پێش ئەوەی لەڕووی تیۆرییەوە باسی فێمینیزم بکەین گرنگە باسی لایەنی کرداری بکەین؛ چونکە فێمینیزم پێش ئەوەی بەرگی تیۆر بەخۆیدا بکات، بە چەند شەپۆلێکدا تێپەڕیوە.

پرسی ژنان[1]

لە سەدەی پازدە تا کۆتایی سەدەی حەڤدە مشتومڕگەلی ئەدەبی دەربارەی ڕەهەندە باش و خراپەکانی ژنان، لە ژانرێکدا بەناوی مقۆمقۆی ژنان (the querelle des femmes) دریژەی کێشا. ئەم پرسە هەم بە تۆندی هێرشی کرایە سەر و هەم بە تەواویش بەرگریی لێکرا، پرسەکە دەربارەی ئافرەت و

(۱) بۆ ئەم بەشە سوودێکی زۆرم لە پەرتووکەکەی مارلین لێ گەیت بینیوە و وەک سەرچاوەیەکی سەرەکی بەکارم هێناوە، دواتر پەرتووکەکەی "ئاندری میشێل" و "مارگریت والتەرز" و "جیەن فریدمەن" و کۆمەڵێک وتاری ماڵپەڕی "ژنەفتن" و چەند کتێبێکی فێمینیستە کوردەکان.

مافەکانی بوو، چ لە ڕووی سیاسییەوە چ لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە باس لە بەشداری ژنان دەکرا. جگە لەوە بابەتی هاوسەرگیری و خێزان لەگەڵ پەیوەندی حکومەتدا، ڕەهەندەکانی پرسەکەیان فراوانترکرد. ئەم پرسانە بەتایبەت بۆ نووسەرە پڕۆتستانتەکان لەماوەی بزووتنەوەی ڕیفۆرمی ئایینیدا زۆر سەرنجڕاکێش بوون. لەکۆتایی سەدەی شانزەدا و بەدرێژایی سەدەی حەڤدە ئەم پرسە لە بابەتەکانی پەیوەندیدار بە مقۆمقۆی ژنان لەناو شانۆنامەکان و ژانرە ئەدەبییەکانی دیکەشدا لە ئیسپانیا و بەریتانیا و فەرەنسا پەرەی سەند. لە لیستێکی ئەڵمانیش، لە سەرەتاکانی سەدەی هەژدەدا زیاتر لە پێنسەد بەرهەم سەبارەت بەم بابەتە تۆمار کراون کە مقۆمقۆی ژنانیان بە مشتومڕێک لەنێوان فێمینیزم و دژەفێمینیزمدا ناوزەد کردووە و بە ڕێخۆشکەری سەرهەڵدانی بیری فێمینیستیان لەقەڵەمداوە.[1]

یەکەم ژنێک کە لە مقۆمقۆکانی ژناندا بیناسین «کریستین دی پیزان»ە.

کریستین دی پیزان کێیە؟

"ئەو ژنە یان ئەو پیاوەی کە بەرزترین بەهای چاکەی تێدایە، لەوی تریان باشتر و بەرزترە. پایەداری یاخود بێ پایەیی کەسێک لە جەستە و ڕەگەزەکەیدا نییە بەڵکوو لەوەدایە کە چەند بەهای چاکەی هەیە و چەندێک کاملانە ژیان بەڕێوە دەبات."

کریستین دی پیزان

زۆرینە یان دەتوانین بڵێین هەموو میژوونووس و فێمینیستەکان پێیان وایە

---

(١) هەمان سەرچاوەی پێشوو

که کریستین دی پیزانی ئیتاڵی یەکەم فێمینیستە (لەساڵی ١٣٦٥ لەدایک بووە و لەساڵی ١٤٣٠مردووە)، ژنێکی ئەرستۆکراتی لەدایکبووی «ڤێنیسیا» یە، بەڵام لە فەرەنسا گەورە بووە و هەر لەوێش مردووە، هەم باوکی و هەم مێردەکەشی لە کۆشکی شاهانەی فەرەنسادا کاریانەدەکرد، لە تەمەنی ٢٥ ساڵیدا دەبێت بە بێوەژن و سوود لە پەیوەندییەکان لەگەڵ کۆشکدا دەبینێت بۆ بەخێوکردنی سێ منداڵی بچوک و دایک و خوشکەزاکەی. دواتر خۆشی بوو بە نووسەر و شاعیر و لەو ڕێیەشەوە دەستی دایە کارگەلێک کە داهاتی پێویستی بۆ بژێوی خۆی و بنەماڵەکەی دابین دەکرد.

بەناوبانگترین بەرهەمیشی پەرتووکی «شاری خاتوونەکان»[1]ە کە بە وێناکردنی پەرچدانەوەی بەرهەمێکی دژەژن لە نووسینی «ماتیۆلۆس» دەست پێدەکات، ڕەخنە لەو کتێبە باو و بەناوبانگانە دەگرێت کە تێیاندا چەندین سووکایەتی قێزەون بەرانبەر ئافرەتان و هەڵسوکەوتیان کراوە.

لە کتێبەکەیدا سێ ژن دروست دەکات بەناوی (ژیریی و ڕەوشت و دادپەروەریی) کە باس لە ڕەگەکانی ڕقی دژەژن دەکەن، لەڕێی کارەکتەرەکانی ناو ئەم کتێبەوە ڕوویەڕووی ئەو باوەڕە دێرینە دەبێتەوە کە پێی وایە ژن لە هەموو ڕوویەکەوە لە پیاو نزمترە، پشت بە ئایینی مەسیحیی دەبەستێت و دەڵێت: "ژنان هەرگیز سروشتیان نوقسان نییە، چونکە خودا هیچ شتێکی بە نوقسانی دروست نەکردووە." هەروەها بۆ سەلماندنی یەکسانی ڕۆحەکان دیسانەوە پشت بە ئایینی مەسیحیی دەبەستێت و دەڵێت: "خوا ڕۆحی خولقاند و ڕۆحی هاوشێوەی یەکتری بە هەردوو ڕەگەزی مێیینە و نێرینە هەم لەڕووی چاکە و هەم لەڕووی ڕەسەنایەتییەوە بەخشی." هەروەها داوای لە پیاوانی مەسیحیی دەکرد کە لەبەر ڕێز و حورمەتی پێگە و پلەی مەریەم لای خودا

---

(1) The Book of the City of Ladies

ڕێز لە ئافرەتانی تر بگرن.

داوای لە ژنان دەکرد کە بەشداری لە ڕێپێوانێکدا بکەن بۆ نیشاندانی گرنگیی ڕۆڵی خۆیان لە پلەی حوکمڕانی، سەرباز، هونەر، بیرمەندیی و داهێنەری زانستیدا و پێداگری دەکرد لەسەر ئەوەی کە ئافرەتانیش بخوێنن.

کریستین دی پیزان بە هیچ شێوەیەک دژی شوکردنی ژنان و هاوسەرگیریی نەوەستاوەتەوە؛ بەڵام دژی ئەوە بوو کە ژنانی مێردکردوو لەهەمبەر توندوتیژییە جەستەیی و ڕۆحییەکاندا بێدەنگ بن.

لەڕاستیدا داواکارییەکانی دی پیزان داواکارییەکی تازە نەبوون بەڵکوو پێشتریش زۆرێک لە ئافرەتان ئەو داواکارییانەیان هەبووە. بەڵام ئەو داخوازییەکی گەورەتر و بەهێزتری لە ژنانی پێش خۆی دەخستە ڕوو و بەکاری دەهێنان.

مقۆمقۆکانی دوای دی پیزان

لە دیدی فێمینیزمەوە، مێژووی ئەوروپا لە سەدەی شازدەوە تا هەژدە لێوانلێوە لە بابەتگەلی واتادار و وروژێنەر، هەر لە قدیسەکان و پێشەوایانی مەسیحی و بانگەشەکاران و شاژنە دەسەڵاتدارەکان و ئەو ژنانەی جلی پیاوانیان دەپۆشی. بەم حاڵەشەوە بەرچاوترین و لێبڕاوترین کاریگەریی ئەم سەدانە زیاتربوونی سنووردارێتی ژنان بوو. سەرکەوتنە تاکەکەسییەکانی ژنان لەو کەشوهەوای سەرکوتکارییەدا لە شکست خراپتر بوو چونکە هەڵچوونە ئایینی(ئایینی تەورات و ئینجیل) و سیاسیی و کۆمەڵایەتییەکان بەهۆی ئەو مۆدێلە ئەڵتەرناتیڤانەوە پووچەڵ دەکرانەوە کە ڕێگەیان بە ژنان دەدا تا ناکامی و دژایەتییەکانی خۆیان دەربڕن؛ بێ ئەوەی کە هیچ ڕەخنەیەک بەرەوڕووی دەزگاکان و بەها بنەڕەتییەکان بکەنەوە. هەر لەبەر ئەمەیە کە زۆرێک لە

فێمینیسته نوێکان چالاکی ژنانی ئەو سەردەمە بە چالاکی فێمینیستی نازانن و تەنیا بە چالاکی و داواکاری ژنانە ناوزەدی دەکەن.

بەڵام لەڕاستیدا سەرکەوتنی ژنان لە بەدەست هێنانی مافی خۆیان بۆ ئاخاوتن لەزاری خۆیان و هەموو ژنانی تر و داکۆکیکردن لەم مافە حاشاهەڵنەگرە. کریستین دی پیزان و هاوبیرانی دزکیان بەوە دەکرد کە نادادپەروەرانە لە ژنان دەڕوانرێت و هەڵسوکەوتیان لەگەڵدا دەکرێت.

(بەڵێ، لە تێڕوانینی فێمینیستەکانی سەر بە قوتابخانەی فێمینیزمی ڕادیکاڵ و مارکسیزمی(یان فێمینیزمە بێ مەنهەجەکانی ئێستای کورد و عەرەب) یان ئەو فێمینیستانەی کە جەنگیان لەنێوان پیاو و ژندا هەڵگیرساندووە لە ئێستادا، چالاکییەکانی ژنانی سەدەی شازدە تا هەژدە چالاکی فێمینیزمی نەبوون، بەڵکوو چالاکی ژنانە بوون. ژنانی ئەو سەردەمە بەشێکی زۆریان لەگەڵ هەڵگیرسانی ئەو جەنگە دەروونییە نین کە ئێستا فێمینیزم لەنێوان پیاو و ژندا دروستی کردووە. ئەوان مافی ژنیان دەویست، مافی فێمینیستێکی ئێستایان نەدەویست. ئەوان دەیانویست بخوێنن و بزانن و داهێنەربن لە کۆمەڵگەدا، نەک وەک فێمینیستێکی ئێستا کە هەموو هەلێکی خوێندنی لەبەردەستدایە، بەڵام هیچ بەرهەمێکی نییە! جگە لەوەی کە تەنیا داوای ئازادی سێکس و شوونەکردن و ڕاکردن لە بەرپرسیارێتی دەکەن.)

بۆیە ناکرێت حاشا لەم میژووەی فێمینیزم بکرێت، بەڵکوو دەبێت بزانرێت کە فێمینیزم سەرەتا بەم شێوازە بووە، ئەم تێگەیشتنە قۆناغێک بووە لە قۆناغەکانی فێمینیزم کە ژنان دەستیان کرد بە دەربڕینی ئەزموونەکانی خۆیان و گشتاندنیان بۆ هەموو ژنانی دیکە، ئەم قۆناغە بە قۆناغی سەرهەڵدانی "بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی ژنان" ناوزەد دەکرێت، لەڕووی میژوویییشەوە زاراوەی "Women Libration Movement"یان بۆ بەکارهێناوە.

ژنان ئەم باسانەیان نەک تەنیا وەک دەرفەتێک بۆ دەربڕینی قسەکانیان بەڵکوو بۆ وەڵامدانەوەی خەڵکانی تریش بەکاردەهێنا. هەر وەک لە کتێبی «تۆڵەی سەختی ژنان» پەیوەندییەکیان لەنێوان دەسەڵاتی پیاوان و نەریتی ئەدەبی و بێدەنگی ژناندا بەدیدەکرێت کە ڕێگە لە خوێندنی سەربەستانەی ژنان گیراوە؛ نەکا ڕۆژێک بتوانن لە هەمبەر ئەو فشارانەی دەخرێتە سەریان، بەرگری لە خۆیان بکەن. لەو سەردەمەدا ئەگەر ژنێک بێدەنگ بوایە ئەوا پێیان وابووە کە ئاستی هۆشیاری بەرزبووەتەوە، ڕاستی ئەم وتەیە کاتێک دەردەکەوێت کە نوسەران ڕق و توڕەیی ژنانیان کە زۆرجار بە بەڵگەیەک بۆ شەڕانگێزیی و نوقسانی عەقڵی ئافرەت لە قەڵەمدەدا، بە پەرچەکردارییەکی ڕەوا و تەنانەت لۆجیکی دەهێنایە ئەژمار.

ئەگەر بێدەنگیش نەبوونایە، ئەوا ئافرەتان لەڕێگەی ڕۆمان و شیعرەوە پەیامی خۆیان دەگەیاند. وەک «دولا کروز - ماری لی لەیدی چادلی - ماری دی سکۆدری».

ئەو ژنانەی کە چالاکی فێمینیستییان هەبوو کۆمەڵێک شوێن و هۆڵی تایبەت بە خۆیان دانابوو کە کۆبوونەوەی ئەدەبییان تێدا ئەنجامدەدا. باس و خواسی ناو کۆبوونەوەکان بەپێی ناوچە و سەردەمەکان جیاواز بوون. لە فەرەنسا لە سەدەی حەڤدەدا ڕەخنە لە هاوسەرگیریی لەگۆڕێدا بوو، کاریان بۆ ئەوە دەکرد کە ژنان لەگەڵ پیاواندا هاوسەرگیری نەکەن و پەرە بە زەواجی هاوڕەگەزبازیی نێوان مێ و مێ بدرێت. بەپێی وتەکانی «ژان دی ژان» هەر ئەم جۆرە ژنانە لە کۆبوونەوەکاندا بەردەواميیان بە ئامادەبوونی ژنان لەبواری سیاسەتدا دەبەخشی، هەروەها ئەمان لە بزووتنەوەی مەدەنیی سەدەی حەڤدەیەم، واتە شەڕی ناوخۆی فەرەنسا کە تازە بە تازە کۆتایی پێ هاتبوو بەشداریان کردبوو. ناویشیان لەخۆیان نابوو «ژنانی جەنگاوەری ئەدەبی» کە لەڕێگەی ڕۆمانەوە بازنەی دەسەڵاتی خۆیان بە ئاسانی لە بەرەکانی جەنگەوە بۆ هۆڵە

ئەدەبییەکانی خۆیان دەگواستەوە.

بەشێوەیەکی گشتیش لە هۆڵە ئەدەبییەکاندا باسی ئەم خاڵانەیان دەکرد: «سنووردارکردنی بنەماڵە (واتە نابێت بنەماڵە لە هەموو پرسێکی تاکدا بەشداربێت)، گۆڕانکاری لە حوکمڕانیدا، ئازادی سێکسی و هاوسەرێتی». چەقی بڕیارەکانیشیان تاک بوو نەک کۆمەڵگە، واتە تاک سەنتەرییانە بیریان دەکردەوە.

واتە بەم شێوەیە دەکرێت ڕۆمان بە قۆناغێکی تری پرسی فێمینیزم بێتە ئەژمار کە هەندێک جار ژنانی دەرەوەی بازنەی فێمینیزمیش بەکاریان هێناوە.

بەڵام لەو قۆناغەدا باسەکان زیاتر بەدەوری خوێندن و هاوسەرگیریدا دەخولایەوە، تا دواتر لە سەدەی هەژدەوە پرسە سیاسییەکان زیاتر دەوروژێنران.

دەتوانین بڵێین بە درێژایی سەدەی هەژدە، ئافرەتان زیاتر خەریکی خوێندنەوەی پەخشان و ڕۆمانی خەیاڵی بوون؛ پێیان وابوو ڕەنگدانەوەی هیوا و کێشەکانیان لە ئەدەبیاتدایە و لەسەری دەدوان. بەڵام لەهەمان کاتیشدا خۆیان کتێبیان دەنووسی و دەچوونە ناو کێشە و بەرپرسیارییەتەکانی ژیانییانەوە. هەندێکیان تیشکیان دەخستە سەر ژیانی ڕۆژانەی ژنان. باشترینەکانی ژنان لەو سەردەمەدا «جەین ئۆستن و فانی بێرنێی و ماری وڵستۆن کرافت» بوو. پرسیاری دڵکارانەیان لەبارەی ئەو هەڵبژاردانەوە دەکرد کە دەهاتنە ڕێگەی کچان، بەتایبەت لەبارەی هاوسەرگیریی و دەرئەنجامەکانی؛ بۆ نموونە لە ڕۆمانی خەیاڵی گۆتیک (ترسناک و بێهیوا)دا هەمان ئەو پرسیارانە دەکران. لەڕێگەی «میلودراما»وە کە لەو چیرۆکە و نموونەی ئەو چیرۆکانەدا ئافرەت وەک پاڵەوانێکی بێتاوان لە جیهانێکی کابووساوی نێرسالاریدا خۆی دەبینییەوەکە دژی پیاو دەجەنگی.

لە سەدەی هەژدەدا «ماری وڵستن کرافت» وەک دیارترین کەسایەتی ژن دەرکەوت کە هەندێک جار لەجیاتی «کریستین دی پیزان» ئەو بە یەکەم

فێمینیست دادەنرێت. هەرچەندە هەر لە سەردەمی خۆیدا هەندێک لە ژنان و بەتایبەت فێمینیستەکان سەرسەختانە دژایەتییان کردووە.

ماری وڵستن کرافت کێیە؟

"خوازیار نیم ژن دەسەڵاتی بەسەر پیاودا هەبێت، بەڵکوو دەمەوێت ژن دەسەڵاتی بەسەر خۆیدا هەبێت."

«ماری وڵستن کرافت»

ماری وڵستن کرافت نووسەر و فەیلەسووفی فێمینیستێکی ئینگلیزی بوو کە لە ساڵی ۱۷۵۹دا لەدایکبووە و ساڵی ۱۷۹۷ مردووە.

ئەو بەشە نووسراوانەی هەڵقوڵاوی شۆڕشی فەرەنسا کە زۆرترین کاریگەرییان لەسەر فێمینیستە ئینگلیزەکان دانا، نەک بە قەڵەمی ژنێکی فەرەنسی بەڵکوو بە قەڵەمی ماری وڵستن کرافت نووسرابوون؛ کە لە بەریتانیاوە هاتبوو بۆ فەرەنسا تا ئەزموونی ڕاستەوخۆ لە شۆڕشەوە وەربگرێت.

دوو کتێبی بە تەواوی دەنگیان دایەوە لە جیهانی ژناندا، یەکێکیان بەناوی «بەرگرییەک لە مافی پیاوان». ئەم کتێبەی هێرشێکی جەرگبڕانەی شەخسی بوو لەبەرانبەر کتێبێکی «ئێدمند بێرگ» بەناوی «چەند ڕەنگدانەوەیەک لەسەر شۆڕشەکەی فەرەنسا». ئێدمند بێرگ لە کتێبەکەیدا هێرش دەکاتە سەر چەند لایەنێکی شۆڕشی فەرەنسی و ڕەخنە لە کۆمەڵێک ژن دەگرێت کە تێیدا بەشداربوون.

لەبەرانبەریشدا ماری، ئێدمند بە «خانمە نەستێرە جوانەکان» وێنا دەکات

کە وەک ئەوان بە هەست و سۆزداریی خەریکی سەرنجڕاکێشانی خەڵکییە.

لەم کتێبەیدا، ماری زیاتر باس لە سیاسەت دەکات و متمانەی بەخۆی هەیە بچێتە جیهانی سیاسەتەوە. بۆیە دژایەتییەکی زۆر دەکرێت بەتایبەت لەلایەن خانمە خوێنەوارەکانی سەردەمەکەیەوە وەک «هانا مۆر»کە کوێرانە بڕیار لەسەر کتێبەکەی ماری وڵستان کرافت دەدات و تەنانەت ئامادە نییە کتێبەکەی بخوێنێتەوە، چونکە دەڵێت ناونیشانی کتێبەکەی ماری سەخیفانەیە. لەلایەکی تریشەوە «هانا کۆوڵی» کە ئافرەت بوو، ڕەخنەی لەوە دەگرت کە ماری لە سیاسەتدا قسە دەکات و دەیوت: "سیاسەت پیاوانەیە و بۆ پیاو کراوە".[1]

دوابەدوای ئەم کتێبەی، ساڵی ١٧٩٢ کتێبە ڕەخنەگرانە فێمینیستەکەی تریشی بڵاو کردەوە بەناوی «بەرگرییەک لە مافی خانمان» (A Vindication of the Rights of Woman).

کە تێیدا دەڵێت: "من چیتر بەناوی خۆمەوە قسە ناکەم بەڵکوو بۆ تەواوی ڕەگەزەکەم دێمە دەنگ؛ زۆربەی نەهامەتییەکانی ژیانە پڕ لە سەرکێشییەکانمان لە سایەی چەوساندنەوەی ڕەگەزەکەمەوە سەریانهەڵداوە."

دواتر هەنگاوی سادە و بنەڕەتی نا لە بەستنەوەی مافەکانی پیاو بە مافەکانی ژنەوە؛ وەک دەڵێت: "ئەگەر مافەکانی پیاو گفتوگۆ و ڕوونکردنەوە لەخۆبگرێت، ئەوا بەهەمان لۆجیک مافەکانی ژنانیش لەژێر هەمان تاقیکردنەوەدا دەردەچن و دانامرکێنەوە."

ماری دانی بەوەدا دەنا کە لەو سەردەمەی ئەو تێیدا دەژیا، ئافرەتان بەڕاستی بە کەم سەیردەکران. لەگەڵ لەدایک بوونیاندا دەچەوسێنرانەوە، خوێندنیان نەبووە و لە جیهانی واقعیشدا دادەبڕێنران. ئەمەش وایکرد کە زۆربەی ژنان

---

(1) Marlin Le Gate: A History Of Feminism In Western Society

لە ئەورووپا بەتایبەت فەرەنسا و بەریتانیا بە نەفامی و تەممەڵی گەورەبین.[1]

دەکرێت کتێبەکەی ماری بە بەردی بناغەی فێمینیزم ناوببرێت.

سەرەڕای چوارسەد ساڵ مەودای زەمەنی لە نێوان کریستین دی پیزان و ماری وڵستن کرافتدا، ڕق و هەڵچوونی ئاکارییانەی هەردووکیان پەرچەکردارێک بووە بەرانبەر بە ئەدەبیاتی دژەژن. هەردووکیان ئەزموونەکانی خۆیان بۆ پرسیارکردن لە ئاوەزی باو و پەسەندی گشتی بەکاردەهێنا. هەردووکیان پشتگیرییان لە یەکسانیی مەعنەویی هەردوو ڕەگەزەکە دەکرد. هەروەها ئەو جیاوازییە چینایەتی و ڕەگەزییانەیان کردبووە پێشمەرجی تیۆرەکانی خۆیان کە فێمینیستەکانی دواتر ڕەخنەیان لێ دەگرتن.

گرنگە بشزانین کە جیاوازییەکانی دی پیزان و وڵستن کرافت لە وێکچوونەکانیان زۆرتر و گەورەترن، ماری وڵستن کرافت بە لاساریەوە «ژنە شایستەکان»ی کریستن دیپیزانی نادیدەگرت و ئەوانی تەنیا بە «ئاوارتەگەلێکی یاسا گشتییەکان» ناوزەد دەکرد و دەیوت: "من حەز دەکەم ژنان نەک وەک قارەمان و ئاژەڵی بێئاوەز بەڵکوو وەک بوونەوەرانی عاقڵ ببینم."[2] دەستەواژەی «بوونەوەرانی عاقڵ» بەگوێرەی بنەماکانی ئاوەزگەرایی دیکارتی و زمانی لیبرالیزمی سیاسی، دەرخەری مەودای نێوان وڵستن کرافت و دیپیزان و هەروەها سۆفیە ماستاوچییەکانی هەڵقولاوی ئیلهامە ڕۆسۆییەکانە.

«ڕۆسۆ» هۆکاری بزوێنەری وڵستن کرافت بوو؛ وەک چۆن دی پیزان ئیلهامی لە بەرهەمە دژە ژنەکانی پێش خۆی وەرگرتبوو، وڵستن کرافتیش ئیلهامی لە دژەژنێتی ڕۆسۆ وەرگرت.

لەپاڵ چالاکی فێمینیست و خانماندا، بزووتنەوەی نەهێشتنی کۆیلایەتیش

(1) Mary Wollstonecraft. Janet Todd (London: Allen Lane, 2003).

(2) Mari Wollstonecraft, A Vindication of the rights of woman.

هاوشێوەی سۆسیالیزم، ڕۆڵی لە دروستبوونی فێمینیزمدا هەبوو، هەم لە بەریتانیا و هەم لە ویلایەتە یەکگرتووەکاندا، ئەو هەڵاواردنانەی کە ژنان ئەزموونیان دەکردن هەندێکیانی بەرەو ڕێکخستنی ڕێکخراوەکانی تایبەت بە ژنان پاڵ پێوە دەنا. لەساڵی ۱۸۲۵دا ژنانی بەریتانی یەکەم ڕێکخراوی دژی کۆیلەداریی تایبەت بە ژنانیان پێک هێنا. ژنانی ڕەشپێست لە ماساچۆسێت و نیۆرکیش لە ساڵی ۱۸۳۲دا گرووپگەلی ژنان وەک قارچک لە ویلایەتە یەکگرتووەکاندا هەڵدەتۆقین.

شەپۆلی یەکەمی فێمینیزم:

ساڵێکی دیاریکراو نییە بۆ دەستنیشانکردنی یەکەم شەپۆلی فێمینیزم. هەندێک لە میژوونووسان دەیگێڕنەوە بۆ ڕۆژگاری شەڕی سەربەخۆیی ئەمریکا لە ساڵی (۱۷۷۵-۱۷۸۳). هەندێکی تریش ساڵی ۱۸۳۰ دیاریدەکەن و هۆکارەکەشی دەگێڕنەوە بۆ کتێبەکەی ماری وڵستن کرافت. هەندێکی تریش لەپاش کتێبەکەی ماری کە بە هۆکاری سەرەکی دادەنێن دەڵێن «جان ستیوارت میل» بە هاوکاری ژنی یەکەمی «هێری تیلۆر» لە ساڵی ۱۸٦۹دا کتێبی «بەندبوونی ژنان»ی نووسی، کە دوای کتێبی یەکەم کاریگەری گەورەی لەسەر ئەو ڕەوتە دانا.

هەندێک نووسەری تری وەک «نرگس رودگر» ساڵانی نێوان (۱۷۷۲ تا ۱۸۵۰) بە سەرەتای شەپۆلی یەکەمی فێمینیزم دادەنێن.(بە بۆچوونی من، ئەم بۆچوونە لە هەموویان دروستترە.)

«ئاندری میشێڵ»[1]یش لەم بارەیەوە دەڵێت: "یەکەمین ڕاگەیەندراوی

---

(۱) ئاندری میشێڵ، سۆسیۆلۆجیست و فێمێنیستێکی فەرەنسییە

فێمینیستی بۆ مافی ژنان لە بەریتانیا لە ساڵی ١٨٢٥ بە واژۆکردنی «ویلیام تامپسن» بڵاو کرایەوە. ئەگەرچی ڕێکوپێککردنی ئەم دەقانە بە هاریکاری و سوود وەرگرتن لە ئەندێشەی «ئانا ویلر» جێبەجێ بوو، بەپێی ئەو تیۆرییە پاڵپشتی و لایەنگریی لە ژنانی شووکردوو دەبێت لە ڕێگەی دەسەڵاتی پیاوەوە جێبەجێ بکرێت و لەقاو درا."[١]

واتە بە شێوەیەکی گشتی دروستبوونی شەپۆلی یەکەمی فێمینیزم دەگەڕێتەوە بۆ کۆتایی سەدەی هەژدە و سەرەتای سەدەی نۆزدە کە هەر لەم سەردەمەشدا دوو ڕووداوی گەورە لە ڕۆژئاوا ڕوویاندا و کاریگەرییان لەسەر فێمینیزم هەبوو؛ یەکێکیان هەوڵەکانی ئەبراهام لینکۆڵن بۆ نەهێشتنی کۆیلایەتی، ڕووداوەکەی تریش سەرهەڵدانی سیستمی سۆسیالیستی لە ئەورووپا، کە یەکەمیان وایکرد لەگەڵ دەنگی ئازادی کۆیلە ڕەشپێستەکاندا، دەنگی فێمینیزمیش هاوتەریبانە بەرز ببێتەوە چونکە لەو سەردەمەدا لە ئەورووپا و ئەمریکا ئافرەت هەر وەک کۆیلە تەماشا دەکرا. دووەمیش وایکرد «قوتابخانەی فێمینیزمی مارکسی» دروست ببێت، فێمینیستەکانی ئەم قوتابخانەیە مامەڵەیەکی ماددیانەیان لەگەڵ پیاواندا دەکرد.[٢]

تا پێش دروستبوونی شەپۆلی یەکەمی فێمینیزم، ئافرەتان چەندین جار لەچوارچێوەی گرووپدا ناڕەزایەتی و داواکاری خۆیان خستووەتە ڕوو. بەڵام لەگەڵ شەپۆلی یەکەمدا بۆ یەکەم جار بوو بە پلانڕێژی داواکارییەکانیان بخەنە ڕوو.

لەنێوان ساڵانی (١٧٧٥-١٧٨٣)دا یەکەم بزووتنەوەی فێمینیستی لەژێر ناوی «بزووتنەوەی مافەکانی ئافرەت» لە ئەمریکادا دروست بوو. پێش دروستبوونی

---

(1) Andrée Michel: Feminism; p.97

(٢) لە بەشی ئاڕاستەکانی فێمینیزمدا، بە وردی باسی ئاڕاستەی فێمینیزمی مارکسی کراوە.

بزووتنەوەکە لە (NEW YORK) ئافرەتان کۆدەبوونەوە و لە کۆبوونەوەکاندا باسی ئەوەیان دەکرد کە ئافرەتانی ئەمریکی ژێردەستەن و حەفتا ساڵ پێش ئەوە ئەمریکییەکان شۆڕشیان کرد بۆ ئەوەی ئازادییان دەست بکەوێت کەچی هێشتا ژنان لە هەلومەرجێکی نائازاددا دەژین.

ئافرەتانی سەر بە بزووتنەوەی ژنانی ئەو سەردەمە بە ئارامییەکی تەواوەوە داواکارییەکانیان بەرز دەکردەوە، دژە پیاو دەرنەدەکەوتن، بەڵکوو دەیانویست گۆڕانکاری لەو بارودۆخانەدا بکەن کە ئافرەتانی ئەو سەردەمە ئەزموونیان کردووە وەک ئەزموونی هەڵاواردنی ڕەگەزیی و چەوساندنەوە.

پاش ئەم کۆبوونەوانە، کۆبوونەوەی تر دەکەن و باس لە کۆمەڵێک خاڵ دەکەن؛ کە باسەکانیان هەم باسی ژیانی کۆمەڵایەتی و ژیانی هاوسەرێتی ژن بوو هەم بەشداری ژنان لە سیاسەتدا. کە بە شێوەیەکی گشتی ئەو خاڵانەی قسەیان لەسەر دەکرد ئەمانە بوون:

١- ئافرەتان مافی دەنگدانیان نییە.

٢- ژنی هاوسەردار لەڕووی یاساییەوە بوونی نییە، واتا یاسا هیچ حسابێک بۆ ژنی هاوسەردار ناکات.

٣- یاساکانی تەڵاق و جیابوونەوە و بەرپرسیارێتی بۆ منداڵان هەموویان لە خزمەت و قازانجی پیاودان و هیچ مافێکیان بە ئافرەت نەداوە.

٤- ئافرەتان بە هیچ جۆرێک بۆیان نییە وەک پزیشک، دادوەر، یان یاساناس و پارێزەر کاربکەن.

٥- ئافرەتان هیچ ئامرازێکیان بۆ خوێندن لەبەردەستدا نییە، چونکە هیچ زانکۆیەک ئافرەتی وەک خوێندکار قبوڵ نییە.

٦- لە هەندێک کاتی کەمدا نەبێت ئافرەتان بە هیچ جۆرێک بۆیان نەبووە بەشداری لە کاروبارو چالاکییەکانی کەنیسەدا بکەن.

٧- ئافرەت هێندە سەرکوتکراوە کە بێبەش کراوە لە باوەڕبوون بە خۆی، بەوەی کە شانازی بە ئافرەت بوونی خۆیەوە بکات.[1]

٨- مافی خوشکایەتی و دایکایەتی.

٩- مافی مەدەنی و یەکسانی.

(ببینن کە فێمینیستەکانی شەپۆلی یەکەم گرنگییان بە خێزان داوە و داوای ئەوەیان کردووە کە برا ڕێز لە خوشکەکانی بگرێت و مێرد ڕێز لە ژن بگرێت.)

ئەم خاڵانە و کۆمەڵێک خاڵی تر بەردەوام باسی فێمینیستەکان بوون. لەگەڵ ئەمانەدا باسی ئەوەیان دەکرد کە ئافرەتانی ڕەشپێست نەهامەتییان زۆر لە سپیپێستەکان زیاتر بووە.

هەر لێرەوە شۆڕشی فێمینیستەکان لە ئەمریکاوە گوازرایەوە بۆ فەرەنسا و هەشتا هەزار ژن کە پیشەیان سەوزە فرۆشتن و کرێکاری بوو، هێرشیان کردە سەر کۆشکی «فێرسای».

لە فەرەنسا لە نیوەی سەدەی نۆزدەدا بۆ پرسی ژنان، فێمینستگەلێکی وەکوو (جێنی دێرکور - جولیەت لامبەر) کەوتنە دژایەتی لەگەڵ کەسانێکی وەکوو (ئۆگەست کۆنت و میشلیە و ژیراردەن و پرۆدۆن) کە دژی بیرویۆچوونی فێمینیستی ئەو سەردەمە بوون.

دواتر لە ساڵی ١٨٦٨ جارێکی تر فێمینیستەکانی فەرەنسا کە بریتی بوون

---

(١) تێبینییەک لەسەر ئەم خاڵەیان: فێمینیستەکانی شەپۆلی یەکەم هەوڵیاندەدا پێگەی ئافرەتان بەرز بکەنەوە و وا لە ئافرەتان بکەن شانازی بە ڕەگەزەکەیانەوە بکەن، بەڵام لە شەپۆلی دووەمەوە فێمینیستەکان لە مێ بوون ڕایان دەکرد و خۆیان وەک مێ نەدەناساند!.

لە (ماریا دیراسم - پۆل مینک - ئاندرە لێتۆ - ئالّمیپ ئۆدوار - مادام ژول سیۆن - نوامی رکلۆ) کۆبوونەوە و بە توندی کەوتنە بەرەنگارییەوە. هەر بە مەبەستی بەدەستهێنانی مافەکانی فێمینیستەکان، ژمارەیەک یانە و هۆڵ گەلیان دامەزراند و هەندێ رۆژنامەیان بە مەبەستی لایەنگریی لە مافی ژنانی فێمینیزم بڵاوکردەوە. زۆرێک لەم ژنانەش لە دامەزراندنی «کۆمۆنی» پاریسدا چالاک بوون و بەشداربوون[1].

جگە لەو کۆبوونەوە و بەیاننامانە، لە ساڵی ٨٤٨١بەدواوە جارێکی تر ژنان کەوتنەوە خەباتی بەکۆمەڵ و بەیاننامەی «سەنکافالژ»یان ڕاگەیاند. لەو بەیاننامەیەدا جەختیانی لە مافی دەنگدانی ئافرەتان کردەوە؛ بەپێی بۆچوونی زۆربەی نووسەران ئەمە داوای سەرەکی ژنان بوو لە سەردەمەدا. ئەو داوایەش لەوەوە سەرچاوەی گرتبوو کە پێیان وابوو دەنگدان هەلی ئەوە بە ئافرەتان دەبەخشێت کە کاریگەرییان لەسەر بڕیاردانی سیاسی هەبێت.[2]

پاشان لە ماوەی دوو دەیەی ١٨٥٠ و ١٨٦٠دا، ڕیفۆرمیستەکان لە ئەورووپا و ئەمریکای باکووردا دەستیانکرد بە هێنانە ئارای هەندێک ڕێکخستنی نوێ و چالاکی پڕ پێچووپەناتر لە چالاکییەکانی پێشوو. ئەم گۆڕانکاری و هەوڵانەی فێمینیستەکانیش سەرەتای گۆڕانکارییەک بوو کە هەندێک لە میژوونووسان ئەمە بە «تەوژمی یەکەمی فێمینیزم» ناوزەد دەکەن.

هەندێک لە فێمینیستەکان هۆکاری سەرەکی سەرهەڵدانی شەپۆلی یەکەمی فێمینیزم دەگێڕنەوە بۆ ئەو ململانێ و شۆڕش و پێکدادانە کۆمەڵایەتییەی کە لە ساڵانی ١٨٤٨ ئەورووپا و ئەمریکای گرتبووەوە؛ ئافرەتانیش لە نزیکەوە لەو چالاکییانە بەشداربوون.

---

(1) Andrée Michel: Feminism; p.99

(٢) فێمینیزم، ئەڤین ئاسۆس

لە کۆتاییدا و پاش هەموو ئەم هەوڵانە، تا ئاستێک ئافرەتان توانییان بچنە بواری یاسایی و سیاسییەوە و شانبەشانی پیاوان توانییان لە هەندێک شوێندا کار بکەن وەک پەرستار یان مامۆستا. بەڵام هەڵی وەرگرتنیان لە زانکۆکاندا سنووردار بوو. ئەمەش بە دەستکەوتی شەپۆلی یەکەمی فێمینیزم دادەنرێت.

لە وڵاتی سوید و ئەڵمانیش ژنان هەستیاریی کەمتریان بۆ بەدەستهێنانی مافی سیاسی بە بەراورد بە گۆڕانی بارودۆخی بنەڕەتی بنەماڵە و پەیوەندیی ژن و مێردایەتی نیشاندا. مافی ژنان بریتی بوو لە ئاڵوگۆڕ یان لابردنی پەیوەندی هاوسەرگیری، گۆڕانکاری یاسایی لە هەبوونی منداڵ! بەدەر لە پێکهێنانی پەیوەندی ژن و شوویی و بەدەستهێنانی مافی کۆمەڵایەتی کە لە ژنان و منداڵان لە دەرەوەی سنووری ژن و شوویی لایەنگری بکات. بە واتایەکی دیکە، داخوازیگەلێک کە لە سەرەتاوە بە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی ئینگلیزی-ئەمریکی نەبەسترابۆوە[1].

تێبینی:

لەنێوان ساڵانی جەنگی یەکەم و دووەمی جیهانیدا، فێمینیزم ڕۆڵێکی وای نەبووە و چالاکییەکانیان کز بووە، بۆیە زۆر بە کەمیی لەو سەرچاوانەی باسی فێمینیزم دەکەن، زانیاریت دەستدەکەوێت لەسەر دۆخی فێمینیزم لەو ساڵانەدا. فێمینیستی گەورە و ناودار لەو ساڵانەدا هەبوون، بەڵام چالاکییەکانیان دواتر دەنگی داوەتەوە کە لە بەشی شەپۆلی دووەمی فێمینیزم باسی دەکەین.

---

(1) Andrée Michel: Feminism; p.98

شەپۆلی دووەمی فێمینیزم:

"هێزە دێموکراتەکان هیچ کات ژنانیان وەکوو بوونەوەرێکی یەکسان لەبەرچاو نەگرتووە"

فێمێنیست و سۆسیۆلیستی فەڕەنسی، ئاندری میشێڵ

شەپۆلی دووەم لە ئەمریکا لە ساڵی ١٩٦٥ و لە ئەوروپا لە ساڵی ١٩٦٧ دەست پێدەکات. لەو کاتەدا بەپێی وتەی فێمینیستەکان، فێمینیزم لە لوتکەی خۆیدا بووە.

دەکرێت شەپۆلی دووەمی فێمینیزم بە «شەپۆلی توندڕەوی فێمینیزم» ناو ببرێت، چونکە فێمینیستەکان لە پلەی بەرگریکردن لە ڕەگەزی مێوە چوونە ناو جەنگی دژ بە پیاوەوە. پیاو وەک بوونەوەرێک تەماشا دەکرا و ئافرەتیش وەک بوونەوەرێکی دیکە. وردە وردە فێمینیستەکان ئەوەیان خستە مێشکی ئافرەتەوە کە پیاوان دوژمنیانن، تا وای لێهات پیاوانیش بە هەموو شیوەیەک دژی فێمینیزم بووەستنەوە و نازناوی قەبیح و سووکایەتییان لێ بنێن. وەک لە سەروبەندی یادەوەرییەکانی «مارگرێت واڵتەرز»دا دەردەکەوێت، کە باس لە هێرشی تووندی هەڵگەڕاوە لە دژی فێمینیزم و دەستکەوتەکانی فێمینیزم دەکات. "سێهەمین کۆمەڵە وتاری جولیەت میچێل(Juliet Mitchel) و ئان ئۆوکلێی(Ann Oakley) دەگێڕێتەوە کە ناوی وتارەکەیان نابوو «کێ لە فێمینیزم دەترسێت؟» لەگەڵ وێنەیەکی کارتۆنی گورگێکی زەبەلاحی درێندە لەسەر بەرگی دەرەوەی کۆمەڵە وتارەکەدا".

لە وتارەکەدا لەوە دەدوان کە هێرشی بەردەوام بۆسەر فێمینیزم ڕقێکی گەورەتر دژی خانمان دەردەخات.

باس لە کۆمەڵێک سووکایەتی و جنێو و قسەی ڕەق دەکات کە پیاوانی ئینگلتەرا و ئەمریکا بەرانبەر فێمینیزم بەکاریان دەهێنا وەک «ژنی ڕق لە پیاو» و «قەحبەی پیاو نەزۆککەر- یان قەحبە نەزۆککەرەکان-» و «ژنە شەڕانگێزەکان» و «ژنە جادووگەرەکان».[1]

ئەمەش وایکرد ئافرەتانی فێمینیزم زیاتر سوربن لەسەر بۆچوونەکانیان و مامەڵەیان لەگەڵ پیاوان ڕەقتربێت.

شەپۆلی دووەم لەوکاتەوە دەست پێدەکات کە بەشێک لە داواکارییەکانی شەپۆلی یەکەم جێبەجێکرابوون و هاتبوونەدی وەکوو مافی خوێندن و مافی کارکردن و مافی دەنگدان. بەڵام بەپێی تێڕوانینی فێمینیستەکانی شەپۆلی دووەم هیچ کام لە داواکارییەکان بە تەواوی جێبەجێنەکراون و کەموکورتیان پێوە دیار بووە. هەروەها پێیان وابوو کە بزووتنەوەی شەپۆلی یەکەم بە گریمانەیەکی هەڵە کۆتایی هاتووە، وەک ئەوەی کە ئافرەتەکان ناتوانن هەموو کارێک بکەن یاخود هەموو ئافرەتان کار ناکەن. لێرەوە هەنگاوی ئەوەیان نا کە پیاوان چی دەکەن لە کۆمەڵگادا دەبێت ئافرەتانیش بیکەن.

لێرەوە بەپێوەربوونی پیاو دەستی پێکرد، فێمینیستەکان پیاویان کرد بە پێوەر بۆ ژنان. ئەگەر پیاو کارێکی بکردایە و ئافرەتەکە دووبارەی نەکردایەتەوە ئەوا بۆ ژن کەموکورتی.

شەپۆلی یەکەم زیاتر باسی مافی ئافرەتی دەکرد لە کۆمەڵگە. بەڵام شەپۆلی دووەم هەوڵی گۆڕینی هەلومەرجی کۆمەڵایەتی و مەدەنی ئافرەتی دەدا لە کۆمەڵگەدا، واتە داوای داڕشتنەوەی سەرلەنوێی کۆمەڵگەی دەکرد.

لێرەوە بابەتەکانی ژیانی جنسی و بابەتی سەرجێیی و خێزان و شووکردن

---

(1) Margret Walters; Feminism, A very short introduction.

و بوون و نەبوونی منداڵ و ئازادی جەستەی ئافرەت و کۆمەڵێک بابەتی تر لەلایەن فێمینیستەکانەوە گرنگی پێدرا.

هەوڵی بەیاساییکردنی لەباربردنی کۆرپەلەیان دەدا. ئەم کەسانە لەو بڕوایە دابوون کە بۆ رزگارکردنی ژن، دەبێت رۆحیەتی ژنانەبوون لە ناو ببرێت و هێندە زێدەڕۆییان کرد کە جەختیان لە سەر روالّەتی پیاوانە وەک قژی کورت، پێڵاوی بن تەخت و قاتو بۆینباخ دەکردەوە. ئامانجەکەشیان لەم هەڵسوکەوتە وەک ژنەکانی سەدەکانی ناوەڕاست نەبوو، ژنەکانی سەدەکانی ناوەڕاست بۆ ئەوە جلی پیاوانەیان لەبەر دەکرد تا بخوێنن و بچنە زانکۆکان. بەڵام گۆڕینی ڕوالّەتی فێمینیستەکانی شەپۆلی دووەم تەنیا بۆ خۆ جوانکردن و دەرچوون بوو لە ڕوالّەتی ژنێتی.

بگرە زیاتر لەمە ڕۆیشتن و ئافرەتیان بە تەواوی لە ئافرەتێتی لە واتا باوەکە دەرکرد. هەوڵیاندەدا پێناسێکی نوێ بۆ ڕەگەزی و نێر و مێ دابڕێژنەوە. هەروەکوو «بیتی فریدان» داوای دووبارە دروستکردنەوەی نەخشە و وێنەی ڕۆشنبیری بۆ مێیینە لە ڕەگ و ڕیشەوە دەکرد، چونکە هەر ئەوە دەتوانێت و ڕێ بە ئافرەت دەدات بگاتە قۆناغی پێگەیشتن و ناسنامە و کاملّبوونی خوود.[1]

دەکرێت بوترێت بوونیادی ئەم بیرەش لەلایەن «سیمۆن دی بۆڤوار» ەوە بووە لە ساڵی دا ١٩٤٩، کە بەشێکی زۆری تیۆرەکانیشی لەدوای ساڵی ١٩٧٠ەوە کاریان لەسەر کراوە. سیمۆن دی بۆڤوار پێیوابوو هیچ کەسێک لەدایک نابێت وەک ئەوەی کە هەیە، بەڵکوو بوونی مرۆڤەکان دەرئەنجامی کۆمەڵێک هەڵبژاردەیە کە لە ژیانیاندا دەیگرنەبەر. کاتێک ئەو سەرچاوانەی کۆمەڵگە بۆ مرۆڤەکانی فەراهەمکردووە و خۆی پێ بوونیاد دەنێت تەنیا بەهاکان

---

(1) Sarah Gamble: Feminism And Postfeminism.

دروست ناکات، بەڵکوو لەو ڕێگەیەوە خۆشی دروست دەکات و بوونەکەی دەرئەنجامی هەڵبژاردەکانییەتی.

لێرەوە دی بۆڤوار بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ ئافرەتی لە سروشتی خۆی دوورخستەوە بەناوی دووبارەپێناسەکردنەوەی ئافرەتەوە. سیمۆن دەیوت: «مرۆڤ بە ژنی نایەتە دوونیاوە، بەڵکوو دەبێتە ژن».[1] ئەم وتەیەش دواتر بوو بە دروشمی فێمینیزمەکان و بەردەوام دەیانوتەوە و ئێستاش لە سەدەی ٢١دا فێمینیستەکان لەسەر ئەم بناغەیە ئیش دەکەن، زۆرێک لەوانەی ئێستا بانگەشەی فرەجێندەریی دەکەن یان ئەم وتەیە بناغەیانە، یان لەگەڵ سیمۆن دی بۆڤواردا گەڕاونەتەوە بۆ ڕەگی لەپێشینەی فەلسەفەی بوونگەرایی. چونکە ئەم ڕوانینە باوەڕی بە سروشتێکی دیاریکراو بۆ مرۆڤ نییە.

سیمۆن دی بۆڤوار پێیوابوو کە ژنیش وەکوو بوونەوەرێکی مرۆیی ناتوانێت سرووشتێکی تایبەتی هەبێت، بەڵکوو بەگوێرەی بوونی خۆی مەیلی هەبێت توانا فکری و هەستی و ڕۆحییەکانی خۆی شکۆفە بکات و وەڵامی پرسە جەستەیی و دەروونییەکانی خۆی بداتەوە. بەڵام پێیوابوو کۆمەڵگە ڕێگرە و ئەم توانایانەی لە ئافرەت وەرگرتووەتەوە، بۆیە هەوڵی ئەوەی دەدا سەرلەنوێ ئافرەت پێناسە بۆ بوونی دابڕێژێتەوە و بچێتە نێو پێگە سیاسی و یاساییەکان و، لەو ڕێیەوە گۆڕانکاریی ڕیشەیی لە فیترەتی ئافرەتدا بکەن.

تێبینییەک:

پێویستە بزانین کە ئەگەر مرۆڤ لەسەر ئەم بناغەیە بوونی خۆی دابڕێژێت ئەوا کارەسات ڕووەدات و بەهایەک بۆ پیاو و ئافرەت نامێنێتەوە، چونکە ئەم

---

(1) Simone De Beauvoir: The Second Sex.

ڕوانینە بەو شێوە ڕووکەشییە نییە کە تەنیا بڵێیت "پێناسێکی نوێ بۆ ئافرەت دادەڕێژینەوە بۆ ئەوەی وەک پیاو مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت لە کۆمەڵگەدا". بەڵکوو ئەمە بوونی ئافرەت دەگۆڕێت، نەک هەر ئافرەت، پیاویش ئەگەر ئەمە بناغەی بوونەکەی بێت لە پیاوەتی دەردەچێت. هەر ئەمەیە وای لە کەسانێک کردووە لە ئێستادا بڵێن "ڕاستە من بە جەستە پیاوم، بەڵام لەناخدا هەست دەکەم کە ئافرەتم!" ناکرێت ئێمە تەنیا بەشێکی بچووکی ئەم قسەیەی دی بۆڤوار وەربگرین و بیر لە ئەنجامەکەی نەکەینەوە.

لە ئەنجامی ئەم فکرەوە کۆمەڵێک چەمکی تر بۆ مرۆڤەکان لەژێر ناوی ئازادی جێندەریدا دروست بوون، مرۆڤیان لە سروشتی مرۆڤبوون دەرکردووە وەک (NON-BINARY) کە بە واتای ڕەتکردنەوەی سیستمی دوانەیی "نێر و مێ" دێت، یان (MIRRORGENDER) کە کۆمەڵە مرۆڤێکی لە فیترەت دەرچوون و ڕەگەزی خۆیان پەیوەست کردووە بە چواردەورەکەیانەوە، یاخود (OMNIGENDER) کە ئەم جۆرەیان خۆی لە هەموو ڕەگەزەکاندا دەبینێتەوە. جۆرێکی تریشیان بریتییە لە (AFFECTUGENDER) کە ئەم جۆرەیان مرۆڤانێک دەگرێتەوە کە ڕەگەزیان پەیوەندی بە میزاجیانەوە هەیە، واتە هەندێک کات نێرن و هەندێک کات مێ. جۆرێکی تری سەیرتر هەیە بەناوی (ALEXIGENDER) کەسێک دەگرێتەوە کە خۆی لە یەک ڕەگەز زیاتر دەبینێت، بەڵام ناشزانێت ئەو ڕەگەزە چییە! جۆرێکی تریش هەیە بەناوی (AMBONIC) ئەمەیان بریتییە لەو کەسەی کە خۆی هەم بە مێ دەزانێت هەم بە نێر، لەهەمان کاتیشدا خۆی بە هیچیان نازانێت!

هەموو ئەمانە دەرهاویشتەی فکرێکن کە دەڵێت «مرۆڤ دەبێت خۆی پێناسە بۆ خۆی دابڕێژێتەوە». هەر ئەم قسەیەشە مرۆڤ تووشی نەخۆشی دەروونی دەکات و لەژێر ناوی ئازادی و فرەجێندەریدا خەیاڵە پڕوپوچ و نالۆجیکی و دژە فیترەتی دەکات.

لێرەدا دی بۆڤوار وادەربڕەخات کە بەرگری لە ئافرەت دەکات و دەیەوێت وا لە ئافرەتان بکات شانازی بە ڕەگەزەکەیانەوە بکەن؛ بەڵام ئەو ئافرەتەی ئەو دەیەوێت ئەو ئافرەتە نییە کە بە سرووشتی بایۆلۆجی خۆی لەدایکبووە و هاتۆتە بوون، ئەوە نییە کە خودا دروستی کردووە، بەڵکوو بوونەوەرێکە کە فیکرێکی دوور لە فیترەت یان سیستمێکی سەرمایەداریی پێناسی پێدەدات و ئافرەتی بە واتا حەقیقییەکەی قبوڵ نییە. واتا ئەم پێناسەیە پێناسەی ئافرەت نییە، بەڵکوو تەحریفکردنی چەمکی «ئافرەت»ە.

سیمۆن دی بۆڤوار کێیە؟

فەیلەسووفی بوونگەرایی «سیمۆن دی بۆڤوار» ناوی تەواوی بریتییە لە «سیمۆن لوسی ئارنستین ماری بێرتراند دی بۆڤوار»". وەک ڕووناکبیرێکی گشتی و چالاکوانێکی سیاسی و تیۆریستێکی فێمینیست و کۆمەڵایەتی ناسراوە. لە ٩ ی حوزەیرانی ١٩٠٨ لە خێزانێکی مامناوەندی بۆرجوا لە پاریسی پایتەختی فەرەنسا لەدایکبووە.[1]

سیمۆن دی بۆڤوار تا تەمەنی ١٧ ساڵی لە قوتابخانەی تایبەتی کچانەی کاسۆلیک خوێندوویەتی، بەڵام وەکوو کچەکانی هاوڕێی بیری نەدەکردەوە، باوکی شانازی بەوەوە دەکرد کە کچەکەی وەکوو پیاوێک بیر دەکاتەوە(٢)لەو تەمەنەشەوە تا چوونی بۆ «سۆربۆن» لە دامەزراوە باوەڕپێکراوەکان تاقیکردنەوەی بیرکاری، ئەدەب و زمان، ئەدەبی فەڕەنسی و لاتینی کردووە و بڕوانامەی بااڵی وەرگرتووە. ساڵی ١٩٢٧ لە سۆربۆن

---

(1) SIMONE DE BEAUVOIR AS PHILOSOPHER, 1994: MARÍA TERESA LÓPEZ PARDINA.

(2) Quoted in Dairdre Bair, Simone De Beauvoir; A biography. P.60

فەلسەفەی خوێندووە و بڕوانامەی باڵای لە مێژووی فەلسەفەی گشتی وێژانی و لۆجیک وەرگرتووە. ساڵی۱۹۲۸ بڕوانامەی باڵای زانستی ئاکار و سۆسیۆلۆجی و دەروونزانی وەرگرتووە[۱]. دوانامەی خوێندنی لەبارەی «لایبنیتز» نووسی و لە تاقیکردنەوەی (Agrégation) لە خوێندنگەی بالای ئەکۆڵ نۆرماڵ(یەکێکە لە بەناوبانگترین زانکۆکانی فەرەنسا، تا ئەوکاتە ژنان بۆیان نەبوو لەو زانکۆیەدا بخوێنن) لە فەلسەفەدا دووەم بوو(هەر لەم تاقیکردنەوەیەدا «جان پۆڵ سارتەر» پلەی یەکەمی بەدەست هێنا)، بەم پلەیەش «پۆڵ نیزان» و «جان هیپۆلت»ی تێپەڕاند.

دوای ئەوەی بەهۆی ئەم تاقیکردنەوەیەوە بە سارتەر ئاشنا دەبێت، لە ساڵی۱۹۳۰ سارتەر داوای هاوسەرگیری لێدەکات، بەڵام سیمۆن ئەو داوایە ڕەتدەکاتەوە و لەبری ئەوە پەیوەندییەکی هەمیشەیی لە دەرەوەی سنووری ژن و مێردایەتی لەگەڵ گرێدەدات؛ چونکە دی بۆڤوار بڕوای بە شوکردن نەبوو، بۆیە خۆی نەخستە ناو ئەو گرێبەستەوە[۲].

دواتر لە ساڵی ۱۹۳۱ دەبێتە مامۆستای دواناوەندی لەماوەی کاری مامۆستایەتیدا دی بۆڤوار پەیوەندی سێکسی لەگەڵ ژمارەیەک لە خوێندکارە کچەکانی خۆیدا دروستدەکات. هەر لەسەر ئەو کارەشی لە ساڵی ۱۹۴۳دا لەکاری مامۆستایی دوور دەخرێتەوە. بەڵام ئەو هەر لە نووسینی کارە فەلسەفی و بوونگەراییەکانی بەردەوام بوو.[۳]

لەو ساڵانەی پاریس لەلایەن ڕژێمی نازی ئەڵمانەوە داگیرکرابوو (۱۹۴۱ - ۱۹۴۳)، سیمۆن ڕۆمانی «خوێنی ئەوانی تر»ی نووسی. ئەو ڕۆمانە

---

(1) Margaret A. Simons (ed.), Feminist Interpretations of Simone de Beauvoir, Penn State Press, 1 November 2010, p. 3.

(2) "Simone de Beauvoir" . Biography. 9 July 2020. Retrieved 4 March 2021.

(۳) لە پەرتووکی (ئاشنابوون بە سیمۆن دی بۆڤوار)، لا۸

بە ڕۆمانی ئەزموونگەرا دادەنرێت و یەکێکە لە گرنگترین ڕۆمانەکانی ئێگزستانشیالێزمی بەرگریی فەرەنسا.

دواتر لە ساڵی ١٩٤٥ لەگەڵ سارتەر و مرلۆپۆتنی و ڕیمۆن ئارون و کۆمەڵێک ڕۆشنبیری تر، گۆڤارێک بەناوی «سەردەمی نوێ» بڵاودەکەنەوە.

سیمۆن کۆمەڵێک بەرهەمی بە شێوەی پەرتووک و نامیلکە و وتار و کورتە چیرۆک هەبووە، بەناوبانگترین بەرهەمی بریتییە لە پەرتووکی ڕەگەزی دووەم (THE SECOND SEX). کە ئێستاش فێمینیستەکان ئەم پەرتووکەی دەخوێننەوە و زۆرجار بە باشترین بەرهەمی فێمینیستی دادەنێن. لەدوای ئەم کتێبەشەوە دی بۆڤوار وەک فێمینیست ناساند، دوای ئەوەش لە ساڵی دا ١٩٧٦ یادەوەرییەکانی لە پێنج بەرگدا بڵاوکردەوە.

لە ١٩ی نیسانی ١٩٨٦ لە پاریس مرد. «کلۆدیەن مونتی» و «هێلین دی بۆڤوار»ی خۆشکی سیمۆن تەرمەکەی لە نەخۆشخانە دەهێننەوە و دەیبەن بۆ گۆڕستان. کلۆدیەن مونتی لە وتاری «سیمۆن دی بۆڤوار و بزووتنەوەی ژنان»دا دەگێڕێتەوە کاتێک لەناو ئەو ماشێنە دانیشتبوون کە تەرمی سیمۆنی بەرەو گۆڕستان هەڵگرتبوو، سروودێکی ساڵی ١٩٧٠یان دەوتەوە کە بۆ بزووتنەوەی ژنانیان نووسیبوو، چونکە سیمۆن ئەو سروودەی لا خۆشەویست بوو.

چەمکی «لەباربردن» و «حەبی مەنع -حەبی دژە سکپڕبوون» لە شەپۆلی دووەمی فێمینیزمدا:

کلۆدیەن مونتی دەگێڕێتەوە "کە لە ساڵانی ١٩٧٠دا فەرەنسا وڵاتێکی زۆرینە کاسۆلیک بوو، ئاسان نەبوو ژاتی ئەوە بکرێت کە باسی لەناوبردنی کۆرپەلە بکرێت. لە فەرەنسادا دەستەواژەی «لەباربردن» نامۆ بوو. دەتوانم بڵێم هیچکات ئەو

دەستەواژەیەم لە میدیاکانەوە نەبیستبوو. تەنانەت ساڵی ١٩٤٣ دەوڵەت ژنێکیان لەناوبرد لەسەر ئەوەی کۆرپەلەکەی سکی کوشتبوو. سەرەڕای ئەوەش لە دەیەی (١٩٦٠ -١٩٧٠) ژمارەیەکی زۆر لەباربردنی نایاسایی لە فەرەنسادا ئەنجامدران کە بووە مایەی کەمئەندامبوون و مەرگی ژنان.

جارێکیان چوومە ناو شوقەکەی سیمۆن دی بۆڤوار کە بۆ ماوەی ٦١ ساڵ کۆبوونەوەی تاقەتپڕووکێن لەلایەن ژنانی فێمینیستەوە لەو شوقەیەدا بەڕێوە دەچوو؛ دوای ئەوەی سیمۆن قسەی دەکرد لەگەڵ یەکێک لە دامەزرێنەرانی بزووتنەوەی ژنان، تەماشایەکی منی کرد و گوتی: "بە بۆچوونی تۆ بۆ گشتاندنی پرسی لەباربردنی کۆرپەلە دەبێت چی بکەین؟" منیش پێشنیازی ئەوەم کرد کە کارێک بکەین کە میدیاکان ناچار بکەین دەستەواژەی «لەباربردن» بەکار بهێنن. پاش ئەو کۆبوونەوەیە لە کۆبوونەوەیەکی تردا کە چوومە ماڵی سیمۆن دی بۆڤوار، لەگەڵ کۆمەڵێک لە ژنەکان بڕیارماندا کەمپین و بەیاننامەیەک ڕابگەیەنین و تێیدا بنووسین کە «ئێمە منداڵمان لەباربردووە» و پاشان خەڵکی ناودار و هونەرمەندانمان کۆکردەوە تا واژۆی بکەن. ئەگەرچی خۆم لەباربردنم نەکردبوو، بەڵام بەیاننامەکەم واژۆ کرد[1].

پاش واژۆکردنی بەیاننامەکە گەیشتین بە بەشە قورسەکەی کارەکەمان، ئەویش ئەوە بوو کە کام ڕۆژنامەیە بەیاننامەکە چاپ دەکات؟ دەمانزانی زۆرێک لە ڕۆژنامەکان ئامادەیی ئەوەیان نییە کە بڵاوی بکەنەوە، چونکە بەشێک لە ڕۆژنامەکان کاسۆلیکی بوون. تەنیا گۆڤاری «ئێکسپرێس» و «نوڤێل ئبستراتور» ئامادەیی هاوکاریکردنیان هەبوو. لەکۆتاییشدا لەگەڵ نوڤێل ڕێککەوتین؛ هەرچەندە ئەوان لە ڕاگرتنی ئەو ژمارەیە لەلایەن وەزارەتی ناوخۆوە دەترسان، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بەڵێنیان پێدایین کە بەیاننامەکەمان بە

---

(١) ئەم هەنگاوە لە کوردستان بە بانگهێشتکردنی هونەرمەندان بۆ پشتگیری کەمپینی (ناوی من ناوی دایکمە) لاسایی و دووبارە کرایەوە.

مانشێتی سەرەکی، لەسەر بەرگی گۆڤارەکەیان چاپبکەن.

بۆچوونەکانی ئێمە تەواو دەرچوون، لە ڕۆژی ٤ی نیسانی ١٩٧١ هەرایەک بەرپابوو نەبێتەوە، بۆ یەکەمجار لە مێژووی فەرەنسادا ڕادیۆ و تەلەفزیۆن و ڕۆژنامەکان چەندین و چەندین جار دەستەواژەی «لەباربردن»یان بەکارهێنا"[١]،[٢]

جگە لە دەستەواژەی لەباربردن، حەبی مەنع ڕۆڵێکی سەرەکی هەبوو لە شەپۆلی دووەمی فێمینیزم، کە بەهۆی پیشکەوتنی تەکنەلۆجیاوە ئەم جۆرە حەبە کەوتە بازارەکانەوە و فێمینیستەکان بەکاریان دەهێنا. لە تێڕوانینی فێمینیتسەکانەوە هاتنەکایەی حەبی دژە سکپڕبوون، ئازادییەکی زیاتر بە جەستەی ئافرەت و چۆنیەتی بەکارهێنانیی جەستەی لەلایەن خۆیەوە دەبەخشێت؛ پێیان وابوو کە ئەم حەبە وادەکات ژیانی سێکسی ئافرەت مانایەکی دیکە وەربگرێت. واتە تەنیا بۆ دروستکردنی منداڵ نەبێت، ئەسڵەن هەلی ئەوە بە مێ دەدات کە هەر نەبێت بە دایک.

دوو تێبینی:

١ـ ئەگەر لە مامەڵەی فێمینیستەکان وردببینەوە، دەبینین کارە قێزەون و نامرۆیی و ناشایینی و نائەخلاقییەکانیان بە هێنانەکایەی و دروستکردنی چەمکی نوێ لەبەرچاوی خەڵکیدا جوانکردووە، کوشتنی کۆرپەلەی میهرەبانیان بە چەمکی «لەباربردن» بۆیە کردووە، ئاخر لەکوێی دونیادا مرۆڤ مافی ئەوەی هەیە ڕۆح لە ڕۆحلەبەرێک وەربگرێتەوە بەناوی «بەدەستهێنانی مافی ئافرەت و ئازادی جەستە»؟ تەنیا لەبەر ئەوەی فێمینیستێک توانای هەڵگرتنی بەرپرسیاریێتی

---

(١) سیمۆن دی بۆڤوار و بزووتنەوەی ژنان؛ن. کڵۆدیەن مونتی لە فارسییەوە، ڕێباز مستەفا.

(٢) ئەمەش ترسناکی دووبارەکردنەوەی چەمکە نامۆکان لە کەناڵەکانی میدیا و سۆشیاڵمیدیا دەردەخات لە ئاساییکردنەوە و ڕەواجپێدانیاندا.

کۆرپەلەیەکی نییە؟ تەنیا لەبەر ئەوەی نایەوێت جەستەی تێک بچێت بۆ ماوەیەک! تەنیا لەبەر ئەوەی کۆرپەلە لەنێو منداڵدانی ئافرەتێک دایە مانای ئەوە نییە کە بەشێکە لە جەستەی، بەڵکوو لەنێو ئەودا بوونێکی سەربەخۆیە، بۆیە ناکرێت بڵێیت (My Body, My Choice) هەر ئەم تەوەرەشە وایکردووە لە ڕۆژئاوادا دیبەیتێکی گەورە لەنێوان موحافیزکارەکان و لیبراڵەکاندا لەم بارەیەوە هەبێت.

ئاخر سەیرە ئافرەتێک کۆرپەلەیەک بکوژێت و توانای بەخێوکردنی کۆرپەلەیەکی نەبێت، بێت لەسەر تیفییەکان و ڕۆژنامەکان باسی ماف و ئازادی و هەلی کار بکات؟!

من لەوە تێناگەم ئافرەتێک کە پاش ئەوەی کۆرپەکەی خۆی لەناوبردووە و کوشتوویەتی، دێتە سەر تەلەفزیۆن باسی بەدەستهێنانی ماف دەکات؟ کامە ماف؟ من نازانم ئەم فێمینیستانە چۆن دەربارەی (ماف) دەستیان دەچێتە نووسین، لەکاتێکدا مافی ژیان لە کەسێک وەردەگرنەوە؟!

٢_لە کۆبوونەوەکەی فێمینیستەکان کە سیمۆن داوای بۆچونی کلۆدیەن دەکات، کلۆدیەن لە وەڵامدا ئاماژە بە تەقاندنەوەی چەمکی «لەباربردن» لەناو خەڵکی و میدیاکاندا دەکات، بۆ ئەوەی ئەو چەمکە زۆر باسبکرێت تا ئەو کردارە لای خەڵکی ئاسایی ببێتەوە.

ببین کە چ سیاسەتێکیان بۆ ئاساییکردنەوەی چەمکی لەباربردن بەکارهێناوە. ئێستاش پاش ٥٠ ساڵ زیاتر، فێمینیستەکان هەمان سیاسەت بەکاردەهێننەوە بۆ ئاساییکردنەوەی چەمکی (هاوڕەگەزبازی و فرە جێندەری و ...) دەیان چەمکی تر کە لە کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتیدا قێزەون بوون و ئێستا وا ئاسایی دەبنەوە!

ئەم هەوڵانەش ببووە هۆکاری ئەوەی کە پیاوانی ڕۆژئاوا بە فێمینیستەکان بڵێن «قەحبە نەزۆککەرەکان».

لە ساڵانی ۱۹۸۰ بزووتنەوە فێمینیزم بە زۆرێک لە ئامانجەکانیان گەیشتبوون، بە جۆرێک زیادە ڕەوییان کردبوو کە بزووتنەوەی پیاوان سەری هەڵدا. جگە لە بزووتنەوەی پیاوانیش، گرووپێکی تر دروستبوون لەژێر ناوی "دژە فێمینیزم-Anti Feminism". دژە فێمینیزم دژی فیکر و بیرکردنەوە و بنەما فێمینیزمییەکانە، بەشێک لە لایەنگران و نووسەرانی ئەم گرووپە بریتیبوون لە «کامیل پاگلیا- کریستیانە هۆف سۆمێرس- ئیلیزابێس فۆکس».

«دەفنێ پاتی- نۆرێتا کۆرتاگ» ئەنتی فێمینیزمیان بەکارهێنا لە دیبەیتە ئەکادیمیەکانیاندا بۆ گفتوگۆکردن لە بارەی کەموکورتیەکانی فێمینیزم. ئەوانەی لایەنگری ئەنتی فێمینیزم بوون، لەبەرامبەر لایەنە خراپەکانی فێمینیزمدا بوو ئەم کاردانەوە تیۆرییەیان نواند. وەک ئەوەی کە فێمینیزم هەمیشە هەستی ڕقلێبوونەوەی بەرامبەر پیاوان زیادکردوە، بە تایبەت لەوێوە ڕەخنە لە فێمینیزمی ڕادیکاڵ گیرا، کە ئازار و زیانی بەهەردوو پێگەی ژن و پیاو لە کۆمەڵگەدا گەیاندووە، و بیروبۆچوونەکانیان بە ڕادەیەک توند بوون، بە بیروبۆچوونی ڕادیکاڵی لادەر ناسران.

شەپۆلی سێیەمی فێمینیزم:

(فێمینیزم، ماسکێکی نوێ دەپۆشێت و شەپۆلی یەکەم و دووەم بەرەو هەڵدێر دەبات)

مێژووی شەپۆلی نوێی فێمینیزم لە سەرەتای دەیەی ۱۹۹۰ لە ئەمریکا دەست پێدەکات، لە نێوان ساڵانی (۱۹۸۰ بۆ ۱۹۹۰) کۆمەڵێک گۆڕانکاری

گەورە لە سیستمی سەرمایەداری ڕۆژئاوا ڕوویدا کە کاریگەری کردە سەر فێمینیزم (چونکە لەکۆتاییدا فێمینیزم بەشێک بوو لە کۆمەڵگەی ڕۆژئاوا، گۆڕانکارییەکەش گۆڕانی سیستمی سەرمایەداری ئاڵۆز بوو بۆ سیستمی سەرمایەداری ناڕێکخراو-ئازاد-).[١]

خاڵێکی تریش کە کاریگەری کردە سەر گۆڕینی فێمینیزم، فکری پۆست مۆدێرنە بوو. فێمینیستەکانی ئەم شەپۆلە ڕەخنەی ئەوەیان لە شەپۆلی دووەم دەگرت کە لە چەند گۆشەنیگایەکی کەمەوە دەڕوانن هەموو لایەنەکان، و یاساکانیان هەموو فێمینیستێک ناگرێتەوە. بەهۆی ئەم ڕەخنانەشەوە لە شەپۆلی سێیەمدا کۆمەڵێک ئاڕاستەی زۆری فێمینیزم سەریانهەڵدا، وەک (قوتابخانەی فێمینیزمی ڕەشپێست - قوتابخانەی فێمینیزمی هاوڕەگەزباز - قوتابخانەی فێمینیزمی خێزانی...) کە هەر یەکەیان و بە شێوازێک فێمینیزمی بەیان دەکرد.

دوای ئەوەی بزووتنەوەکە بەرەوپێشەوە چوو و زیاتر بە خەڵکی ناشنا بوو، هەوڵێکی زۆریدا بچێتە ناو پانتاییەیە ئەکادیمییەکان و لە ئەرزی واقیعدا کاری خۆی بکات (بەڵام بەهۆی ئەوەی ناسنامەیەکی سیاسی هەبوو لەلایەک، و جیاکاریی بیروبۆچوونە جۆراوجۆرەکانی نێوان ئافرەتان خۆیان بووە هۆی توانەوەی شەپۆلی یەکەم و دووەم بۆ پۆست فێمینیزم).[٢] «دۆمنیک ئەستریناتی»یش شاهێدی ئەمە دەدات و دەڵێت: "تەنانەت خودی فێمینیستەکانیش لەبارەی ماهییەتی واقیعەوە هاوبۆچوون نین"[٣].

پۆست فێمینیزم بەهۆی ئەو دەرکەوتنە لەناکاوەی و هەڵگەڕانەوەی

---

(١) فیمینزم، مفهومها، اصولها النظریة وتیارتها الاجتماعیة: نرجس رودگر، ص٧٤

(٢) Sarah Gamble: Feminism And Postfeminism

(٣) دۆمینیک ئەستریناتی، فێمینیزم و کەلتووری گشتی، وەرگێڕانی لە فارسییەوە: ڕێبین هەردی، گۆڤاری سەردەم، ژمارە٦٨

هەوڵەکانی پێشووتر وەها پێناسە دەکرێت بە ڕزگاربوون لە کۆتی ئایدۆلۆجی بۆ بزووتنەوەی فێمینیزم،(۱) ئەمەش وایکرد ئافرەتانی ناو فێمینیزم بە تەواوی بەرەو تاکگەرایی بڕۆن و هەر یەکەو بەپێی ئایدۆلۆجیای خۆی ڕێسا و یاساکانی دابڕێژێتەوە و لەگەڵ تێپەڕینی ڕۆژگار و مۆدەدا پێناسەکان بۆ ئافرەت بگۆڕدرێن. خودی ئەم بانگەشەیەش کە دەڵێن: "ئێمە نابێت وابەستەی هیچ جۆرە ئایدۆلۆجیایەک بین" خودی ئەمەش ئایدۆلۆجیایە. کە کۆمەڵێک کەسی لەخۆ گرتووە و بانگەشەی بۆ دەکەن وەکوو هەر ئایدۆلۆجیایەکی دی. ئاشکراشە کە «مۆدە سیستمێکی بێ بەها و نارەوشتییە، نارەوشتیش یەکێکە لە نهێنییەکانی مۆدە. بەڵام مۆدە لەوە بۆتەوە کە جوان لە ناشرین جیا بکاتەوە»(۲) ئەمەش سەلمێنەری لەدایکبوونی پۆست فێمینیزم و دەمامکەکەیەتی لەناو منداڵدانی پۆست مۆدێرنەوە کە دوور لە ئایدیا و ڕەوشتییەت و خۆبەستنەوەیە پێیانەوەیە. بێگومانیش ئافرەت یەکەم نێچیری ئەوەیە؛(۳) "ئەو لە ڕەوشت لادان و لاوازییە ڕۆحییەی بەهۆی پۆست فێمینیزمەوە دووچاری ئافرەت بوویەوە، فێمینیزمی بەرە و ئەوپەڕی ڕووتکردنەوە لە هەموو بیروباوەڕە مرۆییەکان برد. چونکە ئافرەت تیایدا بووە قوربانی وخوێنمژەکان هەموو جۆرە دەستدرێژییەکان و دەستدرێژی سێکسی تیادا زیاتر بوو" (٤).

تێبینییەکی گرنگ کە پێویستە لێرەوە ئاماژەی پێ بدەم، ئەوەیە کە لە دوای شەپۆلی سێیەمەوە دەستەواژەی «قوتابخانە» تەنیا وشەیەکە بۆ فێمینیزم بەکار دەهێنرێت. فێمینیستەکان لە نێو گۆڤار و کتێب و وتارەکانیاندا بەکاری دەهێنن؛ بەڵام لە واقیعدا هیچ کام لە ئاڕاستەکانیان بنەمایەکی جێگیری

---

(۱) Sarah Gamble

(۲) ئازاد حەمە، ژان بۆدیار، پۆست مۆدێرنێتی.

(۳) ئالا دارا عبدالمجید، ئافرەت لە دیدی مەلای گەورەوە.

(٤) Sarah Gamble

فکری نییە تا دەستەواژەی «قوتابخانە» یان «ئایدۆلۆجیا»ی بۆ دابنرێت. بگرە زۆرجار داواکارییەکانیان تێکەڵدەکەن، وەک ئەوەی هەندێکجار گوێ لە فێمینیستێکی بەناو لیبراڵ دەگریت کە کۆمەڵێک داواکاری هەیە، بەڵام دەبوایە ئەو داواکارییانە هی فێمینیستێکی مارکسی بێت نەک لیبراڵی. یان لە هەرێمی کوردستاندا گۆمەکە قوڵتر دەبێتەوە و فێمینیستەکان زیاتر بەرەو سەرلیشێواوی دەڕۆن، زۆرجار گوێمان لە فێمینیستەکان دەبێت کە دەڵێن: "ئێمە هەم داوای مافەکانی ئایدۆلۆجیای جێندەر و هاوڕەگەزبازی دەکەین، هەم مافی ئافرەت." بەڵام لەوە تێنەگەیشتووە کە لە فرەجێندەری و هاوڕەگەزبازیدا ئافرەت بوونی نییە! نێر و مێ بوونی نییە! ئیتر چۆن لە هەمان کاتدا داوای مافی ئافرەتیش دەکەن؟! ئەسڵەن ئەگەر کەمێک فەلسەفییانەتر ڕەخنەیان لێ بگرین، ئەوەیە کە ئەوان هەر لە بنەڕەتەوە نازانن «ماف» چییە و چ شتێک سنوور بۆ مافەکان دابین دەکات.[1] زۆرێک لە فێمینیستە کوردەکان نازانن پێناسی «ماف» و «ئافرەت» بکەن؛ هێشتا لەوەدا گرفتیان هەیە کەچی داوای «مافی ژن»یش دەکەن! بۆیە دەڵێم چەمکی «قوتابخانە و ئایدۆلۆجیا» تەنیا قسەیەکە و هیچ بنەمایەکی نییە. فێمینیستەکان بۆ گەورەکردنی فکرەکەیان بەکاری دەهێنن.

لەدوای ئەمەوە فرە هەڵوێستی لە فێمینیستەکان بەدی دەکرێت، هەندێک لە فێمینیستەکان بە ڕەهایی خێزان بەرپەرچ دەدەنەوە؛ لەلایەکی تریشەوە گرووپێکی تر دروست دەبێت بەناوی«قوتابخانەی فێمینیزمی خێزانی».

پێویستە بشزانرێت، ژنانی شەپۆلی سێیەمی فێمینیزم لەژێر ناوی فێمینیزمندا کار و چالاکییەکانیان نەدەکرد. «ئۆرمی ڕیچارد» کە یەکێک بوو لە دامەزرێنەرانی ئەم ناوەندە، لە وەڵامی پرسیاری ؛؛بۆچی کەڵک لە وشەی

---

(۱) لە لاپەڕەکانی دواتر درێژە بە باسی (ماف) دەدەین

فێمینیزم بۆ ناساندنی چالاکییەکانی خۆیان وەرناگرن؟ دەڵێت: "لەلایەکەوە خۆمان بە بزووتنەوەی فێمینزیمەوە گرێ دەدەین و لەلایەکی تریشەوە بۆ کەڵک گرتن لەم وشەیە گیروگرفتیان هەیە، چونکە ناکۆکی لەسەر ئەم وشەیە هەیە کە هەندێک کەس دەیبەستنەوە بە ژنانی سپی پێستەوە" ئەمەش وایکرد گرووپێکی تر بەناوی «قوتابخانەی فێمینیزمی ڕەشپێست» دروست دەبێت.

ئاڕاستە هزرییەکانی فێمینیزم

وەک لە سەرەتاوە لە بەشی «میژووی ئافرەت» ڕوون بوویەوە کە گۆڕانکارییە یەک لەدوای یەکەکانی میژوو کاریگەری بەرچاویان هەبووە لەسەر ژیانی ئافرەتان. هەمان ئەو گۆڕانکارییانە کاریگەرییان لەسەر ڕەوتی فێمینیزم هەبووە و وایانکرد فێمینیزم بەسەر کۆمەڵێک قوتابخانە و ئاڕاستەی جیادا دابەش ببێت، بەپێی سەردەم و ناوچەکان هەر جارە و فکرێک باڵی کێشاوە بەسەر زەمەن و ناوچەیەکدا، جاری وا هەبووە فکری وجوودی یان فکری مارکسی و لیبراڵی و فکرەکانی تر بۆ ماوەی چەند ساڵێک بڵاو بووە لەنێو خەڵکیدا، فێمینیزمیش هەرجارە و لەگەڵ فکرەیەکیاندا خۆی داتاشیوەتەوە و کاریگەر بووە بەو فەلسەفەیەی کە زاڵ بووە لەو کاتەدا.

ئاشکرایە کە فێمینیزم یەک ئاڕاستە و قوتابخانەی هزری دیاریکراوی نییە، چونکە هەر فێمینیستێک و لە ئاڕاستەی خۆیەوە پێناسی پێ دەدات. «فێمینیزم» وەک هەر تیۆرێکی فەلسەفی بنەماکانی پانوبەرینن و گرانە دەستنیشان بکرێن، بەڵام بەهۆی ناسینی ڕەوت و ئاڕاستەکانییەوە دەتوانین دەستنیشانیان بکەین. فێمینیزم کۆمەڵێک بیرکردنەوە و گەشەسەندن و بنەما و ناساندنی جیاجیای هەیە، کە ئەویش خۆی لە کۆمەڵێک ئاراستەی هزریدا دەبینێتەوە کە هەر یەکەیان تایبەتمەندی خۆی هەیە و لێکۆڵینەوە تایبەت دەربارەی هەر یەک لە ئاڕاستەکان خراوەتە ڕوو، لەم بەشەدا ئاماژە بە گرنگترین ئاراستەکان کراوە.

بەڵام پێویستە بزانین کە ئاڕاستە جیاوازەکانی فێمینیزم لەسەر دوو خاڵ

یەک دەنگن[١]:

١- ئافرەت بە دریژایی مێژوو چەوساوەتەوە و لەژێر ڕکێفی پیاودا بووە.

٢- پێداگرتن لەسەر ئەوەی کە دەبێت کار بۆ ئەوە بکرێت ئەم ژێردەستەیی و پاشکۆییە کۆتایی پێ بهێنرێت.

دیارترین ئاڕاستە و قوتابخانەکانی فێمینیزم:

١- قوتابخانەی فێمینیزمی لیبراڵی[٢]:

"ئایا ئێمە تەنیا بەهۆی پیاوانەوە لێرەین؟"

ئامالی هۆڵست، ١٨٠٢

لەڕووی مێژوویییەوە ئاڕاستەی فێمینیزمی لیبراڵ، بە یەکەمین قوتابخانەی فێمینیزم دادەنرێت و لە شەپۆلی یەکەمی فێمینیزمدا سەری هەڵدا و تا ئێستاش حزوڕی هەیە لەناو قوتابخانەکانی فێمینیزمدا.

تۆنگ (Tong)[٣] پێیوایە کە ڕەوتی فێمینیزمی لیبراڵی باشترین دەروازەیە بۆ ناسینەوەی بیروبۆچوون و بنەماکانی فێمینیزم، چونکە قوتابخانەی فێمینیزم لە باوەشی لیبراڵیزمدا سەریهەڵدا و گەشەیکرد.

بە شێوەیەکی سەرەکی ئیشکردنی ئەم قوتابخانەیە جەختکردنەوەیە لەسەر

---

(١) لە پەرتووکی (فێمینیزم و هاوڵاتیبوونی یەکسان) نووسینی "سازگار عەبدولناسح"

(٢) چەمکی لیبراڵیزم لە (liberty)ەوە وەرگیراوە و بە واتای (ئازادی) دێت و، بە شێوەیەکی دیار جەخت لەسەر تاک دەکاتەوە.

(3) Tong R (1992) Feminist Through. London: Roeotledge: p.36.

وێکچوونی ژن و پیاو، واتە ژن و پیاو لەڕووی ماف و باری ژیانی کۆمەڵایەتی و توانا و ئەرک و بەرپرسیارێتییەوە یەکسان بن.

ئەم جۆرە، پێیان وایە یەکسانیی ژن و پیاو لە ڕێگەی ڕیفۆرمی سیاسی و یاساییەوە بەدەست دەهێنرێت[1]. باوەڕیان وایە کە ژن هەموو تواناو لێهاتووییەکی وەک پیاو هەیە. بۆیە ژن دەتوانێ پاش ڕەخساندنی دەرفەت، لەڕووی سیاسییەوە یەکسانی بەدەست بهێنێت؛ کار لەسەر ئەوە دەکات کە خودی ژن خۆی هەستێت بەوەی کە یەکسانی نێوان ژن و پیاو دەستەبەربکات.

هەروەها دەڵێن: دەبێت ئافرەت و پیاوان وەکوو یەک دەبێت دەرفەتی خوێندن و فێربوون و مافە مەدەنییەکانیان هەبێت و لەڕووی خۆشگوزەرانی و چوونە ناو کایە سیاسییەکانەوە وەک یەک بن.

پێیانوایە ئەوەی وا دەکات ژن و پیاو یەکسانبن عەقڵە، عەقڵ ئەو سەرزەمینە هاوبەشەیە کە ژن و پیاو وەک یەک لێ دەکات و یەکسانیان دەکات. وەکوو مەریوانی وریا قانیع دەڵێت: "ئەگەر ئافرەت هەمان هەلی خوێندنی لەبەردەمدا بێت و هەمان شێوازی پەروەردەکردنی هەبێت و هەمان مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت، کە لەگەڵ پیاودا دەکرێت، هەمان کاری پێ ببەخشرێت ـ دە بە پیاو بەخشراوە، هەمان هەلی سیاسی لەبەردەمدا کراوەبێت، وەک چۆن لەبەردەم پیاودا کراوەیە، ئەوکاتە دەتوانێت تواناکانی نیشان بدات و بیسەلمێنێت کە بوونەوەرێکی زیرەکە."

لە سەرەتادا ئەم قوتابخانەیە کاری بۆ باشکردنی گوزەرانی ژنان دەکرد، لە ڕوانگەی تەندروستی و فێرکردن و ئەخلاقی و کۆمەڵایەتیەوە، چونکە ئەوروپا هێندە دواکەوتوو بوون کە ڕێگرییان لە ئافرەتان دەکرد بخوێنن؛ ئەگەر ئافرەتێک خەریکی خوێندن بوایە، ئەوا لەلایەن پیاوانەوە نازناوی «قەحبەی پلەبەرز»یان

(۱) کنێر عبدالله، لە وتارێکیدا بۆ ماڵپەڕی "پێنوس"، بەناونیشانی "ڕەهەندەکانی فێمینیزم"

لێ دەنرا. ئەگەر کوڕیش خەریکی خوێندن بوایە ئەوا پێیان دەوت «ڕۆشنبیر». ئەمەش وایکردبوو کە زۆرجار کچان جلی کوڕان بپۆشن و خۆیان وەک کوڕ دەربخەن تا بخوێنن. جگە لەوەش ئەخلاقیان تەنیا لە ژندا کۆ کردبووەوە، ئەمەش وایکردبوو کە نەک تەنیا ژن، بەڵکوو پیاوانیش پشتگیرییان بکەن. وەک فەیلەسووف «جۆن ستیوارت میل» و «جێرمی بنسام» داوای یەکسانی مافی دەنگدان و ئەخلاقی جنسیان لەنێوان ئافرەت و پیاواندا کردووە و بەرپەرچی ئەو بۆچونەیان داوەتەوە کە ئەخلاق لە ئافرەتدا کۆبکرێتەوە، «جێرمی بنسام» وتویەتی: "ناکرێت کە کارێکی ئاکەخلاقی سێکسی ڕوویدا تەنیا ئافرەتەکە تاوانبار بکرێت و ئەو پیاوەش کە هاوبەشی کردووە بۆی دەربچێت. بەڵکوو نێر و مێ هەردوکیان یەکسانن و تاوانبارن."

هەر بۆیە یەکەم هەوڵیشیان کردنەوەی دەرگای سیاسەتە بەڕووی ژندا و یەکسانیی لەڕووی سیاسییەوە. ئەم باوەڕەش وادەکات ئەم فێمینیستانە پێ لەسەر بەشداری سیاسی تەواوەتی ئافرەتان لە پرۆسە سیاسییەکاندا دابگرن؛ داوای ئەوەش دەکەن کە ئافرەت و پیاو دەبێت لەڕووی یاساییەوە بە یەکتری یەکسانبن.

فێمینیزمی لیبراڵ لەڕووی مامەڵەکردن لەگەڵ پیاواندا نەرمووتیانترین ڕەوتی فێمینیزمە، چونکە هەوڵی لابردن و سووکایەتیکردن بە پێگەی پیاو نادەن؛ هەوڵی گۆڕینی هەندێک لە پێکهاتەی کۆمەڵگە دەدەن نەک وەک ڕادیکاڵییەکان هەوڵی گۆڕانی کۆمەڵایەتی ژێرەوژوور بدەن. هەرچەندە هەندێک لە فێمینیستەکانی تر پێیان وایە کە لیبراڵییەکان کەوتونەتە ژێر کاریگەری نەزمی کۆمەڵایەتییەوە و بێ فێمینیستە ڕادیکاڵییەکان ناتوانن ڕەوتێک بۆ بەدەست هێنانی مافەکانی ژنان ڕێکبخەن.

لە ڕاستیدا داواکارییەکانی ژنانی لیبراڵ لە ئەورووپا تا ڕادەیەک

داوایەکی ڕەوا بووە، هەنگاوێکی باش بووە بۆ بەرەوپێش چوونی ئاستی ژن. بەڵام داواکانیان بە ڕەهایی ڕەوا نەبووە، چونکە ناکرێت ژن و پیاو لە هەموو شتێکدا بە ڕەهایی یەکسانبن، لەبەرئەوەی سروشتیان جیاوازە[١].

لە حەقیقەتدا ئەم قوتابخانەیە پیاویان کردووە بە پێوەر بۆ خۆیان، بە ڕواڵەت بانگەشەی ئەوە دەکەن کە ئافرەت لە پاشکۆبوونی پیاوان دەردەهێنن، بەڵام بە پێچەوانەوە ئێستا ئافرەتیان کردووە بە پاشکۆ، چونکە ئەگەر پیاو لە کۆمەڵگەدا هەر پێگە و پلە و مافێکی هەبێت، ئەمان هەوڵی ئەوە دەدەن کە بۆ ئافرەتیشی بەدەست بهێنن، وەک مافی دەنگدان و بەشداریکردن لە کۆڕ و کۆبوونەوە و ئەندام بوون لە پەرلەمان و جۆرەکانی ئیشکردن، تەنانەت لە جلوبەرگیشدا لاسایی پیاوان دەکەنەوە، لە مامەڵەوە و قسەکردن، بێ ئەوەی بیر لە جیاوازی پێکهاتەی جەستەیی نێوان پیاو و ژن بکەنەوە، ئەگەر بێت و پیاوان کارێک بکەن و ئەمان نەیکەنەوە هەست بە کەموکوڕتی و لاوازی دەکەن لەبەرانبەر پیاواندا. ئەو عەقڵەی لیبراڵییەکان کردویانە بە زەمینەی یەکسانیی، هەر ئەو عەقڵە بەرپەرچی فیکری یەکسانیی دەداتەوە.[٢][٣]

---

(١) سەبارەت بە جیاوازی نێوان ڕەگەزی نێر و مێ لە بەشی (ڕێکەوتننامەی سیداو ڕوونکردنەوەی زیاترمان داوە کە جیاوازییەکان چین.

(٢) سەبارەت بە خاڵی یەکسانیبوونی ژنان و پیاوان لەلایەن لیبراڵییەکانەوە تەماشای بەشی ڕەخنە لە فێمینیزم بکەن.

(٣) ئەو سەرچاوانەی لە نووسینی ئەم ئاڕاستەیەدا بەکارم هێناون، بریتین لە:

١- مالێپەری ژنەفتن

-Marlin Le Gate: A History Of Feminism In Western Society.

٣- پەرتووکی (فێمینیزم و هاوڵاتیبوونی یەکسان) نووسینی "سازگار عەبدولناسح"

٤- کنێر عبدالله، لە وتارێکیدا بۆ مالێپەری "پێنوس"، بەناونیشانی "ڕەهەندەکانی فێمینیزم"

٥- پەرتووکی (النسوية: فكرها واتجاهاتها)، نووسینی دکتۆرە (نورة فرج سعيد)

۲- قوتابخانەی فێمینیزمی مارکسی:

ڕوانگە و چوارچێوەی بیری فێمێنیزمی مارکسی هەڵقوڵاوی بۆچوونەکانی مارکسو ئەنگڵسە. کتێبی «سەرچاوەی بنەماڵە، خاوەندارێتی تایبەت و دەوڵەت»ی ئەنگڵس، سەرچاوەی کلاسیکی فێمێنیستە مارکسییەکانە.

قوتابخانەی «فێمینیزمی مارکسی» لە ئەنجامی یەکگرتنی فێمینیزم و مارکسیزمەوە هاتەکایەوە. فێمینیستەکان وتەکانی مارکسیان بۆ ئامانجەکانی خۆیان بەکارهێناوە، لە لایەکی تریشەوە مارکسییەکان پشتگیری وتەی فێمینیستەکانیان بۆ خزمەتی فکری مارکسییەت کردووە.

ئەم قوتابخانەیە کێشەی چینایەتی و مووڵکداریان لەگەڵ پیاواندا هەیە، تەوژمێکی مووڵکداری سەرمایەداریی دەگرێتەوە کە پێی وایە ژن دەبێت کاربکات و مووچە وەربگرێت لەبەرانبەر کارەکەیدا، ڕەدی دەدەنەوە کە ئافرەت وەک مووڵکی پیاو سەیر بکرێت، ژن هەر شتێکی پێ خۆش بوو دەکرێت بێ پرسی مێردەکەی بیکات. ژن دەبێت ئازاد بێت لە پەیوەندی سێکسی لەگەڵ پیاودا و هاوسەرگیری بۆ ئەم حاڵەتە ڕێگرنییە، چونکە ئافرەت مووڵکی پیاو نییە، واتە داوای ئازادی ڕەها دەکەن.(1)

هەروەها دەڵێن، چۆن ئافرەت لە دەرەوە کاردەکات و لەبەرانبەریدا پارە وەردەگرێت، پێویستە لەناو ماڵیشدا بۆ کاروباری ناو ماڵ پارە لە مێردەکەی وەربگرێت! واتە ئیشکردنی ناوماڵ بە پارە بێت. هەموو مامەڵەیەکی نێوان ژن و مێرد، یان دایک و کوڕ، و باوک و کچ، لەڕووی سەرمایەداری و ماددی و سیاسییەوە تەماشا دەکەن. ئەسڵەن هەندێکیان بروایان وایە کە لە ڕاستیدا ڕووبەڕووبوونەوەی سەرجێیی نێوان ژن و مێرد ڕووبەڕووبوونەوەیەکی سیاسییە!

---

(1) "Marxism and feminism: can the 'unhappy marriage" be saved ? ." Journal of Political Ideologies

ئەمەش بووە هۆی هاتنە کایەی سیستمێکی سەرمایەداریی بۆ جیاوازیکردنی کاری تایبەتی و گشتی و گۆڕینی سیستمی ئابووری. لەم قوتابخانەیەدا ململانێی نێوان ژن و پیاو لەڕووی ماددیەوە سەریهەڵدا.

بەشێک لەداهێنانەکانی چەمکی مرۆڤناسانەی ئەم مەسەلەیە بەپێی بۆچوونەکانی «مۆرگان» داڕێژراوە. کەسانێک وەک «ئاگۆست بیل»، «کلارا زدکین»، «ئەلکساندر کۆلنتای»، «ئیولین رید» و «لیز واگل» بەخاوەنانی سەرەکی فێمێنیسمی مارکسی دێنە ئەژمار.

٣- قوتابخانەی فێمینیزمی ڕادیکاڵی (تووندڕەوەکان):

"دەسەڵات تایبەت بە پیاوانە، ئەم قسەیەش پێویستی بە سەلماندن نییە"[١]

باربێل کلیمێنس

ئەم قوتابخانەیە پاش قوتابخانەی لیبراڵ، و مارکسی دروست بوو، بە نیازی پڕکردنەوەی کەموکورتییەکانی دوو قوتابخانەکەی پێشوو، بەڵام بە شێوەیەکی توند بە قوتابخانەی فێمینیزمی مارکسی کاریگەربوون، لەهەمان کاتیشدا ڕەخنەیان لێدەگرێت! زۆرینەی فێمینیستەکان نێو قوتابخانەی فێمینیزمی ڕادیکاڵ لە ئەمریکا بریتین لە ئافرەتانی سپی پێست و ئافرەتانی چینی مامناوەند لە ئەمریکا، بەوەش ناسراون کە دژی فێمینیزمی ئەوروپان.[٢]

دامەزرێنەرانی ئاڕاستەی فێمینزمی ڕادیکاڵ لەچاو فێمینیستە لیبراڵەکان

---

(1) Quoted in Barbel Clemens."menschenrechat haben kein geschlechtf" Zum politikverstanis der burgerlichen fraunbewegung, 52

(٢) نرجز رودگر: فیمینزم.

کەم تەمەنتر بوون، زۆریەیان تەمەنیان لە پانزەوە بۆ بیست ساڵان بوو، یان خەریکی خوێندن بوون یان تازە خوێندنیان تەواو کردبوو[۱]، «ئان پۆپکین» دەڵێت "بە گشتی ئێمە هێشتا پابەند نەبووین بە هاوسەرگیری و بنەماڵە و پیشەوە، لە تەمەنێکی هەستیار و ئەستەمدا بووین، چونکە تازە زانکۆمان تەواو کردبوو و دەبوایە سەبارەت بەم هەموو پرسانەی ژیانمان بڕیارمانبدایە"[۲].

«جۆرج ڕیتەرز» کە نووسەر و لێکۆڵەرە لە بواری فێمینیزم، پێی وایە فێمینیزمی ڕادیکاڵ فراوانترین قوتابخانەی فێمینیزمە، هۆکارەکەشی دەگەڕێنێتەوە بۆ ئەو ڕا جیاواز و زۆرەی لەنێو فێمینیستە ڕادیکاڵییەکاندا هەیە.

فێمینیزمی ڕادیکاڵ زیاتر لە کیشوەری ئەمریکای باشور و ئەمریکا و چیک و هەنگاریا هەیە و هاوبیرێکی زۆیشیان لە ئەڵمانیا و بەلجیکا و پۆڵندا هەیە، پێیان وایە لە بنچینەدا کێشەی ئافرەت پیاوە، ئەگەر پیاو لاببرێت ئەوا ئافرەت کێشەی نابێت. داوا لە ژنان دەکەن کە پیاو لە ژیانیاندا لابدەن و ڕوبەڕوویان ببنەوە و وەک سزایەک بۆ پیاوان داوای جیاکردنەوەی کۆمەڵگەی ژنان لە پیاوان دەکەن، لە گرنگترین نووسەرانی ئەم قوتابخانەیە بریتین لە «شولامیس فایرستۆن» و «کیت میلیت» و «ئان ئۆکلێی» و «ماری دالی».[۳]

---

(1) Marlin Le Gate: A History Of Feminism In Western Society.

(2) Ann Popkin, " The Personal Is Political; The women,s libration movement; radicals remember the 60s,ed.189

(3) Feminist Political Theory: An Intriduction; VALARIE BRYSON

ئامانج و دروشمەکانیان:

١- ئامانجی یەکەمیان لابردنی سیستمی باوک سالاریی و پیاوسالارییە.

٢- نەوەی یەکەمی فێمینیزمی ڕادیکاڵی منداڵبوونیان وەک شتێکی نەرێنی وێنا کردووە، وەک ڕێگرییەک لەبەردەم گەشەکردنی ئافرەتدا بینیویانە.

٣- بە پێچەوانەی لیبراڵییەکانەوە، ئەمان پێیان وایە کە دەستکاریکردن هیچ لە بابەتەکە ناگۆڕێت، داوای دروستکردنی دامودەزگای نوێ دەکەن. دەزگا باڵاکان دەبێت هەڵبوەشێنرێتەوە و دەزگای نوێ لەلایەن خۆیانەوە دابنرێت، دەبێت سەرجەم دەزگاکان بە شێوەی ڕادیکاڵی دابمەزرێنرێنەوە و بگۆڕدرێن و تەنیا ئافرەتان کاربەدەست بن.

٤- هەروەها خودسەنتەرییەکانی نێو ڕادیکاڵەکان پێیانوایە ئەگەر دان بەوەدا نەنرێت کە پیاو و ئافرەت لێکجیاوازن و بەردەوام قسە لەسەر یەکسانی و لێکچوونی پیاو و ژن بکرێت، ئەوکاتە شتەکان لە قازانجی پیاو و زیانی ئافرەتدا دەبن. دەڵێن قۆناغبەندی ڕەگەزی وایکردووە کە ئافرەتان شوێنکەوتەی پیاوان بن، بۆیە لە بنەڕەتەوە پێویستە قۆناغبەندی ڕەگەزی نەمێنێت و نەکرێت بە پێوەر، چونکە ئەو کۆمەڵگەیەی کە وادەکات مافەکانی ئافرەت پارێزراو بێت، کۆمەڵگەیەکە کە تەنیا ئافرەت بڕیاربەدەست بێت تێیدا، نەک کۆمەڵگەیەکی دوو ڕەگەزیی!

٥- لابردنی سیستمی خواڕسکی سێکسی یەکێکی تر لە ئامانجەکانیان، ڕادیکاڵەکان هاوسەرگیری نێوان نێر و مێ بە دەرەنجامی سیستمی پیاوسالاری دەبینن و پێیان وایە کە سیستمی پیاوسالارییە وایکردووە کە نێر و مێ پێویستییان بە یەکتر بێت، ئەم شێوازی ژیانکردنە هەڵبژاردەی مرۆڤ و سیستمی پیاوسالارییە و پێویستە ئافرەتان لە کۆتوبەندی ئەوە دەربچن کە پێویستییان بە پیاو بێت، ئەگەر ئافرەت یاساکان دابڕێژێتەوە ئەوا نێر و مێ بۆ

یەکتری پێویست نین.

(لێرەوە ڕادیکاڵەکان دەرگایەکی تر دەکەنەوە بۆ هاوڕەگەزبازی).

٤- قوتابخانەی فێمینیستی سۆسیالیستی:

ئەم تیۆرە جەخت لەسەر قەوارەی تاکەکەسی و ژیانی گشتی ژن دەکاتەوە، پێی وایە هەتا کۆتایی بە کێشە کولتووریی و ئابوورییەکان نەهێنرێت کۆتایی بە کێشەی ئافرەتان ناهێنرێت. تێکەڵەیەکە لە ڕەخنەگر لە هزری مارکسی و ڕادیکاڵی، لە مارکسیستەکانەوە گرنگیدان بە ئابووری و لە ڕادیکاڵییەکانیشەوە گرنگیدان بە ڕەگەز وەردەگرن. «جولییێت میشێل»، «هایدی هارتمەن»، «ئالیسۆن جیگر» لەڕیزی سەرەکی خاوەنانی بیرۆکەی ئەم ڕەوتە فیکرییە بوون.[1]

نووسراوی هاوسەرگیری ناسەرکەوتووی فێمێنیسم و مارکسیسم، بەرهەمی «هایدی هارتمەن» لەڕیزی بەرهەمە کلاسیکەکانی ئەم ڕەوتە فیکریەیە.

فێمێنیستە سۆسیالیستەکان لەسەر ئەو باوەڕەن، بۆ ئاڵۆگۆڕی دۆخی ئێستا بۆ گەیشتن بەکۆمەڵگەیەکی یەکسان، دەبێت خەباتێکی هاوکات لەدژی پیاو و سەرمایەداریی لەئارادا بێت.

بەمشێوە گەشەی کردەوە و ناوەندی خەبات لەڕوانگەی فێمێنیستە سۆسیالیستەکان تەنیا بەکارخانەکانەوە نابەسرێتەوە بەڵکوو سەرجەمی ناوەندە گشتی و تایبەتییەکان دەگرێتەوە.

هەروەها پێشیانوایە کە نابێت کار دابەش بکرێت، واتە نابێت هەندێک کار تەنیا ئافرەت بیکات و هەندێک کاریش تەنیا پیاو بیکات، بەڵکوو ئافرەت و

(1) Feminist Political Theory: An Intriduction; VALARIE BRYSON

پیاو یەکسانن(لەم خاڵەدا وەک لیبراڵییەکان بیر دەکەنەوە).

بڕواشیان وایە سەرمایەداریی و پیاوسالاریی ستەمن، پێویستە سیستمی ئابووری بگۆڕدرێت و دەسەڵات بەدەستی سۆسیالیستەکانەوە بێت.

ئامانجەکانیان:

۱_ هەڵوەشاندنەوەی سیستمی کاپیتاڵیزم و پیاوسالاری.

۲_ بە شێوەیەکی گشتی زیاتر جەخت لەسەر یەکسانی ئابووری دەکەنەوە.

۳_ کارکردن بۆ کۆمەڵگەیەک کە لەسەر بناغەی چینایەتی دانەمەزرابێت.

٥- قوتابخانەی فێمینیزمی بوونگەرایی(وجوودی):

"مرۆڤ چیدی نییە جگە لەوەی کە خودی خۆی دروستی دەکات"[1]

«مۆریس کرانستۆن»

بنەڕەتی ئەم جۆرەی فێمینیزم لەسەر فەلسەفەی بوونگەرایی بنیاتنراوە، کە دەگەڕێتەوە بۆ «جان پۆڵ سارتەر» و «سیمۆن دی بۆڤوار»[2]، سەرتاڵی ئەم قوتابخانەیەش «سیمۆن دی بۆڤوار» ی نووسەری پەڕتووکی ئینجیلی فێمینیستەکان کە پەڕتووکی «The Second Sex».

حەقیقەتی فیکری وجوودی ئەوەیە کە ئازادی و دەسەڵاتی ڕەها بۆ تاکەکەس

---

(۱) مۆریس کرانستۆن، سارتەر لەنێوان فەلسەفە و ئەدەبدا

(۲) ئەڤین ئاسۆس،

دەگەڕێننەوە و لەو بڕوایەدایە کە مرۆڤ لە کۆمەڵگەدا خاوەنی ئازادی ڕەها و خودی خۆیەتی بەبێ ئەوەی لەژێر هەژموونی هیچ ئایدیۆلۆژییەکدا بێت.

"ڕوون و ئاشکرایە کە کتێبەکەی بە درێژایی سی ساڵ پایەیەکی گەورەی وەهای لە فیکری فێمینیزمی کلاسیکدا بەدەست هێنا کە ئەگەر هەموو دەستپێکی نووسینێکی فیکری فێمینیستی لێی نزیک نەبێتەوە و سوودی لێ نەبینێت و نەیخاتە ڕوو و گفتوگۆی لەسەر نەکات، ئەوا تەواو دەرناچێت."(١)

لە کتێبەکەدا سیمۆن باس لەوە دەکات کە ئافرەت وەک "ئەوی تر" تەماشا دەکرێت و مامەڵەی ژێردەستەی پیاوی لەگەڵدا دەکرێت، پێشی وایە کە لە ئێستادا ئافرەت وەکوو بوونەوەرێکی ناسک ناسێنراوە، دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە کۆمەڵگە وا مامەڵەی لەگەڵدا دەکات، بە بۆچوونی ئەو ئەگەر ئافرەتیش لە منداڵییەوە وەکوو پیاو کاری قورسی پێ بکرێت، ئەوا ئافرەتیش ماسولکەی بەهێز دەبێت وەکو پیاو، و دەڵێت "هەڵەیە کاتێک ئێمە ئەوی تر بوونی ژنان بگەڕێنینەوە بۆ لایەنی بایۆلۆجی، بەڵکوو لەڕاستیدا ئەوە شێوازی پەروەردەکردن و ئەو کۆمەڵگەیەیە کە تێیدا دەژی و، ئەو کۆمەڵگەیە چارەنووسی بۆ داناوە"(٢) بەڵام لە حەقیقەت و لەڕووی زانستییەوە ئەم بۆچوونەی دی بۆڤوار هەڵەیە، چونکە بایۆلۆجی سەلماندوویەتی کە جەستەی پیاو و ئافرەت جیاوازە.

هەروەها دی بۆڤوار بەرکەوتنی لەگەڵ فەیلەسووفی نەمسایی «سیگمۆند فرۆید» بۆ دروست دەبێت لەبارەی تێڕوانینەکانی بۆ ژێردەستەیی ئافرەت و، ڕەخنەی لێ دەگرێت، چونکە فرۆید پێیوایە نزمی و بەکەم تەماشاکردنی ئافرەت دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ڕەگەزی مێیینە ئەندامی نێرینەی نییە و،

---

(١) النسوية: فكرها واتجاهاتها: نورة فرج سعيد.

(٢) The Second Sex: Simone de beauvoir

هەروەها پێیوایە بەهۆی نەبوونی ئەندامی نێرینەوە، ئافرەت کەوتۆتە مەینەتی و موعاناتێکی زۆرەوە.

سیمۆن دی بۆڤواریش ڕەخنە لە بۆچوونەکەی فرۆید دەگرێت و شیکردنەوەکەی بە شیکردنەوەیەکی دەروونی لاواز دەبینێت.

بۆچوونەکەی فرۆید لە دیدی دیبۆڤوارەوە شتێکی تر، سیمۆن دی بۆڤوار پێیوایە نزمی و بەکەم تەماشاکردنی ئافرەت دەرەنجامی ئارەزووکردنی ئافرەتە بۆ گەیشتن بەو پلە و دەستکەوت و خەسڵەتە ماددی و سایکۆلۆژییانەی کە پیاو دەستی دەکەوێت، نەک حەزکردنی ئافرەت لەوەی کە ئەندامی نێرینەی پیاوی هەبێت.(١)

بەڵام ئەوەی گرنگە باس بکرێت ئەوەیە کە لە حەقیقەتدا تێڕوانینی فرۆید و دی بۆڤواریش هەڵەیە، چونکە لەڕاستیدا نزمی و بەکەمتەماشاکردنی ئافرەت دەگەڕێتەوە بۆ تێنەگەیشتنی خەڵکی-بە ڕەگەزی نێر و مێوە- لە پێگە و ئەسڵی بوونی نێر و مێ.

نە پیاو نە ژن ڕۆڵیان نەبووە لە دروستبوونی خۆیاندا تا شانازی بە ڕەگەز و ئەندام و جەستە و ڕەنگیانەوە بکەن، کاتێک خودا مرۆڤەکانی دروست کرد و هێنانییە بوونەوە، وەکوو مرۆڤ مامەڵەی لەگەڵ کردن. لەو دروستبوونەشدا نێر و مێ سەرپشک نەکراون کە ئایا خۆیان نێرایەتی یان مێیینەیی هەڵدەبژێرن، بەڵکوو خودا ئاوا دروستی کردوون.

بۆیە نە ئەندامی مێیینە نە ئەندامی نێرینە جێی شانازی نییە بۆ مرۆڤی عاقڵ و تێگەیشتوو.

هەروەها بۆچوونەکەی سیمۆن دی بۆڤواریش ڕاست نییە، چونکە لە

---

(١) النسوية: فكرها واتجاهاتها: نورة فرج سعيد.

بنەڕەتەوە ناکرێت ئافرەت هەوڵ بۆ ئەو دەستکەوت و پێگانە بدات کە پیاو پێی گەیشتووە، چونکە ڕۆڵ و ئامانجی ڕەگەزی نێر و مێ بریتی نییە لەوەی بگەن بە پێگەی یەکتری، ئەگەر هەوڵیشی بۆ بدەن، ئەوا تەنیا لە ڕەگەزی خۆیان دەرچوون و نەگەیشتوون بە پێگەی ڕەگەزەکەی تر.

بەڵکوو لە حەقیقەتدا لای خودا گەورەیی و پێگەی پیاو دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە بۆ ڕەگەزی بەرانبەر باشبێت و، بەرزی پێگەی ئافرەتیش دەگەڕێتەوە بۆ باشبوون بۆ ڕەگەزی بەرانبەر، پێش هەموو ئەوانەش، پێوەری باشی و بەرزی دەگەڕێتەوە بۆ گەیشتن بەو ئامانج و مەبەستانەی کە خودا بۆ دوو ڕەگەزەکەی دیاری کردووە، نەک ئەوەی کە خۆیان بۆ خۆیان دیاری دەکەن.

(تەماشای بەشی (شەپۆلی دووەمی فێمینیزم) بکەنەوە بۆ زانیاری زیاتر و خوێندنەوەی ڕەخنە و سەرنج لەسەر فەلسەفەی بوونگەرایی و بۆچوونەکانی سیمۆن دی بۆڤوار، لەم بەشەدا بەوەندە کۆتایی پێ دەهێنم.)

٦- قوتابخانەی فێمینیستی هاوڕەگەزباز:

"فێمینیستەکان زۆر درۆیان وتووە کە هۆکاری ئەو درۆیانەشیان دەگەڕێتەوە بۆ گەستنیان لەلایەن بەرنامەی هاوڕەگەزبازییەوە، شەپۆلی سێیەمی فێمینیزم بەگشتی دەربارەی شکاندنی پێناسە ڕەگەزییەکانە کە لە کۆتاییدا ژنێتی لەناودەبات"

«پۆل ولیەمس»

لیزبیانەکان (Feminist Lesbian) ئەو ژنانەن کە پەیوەندییە کۆمەڵایەتیی و سێکسی و خۆشەویستیەکانیان لە گەڵ هەمان ڕەگەز ڕێک دەخەن.

لە سەرەتای ساڵەکانی ۱۹۷۰و کۆتاییەکانی هەشتاکاندا، ئەو ژنانەی کە هەڵگری ئەو بیرە بوون پێان وابوو پیاوان سەرچاوەی ئازارەکانی ژنانن، لێرەوە ئەو گرووپە لە ژنان بە شێوەیەکی جدی ڕەخنەی لەو پەیوەندییەیان دەگرت کە بە پەیوەندی هێترۆسێکشوالّی (Heterosexuality) ناسرابوو، واتە (ژیان لە ناو پەیوەندییەکی کۆمەڵایەتیدا کە پەیوەندی سێکسی وخۆشەویستی لەگەڵ ڕەگەزی بەرانبەردا ڕێکدەخرێت)، پڕۆسەی هاوسەرگیری ڕەتدەکەنەوە لەگەڵ ڕەگەزی بەرانبەردا، چونکە لە دیدی ئەوانەوە لە نێو ئەم پەیوەندییەدا جۆرێک لە دەسەڵاتی پلەبەندی کۆمەڵایەتی«سۆشیاڵ هایرارکی» بوونی هەیە و پیاو تێدا سەنتەرو بڕیاردەرە. ئەم گرووپە بانگەشەی هاوڕەگەزبازی دەکەن و ڕەواج بە جووتبوون لەگەڵ ڕەگەزی خۆیان دەدەن، هەم خۆیان هاوڕەگەزبازن، هەم پشتگیری لە هاوڕەگەزبازان و ڕەگەز گۆڕاوەکان دەکەن، ئەوان ڕەخنەی تووند لە کەپیتاڵیزم و بیری ماسکولینیتی (Masculinity) - ئەو بیرەی کە سەنتراڵیەتی پیاو لە کۆمەڵگادا فەراهەم دەکات- دەگرن. لە گەڵ ئەوەشدا ئەم گرووپە فێمینیستانە وەک کۆمەڵێک ژنی توڕە ناسراون کە ڕقیان لە پیاوانە.

ئەوەی جێی سەرنجە ئەوەیە کە لە یەکێک لە ئاڕاستەکانی فێمینیزمدا، قوتابخانەیەک هەیە بەناوی «فێمینیزمی هاوڕەگەزباز»!؛ لەهەمان کاتیشدا چەمکی فێمینیزم وەک بەرگرییەک لە مافی ئافرەت و مێ بەکار دەهێنن! لەکاتێکدا هاوڕەگەزبازی دژی ڕەگەزە! لە جیهانی هاوڕەگەزبازیدا شتێک بەناوی «مێ» یان «نێر» بوونی نییە!

فێمینیزمیش بانگەشەی ماف و سەرخستنی ڕەگەزی مێ دەکات!

بۆیە فێمینیزم و هاوڕەگەزبازیی وەک وایەری سارد و گەرم وان، بدرێن لە یەک تەقینەوە ڕوو دەدات.

۷- قوتابخانەی فێمینیزمی کولتووری:

ئەم قوتابخانەیە بە پێچەوانەی قوتابخانەکانی تر‌ەوە، هەر لە سەرەتاوە بەرپەرچی پرسی یەکسانی نێوان نێر و مێ دەداتەوە، و جەخت لە جیاوازی بنەڕەتی نێر و مێ دەکاتەوە، چونکە بە بڕوای ئەمان نێر و مێ لە یەک جیاوازن. هەروەها نێرەکانیش یەک جۆر نین، بۆیە ناکرێت مێ بە نێر یەکسانبکرێت.[1]

فێمینیستە کولتوورییەکان ڕوانگەیەکیان هەڵبژاردووە کە دەتوانرێت بە «ژن تەوەر» ناودێر بکرێت، واتە ڕوانگەیەک کە پێداگریی لەسەر ئەو بەها فێمینیستییانە دەکاتەوە کە هەڵقوڵاوی ئەزموونی فێمینیستەکانە، بە باوەڕی ئەمان چاوپۆشیکردن لەم بەهایانە خۆڕادەست کردنە بەرانبەر بە پێوەرە پیاوانەکان کە یەکسانی بە هەمان وێکچوون لەقەڵەم دەدەن.

بۆیە فێمینیستە کولتوورییەکان لەگەڵ ئەو جۆرە پێناسەکردنەی فێمینیزمدا کۆک نین کە هەوڵی دەستەبەرکردنی یەکسانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و مافەکان دەدات! لەبری ئەوەش دەڵێن دەبێت فێمینیزم بەگوێرەی ئاستی پەرەسەندنی سەربەخۆیی ژنان پێناسە بکرێت و سەرکەوتنیشیان بەگوێرەی پانتایی ئەو بەهایانە هەڵبسەنگێنرێت کە بەسەر کۆمەڵگەیدا دەسەپێنن. دەشڵێن ئەم پێناسەیە هۆکار نییە بۆ ئەوەی ڕێگری لە پیاوان بکرێت کە فێمینیست بن.

بەڵام جۆرەکانی فێمینیزمی کەلتووری لە ڕابردوودا هەمیشە بەم شێوەیە واتایەکی ڕادیکاڵیان نەبووە. بۆ نموونە؛ بابەتی دایکایەتی لە تەوژمی یەکەمی فێمینیزمدا لەبەرچاو بگرن، لەو ڕووەوە کە زۆرێک لە ئەزموونەکانی ژنان بەستراوەتەوە بە دایکایەتییەوە؛ زۆربەی فێمینیستەکان هەوڵیانداوە لەجیاتی ڕەتکردنەوەی، سەرلەنوێ بایەخی کۆمەڵایەتی ئەم بابەتە بوروژێننەوە، زاراوەی

---

(1) Alcoff, L 'Cultural Feminism versus Poststructuralism: The Identity Crisis in Feminist Theory'

فێمینیستی دایکانەش هەر لێرەوە سەرچاوەی گرتووە.[1]

٨- قوتابخانەی فێمینیزمی ڕەشپێست:

"ژنانی سپی پێست تەنیا بیر لە ڕەگەز دەکەنەوە و هیچ گرینگی بە نەژاد نادەن."

«فرانسیس ئێلێن واتکینز هارپەر»

لەڕاستیدا نەژادپەرستیی دیوی قێزەونی وڵاتە ئەورووپی و ئەمریکییەکانە، پاش ئەوەی لە سەدە تاریکەکانی ڕۆژئاوادا نافرەتان و ڕەشپێستەکان دەیاننالاند بەدەست زاڵێتی نەژاد و نەژادپەرستییەوە، کە جیاکاری نەژادی لە خوێندن و مافە کۆمەڵایەتییەکاندا دەکرا، ئێستا کە بەحساب سەدەی ڕۆشنبیری و پێشکەوتنی ڕۆژئاوایە، سەرەڕای ئەوەی کە بە چەندەها جارنامەی جیهانی و یاسا و ڕێسای نێودەوڵەتی ڕەگەزپەرستی بوغزێنراوە بەڵام هێشتا سپی پێستەکانی ڕۆژئاوا بەزۆرەملێ ئەسپی خۆیان لە مەیدانی ڕەشپێستەکاندا تاودەدەن؛ تەنانەت لە یارییەکانیشدا سووکایەتی بە ڕەشپێستەکان دەکەن، مۆز دەگرنە یاریزانە ڕەشپێستەکان، وەک ئاماژەیەک بۆ ئەوەی کە پێیان بڵێن "ئێوە مەیمونن، مرۆڤ نین!". دەیانجار پاش یاری، یاریزانی ڕەشپێستی وەک «ماریۆ بالۆتێلی و دانییێل ئەلڤێس، ڤینیسیۆس جۆنیۆر و...»و دەیانی دیکەمان بینیوە کە لەبەرانبەر سووکایەتی سپی پێستەکاندا بە گریانەوە یاریگایان بەجێ هێشتووە.

---

(1) A History of Feminism In Western Society: Marlin Le Gate.

ئەم ڕەگەزپەرستییە کە ئافرەتان لێیان ڕادەکرد، فێمینیستەکان دروستیان کردەوە. ئەو فێمینیستە سپی پێستانەی کە بانگەشەی یەکسانی بوون و مافی ئافرەت دەکەن، ڕێگە نادەن فێمینیستە ڕەنگامەپێستەکان(هەمەچەشنە ڕەنگ) بەناوی ئەمانەوە قسە بکەن و وشەی «ئێمە» بۆ ژنانی جیهان بەکار بهێنن! یان بە ڕەوای دەبینن خراپ مامەڵە لەگەڵ ڕەشپێستەکان بکەن، «فرانسێس ئێلێن واتکینز هارپەر» بە پشتبەستن بە ئەزمونەکانی خۆی، ئەوەی دەزانی کە "ڕەشپێستبوون لە ڕۆژئاوا بەو واتایە دێت کە هەموو تاکێکی سپیپێست، تەنانەت ژنێکی چینی کرێکار، دەتوانێت بە هەڵاواردن لەگەڵتدا بجوڵێتەوە"[1]

دەستپێکی مەسەلەی خستنە ژێر پرسیاری چەمکی ژن لەخەباتی ژنانی فێمینیستی ڕەش پێستدا، لەمەڕ لابردنی ستەم لەسەر کەسایەتی ژن لێدرا. ڕەوتی فێمێنیزمی ڕەش لەدرێژەی خەباتی دەیەکانی ۱۹۵۰وە تیۆریزە کرا، کە لەکەسایەتییە دیارەکانی ئەم بۆچوونە دەتوانین ئاماژە بە «بێل هۆکس» بکەین.[2]

لەڕاستیدا فێمێنیستە ڕەشەکان مەسەلەی ئەوەی کە هەموو ژنان بەهۆی ژن بوونیان لەبەرهەیەکدان ڕەتدەکاتەوەو دەیخاتە ژێر پرسیارەوە.

بەرهەمی کارەساتباری خەباتی فێمێنیستەکانی پێشوو (کە زۆربەیان سپی پێستو بۆرژوا بوون)و ناتەبایەکانی نێستا لەڕاستیدا توێژینەوەیەکی بەهێزە و پێویستی بە پێداچوونەوە هەیە.

بۆیە فێمینیستە ڕەشپێستەکان هەوڵیان دەدا مافی خۆیان بە تەنیا وەربگرن.

---

(1) Frances ellen watkinz harper; apolitionist and feminist reformer 1911-1825, in aferican American women and vote.

(2) Collins, P. (1989) 'The Social Construction of Black Feminist Thought'

۹- قوتابخانەی فێمینیستی ئیسلامی:

"بەهیچ جۆرێک نابێ و ناکرێ لەیەک کاتدا لەدڵی ئافرەتی موسڵماندا ئیمان بە ئیسلام و ئیمان بە فێمێنیزم بەیەکەوە کۆببنەوە، ئەمە شتێکی مەحاڵە؛ چونکە دوو ئایین لەدڵێکدا کۆنابێتەوە!"

دکتۆر سامی عامری

لێرەدا جێی خۆیەتی زۆر بەکورتی تیشک بخرێتە سەر «فێمێنیزمی ئیسلامی» کە لەگەڵ تەوژمی سێیەمی فێمێنیزم(مێیینە و عەلمانی) سەریهەڵدا، ئەگەرچی هەندێک لە سەرچاوەکان بە «شەپۆڵی چوارەم»ی دادەنێنن.

بەهەرحاڵ ئەم تەوژمە لەنەوەدەکانی سەدەی ڕابردوو لە تورکیا بەدیاریکراوی لەساڵی ۱۹۹۱ دەرکەوت لەکاتی بڵاوکرنەوەی پەرتوکی«الحداثة الممنوعة» لەنوسینی «نولیڤەر غۆڵ»، دوای ئەوە ئێرانیشی گرتەوە لەساڵی ۱۹۹۲ لەگەڵ دەرکەوتنی «گۆڤاری ژنان». بەڵام بە شێوەیەکی ڕەسمی لەساڵی ۲۰۰۹ دانی پێدانرا لە «کۆنفڕانسی عوقد» کەبە بەشداری ۵۰وواڵات لە مالیزیا بەڕێوەچوو. لەئەنجامیشدا ڕەوتێکی جیهانیانیان ڕاگەیاند لەژێر ناوی«یەکسانی وادادگەریی» کەتایبەت بوو بە مافی ژنان.

هەندێک لە لایەنگرانی«فێمێنزمی ئیسلامی» پێیان وایە ئیسلام داوای یەکسانی و ئازادی ئافرەتان دەکات، بەڵام ڕژێمی باوکسالاری و دابونەریت دژن ئایین وەک قامچیەک بەدەستی خۆیان بۆ دژایەتی مافەکانی ئافرەت بەکاردێنن، بەشێکی دی پێیان وایە ئەوە خودی ئیسلامە مافەکانی ئافرەت نادا و ئیسلام گوتارێکی نێرینەیە و فەزڵی پیاوی بەسەر ئافرەتدا داوە و دەڵێن ئەم تەفسیر و لێکدانەوانە پێویستە بەرگێکی نوێیان لەبەربکرێ و ئافرەت بۆی هەیە تەفسیریان بکات؛ بەنموونە دەڵێن « الذکر کالأنثی» واتا ئەیانەوێ

ئافرەت بە دڵێکی نێرینە و هیوا و ئاوات و پێگە و پایەی پیاو بژی. ئەمەش پێچەوانەی فیترەت و پاکیزەیی و ئەم ئایەتەی قورئانە کە خودا دەفەرموێت: ﴿ولیس الذکر کالأنثی﴾. چەندان نموونەی دیکەش، لەکورتیدا دێن ئایەتەکانی قورئان وفەرموودەکانی پێغەمبەر(ﷺ) و گواستنەوە و نەقڵکردنی ئایین بە تێڕوانینێکی مێیینانەی لادەر لە ئیسلام دەخەنەڕوو.

هەروەها هەتا ئەمڕۆشی لەگەڵ بێت، بەسەدان ئافرەت لە وڵاتانی ئیسلامی بە فێمێنزمی ئیسلامی کاریگەرن و بۆ داواکردنی مافەکانیان چالاکی جۆراوجۆریان هەیە، کەوا لەشەرع وەرنەگیراوە بەڵکوو لەژێر چەتری سیکولاریزم و ئیلحاد کۆبوونەتەوە.

ئەمەش مانۆرانییە، کە ئافرەتانی موسڵمان و باڵاپۆش و پەچە لەسەریان لەڕێی زیادکردنی «ئیسلام وفێمێنیزم» ڕاکێشایە دەر لەماڵ بە دەرکەوتن لەشاشە و دراما و شوێنە گشتییەکان و داواکردنی ماف و یەکسانی لەگەڵ پیاو و بەئاسایی دانانی ئیمامەتی و یۆگا و بالێ...هتد. یان ڕەتکرنەوەی زەواج و خودژیاندن(خودپەرستی) و نەخستنەوەی منداڵ و ڕەتدانەوە و بەگژداچوونی فرەژنی لەئەسڵدا وپاڵپشتیکردنێکی توندی ڕەگەزیازان لەکاتێکا باڵاپۆشن!

لێرەدا چەند پرسێک دێنە پێش:

١_ ئایا تا چەند تەواوە کچان و ژنانی باوەڕدار باوەڕ بە«فێمێنیزمی ئیسلامی» بکەن؟

لەوەڵامدا دکتۆر سامی عامری دەڵێت: "بەهیچ جۆرێک نابێ و ناکرێ لەیەک کاتدا لەدڵی ئافرەتی موسڵمان، ئیمان بە ئیسلام و ئیمان بە فێمێنیزم بەیەکەوە کۆببنەوە، ئەمە شتێکی مەحاڵە؛ چونکە دوو ئایین لەدڵێکا کۆنابنەوە!" لە ئیسلامدا خودا سەنتەرە بۆ بەدەستهێنانی هەموو مافەکان و خانمان و پیاون بۆ شەریعەتەکەی دەگەڕێنەوە، بەڵام لە فێمینیزمدا ئافرەت سەنتەرە و خۆی داڕێژەری شەریعەتی خۆیەتی! دەی چۆن دەکرێت کەسێک

بڵێت "باوەڕم بە ئیسلامە و خۆشم شەریعەت بۆخۆم دادەڕێژمەوە؟!"

۲_ئایا فێمێنیزمی ئیسلامی پەیوەندی هەیە بە ئیسلامەوە و تەواوکەریەتی؟

لە وەڵامدا ئایینداڕەکان دەڵێن: "بێگومان نەخێر، نەک پەیوەندییان نییە، ئەسڵەن هیچ شتێک نییە بەناوی «فێمێنیزمی ئیسلامی»"

ئیسلام خاوەنی سیستمێکی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئەخلاقی و ئابووری تەواو و بێ کەموکورتییە. خودا لە شەریعەتەکەی خۆیدا مافی ئافرەت و پیاوی بە تەواوی داوە. ئیسلام و فێمێنیزم بەهیچ جۆرێک لەگەڵ یەکتر کۆنابنەوە، ئەمە زۆڵمکردنە لە ئیسلام وتەنانەت لە فێمێنیزمیش؛ لەبەرئەوەی بەتەواوەتی دژیەکی یەکترن، لە ئیسلامدا، خودا مافی مرۆڤەکان دەدات و یاسایان بۆ دادەنێت، بەڵام بەپێی فێمینیزم، دەبێت مرۆڤ یاساکان دابنێت و ماف دابین بکات؛ فێمینیزم دابەشکردنی ماف دەگەڕێنێتەوە بۆ دەستی مرۆڤەکان.

لێرەدا دەردەکەوێت کە هیچ یەکێک لە بانگەشەکانی فێمێنست لەگەڵ شەریعەتی ئیسلام ناگونجێت و پێچەوانەی یەکترن. هەروەها لە جیهانبینی ئیسلامیدا، فێمینیزم هیچ بەرگرییەک لەمافی ئافرەت ناکات، بەڵکوو فێمینیزم دینێکە پەیوەستە بە فکر وئایدۆلۆجیای عالەمانییەتەوە و هیچ شتێک لەئیسلامدا بەناوی فێمێنیزمەوە بوونی نییە.

۱۰- ئاڕاستەی پۆست فێمینیزم:

"فێمینیستەکانی ئەم ئاڕاستەیە پێیانوایە کە کاریگەربوونی فێمینیزم بە فەلسەفەکانی تر وایکرد فێمینیزم لە ئاراستەی خۆی دوربکەوێتەوە، واتە کاتێک کە فێمینیزم کاریگەر دەبێت بە مارکسیزم، ئەوا دەچێتە سەر مارکسیزم، یان کاتێک کاریگەر دەبێت بە بوونگەرایی، ئەوا فێمینیزم دەچێتە

سەر فەلسەفەی بوونگەرایی و لە ئاڕاستەی خۆی نامێنێت و لادەدات.

بەم هۆکارەش ئەم ئاڕاستەیە هەموو ئاڕاستەکانی تر بەرپەرچدەدەنەوە، چونکە پێیانوایە فێمینیزم لەژێر چەتری ئەم قوتابخانە فەلسەفییانەدا نەیتوانیوە سەربەخۆ بێت! و پێویستە ژنان و پیاوان پێناسەیەکی نوێیان بۆ دابڕێژرێتەوە.

داواکارییەکانیان چییە و کار لەسەر چی دەکەن؟:

١- داوای هاوشێوەبوونی تەواوی مافەکانی نێوان ژنان و پیاوان دەکەن.

٢- داوای ئەوە دەکەن کە نموونە جێندەرییەکانی نێو پڕۆگرامی خوێندن لابببرێت، چونکە نابێت لە پڕۆگرامی خوێندندا هەمیشە ئافرەت ڕۆڵی دایک و پەرستار و مامۆستای پێ بدرێت و، پیاوانیش ڕۆڵی سەرۆککۆمار و قازی و دکتۆر و ئەندازیاری پێ بدرێت.

٣- خاڵێکی تر کە ئەم ئاڕاستەیە کاری لەسەر دەکات، بابەتی زمانە، کە دەڵێن "زمان و کولتوور داڕێژراوی زمانێکی پیاوانەیە، و زمان چەکێکی بەهێزی بۆ لاوازکردنی دەسەڵاتی ژنان و بەهێزکردنی قەڵەمڕەوی پیاوان". تەنانەت باس لەوە دەکەن کە (HISTORY) لە پێشگری (HIS)ەوە هاتووە کە ئەوە مێژووی پیاوە نەک ژن، هەروەها دەڵێن چەمکی (MANKIND) گوزارشتە لە پیاو نەک ژن، چونکە بە پێشگری (MAN) دەستپێکردووە.

هەروەها دەڵێن لە زماندا سیفەتە نەرێنی و کەمەکان دراوەتە پاڵ ژن و سیفەتە ئەرێنی و بەهێزەکانیش دراوەتە پاڵ پیاوان.

بۆیە لە کۆتاییدا دەڵێین کە ئەم ئاڕاستەیە دەیانەوێت بە زمانێکی مێیینەوە، کۆمەڵگەیەکی مێیینە، لە دەرەوەی زمان و کۆمەڵگەی نێرینە بخولقێنن."[1]

---

(١) تەواوی سەرچاوەی ئەم نووسینە (ئاڕاستەی پۆست فێمینیزم) وتەی دکتۆرە «بێخاڵ ئەبوبەکر»ە لە وانەی چوارەمی کۆرسی فێمینیزم، لە خولی (فێرگەی دایکە عائیشە).

دۆخی فێمینیزم لە هەرێمی کوردستاندا

فێمینیزم، لە بزووتنەوەیەکی سیاسییەوە بەرەو کوێ؟

پێش ئەوەی باسی دۆزی ئافرەت لە کوردستان بکرێت، گرنگە ئەوە یاد بخرێتەوە کە لە سەرەتادا باسمانکرد، ئافرەتانی ڕۆژئاوا و هیندستان و یۆنان و ئێستای ڕۆژئاوا و عەرەبە کۆنەکانی پێش ئیسلام و ئافرەتانی سەر بە ئایینی زەردەشتی و یەهودی لەژێر دەردەسەرییەکی زۆردا بوون. ڕێگری لە خوێندنیان دەکرا، بەجۆرێکی وەها کە ئافرەت پۆشاکی پیاوی دەپۆشی تا بچێتە زانکۆوە و هەستی پێ نەکرێت کە ئەمە ئافرەتە؛ یاخود ئافرەتێکی وەک «ئانا ماریا فۆن شۆرمەن» وەک لە پێشتر باسکرا، لە سەدەی حەڤدەدا بە خۆشاردنەوە لە جلخانەدا توانی بەشداری لە وانەکانی زانکۆی «ئۆترێخت» بکات! ئەم ئافرەتە سیازدە زمانی دەزانی خاوەنی کتێبێکی «ڕێزمانی یۆتۆپیا»بوو، هەوڵی چاکسازی داوە، بەڵام لە کۆتاییدا بەهۆی فشاری کۆمەڵگەوە وازی لە خوێندەواری هێنا و پەیوەست بوو بە کڵێساوە.

تەنانەت لە سەدەکانی دواتریشدا زۆرجار ژنان ڕووڵەت و ڕوخساری خۆیان دەگۆڕی بۆ پیاوان تا بەشداری لە وانەکان بکەن. کاتێک لە زانکۆی «کرۆکۆ» یەکێک لەو ژنانە ئاشکرا بوو کە بۆچی وای لە خۆی کردووە، لە وەڵامدا وتی: "لەبەر خۆشەویستیم بۆ خوێندن!"

خۆشەویستییەکەی زۆری ئافرەتان دەبینرێت بۆ خوێندن و لە بەرانبەریشیاندا ڕێگری و سەرکوتکارییەکی زۆری نێرەکانی ئەورووپا دەبینرێت.

یەکێک لەو ئافرەتانەی کە لە بەشی (ئافرەت و خوێندەواری) باسکرا «سور

جوانا ئینس دولا کروز» بوو، که خواردنی «پەنیر»ی لەخۆی حەرام کردبوو و نەیدەخوارد چونکە بیستبووی کە پەنیر بۆ مێشك باش نییە و مێشک لە خوێندن خاو دەکاتەوە.

سور جوانا ئینس دولا کروز کە ئێستا زۆرێک لە فێمینیستەکان وەک یەکەم فێمینیستی ئەمریکا دەناسێنن، باس لە دەردەسەرییەکانی پەرستگا دەکات کە بەهۆی گۆرانی وتن و مۆسیقا ژەنینی ڕاهیبەکانی تر لە ژوورێکی تری نزیک ژوورەکەی ئەمەوە نەیتوانیوە بەباشی کتێب بخوێنێتەوە.

واتە هیچ حەزێکی بۆ گوێگرتن لە گۆرانی و کات بەفیڕۆدان نەبووە!

ئەم ئافرەت و فێمینیستانە دروشمی یەکسانی و ئازادی ئافرەتیان بەرز دەکردەوە. لەناو ئەو دەردە سەرییەدا جەنگیان دژی نێرەکانی ئەورووپا دەکرد.

بەڵام ئافرەتی کورد لەژێر هیچکام لەو دەردەسەرییانەدا نەبووە و نییە! نەبیستراوە کە پیاوێکی کورد وەک پیاوانی ئەورووپی بە دامێنی ژنەکەیەوە پارچە ئاسنێک ببەستێت تا لە ئەگەری نەبوونی خۆی لەگەڵ پیاوێکی تر ڕابوێرێت؛ یان پارچە ئاسنێک بخرێتە ژێر زمانییەوە لەلایەن مێردەکەیەوە تا لەژێر کۆنترۆڵی مێردەکەیدا دەم بجوڵێنێت و قسە بکات.

ئەگەر باسی دۆخی خوێندەواریش بکرێت، کە ئێستا زۆرێک لە فێمینیستە کوردەکان باسی ئەوە دەکەن لە سەدەی بیستدا ئافرەت خوێندەواری نەبووە و ڕێگری لە خوێندنی کراوە؛ ئەگەر بەدواداچوون بۆ دۆخی خوێندەواری کوردستان بکرێت، دەردەکەوێت هەر بە شێوەیەکی گشتی پڕۆسەی خوێندن لە کوردستان پڕۆسەیەکی کەم بەها بووە لە سەدەی ڕابردوودا. زۆرێک لە پیاوانیش نەیانخوێندووە، ئەسڵەن خوێندنگە و زانکۆکان لە ناوەڕاستی سەدەی بیست بەدواوە لە کوردستاندا کراونەتەوە!

ئەگەر کەسێک (نێر و مێ) پێشتر خوێندەواری هەبووبێت بەهۆی ڕۆڵی ئایین و هەوڵی تاکەکەسی خۆیەوە بووە.

لەوەتەی زانکۆ لە هەرێمی کوردستاندا هەیە، ئافرەت دەخوێنێت. تەنانەت لە پاش ساڵی (۲۰۰۰)ەوە ڕێژەی نەخوێندەواری ئافرەت نزیکە لە ئاستی سفرەوە. ئەوەی ئێستا لە ژیانی حەقیقی کوردستان دەبینرێت ئەوەیە کە ئافرەتان لە خوێندن و کارکردندا هاوشانی پیاوانن.

بەڵام ئەوەی سەیرە!

هەندێک لەوانەی بانگەشەی فێمینیست بوون دەکەن، لەگەڵ ئەوەی دەرگای هەموو قوتابخانە حوکمی و ئەهلییەکان، زانکۆ و پەیمانگا حوکمی و ئەهلییەکانیان بە ڕووداکراوەتەوە، هیچ داهێنانێکی زانستی و حەزێکی بەرەوپێشچوونی وڵاتیان لەڕێی خوێندنەوە تێدا بەدی نەکراوە. بگرە هەمیشە یەکەمەکانی زانکۆ و پەیمانگا و دەرچوانی پۆلی دوازدە، خوێندکارە باوەڕدارەکان و ئەو کەسانەن کە پابەندی ئایینن! فێمینیستێک نابینرێت خزمەتی بە بواری پەروەردە کردبێت. تەنیا ئەوە نەبێت بە قەڵەمێکی بەکارنەهاتووەوە دەنوسن "ئایینی ئیسلام کۆنەپەرستییە!" لەکاتێکدا هیچ بڕگەیەکی ئایینی ئیسلام نییە کە ڕێگری لە خوێندن بکات. ئەسڵەن خودا فەزڵی زانای داوە بەسەر خەڵکی دیکەدا. فێمینیستەکانیش لەگەڵ ئەوەی لە دەرەوەی بازنەی ئایینن و هەموو پێداویستییەکی خوێندنیان لەبەردەمدایە، هیچ پێشکەوتنێکی زانستی و کرداریان نەکردووە؛ نە ئەدیبێک، نە بیرکاری زانێک، نە زمان زانێکی وەک «ئانا ماریا فۆن شۆرمەن»یان تێدا بەدی دەکرێت!

نە لەڕووی سیاسەتیشەوە خزمەتێکیان کردووە! هێندەی سەرنجیان لەسەر ئەوەیە کە ئافرەت لە زانکۆدا پێویستە پۆشاکەکەی کورت بێت و لە ئاهەنگی دەرچووندا چۆن نمایشی جەستەی خۆی بکات، بیریان لای ئەوە نییە ئەم

ئافرەتە چی فێربووە و مەعریفەی خوێندنەوەی چۆنە و چۆن دەتوانێت نەوەیەکی زیرەک و بەرەوشت پێبگەیەنێت بۆ ئەوەی کۆمەڵگە بەرەو پێشەوە بڕوات.

«دولا کروز»یێک لەناو فێمینیستە کوردەکاندا نابینرێت کە حەزی بە گۆرانی و خواردن نەبێت و تەنیا بخوێنێتەوە، بگرە سەرنجی فێمینیستە کوردەکان لەسەر ئەوەیە کە چۆن ئافرەت ببێت بە گۆرانیبێژ و لەسەر شەقامەکان سەما بکات! یان بانگەشەی ئازادی ئافرەت دەکەن بەوەی کە ئازاد بێت لەوەی وێنەی خۆی بەکاربهێنێت بۆ ڕێکلام؛ واتە فێمینیستەکان ئافرەت وەک کاڵایەک بەکار دەهێنن، بەڵام ئافرەتی کورد نازانێت کە دەستێکی سەرمایەداری فێمینیزم لە کوردستاندا بەڕێوە دەبات و، ڕووکەشگەرایی و بەکاڵاکردن ئامانجی سەرەکی سیستمی سەرمایەداری جیهانییە، تا زیاتر و زیاتر جەستەی ئافرەت بکەن بە بازاڕی ساغکردنەوەی کاڵاکانیان، ئەمەش وا دەکات کە ڕێز و شکۆی ئافرەت لەناوببرێت، هەر وەکوو «مارلین لێ گەیت» دەڵێت:

"ئێستا، دوای سەدان ساڵ لە دەستپێکردنی بزووتنەوەی فێمینیستی کە ڕۆژاوا خۆی بە سەرتاڵی دەزانێت، سەرمایەداری نەک تەنیا هیچ ڕێزێکی مرۆڤانەی بە ژۆربەی ژنان نەبەخشیوە، بەڵکوو جوانیی ئافرەت وەک ئامرازێکی گرینگ بۆ بانگەشەی کاڵا پیشەسازییەکان و چالاکییە بازرگانییەکانی تری خۆی بەکاردەهێنێت."

تاک و تەرا فێمینیست دەبینرێت کە باسی پێشکەوتن و یاسا و خوێندەواری بکات؛ یاخود بڕێکی زۆر کەم لە فێمینیست هەن ڕەخنە لە ئیسلام و وەحی ناگرن بەڵکوو کولتووری کۆمەڵگە دەکەن بە هۆکار؛ بەڵام ژمارەیان زۆر کەمە. تەنانەت فێمینیستەکانی تر گرنگی بەم جۆرە لە فێمینیزم نادەن، چونکە داواکانیان یەک ناگرێتەوە.

داواکاری فێمینیستەکان، لە چاکسازی کۆمەڵگەوە بۆ قتوویەک سلیکۆن!:

سەدەکانی ڕابردوو، ئافرەتانی ئەورووپا بەتایبەت فەرەنسا و ئەڵمانیا، بەرەنگاری پیاوان دەبوونەوە و تواناکانی خۆیان دەردەخست. لە هەوڵی هۆشیارکردنەوەی ئافرەتدا بوون، داوایان دەکرد کە دەبێت ئافرەتانیش وەکوو پیاوان مافی دەنگدان و چاکسازییان هەبێت لە کۆمەڵگەدا. ناکرێت ئافرەت سەرکوت بکرێت و بۆچوونی وەرنەگیرێت؛ بۆیە لە فەرەنسا قوتابخانەی «فێمینیستی چاکسازی ئازاد»یان بونیادنا.

لە سەدەکانی ناوەڕاستدا، ئەورووپا هێندە تاریک بووە، کە ئافرەتان ڕێگەیان پێ نەدراوە بخوێنن! بۆیە ئافرەتانی وەک «فۆنتی و دولا کروس و ماری کرافت» لە شعر و نووسینەکانیاندا داوای مافی خوێندن و مافی ئافرەتیان کردووە.

لە ئەڵمانیاش وەک لە کتێبی «گەڕان بەدوای خەیاڵەوە» باسکراوە، ئافرەتان داوایان دەکرد کە ناکرێت پیاوان ئافرەت وەک ئامێرێکی سێکسی سەیر بکەن، بەڵکوو ئافرەت پێویستی بە سۆز و خۆشەویستی هەیە. ئافرەت دەتوانێت گۆڕانکاری ڕیشەیی بکات لە کۆمەڵگەدا و پیاوان پێویستە گوێیان لێ بگرن.

بەڵام ئەوەی سەیرە لە کۆمەڵگەی کوردەواریدا، زۆرینەی فێمینیستەکان هیچ داواکارییەکی مەعریفی و گۆڕانکارییەکی ڕیشەیی کۆمەڵگە ناکەن. ناویان لە خۆیان ناوە فێمینیست و داواکارییەکانیان وەک داواکاری فێمینستەکانی سەدەکانی ڕابردوو نییە.[1] ئەوەی لێیان دەبیسترێت ئەوەیە کە ئافرەت پێویستە بە ئازادی «تەنوورەیەکی کورت» یان «پانتۆڵێکی تەسک»

(١) لێرەدا کە دەوترێت داواکرییەکانیان وەک داواکاری فێمینیستەکانی ڕابردوو نییە، مەبەست لەوە نییە کە داوکاری فێمینیستە کوردەکان لەڕووی سیاسی و فکرییەوە جیاوازە، بەڵکوو داواکارییەکانیان هیچ بنەمایەکی سیاسی و فکری نییە، بەڵکوو تەنیا حەز و ئارەزوو، بووەتە پاڵنەری داواکاری فێمینیستە کوردەکان.

لەبەر بکات. زۆرێکیان بەهۆی پاڵنەری شەهوەتەوە چەتری فێمینیستیان هەڵگردووە. ئەگەر لێیان بپرسرێت ڕەنگە هەر نەزانن فێمینیزم چییە و مێژوو و ئاڕاستە و قوتابخانەکانی چۆن بووە! ئەو زانیارییانەی لەسەر شەقامەکان دەربارەی ئیسلام بیستوویانە، دێن دەیکەن بە ڕەخنە و وەک شریت بەردەوام دەیڵێنەوە بێ ئەوەی بەدوای حەقیقەتی ڕەخنەکانیاندا بڕۆن؛ بێ ئەوەی بزانن مافی ئافرەت لە ئیسلامدا چۆنە!

لەکاتی گفتوگۆکردنیاندا، بۆت دەردەکەوێت کە هەموو مەعریفەتی ئەم فێمینیستە کوردە لە دوو قتوو «بۆتۆکس و فیلەر» تێپەڕ ناکات، لەبری ئەوەی وەک ئافرەتانی ئەڵمانیا وا نیشانی کۆمەڵگەی بدەن کە ئافرەت تەنیا «سێکس و شەهوەت» نییە، یان لەبری ئەوەی باسی جیاوازی کولتووری و ئایینی و نەتەوەیی و هەلومەرجی سیاسی کوردستان و وڵاتانی ڕۆژئاوا بکەن، بەڵام دێن لەسەر شەقامەکان مایۆ و جلی ژێرەوەی ئافرەتان بە تەنافدا هەڵدەواسن و عەرزی گەنجە شەهوانییە عەلمانییە برسییەکانی دەکەن!

وای نیشان دەدەن کە چاکی ئافرەت تەنیا جوانی جەستە و ڕوخساریەتی. لەکاتێکدا هەندێک لە فێمینیستە ڕۆژئاواییەکان دژی ئەم بۆچوونە بوون. وەک «مارگرێت وڵتەرز» دەڵێت:

"کاتێک لە منداڵییەوە خانمان فێردەکرێن کە جوانی ڕووخسار تاکە چاکییەتی، مێشکی لەسەر بنەمای جەستەی خۆی دروست دەکات و بەدەوری ئەو قەفەزە ئاڵتوونییەدا دێت و دەچێت؛ ئەمەش وادەکات ئەو خانمە سەرسامی بەندینخانەکەی خۆیبێت"[1]

بەپێی ئەم وتەیەی مارگرێت وڵتەرزیێت، فێمینیستە کوردەکان ئافرەتیان خستووەتە بەندینخانەوە!

---

(1) Feminism: A Very Short Introduction: Margaret Walters.

یان هەندێک چالاکی تر دەکەن کە ئەگەر لە خۆشیان بپرسرێت نازانن سودی ئەم چالاکییانە بۆ ئافرەت چییە! وەک کەمپینی «ناوی من، ناوی دایکمە».

لەگەڵ ئەمەشدا هەوڵی گواستنەوەی ئەزموونی فێمینیزمی ئەورووپی و ڕۆژئاوان بۆ ژنان لە کوردستان؛ لەکاتێکدا دۆخی ئافرەت لە ڕۆژئاوا زۆر جیاوازە لە ئافرەتی کورد.

لە چەمکی «ململانێ» وە دەڕوانێنە پەیوەندی نێوان ئافرەت و پیاو. بەشێکیشییان لەلایەن سیستمی سەرمایەداریییەوە ئاڕاستە دەکرێن؛ بەناوی ئازادییەوە ڕەسمی ئافرەت بۆ فرۆشتنی کاڵاکانیان(شامپۆ و سابوون و بابەتی جوانکاری) بەکاردەهێنن. بۆیە دەکرێت بوترێت هەوڵی فێمینیستەکانی کوردستان هەوڵی بەکاڵاکاردنی ئافرەتی کوردە.

ئەگەر فێمینستەکانی سەدەکانی ڕابردوو بزانن کە ئەمە کاروچالاکی فێمینیستە کوردەکانە، بەبێ گومان حاشایان لێ دەکەن!

دۆخی تیۆری فێمینیزم لە کوردستان:

لەڕاستیدا ناتوانرێت فێمینیستەکانی کوردستان بخرێنە ژێر چەتری هیچ یەکێک لە قوتابخانە فێمینیزمییەکانەوە؛ تەنانەت خۆشیان دان بەمەدا دەنێن. یەکێک لە فێمینیستەکان دەڵێت: "بە گوزەرێکی خێرا بەسەر ئەوەی تا ئێستا بەرهەم هاتووە، لەم بارەوە کەلێنی گەورە هەست پێ دەکرێت؛ بەتایبەت لە بواری لێکۆڵینەوەی مەیدانی و لێکدانەوە و شیکاریدا سەبارەت بە ئەزموونی ژنانی کوردستان و پەیوەندیی بە تیۆری فێمینیستی لە جیهاندا. هەڵبەت وەک زۆرێک لە بوارەکانی تری گەشەی کۆمەڵگە، لە چەند ساڵی ڕابردوودا

لەم بوارەشدا کاری باش دەستی پێ کردووە؛ بە تایبەت کاری وەرگێڕان و گواستنەوەی ئەزموونی فێمینیزمی ئەوروپی و جیهانی. بەڵام ئاستی ئەم کارە لە کوردستان هێشتا زۆر سەرەتاییە. لێکۆڵینەوە مەیدانییەکان و لێکدانەوەی پشتبەستوو بە زانستەکانی وەک (مێژووناسی، کۆمەڵناسی، جێندەرناسی) لەسەر بارودۆخی ژنان و شێوازەکانی خەباتیان تا ئاستی نەبوون وایە."[1]

لەم قسەیەوە ئەمەمان بۆ دەردەکەوێت کە ناتوانرێت مامەڵەیەکی فکری بەهێز لەگەڵ فێمینیستێکی کورددا بکرێت. ئەمە لە مامەڵەی فێمینیستەکان لەگەڵ پرسەکانی ڕۆژدا ڕەنگی داوەتەوە. فێمینیستەکان لەگەڵ نەیارەکانیاندا مامەڵەیەکی فکری ناکەن، بەڵکوو جاروبار کە ئافرەتێک لە خۆیان(هاوفکری خۆیان) دەکوژرێت و کێشەیەکی بەسەردادێت، یان پیاوێک قسەیەک بە ئافرەتێک دەڵێت، یان هاوڕەگەزبازێک سووکایەتی پێ دەکرێت، فێمینیستەکان لە میدیادا تا هەفتەیەک دەیکەن بە باس و ئیتر تا ڕوداوێکی تر بێدەنگ دەبنەوە. واتە چالاکییەکان زیاتر شەخسی و کاتییە نەک ڕێکخراوەیی.

ئەگەر تێبینی فێمینیستە کوردەکان بکرێت کاتێک ڕەخنە لە ئیسلام دەگرن، ئەوە دەردەکەوێت کە فێمینیستەکان ڕەخنە لە سزای زیناکار دەگرن، بەڵام سەرکۆنەی زیناکردن ناکەن. ڕەخنە لە چوارژنی دەگرن، بەڵام هیچکات ڕەخنە لە ئافرەتێکی لەشفرۆش ناگرن کە بچێتە لای پیاوێکی هاوسەردار! یان هیچکات دژی ئافرەتێک ناوەستنەوە کە زەواج لەگەڵ ئازەڵێک بکات، بەڵکوو دەڵێن «ئازادییە»!

بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا بەرگری لە هەموو ئافرەتێک ناکەن واتا (ئافرەت سەنتەر)یش نین، بەڵکوو هەر ئافرەتێک بکوژرێت مادام لە حیزب و فکری خۆیان نییە، هیچ لێدوانێکی لەسەر نادەن. وەک ڕووداوی کوشتنی «دوعا»

---

(١) گۆنا سەعید: لە وتارێکیدا لە ماڵپەڕی ژنەفتن

که ئافرەتێکی ئێزیدی بوو و بوو بە موسڵمان، کاتێک کوژرا فێمینیستەکان لەبەرانبەر ئەو تاوانەدا بێدەنگ بوون!

پشیلەکانی من و فێمینیزمی ڕۆشنگەری!

پوختەی فکری فێمینیستە کوردەکان ئەوەیە کە بەناوی ئازادییەوە وا لە ئافرەت بکەن هەموو سنوورە کولتووری و ئایینییەکان بشکێنێت. دەڵێن ئافرەت ئازادە لە پۆشینی جلوبەرگ و چونە دەرەوە و هاتنەوە بۆ ماڵ.

جارجاریش لەژێر لێوەوە لەناو خۆیاندا دەڵێن با ئافرەت لەماڵیشەوە پارە وەربگرێت لەبەرانبەر کارەکاندا، چونکە کار لەبەرانبەر شتێکدایە. ئەمەیان زیاتر لە فێمینیستە مارکسییەکانەوە وەرگرتووە.

پاشان وردە وردە ئافرەت لە هەڵگرتنی بەرپرسیارییەتی ماڵ و خێزان دوردەخەنەوە و بەرەو تاکگەرایی دەبەن.

جا ئەوەی گرنگە باس بکرێت، ئەزموونی «قومری»[1] خانە، کە ناسراو بوو بە «قومە فێمینیست».

نزیکی دوو ساڵ لەمەوپێش لەماڵەوە خۆم خەریککردبوو بە بەخێوکردنی بێچووە پشیلەیەکەوە کە ئەوکاتە تەمەنی مانگێک دەبوو، بڕیارمدا ناوێکی خۆماڵی لێبنێم و ناوم نا «قومری». زۆر تاقەتی ناوە ناسک و نۆڵەکانی ئەوروپای نارۆشنبیرم نەبوو وەک «کوکو و کیتی و پوکو و پەمو...».

وردە وردە قومە گەورە بوو تا تەمەنی باڵغ بوون، لەو تەمەنەدا بەهۆی مەشغەڵەتەوە باش نەمتوانی پەروەردەی بکەم. لەبەرئەوە فکری فێمینیزم چووە

---

(۱) قومری: ناوی پشیلەکەم بوو کە لە ماڵەوە بەخێوم دەکرد

مێشکییەوە و زۆر حسابی بۆ ئێمە نەدەکرد لە ماڵەوە. ڕێک ئەو ئازادییەی جێبەجێ دەکرد کە خوشکانی ڕۆشنگەری فێمینیزم بانگەشەی بۆ دەکەن؛ واتە تێکەڵی هەموو پشیلەکانی گەڕەک دەبوو، ئێواران دەچووە کۆڵان و شەو کاتژمێر ١٢ دەهاتەوە.

زۆرجار کاتژمێر سێی شەو خەبەری دەکردمەوە و داوای دەرەوەی دەکرد. ئەگەر هەر دەرگاکەم بۆ نەکردایەتەوە ئەوا دەیقیژاند و دەیوت: "تۆ مافی من پێشێل دەکەیت". بەڵام نەیدەزانی کە چوونە دەرەوەی ئەو لە شەواندا خراپە و نێرە عەلمانییەکان جێی مەترسین بۆی.

لەگەڵ ئەوەی بەردەوام لەگەڵ پشیلە نێرەکانی گەڕەک شەڕی دەبوو، دەیوت منیش لەگەڵ ئێوە یەکسانم و مافم هەیە. بەڵام عەیب نەبێت بۆ جووت بوونەکە هەر دەچۆوە بۆلای نێرەکانی گەڕەک، پاش ئەوە دیسانەوە دەستیان بە شەڕ دەکردەوە.

ئەوەندەی بزانم نۆ کەڵی هەبوو، ڕەنگە زیاتریشی هەبووبێت و من نەمبینیبێتن.

منیش بۆ ئەوەی بیهێنمەوە سەر ڕێگەی ڕاست، وتم با پشیلەیەکی نێری ڕێک و پێکی بۆ بهێنم و لەماڵەکە پێکەوە بەخێوبان بکەم. پشیلەیەکی نێرەم هێنا ناوی «حەیدەر ئاغا» بوو. خاوەن کەسایەتییەکی بەرز و چوار شانە بوو، سپیو سۆڵ و کەمێک مووی زەرد لەسەر پشتی بوو؛ سنگێکی پان، کەمێک خرپنیش بوو، ئەوەی خاسییەتی جوانی و ڕێک و پێکی بێت تیایا هەبوو.

بەڵام قومە بڕوای بە ﴿الرِّجَالُ قَوَّامُونَ عَلَى النِّسَاءِ﴾ نەبوو. بۆیە پلانی حەیدەر ئاغاش سەری نەگرت.

دادەم ئازادی دەویست. ئەچووە لای نێرە عەلمانییەکان و حەیدەری نەدەویست. نەیدەویست لەژێر چەتری پیاوێکدا بێت. تا کاتێکمان زانی بە دووگیانی هاتەوە

بۆ مالّەوە(ئەو حەبی مەنعی بەکار نەدەهێنا و من ڕێگریم لێدەکرد. ناچار دەیویست لەباری ببات، بۆیە لە دیواری بەرزەوە خۆی هەڵدەدایە خوارەوە تا بێچووەکانی لەبار بچن، بەڵام سوودی نەبوو). جا خەموو خەفەت دایگرتبوو چونکە نەیدەزانی و نەیدەتوانی بەرپرسیاریێتی خێزان هەڵبگرێت. پاش ئەوەی کە بێچووەکانی بوو، هەروەکوو جاران ڕەفتاری دەکرد، شەو و ڕۆژی بۆ نەبوو، چونە دەرەوەی خۆی هەر دەکرد.

ناوی یەکێک لە بێچووەکانیم نا «حەپسە»، حەپسە خان ئاگاداری بارودۆخ و گوزەرانی دایکی بوو؛ دەیزانی ئەم گوزەرانە باش نییە، چونکە قومە لەڕووی دەروونییەوە تێک چووبوو. بووبوو بە دایکیش چوونە دەرەوەی هەر مابوو، منداڵەکانیشی پەروەردە نەدەکرد، بگرە نانیشی بۆ پەیدا نەدەکردن. زۆرجار کە گۆشتم دەدا بە حەپسە، قومە دەهات لێدەدا و نەیدەهێشت بیخوات، چونکە بڕوای بە خێزان و پابەندی بە بەها کۆمەڵایەتییەکانەوە نەبوو.

بەڵام ئەوە واقیع بوو، حەقیقەتی ژیان بوو، نەیدەتوانی لێی هەڵبێت.

پاش ماوەیەک خەبەری مردنی قومەم بۆ هات کە ژەهراوی بووە و مردووە. نازانم نێرە عەلمانییەکانی گەڕەک پاش ئەوەی کاری خۆیان لەگەڵ کردبوو کوشتبوویان، یان بەچی هۆکارێکی تر؟ بەڵام هەر گومانم بۆ ئەوە دەچێت کە ئەوان کوشتبێتیان. دەمزانی نێرە عەلمانییەکانی گەڕەک تەنیا کچی گەنج و جوانیان دەویست. قومەش پاش ئەوەی منداڵەکانی گەورە ببون، خۆی کەوتبووە تەمەنەوە و جوانییەکەی جارانی لەدەست دابوو؛ سنگ و ڕان و جەستەی وەکوو جاران توند و سەرنجڕاکێش نەمابوو. جا نێرێکی عەلمانی لاکۆڵان نێستا چ سوودێک لەم ئافرەتە بەتەمەنە دەبینێت؟!

بەڵێ، ئەوە سەرەنجامی هەموو کەسێکە کە خێزان(پشتوپەنای خۆی) ڕەتبکاتەوە و ڕووبکاتە ئازادی ڕەها و چەمکبازی پشیلە عەلمانییەکانی

گەڕەک و تاکگەرایی قبووڵ بکات و ڕێز بۆ ڕێسا خێزانییەکان دانەنێت.

حەپسەی کچی ئەم ئەزمونەی دایکی هەڵگرت لە مێشکیدا. زانی کە چ ئافاتێک بەسەر دایکیدا هاتووە، بۆیە هەر لەسەرەتاوە یەک مێردی پیاوانەی بۆخۆی پەیدا کرد کە سوورەیەک بوو، مل ئەستووری گەڕەک بوو، یەک پشیلە لە حزووڕیدا نەیدەتوانی قسە بکات. سوورە پیاوانە و بە حورمەتەوە هاتە داوای حەپسە، چەندجارێک هاتە بەرپەنجەرە و دەرگاکەمان و داوای حەپسەی دەکرد؛ منیش پاش پرسیارکردن لە ئەهلی گەڕەک و کۆتر و پشیلەکانی تر و دەرودراوسێ، لێیم ماڕەکرد، چونکە خەڵکی باش باسیان دەکرد. پاش هاوسەرگیریش ئەگەر هەڵەیەکیان بکردایە، ئەوا لەژێر چاودێری خۆمدا بوون و ڕێگەم نەدەدا بە خراپی مامەڵە لەگەڵ حەپسەی دایک نەگبەتدا بکات.

حەپسە لەو دوو گیان بوو، ئێستا چوار بێچووی ناسک و سەلامەت و جوانی هەیە. لە حەوشەکەماندا ژوورێکیان هەیە و زستانان تێیدا دەمێننەوە و هاوینانیش دێنە ژێر مووبەڕیدەکە دەخەون. ئێواران بێچووەکانی کۆدەکاتەوە و شەو کاتژمێر ١٠ هەموویان پێکەوە دەخەون.

سێ ژەمە خواردنیان هەیە و بێ عەیب و کەموکورتی دەژین، باوەڕتان هەبێت جاری وا هەیە خۆم ساوەر دەخۆم و گۆشت ئەیەم بە ئەوان.

جا حەپسەش گوزەرانەکەی بەدڵە و دوای فێمینیزم نەکەوتووە و دەزانێت ئەم چوونە دەرەوە و تێکەڵ بوون و ئازادییە تەنیا چێژێکی کاتییە؛ بۆیە گوێیان لێناگرێت و ڕێز لە مااڵ و خێزانی خۆی دەگرێت و بێکێشە ژیان دەبات بەڕێوە.

حەپسە لە واقیعەکە تێگەیشتووە و دەزانێت کە بێ پیاو ناتوانێت بژی. ئیتر ئەم پیاوە نێرە یان پەروەردەکراوەکانی دەستی عەلمانییەتن کە تەنیا بۆ جووت بوون ئافرەتیان دەوێت و دوای ئەوە فڕێیان دەیەن تا وەک قومە بمرن. یان نێرێکی ڕێک و پێکی وەک حەیدەر ئاغا و سوورەیە کە موحتەرەمانە ژیان

دەبەن بەرێوە و ئاگایان لە خێزانەکانیانە.

وەک قومە(فێمینیستەکانی ڕۆشنگەری) هەر ڕۆژە و لەگەڵ نێرێک نییە و بڵێت من ئازادم.

نا... ئەم خاوەنی میێردێکی سەلار و سەنگینە و جگە لە ئەو ڕێگە بە هیچ نێرێکی تر(عەلمانییەک) نادات بێتە حەوشەکەوە.

ئەمە تەنیا چیرۆکی ئاژەڵەکانی من نییە، بەڵکوو لە ژیانی ڕۆژانەماندا چەندین نموونەی وا لەنێو ئافرەتاندا دەبینین کە وەکوو قومە بە گەنجی بەکارهێنراون و لە پیریدا پشتگوێ خراون؛ چونکە ستۆک بوون و ئێستا بەکەڵکی نێرە عەلمانییەکان نایەن و جەستەیان چێژ بەخش نەماوە.

چەند ڕەخنە و تێبینییەک لەسەر فێمینیزم

ئەو بابەتانە چین کە فێمینیزم بە کێشەیان دەزانێت؟!

"ڕەخنەی فێمینیستی و ڕەخنەی ڕۆشنبیری، تا ئێستا نەگەیشتوونەتە ئەو ئاستەی ببن بە میتۆد. بەڵگەی ئەمەش ئەوەیە کە ملکەچی لۆجیکێکی زانستی پتەو نین و لەسەر باکگراوندێکی فەلسەفی ڕوون دانەمەزراون."[1]

«بەسام قطوس»

"فێمینیزم وای لە مرۆڤایەتی کرد بەرەو خود سەنتەری بڕوات، وای لە ژن و پیاو کرد لەباتی «ئێمە» بڵێن «من». لە هاوسەریی و هاوکارییەوە بردنی بەرەو جەنگی خۆپەرستی و ململانێ؛ کە ژن ئیشی خۆی بکات و پیاو ئیشی خۆی و لەگەڵ یەکتریدا هاوکار نەبن"

ئەوەی باسکرا و ڕوونە لامان، ئەوەیە کە فێمینیستەکان کار لەسەر چەند خاڵێک دەکەن، ئەوانیش بریتین لە گۆڕانکاری لە پێکهاتەکانی کۆمەڵگە و چاندنی هزری یەکسانی ڕەها، پاشان بڕێکی زۆر لە فێمینیستەکان کار بۆ هەڵوەشاندنەوەی خێزان دەکەن، زۆرجار هاوڕەگەزبازی و فرەجێندەری وەک جێگرەوە دادەنێن بۆ هاوسەرگیری، تەنیا بۆ ئەوەی لە پیاوان نزیک نەبنەوە، چونکە هاوسەرگیری بە کۆتوبەندی ئافرەت ناودەبەن، خاڵێکی تریش کە زۆر

---

(١) دەروازەیەک بۆ میتۆدەکانی ڕەخنەی هاوچەرخ، و.د.موحەممەد تاتانی، چاپی یەکەم.

جەختی لەسەر دەکەنەوە، بابەتی کارکردنی ئافرەتە لە دەرەوە بەبێ جیاوازی لەگەڵ پیاواندا.

منیش ئەم بەشەم تەرخانکردووە بۆ شەنوکەوکردنی ئەم باسانە و چەند باسێکی تر:

١- یەکسانی:

یەکسانی جیایە لە بەیەکسانکردن!

"هیچ شتێک نییە لە هزری یەکسانی ژەهراویتر بێت، هیچ ژەهرێکیش وەکوو یەکسانی خۆی جوان دەرناخات. یەکسانی وا خۆی دەربڕیوە کە لە عەدالەتەوە سەری هەڵداوە، لەکاتێکدا مەرگی عەدالەتە"[١]

نیتچە

زۆرینەی قوتابخانە فێمینیزمییەکان و فێمینیستەکان داوایان کردووە لەگەڵ پیاودا یەکسان بن، ئەگەر ئەو داواکارییەشیان نەکردبێت، هەوڵیانداوە لەسەروو پیاوەوەبن؛ واتا هەرچۆنێک بێت پیاویان کردووە بە پێوەر بۆ ئافرەت. بۆیە دکتۆر سامی عامری دەڵێت "ئەم پرۆژەیە(فێمینیزم) ئافرەتی نەگێڕایەوە بۆ خودی خۆی، بەڵکوو بانگەوازێکە بۆ سڕینەوەی هەموو جیاوازییەکی لەگەڵ پیاودا، بۆئەوەی لەکۆتاییدا ببێتە پیاو. پیاو تاکە ڕەگەزی حەقیقییە لەلای بزووتنەوەی فیمینیزم"[٢].

---

(١) غسق الأوثان.

(٢) پەرتووکی "عالەمانییەت، لە چەمکەوە تا واقیع" نووسینی؛ د. سامی عامری

پیاو کراوە بە پێوەرێکی باشە، ئەگەر ئافرەت لەم پێوەرە دەرنەچێت ئەوا خراپە، بێ بیرکردنەوە لە دەرئەنجامی خراپی گۆڕینی پێوەرەکانی ئافرەت لە پێوەری خوداییەوە بۆ پێوەری پیاو.

فێمینیزمە کولتوورییەکان ڕەخنەیەکی جوان ئاڕاستەی فێمینیزمە لیبرالییەکان و ئەو قوتابخانانەی تر -کە بانگەشەی یەکسانی بوون دەکەن- دەکەن و دەڵێن: "ئەگەر فێمینیزم بە چالاکییەک بۆ گەیشتن بە یەکسانی ژنان و پیاوان پێناسە بکرێت، پرسیارێک دێتە ئاراوە، ئایا فێمینیستەکان دەیانەوێت لەگەڵ کام پیاوانەدا یەکسانبن؟".

بە تێگەیشتن لەم پرسیارە دەردەکەوێت کە یەکسانی نێوان ژن و پیاو بەدەست نایەت، چونکە پیاوەکانیش جیاوازن. بەدرێژایی مێژووی ئەم قوتابخانەیەش سەرەڕای هەموو هەوڵەکان لە هیچ سەردەمێکدا نەتوانراوە یەکسانی ڕەها بچەسپێنرێت، داواکاری فێمینیستە لیبرالەکان لەگەڵ فیترەتی مرۆڤایەتیدا یەک ناگرێتەوە، هەر لەبەر ئەوەیە هیچ سات و سەردەمێک لە مێژوودا نەبووە و نییە کە ژن و پیاو لە کۆمەڵگەیەکدا بە ڕەهایی یەکسان بووبن؛ تەنانەت بۆ یەک مانگ یان هەفتەیەک یان ڕۆژێک، یەکسانی لە نیش و کار و ماندا نەبووە.

لە هیچ کام لە شارستانییەت و ئایین و کۆمەڵگەکاندا یەکسانی لەنێوان ئافرەت و پیاودا بوونی نەبووە، چونکە یەکسانی دژی فیترەت و سیستمی بایۆلۆجی و دەروونی و کۆمەڵایەتی مرۆڤ وپێچەوانەی عەقڵە.

نەک تەنیا لە دەوڵەتە ئایینییەکان، بەڵکوو لە سەردەمی دیموکراسی و عەلمانیەتیشدا ژن و پیاو لە یاسانامەکاندا یەکسان نین.

هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ جیاوازی لە نێوان توانای ڕەگەزی نێر و مێ، کاتێک کە باس لە جیاوازی ڕەگەز و توانای جەستە دەکرێت، بە مانای ئەوە

نایەت فەزڵی نێر زیاترە لە مێ، یان فەزڵی مێ زیاترە لە نێر؛ ئەو توانایەی کە ژن هەیەتی بۆ هەڵگرتنی منداڵ لە سکیدا بۆ ماوەی ٩ مانگ، پیاو نییەتی، ئەو توانایەشی لە پیاودا هەیە بۆ کارکردنی کاری قورسی دەرەوە یان توانا لە جەنگدا، لە ئافرەتدا نییە. ئەمە بە مانای ئەوە نایەت کە پیاو لە ژن بەتواناترە و ژنیش لەبەر هەڵگرتنی منداڵ بۆ ماوەیەکی زۆر لە پیاو بەتواناترە. ئەسڵەن هەر خودی بەراوردکردنەکە هەڵەیە، ناکرێت توانا و پێگەی ئافرەت و پیاو بە یەکتری بەراورد بکرێت و هەوڵی بەیەکسانکردنیان بدرێت، بۆیە ئەو یەکسانییەی فێمینیستە لیبراڵەکان داوای دەکەن، جگە لە خەونێک هیچی دیکە نییە.

ڕاستە ژن و پیاو هەردووکیان مرۆڤن، بەڵام دوو پێکهاتەی جیایان هەیە، پێکەوە دەتوانن بۆ پلە باڵاکان هەنگاوبنێن و خزمەتی کۆمەڵگە بکەن و بەرپرسیاریێتی هەڵبگرن، بەڵام هەر یەکێکیان بەگوێرەی پێگە و توانای خۆی. پیاو پێگەی خۆی پێ بدرێت و بەگوێرەی توانای خۆی کاریکات، ژنیش لە پێگەی خۆیدا بێت.

دەکرێت لە هەندێک مافدا یەکسانبن، وەک مافی خوێندن و بەهای مرۆڤ بوون، یان دایک و باوک نابێت بەچاوی جیا سەیری کوڕ و کچەکانیان بکەن، بەڵام ناکرێت لە هەموو مافێکدا یەکسان بن، هەندێک ماف هەیە پێویستە ئافرەت هەیبێت و هەندێک مافیش پیاو هەیبێت.

چونکە یەکسانی جیایە و بەیەکسانکردنیش(یەکسانی ڕەها) جیایە، ئازادی جیایە و لە سنووردەرچوونیش جیایە، مافی خوێندن مافێکە کە پیاو و ئافرەت پێویستە بەدەستی بهێنن، بەڵام مافی ئیشکردن لە هەموو بوارەکاندا ناکرێت وەکوو یەک بێت؛ چونکە ئافرەت و پیاو هەم لەڕووی بایۆلۆجییەوە هەم لەڕووی فیزیایی و دەروونییەوە جیاوازن، یەکسانیی لەگەڵ بوونیادیاندا ناگونجێت، مەگەر وەک ئەوەی هەندێک لە فێمینیستە عەرەبەکان دەیکەن

کە دروستکردنی سکی پلاستیکییە بۆ پیاو؛ تا ئەمانیش هەست بە ناڕەحەتی هەڵگرتنی منداڵ بکەن! ئەمە یەکسانی نییە، بەڵکوو شێتییە، نالۆجیکییە.

ئەو نازادییەی کە هەم پیاو و هەم ئافرەت پێویستە بخوێنن و تێکەڵی کۆمەڵگە ببنن بە ڕادەی پێویست جیایە لەو سنوور دەرچوونەی کە ئێستا ناونراوە "ئازادی سێکسیی".

فێمینیستەکان هەوڵێکی زۆریاندا کە لەگەڵ پیاواندا یەکسان بن، بەڵام نەیانتوانی و ئەو هەوڵەیان دەرئەنجامێکی تری هەبوو، کە دەرئەنجامەکە دۆڕانی ئافرەت بوو، ئەویش دەرچوونی ڕەگەزی مێیینە بوو لە ئافرەتێتی، لەگەڵ ئەوەی لە ئافرەتبوون دەرچوون، نەگەیشتن بە ئامانجەکەیان کە یەکسان بوون بوو لەگەڵ پیاوان، بۆیە «ئۆشۆ» دەڵێت "فێمینیستەکان ویستیان خۆیان لەگەڵ پیاو یەکسان بکەن، وەک پیاو جلیان پۆشی و وەک پیاو قسەیان کرد و وەک پیاو پرچیان کورت کردەوە، لەکۆتاییدا ژنێتی خۆیان دۆڕاند و نەشیانتوانی ببنە پیاو؛ بەڵکوو خۆیان کردە پیاوێکی پلە دوو کە ئەمیش گەورەترین دۆڕانی ئافرەت بوو لەمێژوودا"[1]، هۆکاری دۆڕانی ئەم پیاوە پلە دووانە(فێمینیستەکان) دەگەڕێتەوە بۆ هزری یەکسانی. فێمینیستەکان پێیان وابوو یەکسانی مافیان بەدەست دەهێنێت، بەڵام هەڵە بوون، نەک تەنیا مافی ئافرەتی بەدەست نەهێنا، بگرە ئافرەتی لەناو برد، بۆیە نیچە هزری یەکسانی بە مەرگی عەدالەت ناو دەبات!

یەکێتی بوون و یەکسانی بوون لەناو ژنانیشدا نەبووە!

بە بڕوای سیمۆن دی بۆڤوار، باڵادەستی پیاوان و ژێردەستەیی ژنان لە شارستانییەت و مێژووی ئەوروپادا دەگەڕێتەوە بۆ خودی ژنان خۆیان؛ چونکە ئەو پێی وایە ژنان وەک هێزێکی یەکگرتوو هەوڵنادەن ناسنامەیەکی تایبەت

---

(١) پەرتووکی (ژن): ئۆشۆ

بۆ خۆیان دروست بکەن. هەروەها لە کتێبی (The Second Sex) یشدا ڕایدەگەیەنێت تا ئێستا بزووتنەوەیەکی ڕاستەقینەی یەکسانیخوازی ژنان بوونی نەبووە. هۆکارەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی یەکێتی نێوان ژنان خۆیاندا.

بەڵام سیمۆن دی بۆڤوار لەگەڵ ئەوەی دەزانێت ژن سەرچاوەی کێشەکانی خۆیەتی، دیسانەوە خۆشی دەبێتەوە بە یەکێک لە هۆکارەکانی کێشەی ژن؛ چونکە بۆ چارەسەری گرفتەکانی ژنان، هەر پەنا بۆ ژن دەباتەوە! بۆیە دەتوانین بڵێین کەوتونەتە ناو پارادۆکسەوە.

چارەسەری ناریشەکانی مرۆڤایەتی (بە نێر و مێ)وە، بە دروستکردنی پەیوەندی لەگەڵ خالقدا بەکۆتا دێت.

ئەگەر بۆ چارەسەری گرفتەکانی ژن بگەڕێیتەوە بۆ ژن، ئەوا گەڕاویتەتەوە بۆ عەقڵ، ئەم عەقڵەی فێمینیستەکانیش باسی دەکەن، دووبارە لە عەقڵی ڕەگەزی بەرانبەر؛ لەکاتێکدا ئەم دوو عەقڵە دەبێت پێکەوە کار بکەن. وەکوو ڕوونیشە کە باشە و خراپە لەلایەن عەقڵەوە دیاریناکرێت، بەڵکوو ئەوە هێزێکی سەروو سروشت(ئیلاهی)یە کە باشە و خراپە دیاری دەکات.

بۆیە هەر پێویستیان بە خالقی عەقڵە.

دەبینین کە سیمۆن دی بۆڤوار و ژنانی فێمینیزم لە گەڕانەوە بۆ چارەسەری کێشەکانی ژن هەڵەیان کردووە

ژنان ناتوانن چارەسەری کێشەی خۆیان بکەن، چونکە یەک عەقڵ و یەک بیرکردنەوەیان نییە، بۆیە مرۆڤایەتی بە ژن و پیاوەوە بۆ چارەسەری هەر کێشەیەکی وجودی پێویستی بە ستانداردێکی ڕەهایە.

پێوەری باشە لای خودا بۆ پیاوان و ئافرەتان.

خودا لە قورئاندا زۆر جوان و بە کورتی بابەتی یەکسانی نێوان ژن و پیاو دەبڕێنێتەوە، ئەومان بەیاد دەهێنێتەوە کە شکۆ و کەرامەتی مرۆیی لە بنەڕەتی خەلقکردنیادا هاوشانن ﴿خَلَقَكُمْ مِنْ نَفْسٍ واحِدَةٍ﴾.

لە بنەڕەتدا ئەم بیرکردنەوەی یەکسانی ڕەگەزییە هەڵەیە، چونکە ئافرەت و پیاو بونیاد و پێکهاتەیان جیایە، وەک خودا دەفەرموێت ﴿وَلَيْسَ الذَّكَرُ كَالْأُنْثَىٰ﴾ واتا: «نێر وەک مێ نییە».

بۆیە هەر بەراوردکردنیان کارێکی نەزانانەیە.

هیچیان زاڵ نین بەسەر ئەوی تریاندا، هەر یەکە و ئەرک و بەرپرسیاریەتی خۆی هەیە. گەر پیاو بە ڕەهایی کاری ئافرەت بکات لە پیاوبوون دەردەچێت و ئافرەتیش بچێتە جێگەی پیاو لە ئافرەت بوون دەردەچێت.

باشترین مرۆڤ لای خودا لەسەر بنەمای کاری چاکە و خزمەتکردن و تەقوایە، ﴿إِنَّ أَكْرَمَكُمْ عِندَ اللَّهِ أَتْقَاكُمْ إِنَّ اللَّهَ عَلِيمٌ خَبِيرٌ﴾ [الحجرات:١٣] واتە: «بەڕاستی باشترینتان لای پەروەردگار کەسێکە کە لە خودا دەترسێت و پارێزکارە».

هەروەها خودا پێوەری چاک و باش بوونی ئافرەتان و پیاوانی لەسەر بنەمای کردەوەی چاک داناوە. وەک دەفەرموێت: ﴿وَمَن يَعْمَلْ مِنَ الصَّالِحَاتِ مِن ذَكَرٍ أَوْ أُنثَىٰ وَهُوَ مُؤْمِنٌ فَأُولَٰئِكَ يَدْخُلُونَ الْجَنَّةَ وَلَا يُظْلَمُونَ نَقِيرًا﴾ [النساء:١٢٤] واتە: «هەر کەسێک لە کردەوە چاکەکان ئەنجام بدات، جا چ نێر بێت یان مێ، لە حاڵێکدا ئەو کەسە ئیماندار بێت، ئەوا ئەوانە دەخرێنە بەهەشتەوە و بەقەدەر چاڵی ناوکە خورمایەک ستەمیان لێ ناکرێت».

لە پێوەرە چاک و سیفاتە بەرزەکاندا جیاوازی لەنێوان نێر و مێدا نییە؛ نەک

خودی پیاو بوون یان ئافرەت بوون بکرێت بە پێوەر.

خودا پێوەری چاکەی تایبەتی داناوە بۆ ئافرەتان و پیاوان.

کریستین دی پیزانیش هەمان تێڕوانینی ئیسلامییانەی بۆ ژن و پیاو هەیە، لە پەرتووکی «شاری خاتوونەکان» دەڵێت: "ئەو ژنە یان ئەو پیاوەی کە بەرزترین بەهای چاکەی تێدایە، لەوی تریان باشتر و بەرزترە. پایەداری یاخود بێ پایەیی کەسێک لە جەستە و ڕەگەزەکەیدا نییە، بەڵکوو لەوەدایە کە چەند بەهای چاکەی هەیە و چەندێک کاملانە ژیان بەڕێوە دەبات."

خوای گەورە لە جێگایەکی تری قورئاندا دەفەرموێت: ﴿إِنَّ الْمُسْلِمِينَ وَالْمُسْلِمَاتِ وَالْمُؤْمِنِينَ وَالْمُؤْمِنَاتِ وَالْقَانِتِينَ وَالْقَانِتَاتِ وَالصَّادِقِينَ وَالصَّادِقَاتِ وَالصَّابِرِينَ وَالصَّابِرَاتِ وَالْخَاشِعِينَ وَالْخَاشِعَاتِ وَالْمُتَصَدِّقِينَ وَالْمُتَصَدِّقَاتِ وَالصَّائِمِينَ وَالصَّائِمَاتِ وَالْحَافِظِينَ فُرُوجَهُمْ وَالْحَافِظَاتِ وَالذَّاكِرِينَ اللَّهَ كَثِيرًا وَالذَّاكِرَاتِ أَعَدَّ اللَّهُ لَهُم مَّغْفِرَةً وَأَجْرًا عَظِيمًا﴾ [الاحزاب: ٣٥] واتە: «بەڕاستی پیاوە موسوڵمانەکان و ئافرەتە موسوڵمانەکان وە پیاوە باوەڕدارەکان و ئافرەتەباوەڕدارەکان و پیاوانی هەمیشە گوێڕایەڵ و ئافرەتانی هەمیشە گوێڕایەڵ و پیاوە ڕاستگۆکان و ئافرەتە ڕاستگۆکان و پیاوان و ئافرەتانی خۆگر و بەئارام، هەروەها پیاوانی لەخواترس و ژنانی لەخواترس و پیاوان و ئافرەتانی بەخشندە و پیاوان و ئافرەتانی ڕۆژووەوان پیاوان و ئافرەتانی داوێن پاك پیاوانێ کە زۆر یادی خوا دەکەن و ئافرەتانێ کە زۆر یادی خوا دەکەن، خوا بۆ هەموویان لێخۆش بوون و پاداشتی گەورەی ئامادەکردووە».

ئەم ئایەتانە گرێی خۆبەکەم زانین(inferiority complex) ناهێڵێت. ئەم تێگەیشتنە وا دەکات کە ئافرەتان و پیاوان بە یەکتری نەکێشرێن و نەپێورێن. پێوەری باشبوونیان خودا دیاریکردووە. ئافرەتێک لە پێوانەی خودا دەربچێت و سەرکەوتوو بێت، چ پێویستی بە پێوەری بەندەکانی خودایە؟

٢- ئەخلاق و فێمینیزم:

"مرۆڤ لە ساتێک لە ساتەکانی وجوودیدا ویستی ئازادبێ و، ڕێگەی پێدرا ئازاد بێت و بە هەمان شێوە ڕێگەی پێدرا ئەو کۆت و بەندانە فرێبدات کە ئەوەندەی پارێزگاری لە مرۆڤ کردووە کۆتی نەکردووە. بۆیە لێرەوە ئەگەری ئەوە کرایەوە کە مرۆڤ ئازار بچێژی بەهۆی ئازادبوونیەوە لەوەی ناسراوە بە (کۆت و بەند). مرۆڤ بەو ڕێگایەدا ڕۆیشت بەوپەڕی دڵنیاییەوە تاوەکوو گەیشت بەو حاڵەتەی وەک نیچە بڵێت (خودا مرد)، لێرەوە وجوود بوو بە زەمینەیەک بۆ هیچ و پووچی و بێمانایی کە کردنی هەموو شتێک ڕێگەی پێدرا"[1]

فەیلەسووفی ترادیشناڵ، «یولیۆس ئیقۆلا»

ئەگەر ئاوڕێک بۆ مێژوو بدرێتەوە، دەردەکەوێت هەر سەردەمێک مرۆڤ دەسەڵاتی گرتبێتە دەست و خۆی یاساکانی دانابێت، زوڵمی لە کۆمەڵێک مرۆڤی تر کردووە؛ چونکە مرۆڤ کامڵ نییە، ناتوانێت یاسای کامڵ دابنێت. فێمینیزمیش جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە پێویستە ئافرەتان یاسا بۆ کۆمەڵگە دابنێن، یان بە هاوبەشی لەگەڵ پیاواندا یاساکان دابڕێژنەوە. واتا مرۆڤ یاساکان دابڕێژێتەوە. هیچ قوتابخانەیەکی فێمینیزمی نییە داوای بەیاساییکردنی مافی ئافرەت نەکات! (ئەخلاق و یاسا و مافیش) پەیوەستن بە یەکەوە. هەر یاسایەک دەردەکرێت، لایەنێکی ئەخلاقیی لەگەڵە؛ ئەگەر لایەنە ئەخلاقییەکەی باش بوو، ئەوا مافەکان پێشێل ناکرێت، ئەگەر لایەنی ئەخلاقی یاساکەش کێشەی هەبوو، ئەوا ماف دەستەبەرناکرێت و نادرێت. بۆیە ئەگەر بمانەوێت مافی تەواو بۆ مرۆڤەکان دابین بکەین، دەبێت بەدوای یاسایەکدا

(1) Revolt Against the Modern World

بگەڕێین کە سەرچاوەیەکی ئەخلاقی تەواو و بێ کەموکوڕی هەبێت.

لێرەدا پرسیارێک دروست دەبێت، ئایا ئەخلاق چییە؟

کەواتە «ئەخلاق» چییە؟[1]

بەهای ئەخلاقی ئەوە نییە کە لەنێو کۆمەڵگەدا باوە، بەڵکوو لە فەلسەفەی ئەکسیۆلۆجیدا بەهای ئەخلاقی ئەو پێوەرەیە کە چاکە و خراپە دیاریدەکات؛ واتە کاتێک کارێکی خراپ یان باش ئەنجام دەدەین پێویستە بزانین ئەم کارە بۆ خراپە یان بۆ باشە؟

مەبەستی ڕونکردنەوەمان ئەخلاقی بابەتییە نەک ئەخلاقی ڕێژەیی.

مەبەست لە ئەخلاقی بابەتی (یان ئەخلاقی ڕەها) ئەوەیە کە بزانرێت بابەتییانە ئەخلاق چییە، خودی ئەخلاق چییە!

بەڵام ئەخلاقی ڕێژەیی (یان ئەخلاقی خودی) بەندە لەسەر مرۆڤەکان و بەپێی هەست و بیرکردنەوەی مرۆڤەکان دەگۆڕدرێت.

قوتابخانە فێمینیزمییەکان، عەقڵ یان کۆمەڵگە دەکەن بە پێوەر بۆ ئەخلاق، زۆرجاریش تەنیا عەقڵی ژن دەکەن بە پێوەر، بەڵام ئایا دەکرێت عەقڵ یان کۆمەڵگە پێوەر بێت؟

هیتلەر یەهودیەکانی هۆلۆکۆست کرد و «گۆبڵس» قەناعەتی بە زۆرینەی گەلی ئەڵمانیا کردبوو کە کوشتنی یەهودییەکان کارە ڕاستەکەیە. ئایا ئەمە کارێکی خراپە؟ ئەگەر خراپە بۆ خراپە؟ خۆ زۆرینەی کۆمەڵگەی ئەڵمانی لەگەڵیدا بوون! بە ژن و بە پیاوەوە.

---

(١) بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی ئەخلاق دەتوان سوود لە پەرتووکی (بەڵگەکانی بوونی خوا) ی دکتۆر سامی عامری، و پەرتووکی (حەقیقەتی ئیلاهی) حەمزە ئەندریاس تزۆرتزیس، و پەرتووکی (ئیلحاد، بنکەنکردنی دیوارێکی لەرزۆک)ی م، زانا سەلام ببینن

ئەمریکا بەهۆی قڕکردنی هیندییە سوورەکانەوە ئەم شارستانییە گەورەیەی پێکهێناوە. ئایا کارێکی ناعەقڵانی کردوە؟ ئەگەر ناعەقڵانیە بۆ؟ وەکوو خۆیان دەڵێن هیندییە سورەکان مرۆڤانێکی ناشارستانی بوون، کەواتە بۆ خراپە؟

کۆمەڵگەیەک پشتگیریی کوشتنی کۆمەڵگەیەکی دیکە دەکات!

کەواتە لێرەدا ئەخلاقی خودییانە شکستی هێنا، عەقڵ و کۆمەڵگە و بزووتنەوە، یان ڕەوتێکی فیکری، ناکرێن بە بنەمای ئەخلاقی.

بەڵام ئایندارەکان بەتایبەت بڕوادارانی بە ئایینی ئیسلام دەڵێن بەبێ خودا (بەهای ئەخلاقی بابەتی، بەرپرسیارییەتی ئەخلاقی و ئەرکی ئەخلاقی) بوونی نییە و مانا نادەن. وەک «عەلی عیززەت بیگۆڤیچ» دەڵێت "ئەخلاق لە موحەڕەماتەوە هاتووە" واتە لە حەڵاڵ و حەرامەوە هاتووە. زانایانی ئەهلی سوننە تێکڕا کۆکن لەسەر ئەوەی جوانیی و ناشرینیی شەرعییە نەوەک عەقڵی؛ واتا شەرع بۆمان دیاری دەکات کە چ شتێک باشت و چی خراپە.

لە چاوپێکەوتنێکی نوێدا دکتۆر «ڕیچارد دۆکینز» کە یەکێکە لە پێشەوایانی ئیلحاد دەڵێت: "نەبوونی باوەڕ بە خودا لە بیروڕای مرۆڤایەتی پاڵنەرە بۆ ستەم و نەمانی ئەخلاق".

واتە ئەگەر حەرام و حەڵاڵ نەبێت، بەهای ئەخلاقیش نابێت.

حەڵاڵ و حەرامیش پێویستە لەلایەن خوداوە دیاریبکرێت، چونکە خۆی دروستکەری مرۆڤە و شارەزایەتی.

«حەمزە ئەندریاس تزۆرتزیس» دەڵێت: "ئەگەر خودا نەبێت ئەوا ڕاستی ئەخلاقی بابەتیش نابێت" چونکە لە بواری ئاکاردا بابەتی بوون بە مانای ئەوە دێت کە ئاکار نە پەیوەستە نەسەرچاوەشی گرتووە لە هۆشی یەکێک یان هەستی کەسێک، لەم ڕووەوە بابەتە ئاکارییەکان لەدەرەوەی توانای سنووردارین

مرۆڤە، هەربۆیە بەشێک لە فەیلەسووفە ئیسلامییە نوێکان و بەشێک لە فەیلەسووفانی ڕۆژئاوا لەڕێی ئەخلاقەوە بوونی خودایان سەلماندووە.

مادام ئاکاری بابەتی پشت بە توانا سنووردارەکانمان نابەستێت کەواتە وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانە پێویستن: لە کوێوە هاتوون؟ سروشتیان چییە؟ بۆچی هاتوون و سەرئەنجامیان چییە؟

بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانە بنەمای ژیرمەندانە پێویستە، ئەمە سروشتی بابەتی بوونیان ڕوون دەکاتەوە؛ ژیرانە پیشانمان دەدات کە لەکوێوە هاتوون. ئەم پرسیارانە دەگەڕێتەوە بۆ بوارێکی فەلسەفی کە بە «ئۆنتۆلۆجیای ئاکار» ناسراوە. لەڕووی ئۆنتۆلۆجییەوە مەبەستمانە کە بزانین خراپە بۆ خراپە و چاکە بۆ چاکە! کۆمەڵگەش پێوەر نییە بۆ ئەمە، چونکە دوور لە چاوی کۆمەڵگە هیچ کام لە کارە ئەخلاقییەکان بەهایان نامێنێت. دەکرێت لە کۆمەڵگەیەک شتێک ئەخلاقی بێت و لە کۆمەڵگەیەکی تر نائەخلاقی بێت. بۆیە ئەمە بنەچەی ئەخلاق نییە؛ وەڵامیشمان ناداتەوە کە بۆچی بەخشین و ڕێزگرتن ئەخلاقییە! ئیمانە کە بەهای بە ڕێز و بەخشین بەخشیوە. فێمینیستەکان کاریگەری باگراوندی ئیمانی کۆمەڵگەیان لەسەرە بۆیە باس لە پرسە ئەخلاقییەکان و بەدەستهێنانی ماف دەکەن. بۆیە هەوڵ دەدەن چاک بن؛ ئەگەرنا بەبێ خودا ڕوون نابێتەوە کە بەهای کارە ئەخلاقییەکان چییە! یان ئایا هیچ بەرپرسیاریەتێکیان لەبەردەمدایە کە کاری ئەخلاقی بکەن یان نا؟ وەک ئەرکێکیش لێی ناڕوانن.

ڕوونکردنەوەیەک لەسەر ئەخلاقی بابەتی(ڕەها):

ئەگەر پێناسەیەکی سەرەتایی و بنەڕەتی بۆ دەستەواژەی «بابەت» بکرێت ئەوا دەڵێین مەبەست لێی ڕەچاوکردن یان خستنەڕووی ڕاستییەکانە بەبێ ئەوەی

کارتێکراوێت بە هەستی کەسی یان ڕاوبۆچوونی تایبەتی، لەبواری ئاکاردا بابەتیبوون بەمانای ئەوەدێت کە ئاکار نە پشت بەستووە نە سەرچاوەشی گرتووە لە هۆشی مرۆڤێک یان هەستی کەسێک. لەم ڕووەوە بابەتە ئاکارییەکان لەدەرەوەی توانستی سنووردارین مرۆڤە.

ڕاستی ئەخلاقی بابەتی خودییەتی مرۆڤ تێدەپەڕێنێت و لەسەرویەوەیەتی.

هەر وەکوو پڕۆفیسۆر «ئان مارکهام» ئەوە ڕوونەدەکاتەوە کە زمانی ئاکاریمان ئاماژە و بەڵگەی هەندێک شتن لە سەرووی مرۆڤەوەن و دەڵێت: "بنەما و بنەڕەتی تایبەتمەندی زمانی ئاکاری بەڵگەیە لەسەر شتانێکی گەردوونی دەرەکی" کە ئەمەشە لە فەلسەفەی ئاکارناسیدا پێی دەوترێت ئاکاری گەردوونی (MORAL UNIVERSALISM).

بۆیە بۆ داڕشتنەوەی یاساکان پێویستیمان بە خودا هەیە. ئەو سەرچاوەی ئەخلاقە و دانەری یاساکانە. ئەگەر بۆ دانانی یاسا بۆلای ئەو بگەڕێینەوە، ئەوا تووشی زوڵم نابین، فێمینیست دەبێت بۆلای خودا بگەڕێتەوە بۆ ئەوەی مافی خۆی دابین بکات بێ ئەوەی مافی پیاو بخوات.

بەڵام هێشتا هەندێک لە فێمینیستەکان-ئەوانەی کە بڕوایان بە ئایین و خودا نییە- نکۆڵی دەکەن و ئەخلاق دەگێڕنەوە بۆ مرۆڤ. هەروەها دەڵێن کە دەکرێت ئەخلاق ڕێژەیی بێت و بەپێی کۆمەڵگە ئەخلاق بگۆڕدرێت.

لە وەڵامی ئەمجۆرەدا ڕوونکردنەوەیەکی «حەمزە ئەندریاس تزۆرتزیس» دادەنێین کە دەڵێت "هەڵگری بیروباوەڕی ئەخلاقی ڕێژەیی کە پێداگری دەکات لەسەر ئەوەی ئاکار-ئەخلاق- ڕێژەییە بەپێی فۆرمە کەلتووری و نەریتییەکان». باس لەوە دەکات کە گفتوگۆ لەسەر ڕەهایەتی و بابەتییەتی ئاکار ئەوە دەسەلمێنێت کە ئاکارەکان بابەتی نین و ڕێژەیین.

ئەوانەی پێیان وایە کە ئاکار بابەتییە، باس لەوە دەکەن کە باوەڕ و هەستی خەڵک، یان ئەوەی دەیکەن ناپەیوەندە و دوورمان ناخاتەوە لە ڕاستییە ئاکاریە بابەتییەکان (کە ئەمە بە وردی پێناسەی بابەتییە). لەم گۆشە نیگایەوە ئەخلاقی ڕیژەیی مایە پووچە لەبەر وەڵامی کردە کولتوورییەکان بۆ شتێک کە بابەتیانە ڕاستە. ئەمە مەحکومە بە شکست چونکە پێناسەی ئاکاری بابەتی دەڵێت: "ئاکار سەربەخۆیە لە هەست و باوەڕ و کولتووری کردارییەکان". کەواتە بەکارهێنانی ئەوانە بۆ ڕەتکردنەوەی بابەتی بوونی ئاکار بێمانایە.

ئەم بەشە هەندێ لێکەوتەی سەرسوڕهێنەری بۆ ئاتایست هەیە. ئەگەر ئاتایستەکان هەندێ ئاکار بە بابەتیی دابنێن، دەبێت دان بەوەدا بنێن کە خوا هەیە وەک تاکە بنەمای ژیرانەیە بۆ بوونی ئاکاری بابەتی یان دەبێت بە ناچاری جێگرەوەیەکی بەهێز دابین بکەن.

ئەگەر نەتوانن جێگرەوە دابین بکەن، دەبێت ڕەفتاری فیترِیان فەرامۆش بکەن لە ناسینی چاکە و خراپەی بابەتی، و هەموو چەمکی ئاکاری بابەتی بەیەکەوە ڕەت بکەنەوە. هەر کە ئەمەشیان کرد هەموو ئاماژەی پەنجەیان و ئەم هەموو حوکمە ئەخلاقیانەی بەسەر ئیسلامیدا دەدەن ئاستی لاواز دەبێت؛ دادەبەزێتە ئاستی خودیەتی کەسیەتی، بەڕاستی بەڵگەکە لە هەڵوێستی ئاکاریەوە ژیرانەیە لەهەمبەر بیرۆکەی ئیسلامیانە سەبارەت بە ئیلاھ.

خودا بەتەواوی چاکە و دانایە. فەرمانەکانی لەگەڵ سروشتی تەواویەتی خۆی دژ یەک نین لەبەرئەوە فەرمانەکانی بەتەواوی باشن.

زانینی ئەمە لەبارەی خوداوە بۆ ئاکارە بابەتییەکان بنەمامان دەداتێ؛ بە دەربڕینێکی تر خوداناسیی و ناسینی خودا«ناسینی چاکەیە»[1]

---

(١) پەرتووکی "حەقیقەتی ئیلاهیی"، نووسینی "حەمزە ئەندریاس تزۆرتزیس".

دەرئەنجام:

وەک لە سەرەتای ئەم بەشە ئاماژەی پێدرا، (ئەخلاق و یاسا و ماف) پەیوەستن بە یەکەوە. ئێستا ڕوون بووبەوە کە سەرچاوەی ئەخلاق خودایە. کەواتە یاسای مرۆڤایەتیش دەبێت خودا دایبنێت تا مافی مرۆڤەکان (بە نێر و مێ)وە دابین بکرێت و پارێزراوبێت.هەر وەکوو خودا خۆی دەفەرموێت ﴿إِنِ الْحُكْمُ إِلَّا لِلَّهِ﴾ واتە: «حوکم دەبێت حوکمی خودا بێت» بۆ ئەوەی ماف پێشێل نەکرێت و نێر زوڵم لە مێ نەکات و بەپێچەوانەشەوە مێ زوڵم لە نێر نەکات.

تێگەیشتن لەمەش دەمانگەیەنێتە ئەو دەرئەنجامەی کە لە حەقیقەتدا هەڵبژاردنی فێمینیزم-بە هەموو قوتابخانە و جۆرەکانییەوە- بژاردەیەکی نائەخلاقییە؛ چونکە فێمینیزم دەرکردنی بڕیارە یاساییەکان دەداتەوە عەقڵی مرۆڤ-عەقڵی مرۆڤێک کە هەمیشە لە گۆڕاندایە و ڕاڕایە و جێگیر نییە- و حساب بۆ یاسا خودایییەکان ناکات. واتا فێمینیزم هەوڵێکە بۆ پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ بە نێر و مێوە.

چۆن گەیشتینە ئەم دەرئەنجامە؟

لەم بەشەی دواتردا زیاتر ڕوون دەبێتەوە کە فێمینیزم مافی مرۆڤ پێشێل دەکات.

نێر سالاریی یان مێ سالاریی؟

فیمینیزمی نوێ، تێڕوانینێکی مێیینانە بۆ جیهان

«مێسەنتەری، گەلسەنتەری، نێرسەنتەری، تاکسەنتەری، خواسەنتەری»

پێش دەستپێکی ئەم بەشە، گرنگە ئەوەتان بیربخەینەوە کە لە پێشەکی بەشی (مێژووی ئافرەت) باسمان کرد کە ئافرەت لە هەموو سەردەمێکدا سەرکوت نەکراوە بەو شێوازەی زۆرێک لە مێژوونووسان و فیمینیستەکان دەیگێڕنەوە. هەندێک لە مێژوونووسان باس لەوە دەکەن کە هەژموون و زاڵبوونی نێر بەسەر مێدا لە ئەنجامی جەنگێک، یان کۆمەڵە جەنگێکەوە بەدی هاتووە کە لە سەردەمانی زۆر کۆن و دێرینەوە ڕووبان داوە. وەک «عبدالوهاب المسيري» دەڵێت: "ئەو کاتەی کە سەرجەم کۆمەڵگەکان دایکانە و دایکسالاری (Matriarchy) بوون، مێیینە یان دایکان خاوەنی هەژموون و زاڵێتی بوون لە کۆمەڵگەکاندا؛ خواوەندەکان مێیینە بوون، ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی سیفەتی مێیینەیی هەبووە، نەرمونیانی و پێکەوەسازیبان بەشێوەی ئەندامی مێیینە بووە."

بۆ نموونە لە هیندستان «میت پەرواتی» خوداوەندێکی مێیینە بووە و بۆ مەبەستی خۆشەویستی و هێز و نوێبوونەوە پەرستراوە. لە یۆنانیش «ئەفرۆدایتی» خواوەندی جوانی بووە. پاش ئەوە نێرینە زاڵ بووەتەوە. نێر بووەتەوە بە سەنتەر و بووەتەوە بە خودا و زوڵمی لە ئافرەت کردووەتەوە. لە حەقیقەتدا ئافرەت لە هیچ کام لە دۆخەکاندا لە پێگەی خۆیدا نەبووە، نە دەبێت بکرێت بە خودا، نە دەبێت سووکایەتیشی پێ بکرێت و بەکەم سەیر بکرێت. پێویستە ئافرەت وەکوو ڕەگەزی مێ، وەک: دایک، کچ، ژن و خوشک تەماشا بکرێت، وەک چۆن پیاو وەکو: باوک، برا، مێرد و کوڕ تەماشا دەکرێت. نەگەر نێر و مێ هەردووکیان لە سەنتەر لانەچن ئەوا جەنگەکە بەردەوام دەبێت.

لە سەدەکانی شازدە تا هەژدە، زۆرێک لە ئافرەتان لەوە تێگەیشتبوون کە نابێت نە نێر نە مێ ببن بە خودا و سەنتەر بن بۆ کۆمەڵگە یاخود فەزڵی یەکێکیان بدرێت بەسەر ئەویتریاندا، وەکوو «کریستین دی پیزان» دەڵێت: "ئەو ژنە، یان ئەو پیاوەی کە بەرزترین بەهای چاکەی تێدایە، لەوی تریان باشتر و بەرزترە. پایەداری یاخود بێپایەیی کەسێک لە جەستە و ڕەگەزەکەیدا نییە، بەڵکوو لەوە دایە کە چەند بەهای چاکەی هەیە و چەندێک کاملانە ژیان بەڕێوە دەبات".

بەڵام زۆرێک لە فێمینیستەکانی دوای «دی پیزان» و فێمینیستەکانی تری سەر بە قوتابخانەی فێمینیستی ڕادیکاڵ و مارکسیزم و سۆسیالیزم و قوتابخانەکانی تر بەتایبەت فێمینیزمی نوێ، فێمینیزمی کوردستان و جیهانی عەرەبی وا بیر ناکەنەوە؛ درێژە بە جەنگەکە دەدەن و هەوڵی بەسەنتەربوونەوەی مێ دەدەن و لە ڕوانگەی مێیینەوە دەڕوانن جیهان؛ دەبێت مێ حوکم بکات، دەبێت مێ دامودەزگاکان بەڕێوە ببات-وەک ئەوەی فێمینیزمی قوتابخانەی سۆسیالیست و ڕادیکاڵ و کولتووری-، مێ دەبێت هەموو شت بێت. لەبەرانبەریشدا زۆرێک لە پیاوان هەن کە نێر دەکەنەوە بە سەنتەر؛ لە ڕوانگەی نێرەوە شیکردنەوە بۆ بەها ئەخلاقی و کۆمەڵایەتییەکان دەکەن.

بەڵام لە ڕاستیدا ئەم بیرکردنەوەیە داڕوخێنەری کۆمەڵگە و هەموو دامودەزگاکانە، چونکە وا لە مرۆڤ دەکات وەک تاک بیر بکاتەوە نەک کۆمەڵ، وەک ڕەگەز بیربکاتەوە نەک مرۆڤایەتی. حەز و ویستی تاک بەسەر گەل و خێزاندا زاڵدەکات، تەنیا لەبەر ئەوەی مێیەک، یان نێرێک، بگات بە ویستەکانی و ویست و مافی ڕەگەزی بەرانبەر پێشێل دەکات؛ وەکوو مشەخۆر لەسەر حسابی بوونەوەری تر خۆیان تێر دەکەن. لە تاکسەنتەریدا کۆمەڵ بوونی نامێنێت، نەتەوەش لە کۆمەڵ و خێزان پێک دێت.

بۆیە (فێمینیزم و نێرسەنتەری و تاک سەنتەری و مێ سەنتەری) لە وشەیەکی تردا کۆدەبنەوە کە پێی دەوترێت «چێژسەنتەری»، تاک بەس بۆ ئەوەی بە حەز و ویستەکانی، و دەسەڵات و چێژ بگات، هەموو شتێک دەکات. لە چێژسەنتەریشدا کۆمەڵگە بوونی نامێنێت. ئەم فەلسەفەیەش ئەوەیە کە وڵاتانی ڕۆژئاوای دیموکراسی لەسەر بوونیادنراوە. لەپاش سەردەمی بوونگەرایی، ڕۆژئاوا تووشی بێ ئومێدی بوو لە دۆزینەوەی بەها ئەخلاقییەکان و بەهای ژیان؛ بۆیە ناچار بڕیاریاندا چێژ بکەن بە خواوەند و بیپەرستن.

فێمینیزم، تەنیا بۆ ئەوەی مێیەک بگەیەنێت بە دەسەڵات، خێزان و کۆمەڵگە هەڵدەوەشێنێتەوە. فێمینزمە هاوڕەگەزباز و هاوڕەگەزخوازەکان خۆیان لە نێر دوور دەخەنەوە، سێکس تەنیا لەگەڵ ڕەگەزی خۆیان دەکەن. یان وەک ڕادیکاڵ و لیبراڵ و مارکسیستەکان خۆیان لە خێزان دەدزنەوە و تەنیا بیر لەخۆیان دەکەنەوە و واز لە پەروەردەکردنی منداڵ و پاراستنی خێزان دەهێنن. لە باوەڕی ئەم جۆرانەدا شتێک بوونی نییە بە ناوی «بەرپرسیاریەتی» جا بەرپرسیاریەتی کۆمەڵ بێت یان خێزان، دایکایەتی بێت یان هاوسەرێتی. ئاشکراشە کە مرۆڤ ئەگەر لە بەرپرسیاریەتی خێزان و کۆمەڵ سەرکەوتوو نەبێت، هیچ کات ناتوانێت بەرپرسیاریەتی نەتەوەیەک بگرێتە ئەستۆ بە شێوەیەکی دادپەروەریانە؛ تەنیا ئەوە نەبێت وەک ئەفرۆدایتی مێ ببێتەوە بە خودا و نێریش ببێت بە بەندەی، پاش ئەوانیش نێر ببێتەوە بە خودا و مێ بچەوسێنێتەوە.

ئەو جەنگە دروست دەبێتەوە کە ئافرەت بچێتەوە سەر شەقامەکان و لە ڕۆمان کتێبەکاندا لەسەر پیاوان قسە بکەن و پیاوانیش لە وەڵامدا پێیان: "قەحبە و ژنە جادووگەر و بێ ڕەوشت و نەزۆککەر".

کێشەکە لە سەنتەربوون دایە. دەبێت فکری زاڵبوونی ڕەگەزی و یاسایی

مرۆیی لابردرێت، چونکە ئاشکرایە بەدرێژایی مێژوو هەرکاتێک مرۆڤێک وەک تاک بە عەقڵییەتی خۆی حوکمی کردبێت، گەل و ڕەگەزێکی جیا چەوساوەتەوە. ئەگەر گەلیش حوکمی کردبێت ئەوا گەلێکی تر چەوساوەتەوە. بۆ چارەسەری کێشەکان دەبێت مرۆڤایەتی بگەڕێتەوە بۆ «خوداسەنتەری». خودا کە بەدیهێنەری مرۆڤەکانە، لە مرۆڤەکان باشتر مرۆڤ دەناسێت، مافیشیان باش دەزانێت، بەشێوەیەک یاساکانی داناوە کە زوڵم لە هیچ مرۆڤ و ڕەگەزێک نەکرێت.

لە شەریعەتی ئیسلامدا نێر و مێ یادیان دەخرێتەوە کە ئەوان خوشک و بران، باوک و کچن، دایک و باوک و ژن و مێردن، کەسوکار و پشت و دڵسۆزی یەکترین.

دوور لەوەی کە مێ، نێر وەک دوژمن ببینێت و نێریش بەهەمان تێڕوانین تەماشای مێ بکات؛ وەک ئەو جەنگەی کە فێمینیزم لەنێوان مێ و نێر (باوک و دایک، خوشک و برا، ژن و مێرد) دروستی کردووە. لە تێڕوانینی فێمینیزمدا مێ هیچ شتێک نازانێت جگە لەوەی کە دژی بڕیار و عەقڵییەتی نێر بووەستێتەوە. لە شەریعەتی خودادا ناکرێت کەسیان زوڵم لەوی تریان بکات. ئەگەر کەسێکیشیان زوڵم بکات، لە دونیادا شەریعەت سزای دەدات و لە ڕۆژی سەڵاشدا خودا خۆی مافی وەردەگرێتەوە.

وەک «فەریدە خانم» دەڵێت: "خودا مافی خۆی و بەندەی هێنده پێکەوە بەستووەتەوە کە مافەکانمان لێ تێکەڵ دەبێت"[1] مافی ئیمان بە خودا و چاکبوون لەگەڵ دراوسێ و دایک و باوکی بەیەکەوە بەستووەتەوە. وەک لە فەرموودەیەکدا پەیامبەر (ﷺ) دەفەرموێت: «کەسێک ئیمانی تەواو نییە،

(۱) دکتۆر «فەریدە خانم»، لە پەرتووکی «Life and Teachings of the Prophet Muhammad»ەوە.

مەگەر ئەوەی بۆ خۆی پێی خۆشە بۆ براکەشی پێی خۆش بێت». واتە ئەگەر بۆ مرۆڤەکان باش نەبیت بەپێی تێڕوانینی ئیسلامی، ئیمانت تەواو نییە. لە فەرموودەیەکی تریشدا پەیامبەر(ﷺ) دەفەرموێت: «باشترینتان ئەوەیە کە بۆ خێزانەکەی باشە؛ منیش لە هەمووتان باشترم بۆ خێزانەکانم.» لەم فەرموودە و مامەڵەیەی نێوان پەیامبەر (ﷺ) و خێزانەکانی، ژن و مێرد (نێر و مێ) ورد ببنەوە، هیچ دوژمنایەتی و چەوساندنەوەیەک نییە جگە خۆشەویستی. چونکە بۆ حوکم بۆ لای خودا گەڕاونەتەوە.

بۆیە ئەگەر مرۆڤ هەوڵی بەدەستهێنانی مافی مرۆڤ بدات، دەبێت بۆ لای خودا بگەڕێتەوە، نێر و مێ ناتوانن دەسەڵات وەربگرن و دادپەروەر بن چونکە لە ڕوانگەی خۆیانەوە مافەکان دادەڕێژنەوە، خۆیان دروستکراون، دروستکراو ناتوانێت حوکمی دادپەروەرانە بدات بەسەر سروشتدا؛ چونکە دادپەروەری بە دروستکار (بەدیهێنەر) دەچەسپێت، خوداش دروستکارە و بەدیهێنەرە، ئەو دەزانێت مافی مرۆڤەکان چییە. ئەگەر نێر سەنتەر بێت بۆ یاسا، ئەوا تەنیا لە مافی خۆی تێ دەگات. هەرچەندێک هەوڵ بدات مافی مێ نادات، چونکە لە بوونیادی مێ تێنەگەیشتووە. لەبەرانبەریشدا ئەگەر مێ سەنتەر بێت، بەهەمان شێوە لە ڕوانگەی مێبوونەوە یاساکان دادەڕێژێتەوە و حوکم دەکات، دیسانەوە زوڵم لە بوونەوەرێکی تر دەکات. بەڵام خودا کە دروستکەری هەردووکیانە، شارەزای بوونیادی هەردووکیانە، مافی تەواویان دەدات.

لەکۆتاییدا دەتوانین بڵێین: فێمینیزم ڕێگەیەکە بۆ لابردنی ڕەگەزی مێ لە پێگەی ئافرەتێتی و بردنی بۆ مەیدانێکی جەنگ کە لەکۆتاییی جەنگەکەدا نێر یان مێ دەیباتەوە؛ سەربازانی ناو مەیدانەکەش تەنیا وەک ڕەگەز پێیان دەوترێت: مێ و نێر دوور لە هەموو سیفەتێکی ئافرەت و پیاوەتی. کۆتایی جەنگەکەش بە ڕووخانی خێزان و کۆمەڵگە تەواو دەبێت، جا هەرکام لە ڕەگەزەکە براوە بێت.

٣- ئافرەت و کارکردن لە دەرەوە:

"ئەگەر نوێژکردنی ئافرەت لە ماڵەوە خێری زیاتر بێت لە نوێژکردنی ئافرەت لە دەرەوە! ئاخۆ ئەوسا کارکردنی لە دەرەوە گونجاوتر و باشترە بۆی لە کارکردنی لە ماڵەوەدا؟!

ئەگەر ئافرەت نوێژی بە کۆمەڵی لەسەر لابببرێت بۆ پاراستنی مافی خۆی و منداڵەکەی، لەکاتێکدا نوێژی بەکۆمەڵ دروشمی ئیسلامە، ئایا شەرع داوای لێ دەکات بۆ بەرژەوەندی دونیا بچێتە دەرەوە، لەکاتێکدا چونە دەرەوەی بۆ بەرژەوەندی قیامەتی لەسەر لابراوە؟!"

ئەلئیدریسی

یەکێک لەو خاڵانەی کە فێمینیستەکان بانگەشەی بۆ دەکەن، ئازادی ڕەها و چوونە دەرەوەی ئافرەتە بەبێ سنوور، دەڵێن چۆن پیاو لە دەرەوە کار دەکات، بەهەمان شێوە ئافرەتانیش پێویستە کار بکەن لە دامودەزگاکاندا؛ بەڵام لە حەقیقەتدا ئەم مامەڵەیە لەگەڵ بوونیەتی ئافرەتدا یەک ناگرێتەوە، هەم بەهۆکاری ئەوەی کە ئافرەت لەڕووی بایۆلۆجییەوە وەکوو پیاو توانای کارە قورسەکانی نییە، هەم بەپێی سروشتی خۆی کە لەلایەن نێرەکانەوە تووشی گیروگرفت دەبێتەوە، ئەمەش بە تەواوی لە وڵاتانی ڕۆژئاوا بەدیار دەکەوێت.

لە ڕۆژئاوادا دەستدرێژی سێکسی دەکرێتە سەر ژنان لە شوێنی کاردا!

پاش شەپۆلەکانی فێمینیزم، بەتایبەت لەدوای شەپۆلی دووەم و شەپۆلی پۆست مۆدێرنە، کە فێمینیستەکان جەختیان لەسەر ئەوە دەکردەوە پێویستە ئافرەتان ماڵەکان چۆڵ بکەن و بێنە دەرەوە و کاریان هەبێت، شان بەشانی پیاوان کار بکەن و پارە پەیدا بکەن.

تەنانەت هەندێک لە فێمینیستەکان کە سەر بە قوتابخانەی «فێمینیزمی مارکسیزم»ی بوون، داوایان دەکرد کە ژنان لەبەرانبەر کارەکانی ماڵەوەشدا پارە لە مێردەکانیان وەربگرن!

بەهۆی ئەم هەوڵانەوە ململانێی ماددی کەوتە نێوان ژنان و پیاوانەوە.

بەشێکی زۆر لە ئافرەتان دەستیانکرد بەکارکردن لە شوێنە گشتییەکاندا. بەڵام ڕووبەڕووی چەندین گرفت بوونەوە، لەوانە گێچەڵی سێکسی لەلایەن نێرەکانەوە!

لە زۆربەی شوێنەکانی کاردا تووشی گێچەڵ بوونەوە. ڕێستۆرانت و ئۆفیس، خوێندنگە، تەنانەت لە نەخۆشخانەکاندا پەرستارەکان گێچەڵیان پێدەکرا... زۆر شوێنی تریش.

ڕاپۆرتێکی (BBC) بەڕیتانی باس لەوە دەکات کە یەک لەسەر چواری ئافرەتان لە ئۆفیسەکەیاندا تووشی گێچەڵی سێکسی دەبنەوە![1]

هەروەها بەپێی توێژینەوەیەکی ئەمریکی لە ئەمریکادا لەسەدا ٨٥٪ی ئافرەتان تووشی گێچەڵی سێکسی دەبنەوە؛ کە زۆرینەی دەستدرێژییەکان لەلایەن پزیشکەکانەوەیە بۆسەر پەرستار و هاوکارەکانییان![2]،[3]

---

(1) BBC News: Thursday, 13 June, 11:29 ,2002 GMT 12:29 UK; One in four women 'has office sex'

(2) www.researchgate.net; Reported incidence rates of work-related sexual harassment in the United States: Using meta-analysis to explain reported rate disparities; December 2006

(٣) لێرەدا کە وتراوە " زۆرینەی دەستدرێژییەکان لەلایەن پزیشکەکانەوەیە بۆسەر پەرستار و هاوکارەکانییان"، مانای ئەوە نییە کاری پیرۆزی پزیشکی لەکەدار بکرێت، بەڵکوو داتایەکە لە وڵاتێکی دوور لە ئایین، کە ئایینێک نییە ڕێگری بکات و بەها ئەخلاقییەکان بۆ مرۆڤەکان ڕوون بکاتەوە، بۆیە پزیشکەکانی ئەو وڵاتە ئەم کارەیان کردووە.

تەنانەت لە زۆرێک داموودەزگاکاندا، بەڕێوبەرەکان داوا لە ئافرەتان دەکەن جلوبەرگی کورت و سەرنجڕاکێش بپۆشن! کە ئەمەش دیارە بۆ چ مەبەستێک ئافرەت بەکاردەهێنن، کە بە مەبەستی بە کالاکردن(objectify)ی ئافرەتە.

جگە لەم گێچەڵە سێکسییانە، کە لە دەرئەنجامی شەپۆلەکانی فێمینیزم و هەوڵەکانی فێمینستەکانەوە دروست بوو، ژن لە پلەی ئافرەتەوە دابەزی بۆ کالایەکی سێکسی، یاخود کالایەک بۆ ڕیکلامی سەر شامپۆ و سابون و پێداویستییەکانی ڕۆژانە.

سیستمی سەرمایەداریی بەتەواوی شکۆی ئافرەتی ڕوخاند، هەر ئەمەش وایکرد کە پەشیمان ببنەوە لەو کارانەی کردوویانە و بەدوای ڕێگەی تردا وێڵبن.

وەک «مارلین لێ گەیت» کە فێمینیستێکی ئەمریکییە دەڵێت: "ئێستا، سەدان ساڵ پاش دەستپێکردنی بزووتنەوەی فێمینیستی کە ڕۆژئاوا خۆی بە سەرتاڵی دەزانێت، سەرمایەداری بەک تەنیا هیچ کەرامەتێکی مرۆڤانەی بە زۆربەی ژنان نەبەخشیوە، بەڵکوو جوانیی ژنانە وەک کالایەکی گرنگ بۆ بانگەشەی کالا پیشەسازییەکان و چالاکییە بازرگانییەکانی تری خۆی بەکار دەهێنێت."[1]

ئەم ئامار و داتایانەی باسمانکرد هی کۆمەڵگەیەکی دوورە ئیسلام و عەلمانین، کە بەحساب ئافرەت تێیدا ئازادە، بەڵام لە حەقیقەتدا ئەمە درۆیەکی گەورەیە و ئەوان ئافرەتان بەکار دەهێنن.

بابەتی کارکردنی ئافرەت لە دەرەوە لەپێناو کۆمەڵێک ئامانج و مەبەست بوو، کە سیانیان سەرەکین و جێی باسن:

---

(1) In their time: a history of feminism in Western society

١-دەستی سەرمایەداری لە پشتەوە بوو. زۆرجار فێمینیستەکان پێیانوایە "بەشێک لە پیاوان پاڵپشتی ئازادبوونی ئافرەتان دەکەن"، بەڵام لە حەقیقەتدا پیاوانی سەرمایەدار "پاڵپشتی دارایی ئازادبوونی ئافرەتان دەکەن"، پێش چوونەدەرەوەی ئافرەت بۆ کارکردن، سەرمایەداران باجیان لە نیوەی خەڵک وەردەگرت، واتا تەنیا باجیان لە پیاوان وەردەگرت، بەڵام هانی ئافرەتانیشیاندا بێنە دەرەوە تا باج لە ئافرەتانیش وەربگرن! بۆیە ئافرەتان لێرەدا کاریان پێ کرا، بە پێچەوانەی مانا گشتییەکە کە ئافرەتان پێیان وایە کاریان بۆ کراوە!، ئێستا سەرامەیەداران باج لە هەموو خەڵکی وەردەگرن.

٢- هەر لەگەڵ هاتنەدەرەوەی ئافرەتدا ئەرک و مافێکی سەرەکی لێسەندرایەوە کە بەخێوکردن و پەروەردەکردنی منداڵ بوو، ئامانجی ئەمەش بۆ ئەوەبوو کە منداڵانیان لە تەمەنێکی کەمەوە بکەوێتە بەردەست و پەروەردەی منداڵ لە دەستی دایک و باوکدا نەمێنێت، بەڵکوو پەروەردەی منداڵ بکەوێتە بەردەستی ئەو دایەنگە و قوتابخانانەی کە سیستمی عەلمانی و سەرمایەداری بەڕێوەیاندەبات، بۆ ئەوەی جڵەوی بیرکردنەوەی منداڵان بکەن و لەڕێی خوێندنەوە فکری جێندەر و هاوڕەگەزبازی و بێ دینی بخەنە مێشکیانەوە و ئامانجی بوونیان لا بکەن بە مەسەلەی لاوەکی و خوێندنی پڕوپوچ و زانستە ئەزموونییەکانیان لە بکەن بە هەمی سەرەکی.

جگە لەوەش لابردنی گرنگی خێزان بوو لە کۆمەڵگەدا و وایان لە منالانی ئەورووپی و ئەمریکی کرد کە حوکومەت بە خێزان بزانن و دایک و باوک ئەرزشیان نەمێنێت، ئێستاش دەیانەوێت ئەم بیرە لە کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتیدا بڵاوبکەنەوە.

٣- بەکاڵاکردنی ئافرەت.

بۆیە گرنگە ئافرەتی کوردی موسڵمان بزانێت کە کێ کار بۆ ئافرەت دەکات و کێش کار بە ئافرەت دەکات؟!. هێنانەدەرە و کارکردن بە ئافرەت و بەکارهێنانی جەستەیان پێی ناوترێ کارکردن بۆ ئافرەت، پێی ناوترێت ئازادی! بەڵکوو ئەوە کارکردنە بە ئافرەت و بەکارهێنانیەتی.

لەبەر ئەم هۆکارانە، باش نییە بۆ ئافرەت کە هەموو کارێک بکات؛ بەڵکوو پێویستە سنوور و یاسای خۆی بۆ دابنرێت و بەپێی گونجانی لەگەڵ سروشت و پێکهاتەی جەستەیی و دەروونی و بوونیاتی خۆی کار بکات.

ئیسلام ئامۆژگاری ئافرەتانی کردووە بەوەی کە لەماڵدا بمێننەوە؛ بەڵام ئەگەر کاریشیان کرد، ئەوا کارەکەی لەچوارچێوەی شەرعدا بێت و زەرەری بۆ ئافرەتەکە نەبێت.

بە شێوەیەکی گشتی ئایینی ئیسلام دوو ڕۆڵی بۆ ئافرەتان دیاری کردووە:

١- ڕۆڵی لەنێو خێزاندا: وەک دایک، هاوسەر، خوشک،...هتد. دیارترینیان "ڕۆڵی مێینەیی"یە کە لە پەیوەندی هاوسەرێتیدا خۆی دەبینێتەوە.

٢- ڕۆڵی مرۆیی لەنێو کۆمەڵگەدا: ﴿وَالْمُؤْمِنُونَ وَالْمُؤْمِنَاتُ بَعْضُهُمْ أَوْلِيَاءُ بَعْضٍ ۚ يَأْمُرُونَ بِالْمَعْرُوفِ وَيَنْهَوْنَ عَنِ الْمُنكَرِ وَيُقِيمُونَ الصَّلَاةَ وَيُؤْتُونَ الزَّكَاةَ وَيُطِيعُونَ اللَّهَ وَرَسُولَهُ ۚ أُولَٰئِكَ سَيَرْحَمُهُمُ اللَّهُ ۗ إِنَّ اللَّهَ عَزِيزٌ حَكِيمٌ﴾ [التوبة: ٧١] واتە: «باوەڕدارانی پیاو و ئافرەت هەندێکیان دۆست و خۆشەویست و سەرخەری هەندێکی تریانن، فەرمان دەکەن بە چاکە و ڕێگری دەکەن لە خراپە، هەروەها نوێژەکانیان ئەنجام دەدەن و زەکاتی ماڵەکانیان دەدەن. گوێڕایەڵی خوا و پێغەمبەرەکەی دەکەن. هەرکەسێک ئەم سیفەتانەی تێدا بێت، خودای گەورە ڕەحم بەو کەسانە دەکات. بەڕاستی خودای گەورە زۆر بەعیززەت و باڵادەست و کاربەجێیە».

لەم خاڵەیاندا ئافرەتان هاوشانی پیاوان پێویستە فەرمان بە چاکە بکەن و ڕێگری لە خراپە بکەن لە بوارەکانی ژیان و کۆمەڵگەدا بەپێی ئەو بەرپرسیاریەتییەی پێیاندراوە.

پێغەمبەر(ﷺ) دەرفەتی داوە بە هاوەڵە ئافرەتەکان کە کار بکەن و ڕۆڵی ئابووریان هەبێت لە کۆمەڵگەدا. بەڵام بەبێ ئەوەی زیان بە خێزانی ئافرەتەکان و کەسایەتی ئافرەتەکان بکەوێ. ئافرەتە هاوەڵەکان دەرفەتی چالاکی ئابووریان پێ دەدرا، تەنانەت مافی سەربەخۆیی ئابووریشیان هەبوو. خەدیجەی دایکی باوەڕداران سەرمەشقی ئافرەتە بازرگانە موسڵمانەکان بوو؛ دواتر ئەم سەرمەشقیە شۆڕبوویەوە بۆ نێو ئافرەتانی موسڵمان. بۆیە ئافرەتە هاوەڵەکان دەچوونە بازاڕ و مامەڵە و کڕین و فرۆشیان هەبوو، بەڵام بۆ ئەمەش پابەندی ئەو ڕێنماییانە بوون کە شەریعەتی خوا بۆی دانابوون. دەبوو خەڵکی ناو بازاڕ و بوارە ئابوورییەکەش پابەندی ئەو ڕێنماییانە بن کە تایبەت بوون بە بوونی ئافرەت لەنێویاندا. بۆیە کاتێک جوولەکەکان لە حزووری ئافرەتێکی موسڵمان لەنێو بازاڕەکەیاندا سنووریان شکاند، جەنگیان لەدژ ڕاگەیەنرا و بابەتەکە بە کەم و لاوەکی تەماشا نەکرا.

هاوکات ئافرەتی وا هەبوو هێندە سەرمایەی هەبوو کە لە پیاوەکەی دەوڵەمەندتر بوو؛ ئابووریەکەشی سەربەخۆ بوو و پیاوەکەی مافی ئەوەی نەبوو دەست بەسەر سەرمایەکەیدا بگرێت.جیاوازیەکە لەوەدایە ئافرەتانی ئەمڕۆ کاتێک سەربەخۆیی ئابووریان دەبێت بیر لە بێمنەت بوون لە پیاو دەکەنەوە. بەڵام ئەوان بیریان لە یارمەتیدانی پیاوەکانیان دەکردەوە. بۆیە دەبینین ڕائیتەی هاوسەری عەبدوڵای کوڕی مەسعوود کە ئافرەتێکی دەوڵەمەند بوو دەچێتە خزمەتی پێغەمبەری خوا (ﷺ) و پاش باسکردنی سەرمایە و داهاتی خۆی و نیشاندانی ئاستی هەژاری پیاوەکەی، پرسیاری ئەوەی لێدەکات ئەگەر هاوکاری پیاوەکەی بکات لە ڕووی ماددییەوە، ئایا پاداشتی دەستدەکەوێت؟ پێغەمبەریش (ﷺ) بە بەڵێ

و ئەرێنی وەڵامی دەداتەوە. لەکاتێکدا مێردەکەی یەکێکە لە دەستەی یەکەمی موسڵمانبوان و کەسایەتیەکی زۆری دیاری ناو هاوەڵان."[١]

زەینەبی خێزانی پێغەمبەر (ﷺ) ئیشی دەستی دەکرد و لەو رێگەوە داهاتێکی دەستدەکەوت؛ داهاتەکەشی تایبەت نەدەکرد بە خۆیەوە، بەڵکوو وەک هاوسەرەکانی تری پێغەمبەر (ﷺ) شایەتی بۆ دەدەن ئەوەی دەستی دەکەوت دەیبەخشی و دەیکرد بە خێر.[٢]

ئافرەتە هاوەڵەکان لە ئیشوکاری پیاوەکانیاندا هاوکار دەبوون، بۆ نموونە «ئەسمائی کچی ئەبوبەکر» لە ئاڵفدانی ئاژەڵ و ئاوڕاکێشان و چنینەوەی بەروبوومدا هاوکاری زوبەیری هاوسەری بوو.[٣]

ئافرەتە هاوەڵەکان کاتێکیش بێوەژن دەکەوتن هەوڵیاندەدا نەبن بە بار بەسەر خەڵکەوە. وەک چۆن جابیری کوڕی عەبدوڵا دەڵێت: "پوورم تەڵاق درا، ئیتر سەرقاڵ بوو بە کشتوکاڵی خورماوە، پیاوێک سەرکۆنەی کرد لەسەرئەوەی بچێتە دەرەوە سەرقاڵ بێت بەو ئیشانەوە، ئەویش چوو بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ)، ئەویش ڕێی پێدا و ڕێنموونیشی کرد لە دەستکەوتی کارەکەیدا خێر و بەخشش بکات".[٤]

سەرەڕای ئەوەی کە ڕێگە بە ئافرەتان دراوە کار بکەن لە دەرەوە، بەڵام خودای بەدیهێنەری ئافرەتان و پیاوان دەربارەی شوێنی ژنان دەفەرموێت ﴿وَقَرْنَ فِي بُيُوتِكُنَّ﴾ واتا: «ئەی خێزانەکانی پێغەمبەر و ئەی ئافرەتانی ئیماندار لە ماڵەکانی خۆتاندا بەسەنگینی و سەلاری بسرەون».

---

(١) پەرتووکی یاران، نووسینی: نیهاد جەلال

(٢) - صحيح مسلم - كتاب فضائل الصحابة - باب من فضائل زينب أم المؤمنين رضي الله عنها، الرقم ٢٤٥٢.

(٣) - صحيح البخاري - كتاب النكاح - باب الغيرة، الرقم ٥٢٢٤.

(٤) - صحيح مسلم - كتاب الطلاق - باب جواز خروج المعتدة البائن والمتوفى عنها زوجها في النهار لحاجتها، الرقم ١٤٨٣.

هۆکاری ئەم فەرمان و ئامۆژگارییەی خوداش بۆ بەرژەوەندی خودی ئافرەتانە؛ چونکە ئافرەت لەماڵەوە زیاتر دەروونی مورتاحە و دوورە لە خەمۆکی و گرفتە دەروونییەکان. توێژینەوەیەکی زانستیش بەتەواوی لەڕووی زانستییەوە ئەوە دەسەلمێنێت کە ئافرەتان لە ماڵەوە ئاسودەترن وەک لەوەی لە دەرەوە کار بکەن.

لە ژێر ناونیشانی «ژنان پێویستیان بە کاتی زیاترە لە ماڵەوە» توێژینەوەیەک لە گۆڤاری (BMJ's Journal of Epidemiology and Community Health) بڵاوکراوەتەوە کە ئەو ئافرەتانەی بۆ ماوەیەکی زۆر کاردەکەن زیاتر لە پیاوان ڕووبەڕووی کێشەی دەروونی وخەمۆکی دەبنەوە .

توێژینەوەکە ئاماژە بەوە دەکات هۆکاری ئەمە لەبەرئەوەیە کە پیاوان و ژنان جیاوازن. لەڕووی زانستی ڕاگەیاندنە دەماریەوە و بایۆلۆجی جەستەی و فەرمانی ئەندامەکانیانەوە جیاوازیان هەیە.

ئەمەش بە هەماهەنگی توێژەرەکانی زانکۆی کۆلیج لەندەن و زانکۆی شاژن ماری بەریتانیا، بۆ ئەمەش تیمی زانکۆی بەریتانیا بۆ دیاریکردنی چۆنیەتی کارتێکردنی کاتەکانی کارکردن لەسەر تەندروستی دەروونی و مێشکی هەردوو پیاوان و ئافرەتان، زانیارییان لە توێژینەوەیەکی درێژخایەن لە سەر خێزانی بەریتانی کۆکردووەتەوە؛ کە چاودێری دۆخی تەندروستی و خۆشگوزەرانی چل هەزار خێزان دەکات لە تەواوی بەریتانیادا و لەساڵی ٢٠٠٩دا دەستی پێکردووە، تیمی توێژینەوەکە زانیاریان لەسەر کاتی کارکردن کۆکردەوە، هەروەها کاتی کارکردن لە کۆتای هەفتەدا، هەروەها قورسی کارەکان و تەنگەژەدەروونییەکان؛ لەنێوان ١١٢١٥ کرێکاری پیاوان و ١٢١٨٨ ژنی کرێکار لە نێوان ساڵانی ٢٠١٠ بۆ ٢٠١٢ دەرئەنجامەکە ئەوە بوو کە "ژنان پێویستیان بە کاتی زیاتر هەیە لە ماڵەوە" بۆ دوورکەوتنەوە لە خەمۆکی و

گرفتی دەروونیی و نەخۆشییەکانی پەیوەست بە مێشکەوە.[١]

٤- خێزان

ئافرەت و ژیانی هاوسەرگیریی:

"شارستانێتیی نوێ، ئافرەتانی لە هێلانە و خانەکانی خۆیاندا هێناوەتەدەر و پۆشاکی پۆشتەیی لەبەر درێاندوون و وای لە مرۆڤایەتیش کردووە گرفتاری شێتی ببێت! لە کاتێکدا هەموان دەزانین ژیانی خێزان بە خۆشەویستی و ڕێز لەیەکترنانی نێوان ژن و مێرد بەردەوام دەبێت. بەڵام ڕووت بوونی ئافرەت ئەو خۆشەویستییە بێ گەرد و ڕێزە گەرم و گوڕەی نێوانیان ناهێڵێت و ژیانی خێزانیش ژەهراوی دەکات؛ بە تایبەت بایەخدان بە «وێنەکان» کە پتر ڕەوشت تێک دەدەن و بەتەواوەتی دەیڕوخێنن و گیانی مرۆڤ پاشەوپاش بەرەو دواوە دەبەنەوە."[٢]

بەرەکەتی زەمان «سەعیدی نوورسی»

فێمینیزمی کاریگەر بە فیکری مۆدێرنە لە هەوڵی ڕووخاندن و نەمانی خێزاندان و دەیانەوێت ئافرەت لە خێزان بهێننە دەرەوە، گومانیش لەوەدا نییە کە دەرکردنی ئافرەت لە ماڵ و خێزان، ڕووخانی خێزان و پاشان ڕووخانی کۆمەڵگەی بەدواوەیە.

---

(1) THEGUARDIAN; Women working longer hours more likely to be depressed - study

(٢) وتەکان - لاپەڕە١٦٠

بەبیانووی ئەوە ئافرەت دەهێننە دەرەوە لە خێزان کە گوایە ژیانی هاوسەرگیری ڕێگری لە ئازادی ئافرەت دەکات و ناهێڵێت ئەم ئافرەتە پێش بکەوێت و ئازاد بێت و خۆی پێ بگەیەنێت. هەرچەندە ئەم جۆرە قسانە قسەی ڕووکەشین و مەبەستی تریان لەپشتەوەیە، کە سەرمایەداری هانی فێمینیستەکان و نەیارانی خێزان دەدات ئەم قسانە بکەن؛ چونکە بە زۆگردمانەوەی ئافرەت لە بەرژەوەندی سەرمایەدارەکانە تا ئەو ئافرەتە لە دەرەوە کار بکات و پارەکەی بۆ ئەمان بێت و جەستەی ئافرەتەکەش وەکوو ڕیکلامی بازرگانی بەکاربهێنن. کاتێکیش کە پیر بوو، ڕەوانەی خانەی بەسالاچوانی دەکەن؛ چونکە ئافرەتەکە کەسێکی نییە و منداڵ و پیاوێکی نییە ئاگاداری بێت.

بەڵام ئەوەی کە گرنگە باسی بکەین ئەوەیە کە ئایا ژیانی هاوسەرگیری کۆت و زنجیرە بۆ ئافرەت و ڕێگری لێدەکات کە خۆش بگوزەرێنێت؟! یان ئایا دەکرێت بە کۆیلەی پیاو(بەو چەشنەی فێمینیستەکانی پاش مۆدێرنە وێنای دەکەن)؟

سەرەتا لە تێڕوانینی فێمینیزمەوە بۆ هاوسەرگیری دەستپێدەکەین.

فێمینیستەکان چەند هەڵوێستێکیان لەبەرانبەر هاوسەرگیری هەیە، لە سەرەتادا فێمینیزم لەگەڵ هاوسەرگیریدا گرفتی نەبوو، بگرە کەسانی وەکوو «دی گۆج» ڕەخنەی ئەوەی لە پیاوانی فەرەنسا و ئەوروپا دەگرت کە لە هاوسەرگیریدا تەنیا گرنگی بە سێکس دەدەن و دواتر ژنەکانیان پشتگوێ دەخەن و مامەڵەیەکی باشیان لەگەڵدا ناکەن.

ئەمە تێڕوانینی سەرەتای شەپۆلی یەکەمی فێمینیزم بوو. ماوەیەک پاش ئەوەش قوتابخانەی «فێمینیزمی دایکانە» سەریهەڵدا، کە بەپێی تێڕوانینی خۆیان گرنگییان بە خێزان دەدا.

بەڵام لە کۆتایی شەپۆلی یەکەم و بە تەواوی لە شەپۆلی دووەمەوە ئەم

تێڕوانینه نەما، فێمینیستەکان مامەڵەیان لەگەڵ پیاوان و خێزاندا تووند بووەتەوە و قبوولّی ئەوە ناکەن پیاو سەرپەرشتیاری ماڵ بێت؛ بەڵکوو خێزان دەبێت دوو گەورەی هەبێت، هەم دایک هەم باوک. ورده ورده ئەمەش نەما، ئێستا هەندێک لە فێمینیستەکان دەڵێن با ئافرەت و پیاو لە ماڵدا تەنیا بۆ کرداری جووتبوون لەگەڵ یەکدا بن.

«مارگرێت سانگەر» کە یەکێکە لە پێشەوا بێباوەڕەکانی خولانەوە بە دەوری مێیینەدا (feminism)، دەڵێت: "ئامانجمان تێرکردنی سێکسی بێسنووره بێ بارگرانی منداڵبوونی نەخوازراو؛ لەڕاستیدا سەرجێی هاوسەریی مەترسیدارترین هەڕەشەیە بۆسەر پەیوەندی و سیستمی کۆمەڵگە. گەورەترین بەزەیی کە خێزان پێشکەشی منداڵەکەی دەکات ئەوەیە کە بیکوژێت."[1].

بە تێڕوانین لەم وتەیەی مارگرێت سانگەر دەردەکەوێت کە فێمینیستەکانی کاریگەر بە فکری مۆدێرن، بە ڕاشکاوەیی و بێ پەردە تێڕوانینێکی تەواو سێکسییان بۆ هاوسەرگیریی هەیە؛ ئامادە نین جگە لەو ماوەیەی کە سێکسی تێدا ئەنجام دەدەن هیچ بەرپرسیارییەتێکی تر هەڵبگرن. ئەسڵەن ئامادەن ئەو منداڵەشی کە لە دەرەنجامی کرداری جووتبوونەوە دەکەوێتەوە بیکوژن!

جگە لەمە، زۆرێک لە فێمینیستەکان و بەشێک لە قوتابخانەکانی فێمینیزم، مامەڵەیەکی زۆر ماددیانە و بێ ڕۆح لەگەڵ خێزاندا دەکەن؛ تەنانەت کار گەیشتووەتە ئەوەی کە فێمینیستە مارکسییەکان لەبەرانبەر کارەکانی ماڵدا پارە لە پیاوەکانیان وەردەگرن.

ئێستا بارودۆخەکە لەوەش خراپترە، زۆرێک لە فێمینیستەکان هەر پیاو و خێزان ڕەتدەکەنەوە، فێمینیزمی جێندەری و فێمینیزمی هاوڕەگەزخوازی بە تەواوی خۆیان لە پیاو و خێزان دوورەدەخەنەوە! ئێستا فێمینیزم لەژێر سیستمی

(1) Sanger the women rabel vol, 1 , n. 1 , (New York: brentanos publishers 1992)

سەرمایەداریدا وایان لە ئافرەت کردووە پەنا بۆ کەلوپەلی سێکسی ببەن و بڵێن: "ئێمە پێویستیمان بە پیاوان نییە"!

کە ئەمەش جگە لەوەی ڕووخانی کۆمەڵگا و کولتووری پێوەیە، دووبارە تێڕوانینێکی جنسییانەی ڕووتە بۆ مرۆڤ و بوون و هاوسەرگیری.

ئەم تێڕوانینە کۆمەڵگە لەناو دەبات. پایەی کۆمەڵگە خێزانە، خێزانیش لە ژن و پیاو پێکهاتووە، ئەگەر خێزان هەڵبوەشێت یان ژیانی ژن و مێردایەتی دوور بێت لە خۆشەویستی و قوربانیدانی ژن و پیاو بۆ یەکتری و دووربوون لە مامەڵەی ئەخلاقییانەی جوان و ئارامی و پەیوەندییە ڕۆحییەکان نەمان، کۆمەڵگەش لە ئارامی دوور دەبێت و هیچ خۆشەویستییەک بۆ نەتەوە و ئینتیمایەک بۆ نیشتیمان نامێنێت. ئەگەر دایک نەوەیەک پەروەردە نەکات لەسەر هەست و سۆزی نیشتیمان و خێزان و پابەند بە ئیمان و خۆشویستنی مرۆڤەکانی تر و باوکێک ئەم منداڵە ڕانەهێنێت بە ئارامگرتن لەسەر ناڕەحەتیی و سەختییەکان تا ببێت بە پیاوێکی پیاوانە، یان ئافرەتێکی سەنگین و بەڕەوشت تا نەوەیەکی تر پێ بگەیەنێت، لە داهاتوودا دڵمان بە کام نەوەیە خۆش بێت تا بەرگری لە ئیمان و نیشتیمان و کولتووڕە پڕ ئەخلاقەکەمان بکەن؟! لە حەقیقەتدا هەموو ئەو فەسادی و بێ ڕەوشتییەی کە ڕۆژئاوا لەژێر چەمکەکانی «فێمینیزم و هاوڕەگەزبازی و جێندەر و ئیلحاد و مۆدێل و...» دەیخەنە مێشکی تاکی ڕۆژهەڵاتییەوە، بۆ نەهێشتنی ئینتیمای ئایین و خێزان و پاشان ڕووخانی کۆمەڵگەیە تا کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی کۆمەڵگەیەکی لاواز و ژێردەستە بێت و هەمیشە ڕۆژئاوا بەسەریدا زاڵ بێت!

ئەو ئافرەتانەشی کە دەبن بە قوربانی، لە کۆتایی تەمەنیاندا بۆیان دەردەکەوێت کە چ ژیانێکی پڕ چەرمەسەری و عەبەسییانە ژیاون و هەمیشە لە غەمدا بوون؛ هەمیشە دەروونیان بێتاقەت و لاواز و نەخۆش بووە، چونکە

دووربوون لەو پارچەیەی کە پارچە ناتەواوەکەی ئەوان تەواو دەکات، دووربوون لە ڕەگەزێک کە تەواوکەری ئەوانە.

بۆیە دەبینیت نافرەتێکی وەکوو فڕۆغی فەڕۆغزاد کە شاعیر و سەرنامەدانی فێمینیزمی ئێرانییە، لە کۆتاییەکانی تەمەنیدا شیعرێک دەنوسێت و دان بەوەدا دەنێت کە چەندین ساڵ فێڵی لێکراوە و بووە بە قوربانی و شەکەت و ماندووبوونی خۆی دەردەبڕێت و دەڵێت:

"ئێستا منم شەکەت لە داوی فروفێڵ، دیسانەوە ڕووم لە کونجی قەفەس کردۆتەوە؛ دەرگاوەکە لە هەموو دەورانی عومری خۆم، جگە لە پشتی شیشی قەفەس شادمان نەبووم. دووبارە پێیەکانم بە زنجیر ببەستەوە تا فروفێڵ لەپێمنەخات، تا دەستی بەهێزی ئارەزووەکان جارێکی تر کۆتێکی تر لە پێی من نەنێتەوە."(۱)

لێرەدا دەردەکەوێت کە ئایین کۆتوبەند نییە بۆ نافرەت، دەردەکەوێت کە ژن کۆیلەی میردەکەی نییە و شووکردن کەلەپچەیەک نییە پیاو بیخاتە دەستی ژنەکەیەوە.

بۆیە لێرەدا فروغی فروغزاد کودەتا بەسەر هەموو ویست و هەستەکانی پێشووتری دەکات و خوازیاری کەلەپچە و تۆق دەبێتەوە لەئەنجامی زوڵم و فڕوفێڵێکی سەختتر لەوەی کە پێشتر تیایدا ژیاوە. کاتێ ڕەنگاڵەیی دیمەنەکان و هەستی چەپێنراوی خۆی هاواری بۆ هێناوە کە بەرەو باوەشی خەیاڵاتەکانی بچێت، بەڵام دواتر وردە وردە کاڵبوونەوەی ڕەنگەکان و ڕەش داگیرساوییان بەناگایان هێناوە.

ڕوو لە هاوسەرەکەی و ماڵە بە قەفەس چوێنراوە دڵگیرەکەی دەکاتەوە

---

(۱) فروغ فڕوغزادە، یەکەمین ترپە عاشقەکانی دڵم، وەرگێڕانی: ڕەئووف بێگەرد و شەیدا سەڵاح.

کاتێک لە توندوتیژی شیشەکانی ڕایکردبوو؛ ئەمجارەیان لە تووندوتیژی ڕەگەزی بەرانبەر و خێزان و کۆمەڵگە و ئایدیای ڕاکتیزەکراو تووندوتیژتر کە تووندوتیژی جیهانە سەرابی و فریودەرەکەیە. لەنموونەکانی تریشدا خۆزگەی بوونی بە باڵندەیەک دەخوازێت کە بتوانێت بفڕێت و بێتەوە لای هاوسەرەکەی و تاقانە کونجی شادومانی، کە ماڵەکەیەتی.[1]

بۆیە ئافرەتی کوردی موسڵمان و هەر ئافرەتێکی تری خاوەن کولتوور و ڕەوشت و بەها ئایینی و ئەخلاقییەکان پێویست ناکات ئەم ئەزموونە تاڵە تاقیبکاتەوە و بەناوی ئازادییەوە ببێت بە دیل و کۆیلەی هەواو ئارەزووەکانی. بە سەرابی فێمینیزم هەڵبخەڵەتێت و سەرسامی ئەو ڕەنگانە بێت کە سیستمی سەرمایەداری بە ناوی مۆدێل و ئازادی و مافی ژنەوە بۆیەی کردووە و کاتێکیش ئاوی گەرمی پیری بەسەریدا کرا و ڕەنگە هەڵخەڵەتێنراوەکان کاڵبوونەوە و نەمان بۆی دەربکەوێت کە فێڵی لێکراوە؛ ئێستا ئاتاج و موحتاجی خەڵوەتگەی پیرییە و نەوەیەکی نییە لای بمێنێتەوە. بەڵام تازە پەشیمانی دادی نادات! چونکە پرچەکانی سپی بوون و جەستە توند و تۆڵ و سەرنجڕاکێشەکەی جارانی نەماوە، چیدیکە ناتوانێت خزمەتی سیستمی سەرمایەداری و پیاوانی عەلمانی چاوبرسی بکات. ئێستا بە پیری و پرچی سپییەوە تێدەگات کە فێمینیزم و عالەمانییەت، تا گەنج بوو داوای مافیان دەکرد و دەیانوت "دەبێت ئازاد بیت و کاریکەیت و خۆت خۆت بەخێو بکەیت و منەتی پیاو هەڵنەگریت". بەڵام دێڕەکانی دواتر خۆی بۆ فێمینیزم و عەلمانییەکانی تەواو دەکات و دەڵێت: "بەڵێ ،دەبێت ئازاد بیت و کاریکەیت و خۆت خۆت بەخێو بکەیت و منەتی پیاو هەڵنەگریت، کە پیریش بوویت هەر خۆت خۆت بەخێو دەکەیت؛ بەڵام ئەوکاتە پیر بوویت لای ئێمە کارت دەستناکەوێت، چونکە ئافرەتی گەنج هەیە و ئێمە تەنیا بەرگری لە مافی ئافرەتە جوان و گەنجەکان دەکەین". بۆیە

---

(۱) ئافرەت لە دیدی مەلای گەورەوە، نووسینی: ئالا دارا عبدالمجید

ئێستا کە ئەم ئافرەتە حەقیقەتی بۆ دەردەکەوێت و تازەش دەزانێت پیاوێکی نەبووە تا بگەڕێتەوە لای و منداڵێکی نییە تا بەخێوی بکات، ماسولکەکانیشی شەکەت و ماندوون و ناتوانن کار بکەن؛ پەنا دەباتە بەر خانەی بەسااڵچوان و بۆخۆی بە تەنیا ئەو ڕۆژانە دەژمێرێت کە بەرەو مەرگیان دەبات!

دیدی ئیسلام بۆ هاوسەرگیری:

﴿ وَمِنْ آيَاتِهِ أَنْ خَلَقَ لَكُم مِّنْ أَنفُسِكُمْ أَزْوَاجًا لِّتَسْكُنُوا إِلَيْهَا وَجَعَلَ بَيْنَكُم مَّوَدَّةً وَرَحْمَةً ۚ إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَآيَاتٍ لِّقَوْمٍ يَتَفَكَّرُونَ ﴾[1] [الروم:٢١] واتا: «یەکێک لە بەڵگەکانی خودا و نیشانەکانی بوون و دەسەاڵتی ئەو ئەوەیە کە لە نەفسی خۆتان هاوسەری بۆ دروست کردوون تا لەپاڵیاندا بحەسێنەوە و، بە مەبەستی ئەوەی خێزانەکانتان وەکوو سوکنایی و ئارامی و هێمنی و پشوویەکی دەروونی بێت بۆ ئێوە. هەروەها خۆشەویستی و ڕەحم و سۆز و بەزەیی خستووەتە نێوانتانەوە؛ بۆ ئەوەی بتوانن پێکەوە باری گرانی ژیان هەڵگرن و پێکەوە سەختی و ناڕەحەتییەکان تێبپەڕێنن و درێژە بە ژیان بدەن.بەڕاستی ئەمانە هەموویان بەڵگەن بۆ گەل و کەسانێک کە بیر بکەنەوە و ڕابمێنن لە دونیای خودا.»

هاوسەرگیری لە دیدی «من» نا! لە ژیانی «پەیامبەر»دا (ﷺ):

کاتێک وێستم دەستبکەم بە نووسینی ئەم بەشەی کتێبەکە کە باسی ژیانی هاوسەرێتی موسڵمان بکەم و نموونەی جوان بهێنمەوە، چاوێکم بەو ڕۆمان و ئەفسانانەدا خشاند کە باسی عاشقانی میژوویان دەکرد، هەر لە شیرین و فەرهادەوە بیگرە تا ڕۆمیۆ و جولێت، کە دەوترێت بەشێکیان تەنیا

(١) قورئانی پیرۆز؛ سورەتی ڕۆم؛ ئایەتی ٢١

چیرۆک و ئەفسانەن و بەشێکیشیان ڕاستی، بەڵام ئەوەی بەلامەوە سەیر بوو، نە قەڵەمەکەی شکسپیر، نە درۆ و خەیاڵاتی هیچ شانۆنووسێک، هێندەی ژیانی حەقیقی پەیامبەر(ﷺ) سەرسامی ئەو مامەڵە جوانەی نەکردم کە پێویستە پیاو لەگەڵ مەعشوقەکەیدا بیکات. خەیاڵاتی شکسپیر هێشتا نەیتوانیوە وێنای دوو خۆشەویستی وەکوو موحەممەد(ﷺ) و خەدیجە بکات! بۆیە لەو کاتەدا دەستم لە نووسین هەڵگرت و لە دڵی خۆمدا وتم: "نە لەیل نە مەجنون، نە شیرین و فەرهاد!"؛ هەروەها گەیشتمە ئەو باوەڕەی کە ژیانی ئەوان هی ئەوەیە بکرێت بە نموونە و پێویست ناکات دیدی خۆم بڵێم. پێویست ناکات خۆم هیچ شتێک دابڕێژمەوە؛ ئەگەر پشت بە هەر شانۆنووسێک ببەستم، دەزانم کە ئەو لە خەیاڵدا دەژی. بۆیە باشترین شت کە دەبوو بیکەم، نووسینەوەی چەند ڕامانێکی خۆم بوو لە ژیانی پێشەوای مرۆڤایەتی و قودوەی موسڵمانان. چونکە ئەگەر باسی هەر کەسێکم بکردایە، ئەوا یان خەیاڵی نووسەرێکی وەکوو شکسپیرم دەنووسییەوە یان درۆ و دەلەسەی ڕۆمانێووسێک یان کەشوفشی عاشقێک، بەڵام ئەوەی لە ژیانی هاوسەرێتی پەیامبەردا (ﷺ) تێبینیم کرد، ئەوەیە کە ژنەکانی خۆی ژیانی هاوسەرێتی دەگێڕنەوە و باسی باشی میردەکەیان بۆ هاوەڵانی دەوروبەری دەکەن و بە هاوەڵان و شوێنکەوتوانی ئیسلام دەڵێن: "وەکوو میردەکەمان(پەیامبەرەکەتان (ﷺ» لەگەڵ ژنەکانتان و خێزانەکانتان باش بن!". دەی کێ لەوە باشترە کە ژنەکەی لەناو خەڵکیدا شانازی پێوە بکات و لە پاش مەرگیشی ژنەکەی ئامادە نەبێت شوو بکاتەوە و بەجێی بهێڵێت و تا کاتی مەرگیان پەیامی میردەکەیان بگەیەنن بە خەڵکی؟!

نە لەیل نە مەجنون، نە شیرین و فەرهاد!:

هیچ کات سەرسامی چیرۆکی خۆشەویستی کەسایەتی فەرهاد و شیرین نەبووم، کونکردنی شاخێک لەلایەن فەرهادەوە سەرنجڕاکێش نییە! چونکە زۆرن ئەو کوڕانەی پێش زەواج بەڵێنی گەورە بە خۆشەویستەکانیان دەدەن. هەموو کچێکانێک وەک شیرین، پێش هاوسەرگیری «شیرینن» لای خۆشەویستەکەیان؛ هەموو کوڕێک وەکوو «مەجنون» شێتی لەیلەکانن پێش ئەوەی پێیان بگەن!

ئەمانە چیرۆکی خۆشەویستییان پێش گەیشتن بە یەک نووسیوەتەوە و ئەزموونی ژیانکردنیان لەگەڵ یەکدا نەکردووە تا بزانین چۆن ژیاون و چۆن قوربانیان بۆ یەکتریداوە. هەموو هەرزەکارێک کە دوو زێپکە لە دەموچاوی هەڵدەتۆقێت بەڵێنی گەورە بە مەعشوقەکەی دەدات.

جوانترین چیرۆکی خۆشەویستی لای من، هی پێغەمبەر موحەممەد (ﷺ) و دایکە خەدیجەیە. چیرۆکی خۆشەویستی ئەوان دوای هاوسەرگیری و بەیەک گەیشتن دەستپێدەکات. قوربانیدانی خەدیجە بۆ مێردەکەی لەدوای هاوسەرگیری دەردەکەوێت و وەسف و سەنای پێغەمبەر(ﷺ) پاش چەندین منداڵ و چەندین ساڵ تەمەنی هاوسەرگیری لەگەڵ هاوژینەکەیی و تەنانەت چەندین ساڵ پاش مەرگی خەدیجە بەردەوام دەبێت.

کێ دەڵێت فەرهاد پاش گەیشتن بە شیرین هەر خۆشەویستییەکەی بەردەوام دەبوو؟! ئایا پاش گەیشتن پێی هەر شیرین دەبوو؟! نەمانبینیوە لێی!

بەڵام پاش هاوسەرگیری هێشا ئارامگەی پێغەمبەر(ﷺ) ئەو ماڵەیە کە خەدیجە ڕازاندوویەتیەوە. ئافرەتێک هێندە بۆ مێردەکەی باشە، اللە (ﷻ) بە جوبریلدا سەلامی خۆی بۆ دەنێرێت!

تەنانەت پێغەمبەر (ﷺ) هەنگاونان و قسەکردن و شێوازی ڕۆییشتنی دایکە خەدیجەی لەبەر کردووە و دەیان ساڵ پاش وەفاتی لەیادی نەکردووە. بۆیە کە ڕۆیشتنی «هالە»ی خوشکی دایکە خەدیجە دەبینێت یەکسەر دەڵێت: "خوایە ئەوە هالە بێت". تەماشا بکەن، ئەمە چ خۆشەویستییەکە!؟ ڕۆیشتنی خوشکەکەشی دەناسێتەوە!

یاخود چەندین ساڵ پاش وەفاتی خەدیجە، پێغەمبەر(ﷺ) ئەگەر بیویستایە دیاریی‌یەک ببەخشێت، ئەوا هاوڕێکانی خەدیجەی لەیاد نەدەکرد و بێبەشی نەدەکردن لە خێر و بەخششەکانی!

ئاخر ڕۆمیۆ کوا شتی وای بۆ جولێت و هاوڕێکانی کردووە؟! ئەسڵەن کێ ناوی خوشک و هاوڕێکانی جولێت و شیرین و لەیل دەزانێت؟!

باشترین بن بۆ خێزانەکانتان!:

وەسێتی پەیامبەر(ﷺ) بۆ یاران و ئوممەتەکەی ئەوەبوو کە باشترین بن لەگەڵ ژن و کەسوکارەکەیان.، دەیفەرموو: (خيركم خيركم لأهله وأنا خيركم لأهلي)"[1] واتا: «باشترین کەستان ئەوانەن کە باشترینن بۆ خاوخێزانەکانیان، منیش لەهەموتان باشترم بۆ خێزانەکانم». لەم فەرموودەیەدا بە ڕوونی دەردەکەوێت کە فروستادەی مرۆڤایەتی (ﷺ) هانی هاوەڵان و ئوممەتەکەی داوە کێبڕکێ بکەن لەگەڵ یەکتریدا لەسەر باشبوون لەگەڵ خێزانەکانیان. پێوەری باشی ئەوەیە بۆ ژنەکەت باش بیت نەک لەناوخەڵکیدا باش دەربکەویت و چاکەیەکت بۆ خێزانەکەت نەبێت. هەربۆیە هاوەڵانی وا ڕاهێناوە کە بەشداری جەنگ نەکەن ئەگەر خێزانەکانیان نەخۆش بوون و پێویستییان بە

---

(١) صحيح ابن حبان، الرقم ٥٦٧٦

مێردەکانیان بوو؛ بە نموونە لە جەنگی بەدردا کاتێک خەلیفەی سێیەمی موسڵمانان عوسمانی کوڕی عەفان ژنەکەی نەخۆش بوو، پەیامبەر(ﷺ) ئامۆژگاری کرد بەوەی کە نەیەت بۆ جەنگەکە و لای خێزانەکەی بمێنێتەوە. ئەمەش نیشانەیە بۆ ئەوەی کە کەسێک ویستی لە داهاتوودا ببێت بە قائید و خەلافەت بگرێتە ئەستۆ، دەبێت بۆ خێزانەکەی باش بێت، سەرکردە بوون لە خێزانەوە دەستپێدەکات، ئەسڵەن من پێموایە خودا سەرکەوتن نادات بە گەلێک کە بۆ خانەوادەکانیان باش نەبن، چونکە خێریان نییە و لە باشەکان نین!

ڕامانێک لە ئایەتی ﴿الرِّجَالُ قَوَّامُونَ عَلَى النِّسَاءِ﴾

اللە(ﷻ)لە قورئاندا دەفەرموێت ﴿الرِّجَالُ قَوَّامُونَ عَلَى النِّسَاءِ﴾ [النساء:٣٤] واتا: «پیاوان سەرپەرشتیار و بالادەستن بەسەر ئافرەتانەوە».

پێش ئەوەی باسی قەوامە و بالادەستی پیاو بکەین، ئایەتێکی تر لە قورئانی پیرۆز دەهێنین کە پەیوەندی بەم باسەوە هەیە، اللە(ﷻ)دەفەرموێت: ﴿وَلَهُنَّ مِثْلُ الَّذِي عَلَيْهِنَّ بِالْمَعْرُوفِ وَلِلرِّجَالِ عَلَيْهِنَّ دَرَجَةٌ وَاللَّهُ عَزِيزٌ حَكِيمٌ﴾ [البقرة:٢٢٨] واتا: «هەروەک چۆن پیاوان مافیان بەسەر ئافرەتانەوە هەیە، بەهەمان شێوە ئافرەتانیش مافیان بەسەر پیاوانەوە هەیە. بەڵام پیاوان پلەیەکیان بەسەر ئافرەتانەوە هەیە، اللەش بالادەست و کاردروستە».

فێمینیستەکان ڕەخنە لەو بەشەی ئایەتەکە دەگرن کە اللە(ﷻ)تێیدا دەفەرموێت ﴿وَلِلرِّجَالِ عَلَيْهِنَّ دَرَجَةٌ﴾ «پیاوان پلەیەکیان بەسەر ئافرەتانەوە هەیە» دەڵێن ئەمە بە واتای ئەوە دێت کە پیاوان باشترن لە ئافرەتان! شتی وا چۆن دەبێ؟! یاخود دەڵێن ئەم پلەیە و ئەم بالادەستی و قەوامەیە هۆکارە بۆ ئەوەی پیاوان زوڵم لە ئافرەتان بکەن و خۆیان بسەپێنن بەسەریاندا.

دوو بۆچوون هەیە سەبارەت بەم بەشەی ئایەتەکە،«سەید قوتب» دەڵێت: "ئەو پلە زیادەیەی کە بۆ پیاوان هەیە، ئەوەیە کە پیاو دەتوانێت دوای تەڵاقدان ژنەکەی بگەڕێنێتەوە لای خۆی؛ بەڵام ئافرەت ناتوانێت ئەو کارە بکات" ئەمە بۆچوونی یەکەم.

بۆچوونی دووەم ئەوەیە کە لای بەشێک لە زانایان، ئەو دەرەجەیە هەر ئەو قەوامەیەیە کە لە سوڕەتی نیسائدا باسکراوە، بەڵام ئەم پلەیە پلەی تەکلیفە نەک تەشریف.

ئەگەر لە خودی ئیسلامەوە بڕوانینە ئایەتەکە، دەردەکەوێت ئەو پلەیە پلەی بەرپرسیاریەتییە؛ تەکلیفە نەک تەشریف. «تەبەڕی» لە تەفسیری ئەو ئایەتەدا دەفەرموێت :"واتای یەک پلە لە بەرپرسیاریەتی زیاتر دەگەیەنێت". بۆیە بەهۆی ئەو پلە و بەرپرسیاریێتییەوە ئەرکی پیاوانە کە پارێزگاری لە ئافرەتان بکەن نەک خۆیان بسەپێنن بەسەریاندا؛ چونکە اللە(ﷻ) هەر لەو سوڕەتەی بەرپرسیاریێتی داوە بە پیاوان، فەرمانی پێکردوون کە مامەڵەیەکی میهرەبانانە و دادگەرانە لەگەڵ هاوسەرانیان بکەن. لە ئایەتی ١٩ی سوڕەتی نیسائدا دەفەرموێت ﴿وَعَاشِرُوهُنَّ بِالْمَعْرُوفِ﴾ واتا: «بەجوانی و بەباشی مامەڵە لەگەڵ ئافرەتاندا بکەن». لەکاتێکدا ئاڕاستەی ئەم ئایەتەیان لە سوڕەتەکەدا بۆ ئەو پیاوانەیە کە ئافرەتانیان خۆش ناوێت بەهۆی ئەوەی کە ئافرەتەکانیان خراپن!

دەی خودایەک هێشتا ڕێگری بکات لەوەی کە پیاوان خراپ بن لەگەڵ ئافرەتان لەکاتێکدا ئافرەتەکان خراپ بن، پێیان دەڵێت ئەگەر ئافرەتەکانیشتان هەر خۆش نەویست باش بن لەگەڵیاندا چۆن ڕێگە دەدات پیاوان زوڵم و ستەم لە ئافرەتان بکەن و خۆیان بسەپێنن بەسەریاندا؟!

پاش ئەرکی باڵادەستی و قەوامەت، پیاوان چۆن مامەڵە بکەن؟!

ئەسوەدی کوڕی یەزید دەڵێت: "پرسیارم کرد لە دایکە «عائیشە» کە پێغەمبەر(ﷺ) لە ماڵەوە چی دەکرد؟ وتی: ئەو لەکاری خانەوادەکەیدا بوو(واتە خزمەتی خانەوادەکەی دەکرد)، ئەگەر کاتی نوێژیش بهاتایە ئەوا دەچووە دەرەوە بۆ نوێژ."[١]

وەکوو ئاشکرایە کە پێغەمبەر(ﷺ) پێشەنگی موسڵمانان و مرۆڤایەتیی و چاکترین پێشەنگە بۆ شوێنکەوتووانی، بۆیە ئیمەش دەچینە ناو ماڵەکەیەوە و پێویستە بزانین ئەو چۆن مامەڵەی لەگەڵ خێزانەکانیدا کردووە.

پەیامبەر(ﷺ) بۆ ئەوەی مامەڵەیەکی دروست لەگەڵ هاوسەرەکانی بکات، ڕەچاوی تەمەن و بارودۆخی کردوون، ڕەچاوی کەمی تەمەنی دایکە عائیشەی دەکرد و حەزەکانی نەدەمراند؛ کاتی پێ دەبەخشی هەتا لەگەڵ کچە هاوڕێکانیدا بمێنێتەوە. دەیبرد بۆ تەماشای گەمەی حەبەشییەکان، پێشبڕکێی لەگەڵ دەکرد و چیرۆک و بەسەرهاتی بۆ دەگێڕایەوە.[٢]

هەر بۆیە دایکە عائیشە خۆی دەگێڕێتەوە و دەڵێت: "لەگەڵ هەندێ لە کچە هاوڕێکانمدا بە بووکەڵەکانم یاریم دەکرد، کە پێغەمبەر(ﷺ) دەهاتە ماڵەوە هاوڕێکانم لەتاو شەرمیان خۆیاندەشاردەوە و کەناریان دەگرت؛ پێغەمبەری خوایش(ﷺ) یەک یەک دەچوو بۆلایان و ڕازی دەکردن هەتا بگەڕێنەوە و لەگەڵ من یاری بکەن"[٣]

زۆرێک لە پیاوانی ئێستا ماندوویوونی دەرەوە دەکەن بە هۆکار بۆ ئەوەی لە ماڵەوە یارمەتی خێزانەکانیان نەدەن و کاتیان پێ نەدەن. ئەسڵەن زۆرێک

---

(١) صحيح، (خ)٦٧٦

(٢) لە پەرتووکی (لەپێغەمبەرەوە ﷺ فێردەبین)، نووسینی؛ نیهاد جەلال

(٣) صحيح البخاري، الرقم ٦١٣٠

لە پیاوانی عەلمانی لە دەرەوە هێندەی کات دەدەن بەو ئافرەتانەی لەگەڵیاندا کار دەکەن کە دێنە ماڵەوە تاقەتی ژنەکانی خۆیانیان نامێنێت و وەکوو کارەکەر و کۆیلە تەماشایان دەکەن، یان وەکوو ئامێرێکی وەچەخستنەوە.، بەڵام پێغەمبەر(ﷺ) هیلاکی گەرانەوەی خۆی لە غەزا و جەنگەکاندا نەدەکردە بیانوو بۆ ئەوەی کات نەدات بە خێزانەکانی، بەڵکوو کاتی تایبەتی پێدەدان. دایکە عائیشە ِکە خێزانیەتی و خۆشەویستترین کەسە لای مێردەکەی، شاهێدی ئەمە دەدات و دەڵێت: "لە سەفەرێکدا لەگەڵ پێغەمبەری خودا(ﷺ) دەرچووم، ئەوکات هێشتا زۆر گۆشتم نەگرتبوو و قەڵەو نەبووم، پێغەمبەری خودا(ﷺ) بە خەڵکەکەی فەرموو "پێشبکەون"، ئەوانیش پیشکەوتن؛ پاشان بە منی فەرموو "وەرە با پێشبڕکێت لەگەڵ بکەم"، لەگەڵ پێغەمبەر(ﷺ) پیشبڕکێمان کرد و من لێم بردەوە. هیچ قسەی نەکرد و بێدەنگی لێکردم هەتا گۆشتم گرت و قەڵەو بووم و ئەو پیشبڕکێیەم بیرچوویەوە؛ لە سەفەرێکی تردا لەگەڵی دەرچووم، بە خەڵکەی فەرموو "پێشبکەون" خەڵکەکەش پێشکەوتن، ئینجا بە منی فەرموو "وەرە با پێشبڕکێت لەگەڵ بکەم"، پێشبڕکێمان کرد و لێی بردمەوە، پێدەکەنی و دەیفەرموو ئەمەیان بەوی تر(یەک بە یەک)"[1]

پێغەمبەری خودا (ﷺ) جیاواز لە پیاوانی ئەمڕۆ، تەنیا لە کاتی دەسگیراندارى و سەرەتای ژیانی هاوسەریدا خۆشەویستی خۆی بۆ ژنەکانی دەرنەدەبڕی، هەرکاتێک پرسیاری لێ بکرایە کە کێ خۆشەویستترین کەسە لات؟ دەیفەرموو عائیشە. ئەگەر بیانوتایە دوای ئەو کێت خۆش دەوێت، دەیگوت "باوکی"، لەکاتێکدا باوکی عائیشە ئیمامی ئەبوبەکر بوو، خۆ دەیتوانی بڵێت ئەبوبەکری هاورێم، بەڵام دەیوت باوکی خێزانەکەم.

تەنانەت پاش وەفاتی دایکە خەدیجە، چاکە و باشەی بیر نەچووبوویەوە

---

(١) مسند احمد بن حنبل، الرقم ٢٦٩١٨

هەردەم لەسەر زاری بوو.

ڕۆژ بەڕۆژ پەیامبەر خێزانەکانی خۆشتر دەویست و مامەڵەی باشتری لەگەڵ دەکردن. لەکۆتاییەکانی تەمەنیشیدا هەر باسی چاکەی دایکە «سەفیە» و بەخشندەیی دایکە «زەینەب» و ئیمانی هاوسەرەکانی تری دەکرد. لەکۆتاییشدا لەسەر ڕانی عائیشەی خێزانی وەفاتی کرد.

لە ئێستادا کام پیاوە وایە بۆ خێزانەکانی و بەوەفایە بەرانبەر چاکە و باشەی ژنەکانی؟ پیاوانی پەروەردەکراوی دەستی عالەمانییەت لە ئێستادا تەنیا ١٤ی ٢ ژنەکانیان بیر دەکەوێتەوە و گوڵێکی سووری ساختەیان بۆ دەبەن. ئەگەریش لە دەرەوە پێش ژنەکانیان بۆ کچی تریان نەبردبێت!

فێمینیستەکان شوکردن و بوون بە ژنی پیاوێک، وەک کۆیلەبوون وێنا دەکەن و وای نیشان دەدەن کە ئەگەر ئافرەت شووی کرد ئەوا دەبێت بە کارەکەر. بەڵام پێغەمبەر(ﷺ) ئەم وێنایە لادەبات و حەقیقەتی مامەڵەکردنی ژیانی ژن و مێردایەتیمان نیشان دەدات. ئەو هیچکات لەماڵەوە بارگرانی لەسەر خێزانەکانی دروست نەدەکرد؛ ڕەخنەی لە خواردنی خێزانەکانی نەدەگرت، ئەگەر خواردنەکەی حەزپێبکردایە دەیخوارد و ئەگەر حەزی لێ نەبووایە دەستی دەگرتەوە و هیچی نەدەفەرموو.[١]، خۆی مەڕەکانی دەدۆشی و خزمەتی خۆی دەکرد[٢] خۆی نەعلەکانی دەدوورییەوە و جلوبەرگی خۆی پینە دەکرد[٣].

ئەوەی سەیرە لە ژیانی پێغەمبەردا(ﷺ)، کە پێشەنگی مرۆڤایەتییە و هیچ پیاوێک وەکوو ئەو ئەرکی قورس نییە، ئەرکی ئەو گەیاندنی پەیامی خودا و دامەزراندنی دەوڵەت و بەڕێوەبردنی وڵات و حاکمێتی خەڵک و

(١) صحيح البخاري، كتاب المناقب، الرقم ٣٥٦٣

(٢) صحيح ابن حبان، باب الواضع الكبر العجب، الرقم ٥٦٧٥

(٣) هەمان سەرچاوە، فەرموودەی ژمارە ٥٦٧٦

چارەسەری کێشە و گرفتەکانی هەموو خەڵک لای ئەو بوو؛ سەرکردەی جەنگ و سووپا بوو. واتا هیچ کەسێک وەکوو ئەو مەشغەڵەتی نەبوو، بەڵام لە یەک کاتدا نۆ خێزانی هەبوو و کاتی بۆ هەموویان تەرخان کردبوو. هەموو بەیانییەک سەردانی نۆ هاوسەرەکەی دەکرد و سەلامی لێدەکردن و هەواڵی دەپرسین؛ هەموو عەسرانێکیش جارێکی تر سەردانی دەکردنەوە و لای هەر یەکێکیان کەمێک دادەنیشت!

ئاخر ئێستا کامە پیاو فریای یەک ژن دەکەوێت و کاتی پێ دەدات، ئەسڵەن بەشێکی زۆر لە پیاوانی عەلمانی و ڕۆژئاوا وەکوو دابەستە لەماڵدا دانیشتوون و نازانن جل بدوورنەوە و پێڵاو پینە بکەن و هەمیشە مێشکی ژنەکانیان بە پرتەوبۆڵە دەبەن لەبەر جۆری خواردن ئامادەکردن و بەهۆی کاری دەرەوە کات نادەن بە ژنەکانیان. هێشتاش پاش ئەوەی ژنەکانیان وەکوو کارەکەر تەماشا دەکەن و لە دەرەوە شاباش بەسەر کچانی سەماکەر و لەشفرۆشدا دەکەن؛ پاش ئەوەی لە هۆتێلەکان لەگەڵ لەشفرۆشەکان ڕادەبوێرن، بە قات و ڕیباتەوە دێنە سەر تیڤییەکان و باسی ماف و ئازادی ئافرەت دەکەن و مافی ئافرەتمان پێ دەفرۆشنەوە. لەکاتێکدا ئەگەر لێیان بپرسیت پێناسێکی جەوهەری و فەلسەفیمان بۆ چەمکی «ماف» و «ئافرەت» بۆ بکە، نایزانن! ئەسڵەن هەر بۆیان نییە باسی ماف بکەن، چونکە لە کرۆکی فکریاندا ماف بوونی نییە.

ئەوەی لە ژیانی واقیعی ئێستاماندا دەیبینین، ئەوەیە کە زۆرێک لە پیاوان قسە و مامەڵەی نەرم و نیان لەگەڵ ئافرەتانی دەرەوە دەکەن تا هیچ شیرینی و نەرمییەک لە هەگبەیاندا نامێنێت لە دەرەوە و پاش ئەوەی کە هاتنەوە ماڵەوە، تاڵاوی هیلاکییان بۆ خێزانەکانیان دەردەبڕن؛ یان تەنیا لەو ساتانەدا باشن بۆ خێزانەکانیان کە خێزانەکانیان ساغ و سەلامەت و بە کەیفن. بەڵام لە ژیانی واقیعی پەیامبەردا(ﷺ) بابەتەکە بەم چەشنە نەبوو، وەکوو دایکە عائیشە دەیگێڕێتەوە کە ئەگەر لە سووڕی مانگانەدا بووایە، ئەوا پەیامبەر لە

هەمان پەرداخی ئەودا ئاوی دەخواردەوە و دەمی دەنا بە شوێنی ئەو پەرداخەوە کە عائیشە دەمی پێوە ناوە؛ هەرکاتێک خاتوو عائشە گۆشتی بخواردایە لەپاش خۆی بەشی پێغەمبەری (ﷺ) دەدا. پەیامبەر(ﷺ) گازی دەگرت لە شوێن دەمەکەی خاتوو عائشە ڕەزای خودا لێبێت. (كُنْتُ أَشْرَبُ وَأَنَا حَائِضٌ، ثُمَّ أُنَاوِلُهُ النَّبِيَّs، فَيَضَعُ فَاهُ عَلَى مَوْضِعِ فِيَّ، فَيَشْرَبُ، وَأَتَعَرَّقُ الْعَرْقَ وَأَنَا حَائِضٌ، ثُمَّ أُنَاوِلُهُ النَّبِيَّs، فَيَضَعُ فَاهُ عَلَى مَوْضِعِ فِيَّ)[1].

پێغەمبەر(ﷺ) لە کۆشی خاتوو عائیشەدا ڕادەکشا لە کاتێکدا خاتوو عائیشە لە سووڕی مانگانەشدا بوو (أَنَّ النَّبِيَّ ﷺ كَانَ يَتَّكِئُ فِي حَجْرِي وَأَنَا حَائِضٌ، ثُمَّ يَقْرَأُ الْقُرْآنَ)[2].

ئاخر عەلمانییەکان و فێمینیستەکان باسی مافی ئافرەتی چی دەکەن لەکاتێکدا پەیامبەر(ﷺ) خاوەنی ١١ هاوسەر بووە و هیچکام لە ژنەکانی بۆ یەکجاریش ڕەخنەیان لە میێردەکەیان نەگرتووە! هیچیان پەشیمان نەبوونەتەوە لە هاوسەرگیریکردن لەگەڵیدا! تەنانەت دوای وەفاتیشی کە نۆ خێزانی مابوویەوە، یەکێکیان شویان نەکردەوە و چاوەڕێ بوون لە قیامەتیشدا هەر هاوسەری بن! ئەوەی جێی شانازی موسڵمانانە ئەوەیە کە ژیانی خێزانی پەیامبەرمان(ﷺ) لەلایەن ژنەکانی خۆیەوە گێڕدراوەتەوە، هەر عائیشە و سەفییە و جوەیریە و خێزانەکانی تری پەیامبەرن کە هاوەڵان و پیاوان فێر دەکەن کە وەکوو پەیامبەر(ﷺ) بن بۆ خێزانەکانیان! لەکاتێکدا ئەو سەرمایەدارانەی فێمینیزم ئاڕاستە دەکەن، کەس نازانێت ژنەکانیان کێن و ناویان چییە و چۆن مامەڵەیان لەگەڵدا دەکەن!

دایکە عائیشە هێندە ئەزموونێکی جوانی لەگەڵ میێردەکەیدا بەدیکردبوو، کاتێک ئامۆژگاری ژنانی دەکرد، پێی دەوتن "ئەگەر میێردت هەبوو و توانیت

---

(١) مسلم (٣٠٠).

(٢) البخاري (٢٩٧) ومسلم(٣٠١) وسنن أبي داود (٢٦٠).

گلێنەی چاوانت دەربکەیت و لەوان جوانتر بخەیتە شوێنیان بۆ دڵخۆشکردنی میێردەکەت، ئەوا بیکە"[١]

دایکە عائیشە بۆچی ئەم قسەیە دەکات؟!

چونکە پێغەمبەر(ﷺ) وەکوو هاوسەرێکی سادە مامەڵەی لەگەڵدا نەکردووە، مامەڵەی پەیامبەر(ﷺ) لەگەڵیدا بێوێنە بووە؛ خەمسارد نەبوو لەگەڵیدا، گرنگی پێ دەدا، تێبینی جموجۆڵ و وتەکانی دایکە عائیشە دەکرد و خوێندنەوەی بۆ مامەڵەکانی هەبوو. بۆیە دایکە عائیشە خۆی بۆمان دەگێڕێتەوە و دەڵێت: "جارێکیان پێغەمبەری خوا(ﷺ) پێی وتم "من دەزانم تۆ کەی لێم ڕازیت و کەی لێم تووڕەیت!" منیش وتم چۆن دەزانیت؟! لە وەڵامدا فەرمووی: "ئەگەر لێم ڕازی بیت، دەڵێیت "نا بەخوای موحەممەد" ئەگەریش لێم تووڕە بیت، دەڵێیت "نا بەخوای ئیبراهیم". منیش وتم: بەڵێ بەخوا وایە ئەی پێغەمبەری خوا!"[٢]

لێرەدا من پرسیارێک دەکەم، لەم سەردەمەدا چ پیاوێک یان چ سەرکردەیەک هەیە ڕێگە دەدات کە ژنەکەی لەبەردەمیدا تووڕە ببێت؟! ئەسڵەن کام ژن دەوێرێت دەنگ بەسەر میێردەکەیدا بەرز بکاتەوە؟! چ جا ئەو کەسە سەرکردەی دەوڵەتێک بێت! بەڵام دایکە عائیشە کردوویەتی! (لە سننی ئەبی داودا لە فەرموودەی ٤٣٦٨دا هاتووە کە جارێک ئەبوبەکر دەیەوێت بچێتە ماڵی پەیامبەرەوە(ﷺ) بەڵام گوێی لێبوو خاتوو عائیشە دەنگی بەسەر پەیامبەردا بەرز دەکردەوە! ئیمامی ئەبوبەکریش ویستی بچێتە ژوورەوە و زللەیەک لە خاتوو عائیشە بدات، لە دووڕەوە پێی وت: "ئەوە چییە، دەنگت بەرز دەکەیتەوە بەسەر پێغەمبەری خوادا؟!"، بەڵام پێغەمبەر(ﷺ) چووە بەردەم ئەبوبەکر و

---

(١) الذهبي: تاريخ الإسلام، ج٤، ص٢٥٢

(٢) صحيح البخاري، الرقم ٤٩٣٣، صحيح المسلم، الرقم ٤٥٧٣.

ڕێگری لێکرد. ئەبوبەکریش بە تورەیی چووە دەرەوە و پەیامبەر(ﷺ) بە عائیشە فەرموو "بینیت چۆن دەربازم کردیت لەو پیاوە؟)

ئەمە مامەڵەیەکی ئاسایی نییە کە موحەممەد(ﷺ) دەیکات لەگەڵ هاوسەرەکانی. لەم سەدەی بیست و یەکەدا کە عەلمانیەت تیایدا حوکمڕانە، بە گوێی خۆم چەندین جار گوێم لە پیاوان بووە کە وتوویانە "پێویستە جارجار لە ژنەکەت تووڕە ببیت و چاوی لێ سوورببکەیتەوە، چونکە ئەگەر ژنەکەت دەماری تووڕە بوونت نەبینێت ئەوا لێت ناترسێت و ڕێزت بۆ دانانێت و هەیبەتت نامێنێت". ئاخر کێ وتوویەتی هەیبەت بە لێدان و چاو سوورکردنەوە پەیدا دەبێت؟!

وەرن با پەیامبەر(ﷺ) فێرتان بکات چۆن لای ژنەکانتان هەیبەتتان دەبێت.

ئەنەس دەگێڕێتەوە: دراوسێیەکی پێغەمبەر(ﷺ) فارس بوو، شلەی گۆشتاوی زۆر بەتامی دروست دەکرد. جارێکیان ئامادەی کرد بۆ پێغەمبەر(ﷺ) هات و بانگهێشتی پێغەمبەری خوای(ﷺ) کرد.

پێغەمبەریش(ﷺ) فەرمووی "ئەمەش؟!"(مەبەستی خاتوو عائیشە بوو کە لەگەڵیدا بوو)،

کابراش وتی: "نا، تەنیا خۆت"

پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: "دەی نایەم!".

دووبارە کابرا هاتەوە و هەمان داوای کردەوە، دیسان هەمان شت ڕوویدایەوە.

تا جاری سێیەم کابرا هاتەوە و وتی "باشە با ئەویش بێت"

ئینجا پێغەمبەر(ﷺ) و خاتوو عائیشە پێکەوە بە شانەخڕێ و بەدەم گەمەکردنەوە چوونە مااڵی کابرای فارسی![1]

---

(١) صحيح المسلم، الرقم ٣٨٩١

ئەم هەڵوێستەیە وا لە پیاو دەکات کە لای ژنەکەی هەیبەتی هەبێت و ژنەکەی ڕێزی لێ بگرێت. هەر بۆیە دوای وەفاتی پێغەمبەری خواش(ﷺ)، دایکە عائیشە هەموو تەمەنی خۆی بۆ گەیاندنی فەرموودەکانی پێغەمبەر(ﷺ) تەرخانکرد و موسڵمانانی ڕێنموونی کرد. بۆیە زۆرترین زانیاری و فەرموودەمان لە خاتوو عائیشە دایکی باوەڕدارانەوە بۆ ماوەتەوە کە ئەمەش نیشانەی لوتکەی وەفای خاتوو عائیشە و ڕاستگۆیی پێغەمبەری خوایە(ﷺ).

هەر بۆیە دیسانەوە دەڵێم "نە لەیل نە مەجنون، نە شیرین و فەرهاد"!

ئێستا ئێوە پۆشاکن!:

لە ئیسلامدا ئافرەت هاوسەرگیری لەگەڵ ئاغایەک ناکات تاوەکوو کۆیلەیەک مامەڵەی لەگەڵ بکرێت، بەڵکوو هاوسەرگیری لەگەڵ هاوئاستێکی خۆی دەکات و وەکوو هاوبەشێک ڕۆڵ دەبینن و کەموکورتییەکانی یەکتری پڕ دەکەنەوەوە و عەیبەکانی یەکتریش دادەپۆشن.

بۆیە قورئان مامەڵەی ژن و مێردایەتی و هاوسەرگیریی بە پۆشاک ناودەبات و دەڵێت: ﴿هُنَّ لِبَاسٌ لَّكُمْ وَأَنتُمْ لِبَاسٌ لَّهُنَّ﴾[1] واتا: «ئەوان پۆشاکن بۆ ئێوە و ئێوەش پۆشاکن بۆ ئەوان.»

پۆشاک! دەربڕینێکی زۆر جوانە، پۆشاک داپۆشەری حەیا و حورمەت و عەیبەیە. مرۆڤ لە سەرما دەپارێزێت، لەکاتی باراندا ناهێڵێت تەڕ بێت؛ پۆشتەی دەکات و دەیڕازێنێتەوە. ئەگەر کەسێک پۆشاکەکەی دابنێت و بێ پۆشاک بچێتە ناو خەڵکییەوە، با بزانێت بێ حەیا چووەتە ناو خەڵکییەوە؛ عەیبە و شوێنی شەرمی دیارە، کەموکورتییەکانی لەبەرچاوی خەڵکیدایە و

(١) سورەتی بەقەرە، ئایەتی ١٨٧

سەرمای دەبێت، بۆیە نزیکترین شت لە مرۆڤەوە پۆشاکەکەیەتی.

دەی کێ هەیە پۆشاکەکەی دابنێت، یان بیدڕێت و پارێزگاری لێ نەکات؟ مەگەر شێت بێت!

بۆیە دەبینیت کە پێغەمبەر(ﷺ) هەمیشە وابەستە بووە بە خێزانەکانییەوە و ئەوانیش بەهەمان شێوە وابەستەی بوون.

ئێستا ئەوەی من لێی تێناگەم ئەوەیە کە بۆچی فێمینیستەکان لەم جۆرە ژیانە هەڵدێن؟ بۆچی دەست دەبەن بۆ پۆشاکەکانیان و دەیانەوێت بیدڕێنن؟! بۆچی فێمینیستەکان هەوڵ دەدەن ئافرەتان لەم ژیانە بەرنە دەرەوە و بەرەو جیهانی تاککەرایی و وەکوو گەنم بکەونە ژێر دەستاڕی سەرمایەدارییەوە و بهاڕدرێن؛ دواتر بەرەو کۆتاییەکی تاریکی وەکوو فروغی فروغزادی بێ کەسوکاری ببەن؟!

هاوسەرگیری پێغەمبەر(ﷺ) و دایکە عائیشە، بۆچی ۹ ساڵانێک؟!

یەکێک لەو گومانە باوانەی لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا دەوروژێنرێت، هاوسەرگیری پێغەمبەر(ﷺ) و دایکە عائیشەیە کە بۆچی پیاوێکی پەنجا و پێنج ساڵ هاوسەرگیری لەگەڵ منداڵێکی ۹ ساڵ دەکات؟! ئایا ستەم لە دایکە عائیشە کراوە یان نا؟! مافی خوراوە یان نا؟!

تێبینی:

بەشێکی کەم لە بانگخوازان و خەڵکی بیروباوەڕیان وایە کە دایکە عائیشە لە ۹ ساڵیدا هاوسەرگیری لەگەڵ پەیامبەر(ﷺ) نەکردووە، بەڵکوو ۱۸ ساڵ یان زیاتر بووە. بەڵام لە حەقیقەتدا ئەم بیرکردنەوەیە هەڵەیە و هیچ

فەرموودەیەکی سەحیح نییە کە ئاماژە بەوە بدات، بەڵکوو دایکە عائیشە خۆی دەفەرموێت "پێغەمبەر(ﷺ) کە منی بە هاوسەر گرت تەمەنم شەش ساڵان بوو، کاتێکیش پێغەمبەر (ﷺ) منی گواستەوە تەمەنم نۆ ساڵان بوو"[١]، کاتێکیش پێغەمبەر(ﷺ) وەفاتی کرد، تەمەنم هەژدە ساڵان بوو[٢].

بۆیە هیچ گومانێک لەوەدا نییە کە دایکە عائیشە ٩ ساڵ بووە، ئەو زانیارییەشی کە دەڵێت ١٨ ساڵ بووە، لەم چەند سەد ساڵەی دواییدا دروست بووە پێشتر هیچ زانا و فەرموودەناسێک باسی نەکردووە!

پێش وەڵام: کەمێک بیر لەم سێ خاڵە و کۆمەڵە پرسیارە بکەرەوە.

١- کێ وتویەتی «منداڵ» ؟! بە پێوەری ئەمڕۆ منداڵە، یان بە پێوەری ڕابردوو؟ چی پێوەرە بۆ تەمەنی هاوسەرگیری؟ ئایا دایکە عائیشە منداڵ بووە؟

٢- ئایا ئەم هاوسەرگیرییە بەپێی عورفی ئەو سەردەمە هەڵە بووە؟ کەسێک هەبووە لە موشریک و جولەکە و دووڕوو و قوڕەیشییەکان و نەیارانی پێغەمبەر(ﷺ) ڕەخنە لەم هاوسەرگیرییە بگرن؟

٣- هەڵوێستی دایکە عائیشە چۆن بووە لەساتی یەکەمی هاوسەرگیری و ماوەی ژیانی لەگەڵ پەیامبەردا(ﷺ) و پاش وەفاتی پەیامبەریش(ﷺ)، ئایا پەشیمان بووە لەو هاوسەرگیرییە؟!

ئەگەر خۆی بە هاوسەرگیرییەکە ڕازی بووە، بە چ حەق و پێوەر و مافێک تۆ پاش ١٤٠٠ ساڵ دێیت چاکەتی پارێزەری دەپۆشیت و دەبیت بە پارێزەری دایکە عائیشە؟!

---

(١) صحيح البخاري، الرقم٣٧٠٣، صحيح مسلم، الرقم ٢٦٢٥

(٢) صحيح مسلم، الرقم ٢٦٢٧

وەڵام:

سەرەتا پێش ئەوەی قسە لەسەر تەمەنی دایکە عائیشە بکرێت، گرنگە چەمکی «منداڵ» ڕاست بکرێتەوە؛ چونکە ئەمە بێباوەڕان و نەیارانی ئیسلامن دەڵێن کە پێغەمبەر(ﷺ) هاوسەرگیری لەگەڵ منداڵێکدا کردووە. ئەمە بۆ ئەوە بەکاری دەهێنن کە بە گومانی خۆیان لە کەسایەتی و پێغەمبەرایەتی موحەممەد(ﷺ) بدەن!

بە پێوەری ئەمڕۆ، تەمەنی ١٨ ساڵی دیاریکراوە بۆ باڵغ بوون و پێگەیشتن؛ لە زۆرێك لە وڵاتانیشدا لەم تەمەنەدا ڕێگە بە هاوسەرگیری دەدرێت. کە لە حەقیقەتدا ئەمە پێوەرێکی دروست نییە، چونکە باڵغ بوون لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی تر دەگۆڕدرێت، کچێکی نیمچە دوورگەی عەرەب و وڵاتانی ئەفریقا زووتر دەگەنە تەمەنی باڵغبوون لەچاو هەندێک لە وڵاتانی تر. لە سەردەمی پێغەمبەریشدا(ﷺ) لە نیمچە دوورگەی عەرەبیدا هیچ یاسایەک نەبووە تەمەنی منداڵ دیاری بکات. دایکە عائیشە خۆی دەفەرموێت: "إذا بلغت الجارية تسع سنين فهي امرأة" واتا: «کاتێک کچ گەیشتە تەمەنی ٩ ساڵ ئیتر بە پێگەیشتوو هەژمار دەکرێت.»[1] ئەم فەرموودەیەی دایکە عائیشەش هیچی وا لە مەسەلەکە ناهێڵێتەوە تا نەیارانی ئیسلام قسە بکەن، چونکە ئەو خۆی شاهێدی ئەوە دەدات کە لەکاتی گواستنەوە و شووکردنیدا باڵغ بووە. بۆیە ئەگەر کەسێک وتی ئەو هاوسەرگیرییە دروست نییە و هەڵەیە نابێت ڕێگەی بدرێت هەر ئاوا بازاڕییانە قسە بکات، پێویستە بەڵگە بهێنێتەوە؛ بەڵگەکان ئەوەن کە ئایا لەڕووی (عەقڵی - شەرعی - تەندروستی

(١) أخرجه ابن حبان في "صحيحه" (٩ / ٣٩٢) برقم: (٤٠٧٩)، والنسائي في "المجتبى" (١ / ٦٤٧) برقم: (٣٢٧٠ / ٢) والنسائي في "الكبرى" (٥ / ١٧٤) برقم: (٥٣٦٠) وأبو داود في "سننه" (٢ / ١٩٤) برقم: (٢٠٩٣)، (٢ / ١٩٤) (بدون ترقيم) والترمذي في "جامعه" (٢ / ٤٠٢) برقم: (١١٠٩) والبيهقي في "سننه الكبير" (٧ / ١٢٠) برقم: (١٣٨٠٤)، (٧ / ١٢٢) برقم: (١٣٨١٤) وأحمد في "مسنده" (٣ / ١٥٨٢) برقم: (٧٦٤٣).

-عورفی- یاسایی)یەوە ڕێگە پێدراوە یان نا؟! هەڵەیە یان نا؟!، لەڕووی شەرعییەوە هیچ گرفتێکی نییە، چونکە پەیامبەر(ﷺ) خۆی پەیامبەری خودایە شوێنکەوتوانی ئیسلامیش لەوەوە شەریعەت وەردەگرن.

لەڕووی یاساییشەوە ناتوانرێت ڕەخنە لەو هاوسەرگیرییە بگیرێت، چونکە بەپێی ئەو سەردەمە هاوسەرگیری لەکاتی بااڵغبووندا ڕێگەپێدراو بووە. دەی دایکە عائیشە خۆی دەڵێت کە نۆ ساڵ بااڵغە و مامەڵەی ئافرەتی پێگەیشتوو لەگەڵ ئەو تەمەنەدا دەکرێت. لەڕووی تەندروستیشەوە دیسانەوە ئافرەتی بااڵغ کێشەی نییە و لەڕووی جەستەییەوە ئامادەیە بۆ هاوسەرگیری.

هەڵەی ئەم ڕەخنەیە لێرەدا دیوە یاساییەکەیەتی، کە خەڵکی دەڵێن لەڕووی یاساییەوە ئەم هاوسەرگیرییە هەڵەیە.

بەاڵم بە کام یاسا؟! بە یاسای کام سەردەم؟ بە یاسای کام وااڵت؟

سەرەتا گرنگە بزانن، زۆرینەی ئەو فێمینیستانەی کە ئێستا دەڵێن نابێت ئافرەت لەخوار ١٨ ساڵییەوە شوو بکات، هەر ئەو کەسانەن کە دەڵێن ئافرەت ئازادە لە تەمەنی خوار ١٨ ساڵ سێکس ئەنجام بدات! بگرە لە بابەتی هاوڕەگەزبازی و گۆڕینی ڕەگەزدا تا ئێستا ڕێگرییان نەکردووە لەو ئافرەتانەی لە تەمەنی ١٣ ساڵیدا ڕەگەزی خۆیان دەگۆڕن! دەڵێن: "ئازادە، خۆی خاوەنی جەستەی خۆیەتی"؛ بگرە پشتگیریشیان دەکەن! ئەسڵەن ناهێڵن دایک و باوکی کچەکەش قسە بکات.

یاخود دەڵێن: "ئاساییە کچی خوار تەمەن ١٨ ساڵ کەپڵی کوڕی هەبێت و لەگەڵیدا جووت ببێت، مافی خۆیانە و نابێت مافیان بخورێت"!

دەی بۆچی یاسایی نییە ئافرەتێک شوو بکات و لەژێر سەرپەرشتی پیاوەکەیدا بێت؟! خۆ فێمینیستەکان بەاڵیانەوە ئاساییە کچێکی خوار ١٨

ساڵ ڕەگەزی خۆی بگۆڕێت و لەڕووی تەندروستییەوە زیان بە جەستەی خۆی بگەیەنێت؛ ئاساییە بەلایانەوە کە سێکس بکات لە دەرەوەی پڕۆسەی هاوسەرگیری. ئێستا بۆ یاسایی و ئاسایی نەبێت کەسێک لەخوار ١٨ ساڵ شوو بکات؟!

بێگومان وەڵامێکت دەست ناکەوێت، یان ڕەنگە بە منجە منجەوە بڵێن: "ئاخر هێشتا عەقڵی کامڵ نەبووە ناتوانێت بڕیاری دروست بدات" (هەڵبەتە لە سەرجەم یاساکاندا بوونی شیاوێتی عەقڵی گرنگترین خاڵی نێو هاوسەرگیریە کە بە (CONSENT) ناسراوە. بەڵام ئەم پێوەرە خاڵی نییە لە دژیەکی و کێشە چونکە لە ئیستادا هاوسەرگیری نێوان کەسانی داون -منداڵانی نەخۆشی داون سیندرۆم- ڕێگەپێدراوە و یاساییە؛ لە کاتێکدا مەرجی شیاوێتی عەقڵییان نییە!). کەواتە دووبارە دەپرسین بە چ پێوەرێک؟ کام عەقڵە کاملە ڕەگەز گۆڕین قبوڵ دەکات؟! دەی هەر بە پێوەری فێمێنیستەکان، ڕێگە دەدەن کچ لە خوار ١٨ ساڵی سێکسی ئازاد ئەنجام بدات و کەپڵی کوڕی (boyfriend) هەبێت.، باشە ئێوە ناڵێن ١٨ ساڵ تەمەنی باڵغ بوونە؟![1] ئەی چۆن ڕێگە دەدەن کچێک کە باڵغ نەبووە سێکس ئەنجام بدات؟! ئایا لەڕووی

---

(١) لەم حاڵەتەدا فێمینیستەکان دەڵێن (ڕەنگە کچ لەڕووی جەستەییەوە زوتر باڵغ ببێت، بەڵام لەڕووی عەقڵییەوە ماویەتی)، لە حەقیقەتدا ئەمە قسەیەکی پووچە، چونکە بۆ هاوسەرگیری و باڵغ بوون لەپێشدا تێبینی لەسەر جەستە دەکرێت، عەقڵ پێوەرە، بەڵام عەقڵ لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر دەگۆڕدرێت و پێگەیشتنی عەقڵ جیاوازی هەیە، جەستە زوو دەگات بە کامڵ بوون، بەڵام عەقڵی کامڵ بوونی نییە و بە تەمەن دیاری ناکرێت، هەیە تەمەنی ١٦ ساڵە، بەڵام عەقڵی ٤٠ ساڵێکی هەیە، ئەسڵەن ئەو کەسانەی هاوڕەگەزبازی و ئازادی سێکسی و فرە جێندەرییان قبووڵە، هێشتا ئەمانە دێن باسی تەمەنی باڵغ بوون دەکەن، لە حەقیقەتدا ئەمانە هەم گرفتی دەروونی و عەقڵیان هەیە، هەم لەڕووی تەندروستیەوە کێشەن بۆ کۆمەڵگە، ئاخر کەسێکی ٤٠ ساڵ بێت بڵێت (مرۆڤێك به كۆڵێك ڕیش و سمێڵ و هەیبەتێکی ٢٢ مەتریی و دەست و مەچەکێکی قەوی و ئەندامێکی نێرینەوە، نێر نییە و مێیە)، ئەمە عەقڵی تەواوە؟! ئایا عەقڵی هەیە؟!

تەندروستییەوە بۆ کچەکە خراپ نییە؟! ئێستا فێمینیستەکان کەوتوونەتە دژ یەکییەوە، هێشتا دەڵێن هاوسەرگیری دایکە عائیشە و پەیامبەر(ﷺ) عەقڵانی نییە!

پاشان یاسای سەردەمی پێغەمبەر(ﷺ) شەریعەتی ئیسلام بووە، واتا هاوسەرگیرییەکە یاساییە. ئەگەر لە وڵاتانی جیهان بڕوانین، دەبینین دیاریکردنی تەمەنی هاوسەرگیری لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی تر جیاوازە. لە پەرتووکی (medieval children) کە «نیکۆڵاس ئۆرم» نووسەرەکەیەتی دەڵێت: "لە سەدەکانی ناوەڕاستدا کوڕان لە تەمەنی حەوت ساڵیدا هاوسەرگیرییان کردووە و پێگەیشتوون و خۆیان پارێزگارییان لە خۆیان کردووە و کڕین و فرۆشتنیان ئەنجامداوە."

«مارگرێت بۆفۆرد» دایکی هێنری حەوتەمی پادشای بەریتانیا، لە سەدەی ١٦ لە تەمەنی ٧ ساڵیدا هاوسەرگیری کردووە. «ئیزابێلا»ی کچی پادشای فەرەنسا چارلی شەشەم بۆ جاری دووەم لە تەمەنی شەش ساڵیدا لەگەڵ پادشای بەریتانیا (ڕیچاردی دووەم) لە سەدەی چواردەدا هاوسەرگیری کرد.

ئەوەی جێی سەرنجە لە ئێستاشدا لە هەموو وڵاتێک ١٨ ساڵ بۆ هاوسەرگیری دانەنراوە، بۆ نموونە وڵاتانی (ئیتاڵیا و ڕووسیا و ئەڵمانیا) تەمەنی ١٦ ساڵییان بۆ هاوسەرگیری دیاری کردووە. یان لە ویلایەتەکانی ئەمریکا بەپێی جیاوازییان لە تەمەنی ١٢ ساڵییەوە تا ١٨ ساڵی بۆ هاوسەرگیری دیاریکراوە.

لە هەندێک لە وڵاتانیش تەمەنی سێکس و تەمەنی هاوسەرگیرییان جیاکردووەتەوە، بە نموونە لە فەرەنسا تەمەنی ١٨ ساڵی بۆ هاوسەرگیری دیاریکراوە، بەڵام بەپێی بڕیاری دادگا یاساییە لە تەمەنی ١٥ ساڵی کچ سێکس بکات. لە ڕووداوێکی ساڵی ٢٠١٧دا کە ڕۆژنامەی (THE SUN) بڵاوی کردووەتەوە، دوو کچ لە تەمەنی ١٣ و ١١ ساڵی سێکسیان لەگەڵ

پیاواندا ئەنجامداوە، سەرەتا دادگا پیاوەکانی تۆمەتبارکرد بە دەستدرێژی سێکسی، بەڵام دواتر کچەکان وتیان کە بە ڕەزامەندی خۆیان ئەنجامیان داوە، بەهۆی ئەو ڕووداوەشەوە ئەگەر هەیە کە تەمەنی سێکسکردن دابەزێنن بۆ ١٣ یان ١١ ساڵی؛ چونکە دوو کچەکە بە ڕەزامەندی خۆیان ئەو کارەیان ئەنجامداوە![1].

وڵاتێکی وەکوو ئیسپانیاش ڕاستە ١٨ ساڵی بۆ هاوسەرگیری دیاریکردووە، بەڵام ڕێگەیانداوە کە کچ لە ١٢ ساڵییەوە سێکس ئەنجامبدات!.

بۆیە ئەگەر هەرکەسێک بەپێی یاساکانی ئەم سەردەمە هەڵسەنگاندن بکات بۆ ڕابردوو و وڵاتانی تر، ئەوا ستەم لە خەڵکی سەدەکانی پێشوو و وڵاتانی تر دەکات؛ پێوەر و هەڵسەنگاندنەکانیشی هەڵەیە. زۆرینەی ئایینەکان و یاساکان گرفتیان لەگەڵ هاوسەرگیری کەم تەمەن نییە، ئەهلی کیتاب ئاگاداری ئەو دەقانەن کە پێغەمبەر ئیبراهیم ٦٠ ساڵ لە هاجەرە گەورەتر بووە، بەڵام هیچ قسەیەکیان لەسەر ئەوە نییە و دێن لە چەندین لاوە تانە لە هاوسەرگیری دایکە عائیشە دەدەن.

لە تلمودی یەهودیدا ئاماژە بەوە کراوە کە نزمترین تەمەنی هاوسەرگیری ئافرەتان بریتییە لە تەمەنی سێ ساڵی! واتا ئەو جولەکانەی کە فێمینیزم ئاڕاستە دەکەن، دەتوانن لەگەڵ منداڵێکی کچ هاوسەرگیری بکەن کە تەمەنی تەنیا سێ ساڵە! بۆیە «صەفییەی کچی حویەی» کە ئافرەتێکی جولەکە بوو، کاتێک لە ساڵی حەوتەمی کۆچیدا هاوسەرگیری لەگەڵ پێغەمبەر (ﷺ) کرد تەمەنی ١٦ ساڵ بوو؛ بەڵام پێش ئەوە دوو شووی تری کردبوو، واتە لە تەمەنی ١٦ ساڵی بۆ جاری سێیەم شووی بە پێغەمبەر(ﷺ) کرد.

---

(1) THE SUN: SEX LAWS: French age of consent may be reduced to 13 YEARS OLD after courts rule two -11year-old girls weren't raped.

پاشان ئەم هاوسەرگیرییە ئەگەر هەڵە بوایە، ئەوا پێش فێمینیست و نەیارەکانی ئەمرۆ، ئەبو جەهلی سەردەمی پێغەمبەر(ﷺ) لەپێشتر بوو تانە لەو هاوسەرگیرییە بدات، چونکە ئەو بە وردی تەماشای جوڵەکانی پێغەمبەری(ﷺ) دەکرد و بەدوای هەڵێکدا دەگەڕا تا قسەی خراپ لەسەر پەیامبەر(ﷺ) بڵاو بکاتەوە. بەڵام بە پێوەری ئەویش و هەموو خەڵکی ئەو سەردەمەش، ئەو هاوسەرگیرییە ئاسایی بووە و جێی ڕەخنە نەبووە. بۆیە ئەگەر ئێستا پاش ١٤٠٠ ساڵ و لە کولتوور و وڵاتێکی جیا، کەسێکی کاریگەر بە فکری مۆدێرنە دێت کە چەندین ساڵ لە باڵغبوون دواکەوتووە و پێی وایە خەڵکی تر هەڵەن، هەڵە دەکات بەم پێوەرەی ئەمرۆ هەڵسەنگاندن بکات.

ئەوەی من پێم سەیرە، ئەوەیە کە گەنجێکی پێگەیشتووی ئێستا کە عەلمانیەت ناوی ناوە هەرزەکار، ئەگەر لە سەردەمی پێغەمبەردا(ﷺ) بووایە، ئەوا وەکوو «ئوسامەی کوڕی زەید» کە نەگەیشتبوو بە ١٨ ساڵی دەکرا بە سەرکردەی جەیش و خەلیفەکانی داهاتووی ئیسلام سەریازی بەردەستی بوون! «موحەممەد فاتیح» کە قوستەنتینیەی گرت و «سەڵاحەدینی ئەیوبی» کە قودسی ڕزگاردکرد و ئیمپراتۆریەتێکی تەفروتونا کرد لە تەمەنی ئەو گەنجانەدا بوون کە ئێستا عەلمانیەت و سیستمی سەرمایەداری بەدیار یارییە ڤیدیۆییەکان و کافتریاوە سەرقاڵی کردوون و ناوی ناون «هەرزەکار»! بۆیە ماوەیەکی تر ١٨ ساڵیش بە پێوەر نامێنێت، چونکە ئەم جۆرە گەنجانە ئەگەر سەریشیان سپی ببێت و گۆچان بە دەستەوە بگرن هێشتا عەقڵێکی هەرزەکارانە و منااڵنەیان هەیە.

کۆتایی ئەم باسە جێ دێڵین بۆ دایکە عائیشە، با خۆی وەڵام بداتەوە:

کاتێک پێغەمبەر(ﷺ) بڕیاریدا خێزانەکانی سەرپشک بکات و بڕیاری کۆتایی خۆیان وەربگرێت، بە خاتوو عائیشە دەستی پێکردو فەرمووی: "ئەی

عائیشە، دەمەوێت پێشنیارێکت بخەمە بەردەست و پەلە نەکەیت، تا ڕاوێژ بە دایک و باوکت دەکەیت".

ئەویش وتی: "چییە ئەی پێغەمبەری خودا(ﷺ)؟"

پەیامبەریش(ﷺ) ئایەتەکەی بەسەردا خوێندەوە ﴿يَا أَيُّهَا النَّبِيُّ قُلْ لِأَزْوَاجِكَ إِنْ كُنْتُنَّ تُرِدْنَ الْحَيَاةَ الدُّنْيَا وَزِينَتَهَا فَتَعَالَيْنَ أُمَتِّعْكُنَّ وَأُسَرِّحْكُنَّ سَرَاحًا جَمِيلًا﴾[1]، واتا: «ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ) بە خێزانەکانت بڵێ، ئەگەر ئێوە جوانی و ڕازاوەیی ژیانی دونیاتان دەوێت وەرن با تەڵاقتان بدەم» -واتە ئەوەی کە دەتانەوێت پێتان دەبەخشم، بەڵام لێتان جیا دەبمەوە و تەڵاقتان دەدەم و بۆ خۆتان بڕۆن و دوای دونیا بکەون-

عائیشەش وتی: "ئەی پێغەمبەری خوا! سەبارەت بە تۆ ڕاوێژ بە دایک و باوکم بکەم؟!، بەڵکوو خوای گەورە و پێغەمبەرەکەی و ڕۆژی دوایی هەڵدەبژێرم."[2]

لێرەوە دایکە عائیشە هیچ بۆ نەیارانی خۆی و پێغەمبەر(ﷺ) ناهێڵێتەوە؛ ئەو مێردەکەی هەڵدەبژێرێت بەسەر هەموو دونیا و ئەهلەکەیدا. بە پێچەوانەی فێمێنیستێکی لیبراڵ و ڕادیکاڵ و مارکسیستەوە کە مێردەکەی تەنیا بۆ سێکس دەوێت! یان بڵێت کارەکانی ماڵ بە پارە دەکەم! نا، عائیشە دەیزانی کە پاش وەفاتی مێردەکەشی هیچ میراتییەکی بۆ نامێنێتەوە تا لەبەر پارە ژیانی لەگەڵدا بەسەر ببات(چونکە پێغەمبەران میراتی بەجێ ناهێڵن و ئەوەی لەدوایان دەمێنێتەوە سەدەقەیە). عائیشە مێردەکەی لە خۆی خۆشتر دەویست؛ تەنانەت بە دەیان ساڵ پاش وەفاتی پێغەمبەریش(ﷺ) فەرموودەکانی مێردەکەی(پێغەمبەری ئیسلام (ﷺ» دەگەیاند بە خەڵکی و خزمەتی ڕێبازی

---

(١) سورەتی ئەحزاب، ئایەتی ٢٨

(٢) صحيح مسلم الصفحة أو الرقم: ١٤٧٨| خلاصة حكم المحدث : [صحيح]

ئیسلامی دەکرد. ئەمە هەڵوێستی دایکە عائیشەیە و دەستبەرداری مێردەکەی نابێت و ئامۆژگاری خانمانی دەکرد و پێی دەوتن "ئەگەر مێردت هەبوو و توانیت گلێنەی چاوانت دەربکەیت و لەوان جوانتر بخەیتە شوێنیان بۆ دڵخۆشکردنی مێردەکەت، ئەوا بیکە"[1]. ئێستا فێمێنیستێک بۆچی دێت ڕەخنە لەو هاوسەرگیرییە دەگرێت؟! بۆ کەسێک هەیە لە دایکە عائیشە باشتر و دڵخۆشتر؟! ڕەخنەی چی لە ژن و مێردێک دەگرن کە جوانترین چیرۆکی خۆشەویستی و وەفا و ڕێزیان نووسیوەتەوە؟!، عائیشە منداڵی نەبوو، لەکاتێکدا حەزێکی زۆری بۆ منداڵ هەبوو؛تەنانەت تا چەند ساڵێک دوای وەفاتی پەیامبەریش(ﷺ) بوکەڵەی لە باوەش دەگرت و وەکوو منداڵ مامەڵەی لەگەڵ دەکرد بەڵام هەرگیز لەو حاڵەی گلەییەکی نەبوو، چونکە ئەو خۆشەویستی پەیامبەری لە هەموو شتێک لا گرنگتر و بە بەها تر بوو.

بەڵام من پێموایە خودا لەبەر ئەوە منداڵی پێ نەبەخشیوە تا سەرقاڵ نەبێت بە چەند منداڵێکی کەمەوە، چونکە ئەو دایکی تەواوی موسڵمانانە و پەروەردەی ئێمە لە ئەستۆی ئەودایە. هەر بەم هۆیەشەوە زۆرێک لە فەرموودەکانی پەیامبەر(ﷺ) لەلایەن دایکە عائیشەوە پێمان گەیشتووە و کەمی تەمەنی یارمەتیداوە ئەم فەرموودانە لەبەر بکات و سوودێکی گەورەی بە ئوممەتی ئیسلامی گەیاندووە.

دایکە عائیشە، دایکی ئێمەی موسڵمانە و مێردەکەی هەڵدەبژێرێت بەسەر هەموو خەڵکیدا. فەرموودەکانی پێغەمبەریشی(ﷺ) بە ئێمە دەگەیەنێت و پێمان دەڵێت وەکوو ئەو وابن بۆ ژنەکانتان؛ بە ژنانیش دەڵێت وەکوو من باش بن بۆ مێردەکەتان، ئێستا فێمێنیستێک چی بۆ ماوەتەوە بیڵێت؟!.

---

(١) الذهبي: تاريخ الإسلام، ج٤، ص٢٥٢

٥- ئافرەت و باڵاپۆشی:

بەشێکی زۆر لە فێمینیستەکان، کێشەیەکی گەورەیان لەگەڵ حیجاب(باڵاپۆشی)دا هەیە، پێیان وایە بەهۆی حیجابەوە ئازادی لە ئافرەت دەستێنرێتەوە، دەڵێن "ئافرەت ئازادە چی دەپۆشێت، نابێت ئەم مافەی لێ بستێنرێتەوە".

وەکوو ئاشکراشە، حیجاب بەپێی دەقی ئایینە ئاسمانییەکان واجبە لەسەر ئافرەتان، ئێستاش ژنانی جولەکە نیقاب دەکەن، یان خانمانی کڵێسا عەبا بەسەری خۆیاندا دەدەن، بەڵام فێمینیستەکان لە مەسەلەی حیجابدا ڕووی دەمیان زیاتر لە ئایینی ئیسلامە.

لە ئایینی ئیسلامدا هۆکاری سەرەکی بۆ واجبوونی حیجاب، دەگەڕێتەوە بۆ ڕێگریکردن و نەهێشتنی تاوان و خراپەکاری، چونکە پیاوان بەپێی سروشتی خۆیان بە تەماشاکردنی جەستەی ئافرەتان دەوروژێن، ئافرەتانیش بەهەمان شێوە، هەر بۆیە خودا لە قورئاندا لە سورەتی نوور ئایەتی ۳۰ و ۳۱، بە پیاوان و ئافرەتان دەفەرموێت کە چاویان بپارێزن لەبەرانبەر یەکتریدا. چونکە تەماشاکردنی تاوانی گەورەتر بەدوای خۆیدا دەهێنێت، وەکوو "ئەحمەد شەوقی دەڵێت "نظرة فابتسامة فسلام *** فكلام فموعد فلقاء"، هەر ڕوانینە کە قسەکردن و بەریەککەوتن و مەوعید دانان بەدوای خۆیدا دەهێنێت، پاش هەموویانیش هەندێکجار زینا و کاری خراپ ڕوو دەدات، ئەگەر زیناش ڕوو نەدات، زۆرجار پیاوان لە دەرەوە هێندە جەستەی ئافرەتان دەبینن کە ژنەکانی خۆیان لەماڵەوە بەرچاو دەکەوێت!

ئەمەش دەبێتە هۆکاری ئەوەی کە پیاوان تێڕوانینێکی جیاوازیان بۆ ئافرەتان هەبێت، ئافرەت وەک کاڵایەک دەبینن، ئەم تێڕوانینەش هەم ئافرەتێکی موسڵمان، هەم فێمینیستێک بەدەستیەوە دەناڵێنێت.

زۆرجار گوێمان لە فێمینیستەکان دەبێت کە دەڵێن "پیاوان وەک کاڵایەک تەماشامان دەکەن" یان دەڵێن "بە شەوان ناوێرین بچینە دەرەوە، چونکە پیاوان بە چاو هەڕەشە دەکەن!"، ئەمەش تووندوتیژیەوە کە بەرانبەر ئافرەتان دەکرێت.

ئەوەی کە پێویستە باسی لێوە بکرێت، ئەوەیە کە ئەم قسەیەی فێمینیستەکان دژی ڕەخنەکانیان دەوەستێتەوە بەرانبەر بە حیجاب! واتا ناکرێت کەسێک بڵێت "ئافرەت ئازادە لەوەی کەچی دەپۆشێت، و حیجابیش ئازادی لە ئافرەت دەسەنێتەوە" یان بڵێ "حیجاب جوانی ئافرەت دەشارێتەوە"، لەهەمان کاتیشدا بڵێت "پیاوان نابێت وەک کاڵایەک تەماشامان بکەن" یان "پیاوان بەچاو هەڕەشەمان لێ دەکەن و تەماشامان دەکەن"؛ دەی یەکێک لە مەبەست و حیکمەتەکانی حیجاب بۆ ئەوەیە کە ئافرەت وەک کاڵا تەماشا نەکرێت، و لەژێر هەڕەشەی چاوی پیاواندا نەبێت. ناشکرێت ئافرەت بڵێت "من ئازادم چی دەپۆشم و نابێت پیاوانیش تەماشام بکەن"، چونکە سروشتی پیاو وایە کە تەماشای ئافرەت دەکات، مەگەر کەسانێک چاوی خۆیان بپارێزن کە خودا فەرمانی پێکردوون. ئەم تەماشا کردنەی پیاوانیش سروشتییە و خودا ئافرەتانی بە شێوەیەکی جوان و سەرنجڕاکێش دروست کردووە، بەڵام پێویستە ئافرەت ئەم جوانییەی بۆ مەحرەم و مێردی خۆی دەربخات، نەک پیاوانی سەر جادە و شوێنی دەوام و بازاڕەکان!

ئافرەتی بالاپۆش، لە مالەوە جوانی بۆ مێردەکەی دەردەخات و وەکوو ئافرەتیش تەماشا دەکرێت، لە دەریشەوە بالاپۆشە و لەژێر هەڕەشەی چاوی پیاواندا نییە و وەکوو کاڵایەک تەماشا ناکرێت.

هەر بۆیە «موحەممەد حیجاب» لە کۆڕێکیدا دەڵێت "فێمینیستەکان پێویستیان بە حیجابە"، چونکە ئەگەر فێمینیستەکان بیانەوێت وەکوو ئافرەتێک مامەڵەیان لەگەڵ بکرێت و لەژێر هەڕەشەی بەکاڵاکردنی سیستمی سەرمایەداری

دەربچن و دژی سیستمی پیاوسالاری بن-چونکە لە سیستمی پیاوسالاریدا ئافرەت وەکوو کاڵا تەماشا دەکرێت-، و پیاوان بەچاو هەڕەشەیان لێ نەکەن، ئەوا پێویستە باڵاپۆش بن و حیجاب بکەن. چونکە حیجاب جیاوازی دەخاتە چینەکانی کۆمەڵگەوە، وەکوو «ئانا ماری شمیل» دەڵێت "ئەم داپۆشینە نیشانەی شەرەف و ڕێزە و ئافرەتی خاوەن ڕێز جیادەکاتەوە لەوانەی کە جلی تەنکتر و سوکتریان لەبەرە"[1].

بیرمەندی ئیسلامی «عبدالوهاب المسيري»، سەبارەت بە ناپۆشتەیی ئافرەت دەڵێت "بڵاوبوونەوەی ڕووتی و ناپۆشتەی لە جیهانی ڕۆژئاوادا تەنیا کێشەیەکی ئەخلاقی نییە، بەڵکوو دۆسیەیەکی مەعریفیشە.

ڕووتکردنەوە بەشێکە لەو هێرشەی ئەکرێتە سەر سروشتی مرۆڤایەتی و پیرۆزی ئینسان و هەوڵێکە بۆ هەڵوەشاندنەوەی ئەو پیرۆزییە.

چونکە لە دیدگای عەلمانیەتی ڕۆژئاواوە مرۆڤ سادەکراوە، واتە تەنیا وەک بوونەوەرێکی ماددی سادە و ساکار لێی دەڕوانێت.

تەنیا وەک ماددەیەکی ڕێژەیی تەواو ڕەچاویدەکات کە هیچ پیرۆزیەکی نییە، ڕووتیش گوزارشتە لەم ئاڕاستەیە، چونکە دامالێنی جەستەی مرۆڤ لە جلوبەرگ جۆرێکە لە جۆرەکانی دامالێنی لە پیرۆزی، تاوەکوو ئەو مرۆڤەی کە لە ڕوانگەی ئایینییەوە جێنشینی خودایە لە زەویدا، سەنتەری گەردوونە لە ڕوانگەی مرۆڤایەتیەوە، بکرێت بە پارچە گۆشتێک کە دەقۆزێتەوە و بەکاردەهێنرێت بۆ ئەوەی ببێتە سەرچاوەی چێژ و ڕابواردن"[2].

---

(١) ئانا ماری شمیل: پەرتووکی "ڕۆحم مێینەیە، ئافرەت لە عیرفانی ئیسلامیدا"

(٢) ئەم وتەیەی "عبدالوهاب المسيري" لە ماڵپەڕی "ئاستانە" وەرگیراوە

٦- چەند ژنی:

بابەتی چەند ژنی، یەکێکە لەو بابەتانەی کە فێمینیستەکان گرفتێکی زۆر گەورەیان لەگەڵی هەیە و بە تاوان ناوی دەبەن و پێیان وایە کە زوڵمێکی گەورەیە لە ئافرەت دەکرێت، دەتوانین بڵێین دیارترین ڕەخنەشە کە فێمینیستەکان، یان بێباوەڕەکانی تر لە ئیسلامی دەگرن، و چەند ژنیی بە ستەمکردن لە ئافرەت ناو دەبەن.

بنچینە و شەرعیبوونی چەندژنی لە ئیسلامدا لە قورئانی پیرۆزی موسڵمانانەوە سەرچاوە دەگرێت. الله (ﷻ) دەفەرموێت: ﴿وَإِنْ خِفْتُمْ أَلَّا تُقْسِطُوا فِي الْيَتَامَىٰ فَانكِحُوا مَا طَابَ لَكُم مِّنَ النِّسَاءِ مَثْنَىٰ وَثُلَاثَ وَرُبَاعَ ۖ فَإِنْ خِفْتُمْ أَلَّا تَعْدِلُوا فَوَاحِدَةً أَوْ مَا مَلَكَتْ أَيْمَانُكُمْ ۚ ذَٰلِكَ أَدْنَىٰ أَلَّا تَعُولُوا﴾ [النساء:٣] واتا: «خۆ ئەگەر ترسان کە بە دادگەرانە نەتوانن ڕەفتار لەگەڵ کیژە بێباوکەکاندا بکەن، ئەگەر مارەیان بکەن. دەسا ئەو ژنانە مارە بکەن کە پێتان دەشێن و حەڵاڵن بۆتان. دوان و، سیان و، چوار، واتە: هەر یەکێکتان دەتوانن هەتا چوار ژن مارە بکەن؛ بە مەرجی عەدالەت و توانایی ژیاندنیان. بەڵام ئەگەر ترسان لەوەی کە نەتوانن بەدادگەرانە وەکوو یەک تەماشای ژنەکانتان بکەن، دەبێت تەنیا ژنێک مارە بکەن، یان هەر بەو کەنیزانە دەستتان کەوتوون و بوونەتە موڵکتان قەناعەت بکەن، ئا بەوشێوە نزیکترە کە غەدر و ستەم لە ژنان نەکەن».[1]

لە ڕووکەشی ئەم ئایەتە وا دەردەکەوێت کە ئەسڵ لە زەواجدا بۆ پیاو ئەوەیە کە دوو ژن یان زیاتری هەبێت، بەڵام بەشێکی زۆر لە مەزهەبەکان پێیان وایە ئەسڵ ئەوەیە کە پیاو یەک هاوسەری هەبێت. هەروەها ئەگەر نەیتوانی دادپەروەریێت پێویستە یەک ژنی هەبێت «ئەو ژنانە مارە بکەن کە پێتان دەشێن

---

(١) تەفسیری ڕامان

و حەڵاڵن بۆتان، دوان و سیان و چوار، بەڵام ئەگەر نەتانتوانی دادپەروەر بن و وەکوو یەک تەماشایان بکەن، ئەوا دەبێت یەک ژن مارە بکەن».

بەڵام چەند ژنی ڕێسا و یاسای خۆی هەیە و ئایینی ئیسلام حوکمی تایبەتی لەبارەوە دەرکردووە. حوکمەکانی چەند ژنی لە قورئان و سوننەت و لە پەرتووکی زانایاندا لەژێر بابەتەکانی «النکاح»دا بە تێروتەسەلی باسکراوە. منیش لەم بەشەدا دەگەڕێمەوە بۆ قورئان و فەرموودە و پەرتووکی زانایان و پوختەیەک لە حوکمەکان باس دەکەم.

مێژووی فرەژنی و چەندژنی:

بەر لە هاتنە ناو باسەکە، پێویستە بزانین کە مێژووی فرەژنی کۆنە، و لە کۆنەوە هەبووە و هیچ سنوورێک بۆ ژن هێنان دیاری نەکراوە و پیاو بۆی هەبووە بەپێی حەز و ویستی خۆی ژن بهێنێت، ئەم دیاردەیەش لە گەلانی (جێرمانی و ساکسۆنی)[1] هەبووە و ئێستاش لە هیندستاندا هەیە.

بۆیە پێویستە بزانین کە ئەو قسەیەی هەندێک لە فێمینیستەکان یان نەیارانی ئیسلام دەیکەن و دەڵێن "ئیسلام داهێنەری چەند ژنییە" ئەسڵی نییە و لە بەشی (مێژووی ئافرەت)یشدا ئاماژەمان پێکرد کە فرەژنی لە زۆرێک لە شارستانییەتەکانی پێش ئیسلامدا هەبوون. بەشێک لەو شارستانییەتانەی کە فرەژنییان تێدا هەبووە و ئێستاش هەیە، خاوەنی هیچ ئایینێک نین!

خاڵێکی تریش کە پێویستە ئاماژەی پێ بدرێت ئەوەیە کە زۆرکەس وادەزانن لە ئایینی مەسیحییەتدا چەند ژنی حەرامکراوە و ئایینی مەسیحی

---

(۱) گەلی (جێرمانی و سەکسۆنیا) ئەو وڵاتانە دەگرێتەوە کە پێیان دەڵێن (ئەڵمانیا، نەمسا، سویسرا، بەلجیکا، هۆڵەندا، دانیمارک، نەرویج، ئینگلتەرا)

سیستمی تاکژنی پەیڕەو دەکات؛ بەڵام ئەم تێگەییشتنە هەڵەیە، چونکە لە ئینجیلدا هیچ دەقێکی ڕاشکاوانە نییە کە ژن هێنان سنووردار بکات. بەڵام هۆکاری ئەوەی کە لە کڵێسادا بڕیاری ئەوە دەرچووە کە پیاو یەک ژنی هەبێت دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە زۆرێک لەو نەتەوە بتپەرستانەی ئەوروپا کە هاتنە ناو ئایینی مەسیحییەتەوە لەسەر نەریتی تاک ژنی بوون، کە ئایینی تازەشیان وەرگرت هەمان نەریتیان پەیڕەوکرد. بۆیە حەرامکردنی چەند ژنی بڕیارێکە لەلایەن کڵێسەوە دەرکراوە و پەیوەندی بە ئینجیلەوە نییە. وەکوو ناشکراشە پیاوانی کڵێسا زۆر ناسان دەستکاری دەقەکانی ئینجیل دەکەن و بەپێی بەرژەوەندی و دۆخی سەردەم حوکم دەردەکەن و ئایینەکەیان دەگۆڕن. ئەم گۆڕانکاریانەش بەپێی بەڵگە ئارکیۆلۆجییەکان سەلمێندراوە.

سەرەڕای ئەوەی کە چەندژنی لە ئیسلامدا ڕێگەپێدراوە، بەڵام مەرج و حوکمی خۆی هەیە. لێرەدا بە کورتی باسی مەرجەکان دەکەین.

١- سنووردارییە:

خودا ڕێگە بە پیاو دەدات تا چوار ژن بهێنێت نەک زیاتر ﴿فَانكِحُوا مَا طَابَ لَكُم مِّنَ النِّسَاءِ مَثْنَىٰ وَثُلَاثَ وَرُبَاعَ﴾.

لە فەرموودەشدا نموونەی زۆر هەیە کە پێغەمبەر(ﷺ) ڕێگەی نەداوە هاوەڵان زیاد لە چوار ژن بهێنن. «غيلان الثقفي» هاوەڵێک بوو کە پێش ئەوەی بێتە ناو ئایینی ئیسلامەوە ١٠ ژنی هەبوو، بەڵام کە بوو بە موسڵمان پێغەمبەر (ﷺ) پێی وت: (إختر منهن أربعا)واتە: «چواریان هەڵبژێرە»[1].

خاڵێکی گرنگ کە پێویستە ئاماژەی پێ بدرێت ئەوەیە کە ئیسلام تاکە

---

(١) رواه البخاري

ئایینێکە ژنهێنان سنووردار بکات و لەپێش ئەودا لە هیچ ئایین و شارستانییەتێکدا ژن هێنان سنووری بۆ دیاری نەکراوە. حیکمەتی ئەم سنووردارییەش لەوەدایە کە پەرتەوازە بوونی فرەژنی ئایین و شارستانییەتەکانی تر نەهێڵێت و حەقی ئافرەت بدات و زوڵمی لێ نەکات. خاڵێکی تریش ئەوەیە کە هەرچەند پیاو توانای جنسی و دادپەروەری و مەعنەوی زیاتر بێت لە ئافرەت و ئەمە یەکێک بێت لە هۆکارەکان بۆ چەند ژنی لە ئیسلامدا، بەڵام ناتوانێت حەقی چوار ژن زیاتر بدات لە یەک کاتدا. ڕاگرتنی هاوسەنگی بۆ پیاو لەنێو هاوسەرەکاندا ئەستەمە.

تێبینییەک کە بەلامەوە گرنگە لێرەدا ئاماژەی پێ بدەم ئەوەیە کە زۆرێک لە موسڵمانان و بانگخوازان بە جۆرێک وەڵامی گومانی نەیارانی ئیسلام دەدەنەوە، کە وەڵامەکە دەبێتە بار بەسەر موسڵمانانەوە و ئەو جۆرە وەڵامانە جۆرێکە لە ئیفلاسی زانیاری؛ ئەویش ئەوەیە کە دەبیسترێت دەڵێن "هۆکاری ئەوەی کە لە ئیسلامدا ڕێگە بە پیاو دراوە زیاد لە ژنێکی هەبێت، دەگەڕێتەوە بۆ ڕێژەی زۆری ئافرەتان لەچاو پیاوان لە وڵاتدا". بەڵام لە حەقیقەتدا ئەمە ئەسڵ نییە لە ئیسلامدا و لەبەر ئەم هۆکارە چەند ژنی حەڵاڵ نەکراوە. لە هەندێک وڵاتدا ڕێژەی پیاوان و ئافرەتان یەکسانن، لە هەندیك وڵاتدا پیاو زیاترە لە ئافرەت، دەی لێرەدا کە بێباوەڕێک ئەم پرسیارە ئاڕاستەی موسڵمانێک دەکات، وەڵامی پێ نابێت. ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی زانیاری باوەڕدارەکە نەک ئەوەی گرفت هەبێت لە چەندژنی لە ئیسلامدا (لە پەڕەکانی دواتردا باسی حیکمەتەکانی چەند ژنی دەکەم پشتیوان بە خودا).

٢- دادگەری:

دادگەریی مەرجی بنەڕەتییە بۆ ڕێگەدان بە چەندژنیی. خودا فەرموویەتی: ﴿فَإِنْ خِفْتُمْ أَلَّا تَعْدِلُوا فَوَاحِدَةً﴾ واتا: «ئەگەر ترسان لەوەی کە نەتوانن بەدادگەرانەوەکو یەك مامەڵە لەگەڵ ژنەکانتان بکەن، دەبێ تەنیا ژنێک

مارهبکهن». ههرچهنده الله(ﷻ) ڕێگهی به چهندژنیی داوه، بهڵام دادگهری کردووه به مهرج له نێوان هاوسهرهکاندا.

دادگهریش لهنێوان هاوسهرهکاندا دوو جۆره، «دادگهری ڕووکهشیی» و «دادگهری لایهنی سۆزداری و خۆشهویستی دڵ».

جۆری یهکهم: دادگهری ڕووکهشی:

مهبهست له دادگهری ڕووکهشی بریتییه له دابینکردنی جێگهی نیشتهجێبوون و نهفهقه و دابینکردنی پێویستییهکانی ژۆژانه، واتا واجبه لهسهر پیاو که به شێوهیهکی یهکسان لهنێوان هاوسهرهکانیدا خانوو و پۆشاکیان بۆ دابین بکات، وهکوو یهک خواردنیان بداتێ و مافی کهسیان زیاتر نهدات، و وهکوو یهکیش به نۆره لایان بمێنێتهوه و دادپهروهر بێت. دایکه عائیشه (ڕهحمهتی خوای لێبێت) فهرموویهتی: "پێغهمبهری خودا(ﷺ) نۆره مانهوهی لهنێوان خێزانهکانیدا دهکرد و دادگهر بوو. دهیفهرموو: (اللهم هذا قَسْمي فيما أملِكُ، فلا تلُمْني فيما تملِكُ ولا أملِكُ) واتا: «خودایه، ئهمه دابهشکردنی منه لهوهی که له دهسهڵاتی من دایه، لۆمهم مهکه لهوهی که له دهسهڵاتی تۆدایه و من دهسهڵاتم بهسهریدا نییه»".[1]

ناکرێت پیاو بۆ ژنێکیان خهرجی زیاتر بکات و بۆ ئهوی تریان کهم. پهیامبهر(ﷺ) ههڕهشهی توندی لهو پیاوانه کردووه که دادگهرنابن و دهفهرموێت: (مَنْ كانت له امرأتان فَمَالَ إلى إحْداهُما جاء يومَ القيامةِ وشِقُّهُ مَائِلٌ)[2] واتا: «ههر کهسێ دوو ژنی ههبوو، مهیلی بهلای یهکێکیانهوه بێت و ئهوی دیکه فهرامۆش بکات، ئهوا له قیامهتدا به لاشانێکی خوارهوه دێت».

---

(١) جامع الترمذي ج٤، ص٢٩٤ سنن أبي داود ج٦، ص١٧٢، سنن إبن ماجه ج١، ص٣٤٦

(٢) [صحيح] - [رواه أبو داود والترمذي والنسائي وابن ماجه والدارمي وأحمد]

خودا فەرموویەتی: ﴿وَلْيَسْتَعْفِفِ الَّذِينَ لَا يَجِدُونَ نِكَاحًا حَتَّى يُغْنِيَهُمُ اللَّهُ مِنْ فَضْلِهِ﴾ [النور: ٣٣] واتا: «ئەو کەسانەش کە توانای هاوسەرگیرییان نییە و دەسەڵاتی ژن هێنان و زەماوەند و دابینکردنی مااڵیان نییە، با داوێنی خۆیان بپارێزن و خۆیان پاک ڕابگرن تا ئەوکاتەی اللە (ﷻ) بە فەزڵی خۆی ڕزقیان دەدات و دەوڵەمەندیان دەکات تا بتوانن ژن بهێنن». پەیامبەر(ﷺ) ئامۆژگاری ئەو گەنجانەی کردووە بەوەی کە بەڕۆژوو بن.

جۆری دووەم: دادگەری خۆشەویستی دڵ (الایەنی سۆزداری):

دادگەری خۆشەویستی دڵ بەدەست مرۆڤ نییە و دەکرێت پیاو لە دڵیدا یەکێک لە ژنەکانی لەوانی تر خۆشتر بوێت. پیاو ناتوانێت لە خۆشەویستی و سۆزداریدا دادگەریی بکات، خۆشەویستیش پەیوەندی بە دڵەوە هەیە و دڵیش تەنیا خودا دەسەڵاتی بەسەردا هەیە. مرۆڤ ناتوانێت بەسەریدا زاڵ ببێت، لەسەر ئەم خاڵەشیان پیاو تاوانبار نابێت.

وەڵامی گومانێک!

خودا لە قورئاندا فەرموویەتی: ﴿وَلَنْ تَسْتَطِيعُوا أَنْ تَعْدِلُوا بَيْنَ النِّسَاءِ وَلَوْ حَرَصْتُمْ﴾ [النساء: ١٢٩] واتا: «ئێوە هەرچەندە هەوڵیش بدەن، هەرگیز ناتوانن دادگەر بن لەنێوان ژنەکانتاندا و بێ جیاکاری ڕەفتار بکەن».

بە شێوەیەکی گشتی بێباوەڕەکان و بەتایبەتیش فێمینیستەکان، زۆرجار ئەم ئایەتە دەهێننەوە بە بەڵگە و وەکوو دژیەکییەک لەگەڵ ئایەتی ژمارەی ٣ی هەمان سورەتتدا ڕووبەڕووی یەکی دەکەنەوە و دەڵێن ئەوەتا پیاوان ناتوانن دادگەر بن. یاخود دەڵێن "قورئان هەڵەی تێدایە و دوو ئایەتی دژ بەیەکی

تێدایە"!

وەکوو لە بەشی سەرەوەدا باسمانکرد، دوو جۆر دادگەرییی هەیە، دادگەرییەک لەڕووی مامەڵەکردنەوە، لەگەڵ دادگەرییەک لە ڕووی خۆشویستنی دڵەوە. ئایەتی ۱۲۹ باسی جۆری دووەم دەکات کە خۆشەویستی دڵە، کە پیاو ناتوانێت دادگەر بێت لەڕووی خۆشەویستی دڵەوە. ئەم نادادگەرییەش بە تاوان هەژمار ناکرێت.

ئەم هەستەش تەنیا لەنێوان پیاو و ژنەکانیدا نییە، بەڵکوو لەنێوان دایک و منداڵەکانیدا هەیە؛ لەنێوان باوک و منداڵەکانیدا هەیە، بۆیە دەبینیت زۆرجار باوکێک چەند منداڵێکی هەیە بەڵام یەکێکیانی لەوانی تر خۆشتر دەوێت، هۆکاری خۆشەویستییەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ئەو منداڵەیان لەوانی تر گوێڕایەڵتر و ئاقڵتر و باشترە. واتا خۆشەویستییەکە بەندە لەسەر مامەڵەی منداڵەکە لەگەڵ دایک و باوکیدا؛ ئەگەر هەر ئەو منداڵە ڕەفتاری ناشرین بنوێنێت و گوێڕایەڵ نەبێت، پاش ماوەیەک دایک و باوکی منداڵەکانی تریان خۆشتر دەوێت.

لەنێوان ژنەکانی یەک پیاویشدا هەر وایە، کام ژنەیان باشتر بێت و تێگەیشتن و مامەڵەی باشی زیاتر بێت لەگەڵ میێردەکەی، بێگومان میێردەکەی ئەوەیانی زیاتر خۆش دەوێت. واتا ئەم خاڵە لەسەر مامەڵەی ژنەکان بەندە.

بۆچی چەندژنی؟!

یەکێک لەو خاڵانەی تێبینیم کردووە لەسەر فێمینیستەکان، ئەوەیە کە هەمیشە خۆیان دەخەنە جێی ژنی یەکەم و دەڵێن: "بۆ زوڵمان لێ بکرێت و ژنمان بەسەردا بێت؟!"، لێرەدا پرسیارێک هەیە، ئەی بۆچی خۆتان ناخەنە جێی

ژنی دووەم و سێیەم و چوارەم؟ ئەدی مەگەر ئەوانیش هەر ئافرەت نین؟!

بۆچی قبوولّتە خۆت مێردت هەبێت، بەڵام ڕازی نیت ئافرەتێکی تر کە بێوەژنە، یان چووەتە تەمەنەوە و دەرفەتی زەواجی بۆ نەڕەخساوە و ئێستا پیاوێک دەیەوێت وەکوو ژنی دووەم یان سێیەم و چوارەم بیهێنێت، مێردی هەبێت؟! بۆچی زوڵم لە ئافرەتێک دەکەیت و دەتەوێت تا کاتی مردن بەبێ مێرد بیهێڵیتەوە؟! ئایا ئەمە ئەنانی بوون و خودپەرستی نییە؟![1]

خۆ ئیسلام ڕێگەی بە پیاو نەداوە تا بچێت پیاوێکی تر بهێنێت و بوترێت زوڵم لە ئافرەت کراوە! بەڵکوو هەر ئافرەتێکی ترە کە زەواج لەگەڵ مێردەکەت دەکات.

ئەی ئەگەر ڕۆژێک تۆش مێردەکەت مرد، سێ هەڵبژاردەت لەبەردەستتدا دەمێنێتەوە:

١- یان دەبێت تا مردن بە بێوەژنی و بێ مێرد بمێنیتەوە و دووربیت لە خۆشەویستی پیاوێک بۆت و هاوبەش و هاوژیانێکت نەبێت؛ کەسێک نەبێت خۆشی و ناخۆشی و غەم و خۆشبەختی لەگەڵدا بەش بکەیت و حەزە جنسییەکانت کە شتێکی سرووشتیین لە مرۆڤدا و دەبێت هەبێت، بیانمرێنیت. کە ناتوانیت بیانمرێنیت![2]

---

(١) لێرەدا پێویستە ئەوەمان لەیاد بێت کە حیکمەتێکی هەرە گەورەی چەندژنی ئەوەیە کە ئەو ئافرەتانەی مێردیان مردووە، یان شوویان نەکردووە و تەمەنیان هەڵکشاوە، یان تەڵاقدراون، دەتوانن دووبارە هاوسەرگیری بکەنەوە، بۆیە لە سەردەمی پەیمابەر و خەلیفەکانی ڕاشدیندا، بە دەگمەن دەبیستین و دەبینین کە ئافرەتێکی بێ مێرد هەبووبێت.
ئەگەر وردببینەوە لە خێزانەکانی پێغەمبەریشمان(ﷺ)، دەبینین لە ١١ هاوسەر تەنیا یەک دانەیان لاو بووە و کچ بووە، هەموو ئەوانەی تر یان بێوەژن بوون، یان پێشتر دوو شوو یان دانەیەکیان کردووە.

(٢) پێویستە ئەوەمان لەیاد نەچێت کە لە کۆمەڵگەی کوردیدا بە دەیان و سەدان ئافرەتی بە ڕەوشت هەن کە نموونەی قوربانیدانن بۆ منداڵ و دایک و باوک و کەسوکاریان. هەندێک ئافرەت

۲- یان دەبێت بۆ تێرکردنی حەزە جنسییەکانت پەنا ببەیتە بەر زینا و کاری لەشفرۆشی بکەیت! کە ئەمەش بۆ ئافرەتی خاوەن ڕەوشت جێی شەرمە و بۆ کۆمەڵگەش دەبێتە هۆی لێکەوتەی خراپ، هەم لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە، هەم تەندروستی گشتی.

۳- یان دەبێت شوو بکەیتەوە بە پیاوێک کە ژنی یەکەم یان دووەم و سێیەمی هەیە.

جگە لەم سێ بژاردەیە، هیچی تر نییە، دەی جگە لە خاڵی سێیەم کامەیان شیاوە بۆ ئافرەتێک کە گوێ بدات بە حەیا و حورمەت و، بیەوێت ژیانێکی باش و بەڕەوشتانە و سەربەرزانە لە کۆمەڵگەیەکی سەلیمدا بەسەر ببات؟!

جگە لەم خاڵەی باسمان کرد، کۆمەڵێک حیکمەتی تر لە چەندژنییدا هەیە کە بریتین لەمانە:

یەکەم: دوای هاوسەرگیری هەندێ جار دەردەکەوێت کە ژنی یەکەم نەزۆکە و توانای وەچە خستنەوەی نییە، یاخود ئافرەتەکە تووشی نەخۆشییەکی دڕێژخایەن دەبێت، بێ هیچ دەبێت و نائومێد دەبێت لە چاک بوونەوە، یان ئافرەتەکە دەکەوێتە تەمەنەوە؛ بەهۆی ئەمانەوە ناتوانێت مافی مێردەکەی بدات هەم لەڕووی کاروباری ماڵەوە، هەم لەڕووی پەیوەندی تایبەتەوە"کرداری جووت بوونەوە"، ئەمانەش هۆکارن بۆ ئەوەی کە پیاوەکە نەبێت بە باوک و خاوەنی منداڵ. وەکوو ئاشکراشە منداڵ نەبوون مەبەستێکی گەورەی هاوسەرگیری لەدەست دەدات و پیاو لە حەز و ئارەزووی سرووشتی خۆی کە وەچە خستنەوەیە بێبەش دەکات.

هەیە کە تەنیا لەبەر ئەوەی دایک یان باوکی نەخۆشە، شو ناکات و خزمەتی کەسوکارەکەی دەکات، یان هەندێک لە خانمان کاتێک مێردەکانیان وەفات دەکەن، شو ناکەنەوە و منداڵەکانیان گەورە دەکەن و تەمەنیان لە خزمەتی منداڵەکانیاندا بەسەر دەبەن. بەڵام هێشتا بۆ ئەو ئافرەتە بەڕێزانە ئەوە لەپێشترە کە شو بکەنەوە، بۆ ئەوەی مافی خۆشیان نەفەوتێت.

بەڵام سەرەڕای ئەمانەش، پیاوەکە هێشتا ژنەکەی خۆی خۆش دەوێت و نایەوێت لێی جیا ببێتەوە. ئەسڵەن کارێکی نائەخلاقییە کە پیاو لەبەر نەزۆکی و نەخۆشی لە ژنەکەی خۆی جیا ببێتەوە و دەری بکات، چونکە ئافرەت لەم دۆخەدا جگە لەوەی لەڕووی جەستەییەوە نەخۆشە، لەڕووی دەروونیشەوە ڕووخاوە و پێویستی بە دڵنەوایی هەیە. ناڕەوشتییە ئەگەر پیاو وەفای نەبێت بۆ ئافرەتێک کە چەندین ساڵ لەگەڵیدا ژیاوە و چاکەی بۆی هەبووە، بەڵام لەبەرانبەر نەخۆشییەکدا لێی جیا ببێتەوە.

بۆیە لەم دۆخەدا پیاو سێ ڕێگەی لەبەردەستدایە:

۱- یان دەبێت لە ژنەکەی جیا ببێتەوە، کە ئەمە ستەم و زوڵمێکی گەورەیە بەرانبەر ئافرەتەکە.

۲- یان دەبێت تەنیا لای ئەم ژنەی خۆی بمێنێتەوە و ئارەزووەکانی خۆی بمرێنێت. یان حەز و ئارەزووەکانی خۆی لەڕێی کاری ناشەرعییەوە بەتاڵ بکاتەوە، کە ئەمەش زوڵمە لە پیاوەکە و دیسانەوە خیانەتە لە ژنی یەکەم.

۳- یان ئەوەتا ئەم ژنەی لای خۆی دەهێڵێتەوە و تەواوی مافەکانی دەدات و ئاگاداریشی دەبێت بۆ نەخۆشییەکەی، لەهەمان کاتیشدا ژنی تر دەهێنێت و مافی ئەویش دەدات؛ تاوەکوو ژنی دووەم منداڵ بخاتەوە و بتوانێت مافی میێردەکەی دابین بکات.

بێگومان خاڵی سێیەم جوانترین و بەڕەوشتترین ڕێگە و بژاردەیە کە پێویستە پیاوەکە هەڵیبژێرێت؛ چونکە لەم خاڵەدا هەم مافی پیاو و هەم مافی ژن دەدرێت، خوداش لە شەریعەتەکەیدا ئەمەی هەڵبژاردووە و هەر ئەمەش چارەسەرە.

تێبینی:

بە پێچەوانەشەوە ئەگەر پیاو نەخۆش بوو یان نەزۆک بوو، ئیسلام مافی

ئەوەی داوە بە ئافرەت کە داوای جیابوونەوە بکات و بچێت زەواج لەگەڵ پیاوێکی تر بکات کە ئەو پیاوە بتوانێت مافەکانی ئەم دابین بکات.

دووەم: پیاوان هێزی جنسییان لە ئافرەتان زیاترە، لەنێو پیاوانیشدا، هەندێکی تر هەن کە هێزی جنسیان لەوانی تر بەهێزترە و یەک ژن ناتوانێت ئارەزووە جنسییەکانی ئەم پیاوە تێر بکات. لەم دۆخەدا چەندژنیی چارەسەرە و پارێزگاری لە پیاو دەکات و پیاوەکەش دەتوانێت مافی هاوسەرەکانی دابین بکات.

سێیەم: زۆرجار پیاو بەهۆکاری کارەکەی، گەشت دەکات و لە شار و وڵاتەکەی دوور دەکەوێتەوە؛ هەموو کات ناتوانێت خێزانی لەگەڵ خۆی ببات، بۆیە چەند ژنی چارەسەرە بۆ ئەم حاڵەتە. لەم دۆخەدا پیاو دەتوانێت یەکێک لە خێزانەکانی جێ بهێڵێت تا ئاگای لە منداڵەکانی بێت و خێزانێکی تریش ببات لەگەڵ خۆی.

چوارەم: وەکوو لە پەڕەکانی پێشوودا ئاماژەمان پێدا، زۆری ژمارەی ئافرەت ئەسڵ نییە بۆ ڕێگەدان بە چەندژنیی؛ بەڵام یەکێکە لە حیکمەتەکان، چونکە دەکرێت لە هەندێک وڵاتدا پیاو لە ئافرەت زیاتر بێت.

بەڵام ئەگەر لە وڵاتێکیشدا هێشتا پیاو لە ئافرەت زیاتر بێت، ئەوا خۆ هەموو پیاوێک ناتوانێت هاوسەرگیری بکات، لەبەر کۆمەڵێک هۆکار لەوانە:

١- پیاوان بەشداری جەنگ دەکەن و بەهۆی جەنگەوە بەشێکیان یان دەمرن و ژنەکانیان مێرد لەدەست دەدەن، یان بەشێکیان ئەسڵەن هەر هاوسەرگیری ناکەن.

٢- بەشێک لە پیاوان هەر توانای هاوسەرگیرییان نییە، وەکوو ئاشکرایە کە پیاو دەبێت خەرجی مارەیی و بوونیاتنانی ماڵ و خەرجی ماڵ دابین بکات؛ بەڵام هەموو پیاوێک ئەو توانایەی نییە. لە هەندێک وڵاتدا بەهۆی قەیرانی ماددییەوە پیاو زۆرجار خەرجی خۆشی پێ دابین ناکرێت چ جای خێزانێک.

۳- هەندێک لە پیاوان کەم ئەندامن، ناتوانن هاوسەرگیری لەگەڵ ژنێکدا بکەن و مافی بدەن.

٤- هەندێکی تر لە پیاوان نەخۆشن، نەخۆشی دەروونی یان شێرپەنجە یان هەر نەخۆشییەکی تر کە هۆکار بێت بۆ ئەوەی پیاو نەتوانێت مافی خێزان بدات.

٥- وەکوو ئاشکرایە زۆرینەی زیندانییەکان ڕەگەزی نێرن، واتا زۆرێک لە پیاوان لە زیندانداون و ناتوانن هاوسەرگیری بکەن.

٦- لە هەندێک حاڵەتدا با نێر هەبێت، بەڵام خۆ هەموو نێرێک پێی ناوترێت پیاو و ناتوانێت مافی ژن بدات. واتا نێرێکی باش نییە لەڕووی ڕەوشتیی و مامەڵەی خێزانەوە. دەی خۆ ئافرەتیش ئامادە نییە شوو بکات بە هەموو نێرێک، بەڵکوو ئافرەت دەیەوێت شوو بکات بە پیاوێکی خاوەن کەسایەتی و بە وەفا. پیاوێک کە بتوانێت بەرپرسیاریەتی خێزان هەڵبگرێت!

هەموو ئەمانە هۆکارن بۆ ئەوەی کە دەرفەتی هاوسەرگیری لەبەردەم پیاواندا کەم ببێتەوە و ئافرەتانێکی زۆر بێ مێرد بمێننەوە؛ چەندژنییش چارەسەری ئەم حاڵەتەیە. ئەگەر جگە لەوەی کە ئافرەتان ئەو ڕێگەیە هەڵبژێرن کە شوو بکەن بە پیاوێک کە خێزانی یەکەم و دووەمی هەبێت، ئەوا دوو ڕێگەیان لەبەردەم دەمێنێتەوە، یان ئەوەتا دەبێت بێ مێرد بمێننەوە، یان بۆ تێرکردنی ئارەزووە جنسییەکانیان پەنا بۆ ڕێگەی زینا و کاری حەرام ببەن؛ کە ئەمەش بڵاوبوونەوەی خراپە و فەسادە لە کۆمەڵگەدا و دەرەنجامی ئەم کارە هەم بەسەر خۆیان هەم بەسەر کۆمەڵگەدا دەشکێتەوە.

پێنجەم: بەپێی شایەتیدانی ئافرەتە ڕۆژئاواییەکان(ئەو وڵاتانەی کە دوورن لە ئیسلام)، زۆرجار پیاوان بێزار دەبن لە یەک ژن و پاش ماوەیەک ژیانکردن، مامەڵەی باش لەگەڵ خێزانەکانیان ناکەن. وەکوو«ئەینی بێسانت» دەڵێت: "بەڕاستی یاساکانی ئیسلامی لەو بوارانەی پەیوەستن بە ئافرەتەوە لە بەرزترین

و باشترین یاساکانە کە لە دونیادا دەرکەوتوون و لە هەموشیان دادپەروەرانەترە؛ ئەو پێش یاسا ڕۆژئاواییەکان دەکەوێت لەو شتانەی پەیوەندی بە زەوی و زار و خانووبەرە و مافەکانی میرات و یاساکانی تەڵاقەوە هەیە. ئەو (یاساکانی ئیسلامی) پاسەوانی مافی ئافرەتە."

وشەی «قەناعەتکردن بە تاکەژنێک»، یان «چەند ژنی» خەڵکی ئەفسوناوی کردووە و سەرنجیانی لاداوە لە بیرکردنەوە لەوەی کە خانمە خۆرئاواییەکان لە چ سووکایەتی و دژوارییەکدا دەژین. لە حاڵێکدا میێردە پێشینەکانیان کە بەرپرسیارن لە بەندی هاوسەرێتییان بەرەڵای سەر شەقامەکانیان کردوون دوای ئەوەی هەوەسی خۆیانیان لێ شکاندوون، دەستیان لێ بەرداون و لێیان بێ تەماحن لەبەر بێزاری و بێتاقەت بوون لێیان بێ نیازن، جا دوای ئەو حاڵە نە یارمەتی دەدرێن و نە بەزەییان لەگەڵ دەنوێنرێت".[1]

تێبینی:

زۆرجار بێباوەڕان یان فێمینیستەکان دەڵێن بۆچی لە ئیسلامدا زیاتر جەخت لەسەر مەسەلەی جنس و ئارەزوو کراوەتەوە! یان دەڵێن موسڵمانان مێشکیان هەر لای تێرکردنی شەهوەتیانە.

بەڵام ئەگەر بە وردی ڕابمێنین لە مەبەستەکانی هاوسەرگیری، دەبینین یەکێک لە گەورەترین مەبەستەکانی هاوسەرگیری و پاڵنەری مرۆڤ بۆ هاوسەرگیری تێرکردنی ئارەزووە جنسییەکانە؛ چونکە پیاو یان ئافرەت لە دەرەوەی هاوسەرگیری بەرکەوتەیان لەگەڵ ڕەگەزی بەرانبەر هەیە. ئافرەت لەماڵی باوکیدا، لەژێر سەرپەرشتی و چاودێری باوک و براکانیدایە، ئەوانن کە پارێزەرین و خەرجی ئافرەتەکە و مافیشی دەدەن. بەڵام هەموو ئافرەتێک وەکوو پیاو ئارەزووی جنسی هەیە، بەڵام ئەوە تەنیا میێردە کە بۆی هەیە

(1) The life and teaching of Muhammed, madras- 1932

لەگەڵ ئافرەتەکەدا پێکەوە ئارەزووە جنسییەکانی خۆیان تێر بکەن و پاش ئەوە ببن بە خاوەنی منداڵ و وەچە بخەنەوە، جگە لەوە ئافرەت هەموو مافەکانی تری لە ماڵەوە دەستدەکەوێت، پیاویش بە هەمان شێوە، بۆیە ئارەزووی سێکسی هۆکارە بۆ بەردەوامی ژیان. بەڵام ئەم ئارەزووە دەبێت بە شێوەیەکی حەڵاڵ دابمرکێنرێتەوە و پەنا نەبرێتە بەر کارە ناڕەوشتییەکان. بۆیە ئەگەر کەسێک نەتوانێت وەچە بخاتەوە، ئەوا ناتوانێت یەکێک لە ئامانج و مەبەستە گەورەکانی هاوسەرگیری جێبەجێ بکات. بەڵام ئەوە مانای ئەوە نییە کە هاوسەرگیری نەکات و لایەنە ڕۆحی و ئارەزووە سێکسییەکانی تێر نەکات لەم ڕێگەیەوە، ئەمەش یەکێک لە مەبەستە سەرەکییەکانی هاوسەرگیرییە.

جگە لە لایەنی تێرکردنی ئارەزووەکان، وەکوو لە پەڕەکانی پێشوو ڕوونماکردنەوە، ئیسلام واجبی کردووە لەسەر پیاو کە نەفەقەی ژنەکەی بدات و خەرجی ماڵ لە ئەستۆ بگرێت و ئاگاداری خێزانەکەی بێت، و تەواوی مافەکانی ژنەکەی بدات، سەرەڕای هەموو ئەمانەش ئارەزووەکانی تێر بکات.

ئایا ئێستا ئەمە قسەیەکی پووچ نییە بوترێت موسڵمانان تەنیا مێشکیان لای تێرکردنی ئارەزووەکانیانە؟!

لێرەدا هاوکێشەکە پێچەوانە دەبێتەوە! ئەگەر کەسێک ئەم قسەیە بکات ئەوا تەنیا تێڕوانینێکی شەهوەتییانەی بۆ ئافرەت هەیە؛ چونکە ناتوانێت بەرپرسیاریێتی خێزان هەڵبگرێت و ناتوانێت نەفەقەی ژنەکە بدات و بەرپرسیاریێتی بەخێوکردنی منداڵ بگرێتە ئەستۆ. بەڵکوو وەکوو زۆگوردێک دەژیێت و پارەکەی بۆ خۆی خەرجدەکات و هەرکات ویستی شەهوەتی بەتاڵ بکاتەوە، ئەوا پەنا دەباتە بەر ئەو یاسانەی مێیەکان لەشی خۆیانی تێدا دەفڕۆشن- ئەو مێیانەی بوونەتە قوربانی دەستی فێمینیزم- یان هەر ڕێیەکی حەرامی تر بۆ دامرکاندنەوەی شەهوەتەکەی. پاش ئەوەش ئافرەتێک ناناسێت و خەریکی

ڕابواردنی ژیانی خۆی دەبێت.

ئێمە لێرەدا وەڵامی نەیاران دەدەینەوە بە شێوازێکی پرسیار ئامێز دەڵێین: "بەڕاست ئایا فەلسەفەی هیدۆنیزم (چێژگەرایی) بەرهەمی جیهانی ئیسلامییە یاخود ڕۆژئاوا؟ کە تیایدا سێکسی ڕەها بە هەموو شێوازەکانی ڕێگەی پێدراوە وەکوو ئاژەڵی دارستان". ئەوە شوێنکەوتەکانی ڕۆژئاوان کە غەم و هەمێکیان بۆ تێرکردنی شەهوەت و چێژە، ئەوە موسوڵمانانن کە عەقڵیان ڕێز لێگرتووە و شەهوەتیان ڕێکخستووە لەژێر ڕێنوێنی یاسایەکی ئیلاهیدا.

ڕۆژئاوا بانگەشەی "فرەدۆستی" دەکات، واتا کوڕێک یان کچێک، پەیوەندی لەگەڵ چەند کەسێک هەبێت! دەی ئەم فرەپەیوەندییە جێی ڕێز و شکۆیە بۆ ئافرەتان یان چەندژنیی؟

ئەی بۆ ئافرەتێک شوو بە چەند پیاوێک نەکات؟

هەندێکجار گوێمان لە فێمینیستەکان دەبێت کە لەبەرانبەر ئەوەی شەریعەتی زۆرێک لە ئایینەکان ڕێگرییان لە فرەژنی و ئایینی ئیسلام ڕێگری لە چەندژنی نەکردووە دەڵێن: "بۆچی فرەپیاوی قبوولّ ناکەن؟! بۆ ئافرەتێک بۆی نەبێت شوو بە چەند پیاوێک بکات؟". لە حەقیقەتدا ئەمە قسەیەکی نامۆیە بە مرۆڤایەتی و دژی فیترەتی مرۆڤە، وەکوو لە سەرەتای ئەم پەرتووکەشدا ئاماژەمان پێکرد لە چەند هۆز و ناوچەیەکی کەم و دەگمەندا لە میژوودا فرەپیاوی هەبووە.

دژە فیترەتی ئەم قسەیەش تا ئاستێکە کە تەنانەت مرۆڤی مۆدێرنەی سەردەمیش ئەوانەی بانگەشەی فرەجێندەری و هاوڕەگەزبازی و لادانە جنسییەکان و بەکرێدانی سک و پوچەڵکردنەوەی خێزانداری دەکەن، ئاماژە

به فرەپیاوی ناکەن!

ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە عەقڵ و ئاوەزی مرۆڤ ناتوانێت بەمە ڕازی بێت. با کەسێک هێنده عەقڵ و ئاوەز و فیترەتی تێکچووبێت و لە نزمترین پلەکانی ئەخلاقدا هاوڕەگەزبازی و سێکسی مەحرەم و لادانە جنسییەکان و تەنانەت هاوسەرگیری کردنی لەگەڵ ئاژەڵ و دارودرەخت و بوکەڵەی سێکسی و کەلوپەلی ناومالدا قبووڵ بێت بەڵام هێشتا فرەپیاوی قبووڵ ناکات؛ (کە من پێموایە ئەگەر مرۆڤ بەردەوامبێت لە قبووڵکردنی لادانە سێکسییەکان، بە ئاسانی پاش ماوەیەکی تر فرەپیاویش قبووڵ دەکەن؛ بەڵام تا ئێستا نەگەییشتوون بەم ئاستە لە نزمی عەقڵ و ئەخلاق و هەروەها نەمانی فیترەت!).

بۆچی فرەپیاوی قبووڵکراو نییە؟!

فرەپیاوی لە کۆمەڵێک ڕووەوە کێشەیە و قبووڵکراو نییە چونکە هەم زانست، هەم فیترەت و بەدیهییاتی بوون ڕەدی دەکاتەوە؛ لە چەند خاڵێکدا باسیان دەکەین:

١- ئەگەر سیستمی فرەپیاوی پەیڕەو بکرێت، لەگەڵیدا سیستمی ژیانی ئاژەڵانە پەیڕەو دەکرێت. واتا ئەوکاتە ئەو نێرەیان دەچێتە لای ئافرەتەکە کە لە هەموویان بەهێزترە!

پیاو دەتوانێت هاوسەنگی نۆرە مانەوە لای ژنەکانی ڕابگرێت، بەڵام ئەمە بۆ ئافرەت ئەستەمە؛ چونکە ئەو کۆمەڵە پیاوەی ئەو شوویان پێ دەکات لە کات و شوێنی جیاوازدا داوای دەکەن و دێن بۆلای، لەسەر ئەمەش تووشی دووبەرەکی دەبن. ئەم کێبڕکێیەی ئەوان دروستی دەکەن و ئەو پێشبڕکێیەی ئەوان لەسەری دەکەن سەردەکێشێت بۆ جۆلانی غیرەت و پیاوەتییان و وروژاندنیان. سەرئەنجام جەنگ لەسەر ئافرەتەکە لەگەڵ یەکتریدا دەکەن و

دەبن بە دژی یەکتر، بەتایبەتی کاتێک ئافرەتەکە بەلای یەکێک لە ئەواندا بێت و سۆزیاربێت بۆی(بێگومان ئافرەتەکە یەکێکیانی زیاتر خۆش دەوێت و حەزپێدەکات). ئەمەش پاڵ بە پیاوەکانی تر‌ەوە دەنێت بۆ ئەوەی بەم دۆخە ڕازی نەبن. بۆیە لە کۆتاییدا تووشی یەکتر کوژی دەبن یان ئافرەتەکە دەکوژن"،[1] بەڵگە ئارکیۆلۆجیا مێژووییەوەکان سەلمێنەری ئەوەن کە چەندین جەنگ کراوە لەسەر ژن.ئەمەش دووبارە نانەوەی ئاژەوە و خراپە و شەڕە لە کۆمەڵگەدا.

٢-لە چەندژنییدا نە مافی پیاو نە مافی ئافرەت نافەوتێت؛ هەردووکیان دەبنە خاوەن منداڵ و نەوەی خۆیان. منداڵەکان مافی میرات و خەرجییان بەردەکەوێت. بەڵام لە فرەپیاویدا ئەم مافانە بوونی نییە؛ لەبەر ئەوەی ڕەچەڵەکەکان تێکەڵدەبن و نازانرێت منداڵەکە هی کام پیاوەیە تا خەرجی بکێشێت.

لەڕووی زانستیشەوە ناتوانرێت بە ڕێژەی ١٠٠٪ لەڕێی (DNA)ەوە ڕەچەڵەکەکە دیاری بکرێت؛ بۆیە نازانرێت منداڵەکە بەناوی کامیانەوە بکرێت. ئەم حاڵەتەش لە زانستدا پێی دەوترێت (promiscuity) یان (Non-monogamy).

٣-وەکوو لە چەند پەڕەیەک پێشتر ئاماژەمان پێدا، یەکێک لە حیکمەتەکانی چەندژنیی ئەوەیە کە ئافرەت چووە سوڕی مانگانەوە بەپێی شەریعەت و زانست نابێت پیاو لەگەڵ ئافرەتەکە جووت ببێت، چونکە خراپە بۆ دۆخی جەستەیی و تەندروستی ئافرەتەکە.

ئەدی ئەگەر بە چوار نێر ژنێکیان هەبوو، ماوەیەک ژنەکە کەوتە سووڕی مانگانەوە، ئەم چوار پیاوە چی بکەن؟! چارە ئەوەیە ئەو ماوەیە قۆڵ بکەن بە قۆڵی یەکدا و کورد وتەنی «بیخولێننەوە» تا دۆخی ئافرەتەکە باش دەبێت. بۆیە

---

(١) پەرتووکی (بوونیادی ئافرەتی موسڵمان)، نووسینی (د. محسن)، وەرگێڕانی (عبدالخالق محمد ئەمین)

ئەم قسانە جێی مەهزەلەن و ئەسڵەن هی ئەوە نین مرۆڤی عاقڵ بیری لێبکاتەوە.

تێبینی: لەم دۆخەدا، هەم ڕۆژئاوا، هەم ئایینی کلێسا ڕێگەی بە پیاو داوە کە لە دواوە کرداری جووت بوون بکات! بەڵام ئەمە لە ئیسلامدا حەرامە و پێغەمبەر(ﷺ) ڕێگری کردووە لە موسڵمانان کە لە دواوە بچنە لای ئافرەتەکانیان؛ چونکە ئەمە بۆ دۆخی جەستەیی و تەندروستی ئافرەت خراپە.

٤- فرەپیاوی جگە لەوەی لەڕووی فیترەتییەوە لەگەڵ مرۆڤدا ناگونجێت، لەڕووی زانستیشەوە زیانی بۆ ئافرەتەکە هەیە.

لە توێژینەوەیەکی زانستی بڕواپێکراودا، کە لە وڵاتی هیندستان کراوە، لەلایەن (Raman R. Gangakhedkar - Margaret E. Bentley - Anand D. Divekar)، دەرکەوتووە کە نەخۆشی ئایدز(HIV) لەنێو ئەو ئافرەتانەدا بەڕێژەیەکی زۆر بەربڵاوە کە زیاد لە چەند دانەیەک لە هاوبەشی سێکسییان هەیە.

توێژینەوەکە لەسەر (٩١٦) ئافرەت کراوە کە (٥٢٥) کەسیان لەشفرۆشبوون و (٣٩١) دانەکەی تر لەشفرۆش نەبوون و خاوەنی یەک میرد بوون، پاش ئەوەی کە فەحسی ئایدزیان بۆ کراوە، لە (٥٢٥) لەشفرۆشەکە، (٤٩.٩٪) ی ئافرەتەکان هەڵگری نەخۆشی ئایدز بوون؛ واتە نزیکەی (٢٦٢) ئافرەتیان نەخۆش بوون. هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ئەوان لەگەڵ زیاد لە چەند پیاوێک سێکسیان ئەنجامداوە!

لە ئافرەتەکانی تریش، کە (٣٩١) کەس بوون، (١٣.٦٪)ی ئافرەتەکان هەڵگری نەخۆشی ئایدز بوون؛ واتە (٥١) کەسیان هەڵگری نەخۆشییەکە بوو. هەر لە توێژینەوەکەدا باس لەوە کراوە کە ئەم ئافرەتانەی لەشفرۆش نین و تەنیا یەک پیاویان هەیە لەڕێی میردەکانیانەوە تووشی ئەم نەخۆشییە بوون، میردەکانیشیان لەڕێی خیانەتی هاوسەرگیرییەوە تووش بوون کاتێک لەگەڵ ئافرەتانێکدا سێکسیان کردووە کە ئەو ئافرەتانە هاوبەشی سێکسی پیاویان زۆر بووە!

واتا سەرچاوەی ئایدزەکەی ئەمانیش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ئافرەتانەی کە لەگەڵ زیاد لە چەند پیاوێکدا کرداری سێکسیان ئەنجام داوە.[١]

ئەمەش یەکێکی تر لە زیانەکانی فرەپیاوێیی؛ یان ئافرەتێک کە لەگەڵ چەند پیاوێکدا زینا بکات.

ئەم داتایانەش هی وڵاتێکی نائیسلامییە. ئەگەر لە وڵاتێکدا سیستمی ئیسلامی پەیڕەو بکرێت و ڕێگە بە زینا و فرەپیاوی نەدرێت و پیاوان چەند ژنێکیان هەبێت، ئەوا نەخۆشی ئایدز یان هەر بوونی نابێت یان بەڕێژەیەکی زۆر زۆر کەم دەبێت کە جێی باس نییە.

ئەگەر تێبینی بکەین، دەبینین ئەو پیاوانەی یەک ژنیان هەبووە و ئارەزووەکانیان بە یەک ژن دانەمرکاوەتەوە و پەنایان بۆ زینا و ئافرەتانی لەشفرۆش بردووە بووەتە هۆکاری گواستنەوەی نەخۆشییەکە بۆ ژنەکانی خۆیان. ئەمە داتای وڵاتێکی نائیسلامییە! بەڵام سیستمی چەند ژنی بۆ ئەم حاڵەتە چارەسەرە و پێویست ناکات پیاو پەنا ببات بۆ کاری ناشەرعی و ئافرەتی لەشفرۆش.

٥- ڕەحمی ئافرەت و باری تەندروستێتییەکەی ناشێت منداڵ بۆ هەر چوار پیاوەکە یان زیاتر لە یەک کاتدا دروست بکات؛ چونکە توانای منداڵبوونی تەنیا بۆ یەک پیاو تەرخانکراوە.[٢]

---

(١) توێژینەوەکە:

Spread of HIV Infection in Married Monogamous Women in India
Raman R. Gangakhedkar, MBBS, MPH; Margaret E. Bentley, PhD; Anand D. Divekar, MBBS, DMV; et al

(٢) پەرتووکی (بوونیادی ئافرەتی موسڵمان)، نووسینی (د. محسن)، وەرگێڕانی (عبدالخالق محمد ئەمین)

ڕێکەوتننامەی سیداو

سیداو-CEDAW- کورتکراوەی (Convention on the Elimination of All Forms of Discrimination against Women)ـە. واتا «ڕێکەوتننامەی لەڕیشەهێنانی تەواوی جیاوازییەکان دژ بە ژنان». ناوەڕۆکی ئەم ڕێکەوتننامەیە لە ناونیشانەکەیدا دەردەکەوێت، کە بریتییە لە هەڵوەشاندنەوەی هەموو کولتوور و یاسا و ڕێکەوتنێک کە جیاکاریی ڕەگەزیی دژ بە ئافرەت تێدا بێت.

ئەم ڕێکەوتننامەیە ساڵی ۱۹۷۹ بەستراوە و ساڵی ۱۹۸۰ڕێگە بەو وڵاتانەی کە سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکانن دراوە ئیمزای لەسەر بکەن و ساڵی ۱۹۸۱ چووەتە بواری جێبەجێکردنەوە. بەڵام گرنگە بزانن کە نەتەوە یەکگرتووەکان ساڵی ۱۹٦۷ ڕاگەیەنراوێکی بڵاوکردەوە هەر بە هەمان ناو؛ ڕاگەیاندنەکەی سەرەتا هەر وەکوو تێستێک وابووە تا بۆیان دەربکەوێت تا چەند ئەم پڕۆژەیە سەرکەوتوو دەبێت.

دکتۆر موسەنا ئەمین لە یەکێک لە کۆڕەکانیدا باس لەوە دەکات کە پڕۆفیسۆرێکی ئەمریکی بەناوی «کاثێرین باڵمفۆرس» لە چاوپێکەوتنێکیدا پێی وتووە: "کە ئەوانەی ئەندامن لە لیژنەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ مافی ژنان و بەتایبەت لیژنەی سیداو، پێکهاتوون لە سێ کۆمەڵ، کۆمەڵێکیان بریتین لە فێمینیستە ڕادیکاڵەکان، کۆمەڵێکی تریشیان بریتین لە هاوڕەگەزخوازەکان، کۆمەڵەی سێیەمیشیان بریتین لەوانەی کە دژە خێزانن".

"ئەوەی کە گرنگە ئاماژەی پێ بدرێت ئەوەیە کە هەموو ئەو وڵاتانەی ئیمزایان لەسەر ئەو ڕێککەوتننامەیە کردووە دەبێت پێوەی پابەند بن و لە

هیچ خاڵێکی ڕێککەوتننامەکە لانەدەن، مەرجی ڕێککەوتننامەکە ئەوەیە کە ئەگەر وڵاتانی ئەندام، لە یاسای نێوخۆیی وڵاتی خۆیاندا یاسایەکیان هەبوو کە دژی خاڵێکی ڕێککەوتننامەی سیداو بوو ئەوا دەبێت یاساکەی خۆیان بسڕنەوە و بیگۆڕن! ئەمەش واتای ئەوەیە کە ئەم ڕێککەوتننامەیە بەرانبەر هەرچی بنەمایەکی کلتووری و ئایینی و ڕۆشنبیری و نەتەوەیی دەوەستێتەوە، هەڵیشیان دەوەشێنێتەوە! واتا ئەگەر بڕگەیەکی یاساکانی باری کەسێتی عێراقی دژ بووەستێتەوە بەرانبەر بە بڕگەیەک لە بڕگەکانی سیداو، ئەوا دەبێت حکومەتی عێراقی یاسا و بڕگەکەی خۆی بگۆڕێت"[1].

ڕێکەوتننامەکە لە ۳۰ مادەدە پێکهاتووە و دابەش بووە بەسەر شەش بەشدا. ئەوەی کە گرنگە باسی بکەین بەشی یەکەمی ڕێکەوتننامەکەیە، چونکە جێی هەڕەشە و مەترسییە بۆ کولتوور و نەتەوە و ئایینمان.

بەشی یەکەمی ڕێکەوتننامەکە کۆمەڵێک بڕگەی زۆر مەترسیدار لەخۆ دەگرێت کە ڕاستەوخۆ دژی بنەماکانی ئایین و شەریعەتی ئیسلامە. عەقڵی ساغ و دروست ئەو بڕگانە بە هیچ شێوەیەک قبوڵ ناکات، بەتایبەت ئەو یەکسانییە ڕەهایەی کە ڕێکەوتننامەکە بانگەشەی بۆ دەکات.

بەرکەوتنی یەکەمی ڕێکەوتننامەکە لەگەڵ شەریعەتی ئیسلام لە بابەتی میراتە، کە دەیەوێت ئایەتی میرات سڕ بکات. ئەمەش لە زەرەری ئافرەتانە بە پلەی یەکەم و دواتر پیاوان زەرەرمەند دەبن، وەکوو لە بەشی (ئافرەت و میرات) باسمان کرد کە تەنیا لە یەک حاڵەتدا ئافرەت نیوەی پیاو میراتی بەردەکەوێت، بەڵام لە چەندین حاڵەتی تردا ئافرەت زیاتر دەبات یان یەکسان دەبێت. بەڵام ڕێکەوتننامەکە ئەمە ناهێڵێت و لە هەموو حاڵەتەکاندا یەکسانی

---

(۱) پڕۆفیسۆر (خالید موحەممەد سالح)؛ لە کۆڕێکی قەڵادزێ لە ساڵی ۲۰۱۹؛ بە ناونیشانی "ڕێکەوتننامەی سیداو و کاریگەرییەکانی لەسەر پڕۆسەی خێزان".

دەوێت؛ کە ئەمەش دژی دادپەروەرییە. بەپێی ئەم ڕێکەوتننامەیە، ئافرەت نەفەقەی نادرێتێ، میراتیشی بەرناکەوێت، چونکە ئەگەر بڕیارێت ئازادی ڕەها هەبێت پیاوان ناچار نین بەرپرسیارێتی هەڵبگرن.

لە ماددەی ۱۳ی ڕێکەوتننامەکە هاتووە کە "ئەو وڵاتانەی واژۆیان لەسەر ئەو ڕێکەوتننامەیە کردووە، دەبێت هەوڵەکانیان چڕ بکەنەوە بۆ نەهێشتنی هەرچی جیاوازی هەیە لەنێوان ڕەگەزی نێر و مێدا لە بوارەکانی ئابووری و کۆمەڵایەتیدا. لەسەر بنەمای یەکسانی ڕەهایی لەنێوان پیاو و ژندا، بەتایبەت لە شایستەکانی تاکی خێزاندا." لەم بڕگەیەدا کۆمەڵێک فەزاحەت هەیە کە قبوولکراو نییە و جێی مەهزەلەیە، "یەکسانی ڕەها لە نێوان پیاو و ژندا" واتا چی؟!، چۆن؟ پیاو و ژن ڕاستە دوو مرۆڤن، بەڵام پێکهاتەیان زۆر جیاوازە و هەر یەکەیان بەپێی سرووشت و توانای خۆی دەتوانێت بەرپرسیارەتی هەڵبگرێت؛ هەم لەڕووی بایۆلۆجی، هەم لەڕووی دەروونی و لایەنەکانی ترەوە جیاوازن. ئاخر ئافرەتێک کە دەکەوێتە سووڕی مانگانەوە و دەتوانێت منداڵ لە سکیدا هەڵبگرێت بۆ ماوەی ۹ مانگ، چۆن یەکسان دەکرێت بە پیاوێک کە ئەو توانا و سرووشتە بایۆلۆجییانەی نییە؟! ئاخر دەکرێت ئافرەتێک بە سکێکی ۸ مانگییەوە ببرێتە کێڵگەیەکی نەوتی و ئیشی ئەندازیارێکی نەوت بکات لەنێو ئەو بۆرییە گەرمانەدا کە قوڕ و لیتاوی ژێر خاکی لێدێتە دەرەوە و هەموو لەشی کارمەندەکە پیس دەبێت؟! یان لەکاتی سووڕی مانگانەدا کە ئازار و هیلاکەتی جەستەیی هەیە، ببرێتە سەر باڵەخانەیەکی بەرز و کاری خەباتە بکات! یان لە بەرزییەکی زۆرەوە گوریسێک بە خۆیەوە ببەستێت و خەریکی پاککردنەوەی شوشەی باڵەخانەیەکی ۲۰ نهۆمی بێت؟! ئاخر ئەمە ئەو کارانەیە کە پیاوان دەیکەن.

باشە دەکرێت ئافرەتێک بە پیاوەکەی بڵێت: "دەبێت تۆش بکەویتە سووڕی مانگانەوە، چونکە من سووڕی مانگانەم هەیە و دەبێت یەکسان بین!" یان "دەبێت

جارێک من سکم هەبێت بە منداڵەوە و جارێک تۆ، بۆ ئەوەی یەکسان بین!" دەی ئەگەر پیاوەکە نەیتوانی ئەوا هەر لێرەوە یەکسانی ڕەها هەڵدەوەشێتەوە؛ چونکە ناکرێت لە خێزانێکدا ئەم دوو ڕەگەزە کە پێکهاتەیان جیایە وەکوو یەک مامەڵەیان لەگەڵ بکرێت. بەڵکوو ئەو کاتەی ئافرەت سکی هەیە و لە سووڕی مانگانەدایە و لەڕووی جەستەییەوە ماندووە، دەبێت پیاو لە دەرەوە کار بکات و نەفەقەی ژنەکەی هەڵبگرێت. ئەگەر وا نەکەن، ئەوا دەبێت ئافرەتەکە بە میردەکەی بڵێت " لە کاتێکدا من لە کاتی سکپڕی لە دەرەوە کار بکەم دەبێت تۆش وەکوو من نۆ مانگ منداڵ لە سکتدا هەڵبگریت، یان دەبێت من منداڵ نەخەمەوە، یان دەبێت تۆ بکەویتە سووڕی مانگانەوە، یان نابێت من بکەومە ناوی" کە شتی وا نابێت و ئەمە قسەیەکی عەقڵانی نییە و مرۆڤی هۆشمەند ئەم شتانە ناچێتە میشکیەوە.

لەڕاستیدا یەکسانی لەنێوان ئافرەتان و پیاوان لە ئیسلامدا بابەتێکی بڕاوەیە و جیاوازییان لەنێواندا نەکراوە وەکوو (ماف و لایەنی مرۆیی) مەگەر لەو کاتانەدا نەبێت کە لەگەڵ دادگەریدا تێک دەگیرێت. لەم حاڵەتەشدا ئیسلام بۆ پاراستنی مافی ئافرەت و پیاو، دادپەروەری بەکار دەهێنێت. بەڵام ئەم بیرکردنەوەیەی «یەکسانی ڕەگەزیی» لە بنەڕەتدا هەڵەیە، چونکە ئافرەت و پیاو بونیاد و پێکهاتەیان جیایە. وەک خودا دەفەرموێت ﴿وَلَيْسَ الذَّكَرُ كَالْأُنْثَىٰ﴾ «نێر وەک مێ نییە». بۆیە هەر بەراوردکردنیان کارێکی نەزانانەیە. ئافرەت و پیاو لەڕووی بایۆلۆجییەوە لە یەکەم خانەوە جیاوازن، یەکێکیان کرۆمۆسۆمی (xx) و ئەوەی تریان (xy)ە. دەی چۆن ئەم دوانە بە ڕەهایی یەکسان دەکرێن؟!

دواتر لە ماددەی ١٦ی ڕێکەوتننامەکە کۆمەڵێک جیاوازی و تێکگیرانی تری تێدایە لەگەڵ بنەماکان و شەریعەتی ئیسلامی، وەکوو لابردنی هەموو جۆرە سەرپەرشتی و وێلایەت و خاوەندارێتییەک لەسەر کچان و ئافرەتان

لەلایەن باوک و برا و مێرد و هەر سەرپەرشتیارێکی تردوە؛ کە ئەمەش تێڕوانینێکی دوژمندارانە و شەڕ هەڵگیرسێنانەیە کە نەتەوە یەکگرتووەکان هەیەتی بۆ ئەندامانی خێزان و دەیەوێت کۆمەڵگەی بەڕەوشتی ئیسلامی و ڕۆژهەڵاتی لێک هەڵبووەشێنێت و شتێک نەهێڵێت بەناوی خێزانەوە، تا ئاسانتر تاکی موسڵمان و ڕۆژهەڵاتی ڕاو بکات.

لە بڕگەیەکی تری ماددەی ١٦ هاتووە کە بە مەبەستی یەکسانی ڕەها، کچ دەتوانێت ناوی دایکی هەڵبگرێت و ناوی باوکی هەڵنەگرێت. کە ئەمەش لەگەڵ ئایەتێک و بنەمایەکی سەرەکی قورئان تێکدەگیرێت کە خودا دەفەرموێت ﴿ادْعُوهُمْ لِآبَائِهِمْ هُوَ أَقْسَطُ عِندَ اللَّهِ﴾. گرفتی ئەم خاڵە ڕووە ئەخلاقییەکەیەتی، کە ئامانجی ڕێکەوتننامەی سیداو و نەتەوە یەکگرتووەکان و فێمێنیستەکان نەمانی بنەما ئەخلاقییەکانە. لەم خاڵەدا نەسەبی باوک نامێنێت و نەوەکان باوک نادیار دەبن. واتا ئەم خاڵە هۆکاری سەرەکییە بۆ زۆربوونی منداڵی زۆڵ(باوک نادیار)؛ چونکە ئەگەر دایکێک هەرچەند لەشفرۆش بێت و لەگەڵ کۆمەڵێک نێر جووت بووبێت، بەڵام لەکۆتاییدا منداڵەکە لە سکی ئەو دێتە دەرەوە و خەڵکی دەزانن کە منداڵی ئەوە. بەڵام بۆ پیاو وا نییە، ئەوکاتە ڕوون نابێتەوە کە منداڵە کچەکە کێ باوکیەتی، ئەم خاڵەش لە ڕێکەوتننامەکە بۆ ئەوەیە کە خێزان هەڵبوەشێتەوە و ڕۆڵی باوک لە مااڵدا نەمێنێت، بەڵکوو دەیانەوێت خێزانێک دروست بکەن کە پێکهاتبێت لە کچێکی باوک نادیار و دایکێکی لەشفرۆش کە ڕۆژانە خەڵکی بۆ تێرکردنی ئارەزووەکانیان دێنە لای، لەکۆتاییدا داهاتووی ئەو کچەش وەکوو ئەو دایکەی دەبێت کە ئێستا نەسەبی ئەمە! ئەمەش شیرازەی کۆمەڵگا تێکدەدات.

خاڵێکی تری ڕێکەوتننامەکەش نەهێشتنی چەند ژنییە، پێشتر ڕوونمان کردەوە کە سوودەکانی چەند ژنی بۆ پیاوان و ئافرەتان چین. بەڵام لە ڕێکەوتننامەی سیداودا هاتووە کە نابێت چەند ژنی بمێنێت و چۆن ژن خاوەنی

یەک مێردن بەهەمان شێوە پیاویش دەبێت یەک ژنی هەبێت.

لیژنەی سیداو دەڵێن چەند ژنی مەترسی هەیە، بەڵام ڕێگەیانداوە پەیوەندی ناشەرعی هەبێت لەنێوان ژنان و پیاوندا، ئەو پەیوەندییە ناشەرعییەش بە ئەڵتەرناتیڤی چەند ژنی دەبینن.

ئەوەی گرنگە لە کۆتایی ئەم بەشەدا باس بکرێت، ئەوەیە کە بزانن ئامانجی ئەم ڕێکەوتننامەیە هەڵوەشاندنەوەی خێزان و کولتوور و ئایینی کۆمەڵگەیە. کۆمەڵێک کەسیش یاساکانیان داناوە کە فیترەتیان تێکچووە و دژی سروشتی مرۆڤ و ئایین و بنەما ئەخلاقییەکانن. قسەکانیشیان تەنیا بانگەشەیەکە و لە ئەرزی واقیعدا هیچی لێ سەوز نابێت؛ چونکە یەکسانی ڕەها نە لە مێژوودا بووە و نە لە داهاتووشدا دێتەدی، بەڵام ئامانجی بانگەشەکانیان بۆ تێکدانی کۆمەڵگە و زۆربوونی ڕێژەی تەڵاق و کێشە و گرفتەکانی خێزانە.

فێمینیزم بۆچی؟

ئایا پێویستیمان بە فێمینیزم هەیە؟!

﴿فَاسْتَجَابَ لَهُمْ رَبُّهُمْ أَنِّي لَا أُضِيعُ عَمَلَ عَامِلٍ مِّنكُم مِّن ذَكَرٍ أَوْ أُنثَىٰ...﴾

«ئینجا پەروەردگاریان وەڵامی دانەوە: کە بەڕاستی من کاروکردەوەی هەرکام لە ئێوە -نێر و مێیتان- زایە و بێ پاداشت ناکەم (بعضکم من بعض) هەندێکتان لە هەندێکن, پیاو لە ژنە و، ژنیش لە پیاوە و گشتیشتان لای من چونیەکن، کەوابوو لە پاداشتیشدا یەکسانن» [ال عمران: ۱۹۵]

بە خوێندنەوەی میژووی فێمینیزم و شارەزابوون لە ئاڕاستە و شەپۆلەکانی، دەرکەوت کە فێمینیستەکان سەبارەت بە ئافرەت و مافەکانی خاوەن یەک بۆچوون نین، تەنیا لەسەر ئەوە کۆکن کە پێویستە ئافرەت مافی هەبێت، بەڵام چ مافێک؟ بە کام یاسا؟ چۆن مافەکان بەدەست بهێنن؟. لەمەدا جیاوازن و هەر یەکەو ڕێگەیەکی گرتووەتەبەر و خۆی خستووەتە ژێر ئاڵای قوتابخانەیەکەوە. هەر بۆیە «مادلین پلێتی» دەڵێت: "هەر فێمینیستێک، فێمینیزمی تایبەت بە خۆی هەیە". واتە مەنهەجییەت و یەکبوون لەناو ئافرەتانی سەر بە بزووتنەوەی فێمینیزمدا بوونی نییە!

هەموو کەسێکیش ئەوە دەزانێت کە سەرکەوتن لە یەکگرتندایە، فێمینیزمیش نەبوو بە مەیدانێک بۆ یەکگرتنی بیروڕاکان، بەڵکوو بە پێچەوانەوە بووە هۆکاری پەرتبوونی ئافرەتان. جگە لەوەی کە زۆرینەی ئافرەتان بزووتنەوەی

فێمینیزمیان قبووڵ نییە، ئەو ئافرەتانەشی کە بوون بە فێمینیست، ناکۆکن لەگەڵ یەکتردا؛ ڕەوت و قوتابخانەی یەکتریان قبووڵ نییە، سێی پێستەکان ڕەپێستەکانیان قبووڵ نییە، فێمینیستەکانی شەپۆلی دووەم داواکاری فێمینیستەکانی شەپۆلی یەکەمیان پێ ڕەوا نییە، شەپۆلی سێیەمیش ڕەخنە لە دوانەکەی پێش خۆی دەگرێت.

ئەگەر وردتر لەسەر ناکۆکییەکانیان لێکۆڵینەوە بکرێت، بەتایبەت لە هەرێمی کوردستان، دەردەکەوێت کە بەشێک لە فێمینیستەکان لەسەر وشە «ژن» و «ئافرەت» کێشەیان هەیە. فێمینیستەکانی سەر بە حیزبێک دەڵێن: "ئێمە داکۆکی لە مافی ژن دەکەین"، بەڵام فێمینیستەکانی سەر بە حیزبێکی تر لەبەر ڕقیان بۆ مێیەکانی حیزبەکەی تر وشەی «ژن» بەکار ناهێنن و دەڵێن :"ئێمە داکۆکی لە مافی ئافرەت دەکەین"! ژنانێک نەگەنە ڕێککەوتن لەسەر بەکارهێنانی وشەی ژن یان ئافرەت، دەتوانن ماف بۆ ئافرەتان بەدەست بهێنن؟ دەتوانن کۆمەڵگە بەڕێوە ببەن؟ بێگومان نەخێر.

لەگەڵ سوڕانەوەی میلی کاتژمێردا، قوتابخانەی تریش زیاد دەبێت، واتا جیاوازی ڕاوبۆچوون و کاروکردەوە زۆر دەبێت؛ واتا ئافرەتان زیاتر پەرت دەبن. کەواتە فێمینیزم تەنیا خەیاڵێک بوو، لەگەڵ واقیعدا یەکی نەگرتەوە و نەگەیشت بە ئامانج. ئەو ئامانجەی باس لە مافی ژن و دەسەڵاتی ژن دەکات نەک تەنیا هەوڵی دروستبوونی کەلێن دەدەن لە نێوان ژن و پیاودا، بەڵکوو زیاتر دووبەرەکیان خستە نێو ئافرەتانەوە.

با بگەڕێینەوە سەر پرسە گرنگەکە:

یەکسانی نێوان نێر و مێ، ئەو ئامانجەی فێمینیستەکان هەوڵیان بۆ دەدا.

لە پێشەکی ئەم توێژینەوەیەدا باس لەوە کرا کە ماف لای خودا بەدەست دەهێنرێت؛ تا مرۆڤەکان نەگەڕێنەوە بۆلای خودا مافیان دەست ناکەوێت.

دەی کەواتە چۆن ماف بەدەست دەهێنرێت؟

خودا و مافی مرۆڤ

"شەریعەتێک ئازاردانی مێرووڵەیەکی قەدەغە کردبێت و فەرمانی دابێت مافی پێشێل نەکرێت، ئایا مافی مرۆڤ پێشێل دەکات؟ بێگومان نەخێر."

سەعیدی نورسی

بۆ گفتوگۆکردن لەسەر مافی مرۆڤ چەند وتەیەکی دکتۆر «فەریدە خانم» دادەنێین کە وەک ئافرەتێک باس لە گەڕانەوە دەکات بۆ شەریعەتی خودا بۆ بەدەستهێنانی مافەکان.

دەڵێت: "مافەکان لە ئیسلامدا بە دوو جۆر دابەشکراون یەکێک لە مافەکانی مافی خوداییە و ئەوی تر مافی مرۆڤە. هەرچەندە مافی خودا بااڵدەستە بەسەر مافی مرۆڤەوە، بەڵام ئەم جیاوازییە لە بابەتی باوەڕ و ڕێبازە، نەک بابەتی کار و مامەڵە."

بە واتا کردارییەکەی، هەردوو مافی خودا و مرۆڤ، ئەوەندە پێکەوە بەستراون کە هەندێک جار ئەستەمە لێکجیابکرێنەوە.

لە ڕاستیدا، ئەوە چاودێریکردنی مافی خوداییە کە زەمینە بۆ چاودێریکردنی مافەکانی مرۆڤ خۆش دەکات.

بۆ نموونە، یەکەم و لەپێشترین حەقی خودایی یەکتاپەرستییە(تەوحید)، واتە دەربڕینی یەکبوونی خودا، بەبێ ئەوەی هیچ شتێک لەگەڵیدا بە هاوبەش دابنرێت. وەک قورئان دەڵێت: ﴿قُلْ هُوَ اللَّهُ أَحَدٌ ۝ اللَّهُ الصَّمَدُ ۝ لَمْ يَلِدْ وَلَمْ

يُولَدْ ﴾.

باوەڕ بوون بە یەکتاپەرستی یارمەتیمان دەدات، کە ئێمەی مرۆڤ ئەو ڕاستییەمان بۆ دەربکەوێت کە هیچ شتێک لە خودا بەرزتر و گەورەتر نییە. هەموو بوونەوەرەکان، بە مرۆڤیشەوە، بێ گوێدان بە جیاوازییە دەرەکییەکانیان، لە شکۆدا یەکسانن. هەروەها لە ئەستۆی خودای تاک و تەنیادایە ئەگەر هەر کەسێک بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ سووکایەتی بە دروستکراوێک بکات، یان گاڵتەی پێ بکات.

ئەم فەرمانانە لەقورئان و فەرموودەکاندا سنووردارن و دەریدەخەن کە مافە خوداییەکان و مافەکانی مرۆڤ ئەوەندە بەستراونەتەوە، دەبنە تەواوکەری یەکتری.

بەپێی قورئان و فەرموودە بێت، خودا ڕازی نییە کە مافی مرۆڤ جێبەجێ نەکرێت.

بۆ نموونە لە سونەنی ئەبوداوددا هاتووە کە پێغەمبەر(ﷺ) دەفەرموێت:

«بەخوا بەڕاستی ئەو ئیماندار نیە،

سوێند بەخوا بەڕاستی ئەو ئیماندار نیە،

سوێند بەخوا بەڕاستی ئەو ئیماندار نیە،»

کاتێک لەلایەن هاوەڵانەوە پرسیاری لێکرا، کە ئەوکەسە کێیە؟

پێغەمبەریش وەڵامی دایەوە: «کەسێکە کە دراوسێکەی لە کردەوە خراپەکانی (یان زمانی) پارێزراو نییە»

جیاوازییەکانی نێوان مرۆڤ وەک جیاکاری دەبینرێن کە لە ئەنجامی پێشێلکردنی مافە سەرەتاییەکانی مرۆڤە، لە قورئاندا خودا ئاماژەی پێداوە: ﴿وَمِنْ آيَاتِهِ خَلْقُ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ وَاخْتِلَافُ أَلْسِنَتِكُمْ وَأَلْوَانِكُمْ إِنَّ فِي ذَٰلِكَ

لَآيَاتٍ لِلْعَالِمِينَ﴾ [الروم:۲۲]. واتە: «یەکێکی تر لە بەڵگە و نیشانەکانی تاک و تەنیایی و توانا و دەسەڵاتی خودای گەورە دروست کردنی ئاسمانەکان و زەوییە. هەروەها زمانی ئێوەی لێک جیاواز کردووە هەر یەکێک بە زمانێک قسە دەکەن، وە ڕەنگ و شێوازیشتان لێک جیاوازە هەر یەکە و شێوەیەکتان هەیە بە دڵنیایی هەموو ئەمانە بەڵگە و نیشانەن لەسەر تاک و تەنیایی و توانا و دەسەڵاتی خودای گەورە بەڵام بۆ کەسانێک کە زانا بن.».

لە شوێنێکی تری قورئاندا لە ئایەتی (۱۳)ی سورەتی حوجوراتدا خوای گەورە دەفەرموێت: «ئەی خەڵکینە بێگومان ئێمە هەمووتانمان لە نێر و مێیەک دروست کردووە (کە باوکە ئادەم و دایکە حەوایە) و کردوومانن بە چەندەها گەل و تیرە و هۆزی جۆربەجۆر، تا یەکتر بناسن و پەیوەندیتان خۆش بێت بەیەکەوە . بەڕاستی بەڕێزترینتان لای خوا ئەو کەسانەتان کە زۆرتر لەخواترسە و فەرمانبەرداری خودایە. بێگومان خوا زانا و ئاگایە بە هەمووان».

هەمەڕەنگی تەنیا بۆ ناساندنی یەکترییە، نەک بۆ جیاکاری. جیاوازی ڕەگەز یان کۆمەڵگا یان خێڵ مەبەستی جیاوازی نییە لە دژی یەکتری بەڵکوو بۆ زانین و بەرزنرخاندنی یەکترە.

جێی سەرسوڕمانە کە قورئان پازدە سەدە پێش ئێستا یەکڕیزی بایۆلۆجی مرۆڤی ڕاگەیاندووە.

سورەتی «النساء» بەم پەیامەوە دەست پێدەکات:

«ئەی خەڵکینە لە خەشم و ناڕەزایی ئەو پەروەردگارەتان خۆ بپارێزن کە ئێوەی لە تاکە نەفسێک دروست کردووە؛ هەر لەو نەفسەش هاوسەرەکەی بەدی هێنا و لەو دووانە پیاوان و ژنانی زۆری خستووەتەوە و بڵاوکردەوە. هەروەها لەو خودایە بترسن کە لە یەکتر داوا دەکەن بە ناوهێنانی ئەوەوە،

هەوڵ بدەن پەیوەندی خزمایەتیش بپارێزن و پتەوی بکەن چونکە بەڕاستی خوا (هەمیشە و بەردەوام) چاودێرە بەسەرتانەوە.»

ئەوە ڕاستی ئەم یەکڕیزییە بایۆلۆجییەی هەموو خەڵکی بوو کە پێغەمبەر(ﷺ) لە شەونوێژدا دەیگوت:

«ئەی خودایە، من شایەتی ئەوە دەدەم کە هەموو مرۆڤەکان برانن».

لە شیکردنەوەی ئەم ڕاستییەدا ئەوە تۆمار کرا کە ڕۆژێک پێغەمبەر(ﷺ) کاروانێکی پرسەی بینی کە بە شەقامێکی مەدینە تێدەپەڕی، ئەو لەوکاتەدا هەستایە سەرپێ. جا کاتێک لەلایەن هاوەڵەکانیەوە پێیان گوترا کەکەسی مردوو جولەکەیە نەک موسڵمان، پێغەمبەریش گوتی: "ئایا ئەو مرۆڤ نەبوو؟!".

ژیانی مرۆڤ لە ئیسلامدا بەو جۆرە بڵندە ڕێز لە مافی دەگیرێت کە کوشتنی تاکە مرۆڤێک یەکسانە بە کوشتنی هەموو مرۆڤەکان. هەروەها پاراستنی ژیانی یەک مرۆڤ یەکسانە بە پاراستنی هەموو خەڵکی. لەقورئاندا بە ئاماژە بەکوشتنی کوڕێکی پێغەمبەر ئادەم دەکات کە لەلایەن براکەی تریەوە کوژرا، کە ئەمە یەکەم پێشێلکاری مافەکانی مرۆڤە لە میژووی مرۆڤایەتیدا.

هەندێک لە تۆژەران بانگەشەی ئەوە دەکەن کە ئیسلام هیچ مەرجێکی بۆ مافەکانی مرۆڤ نییە بە مانا مۆدێرنەکە، چونکە لە ئیسلامدا خوداسەنتەرە و بۆیە خودا بە خاڵی سەرەتای هەموو بیرکردنەوە و کردارێک دادەنرێت. بەپێچەوانەشەوە چەمکی مۆدێرنی مافی مرۆڤ، مرۆڤسەنتەرە کە تێیدا مرۆڤ ناوەندی هەموو شتێک پێکدێنێت. شیکردنەوەیەکی تەواو ئەوە دەردەخات کە ئەم دیمەنە لەسەر بنەمای تێگەیشتنێکی هەڵەیە. ئەرکی سەرەتایی مرۆڤ لە ئیسلامدا بریتییە لە گوێڕایەڵی خوا بە تەواویی و بێ

مەرج، هەموو مافەکانی تر بە مافەکانی مرۆڤەوە بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکی لەم ئەرکە سەرەتاییە بەرامبەر بە خودا سەرچاوەیان گرتووە.

دەتوانین بڵێین بەبێ ئەم تێڕوانینە خودا سەنتەرییە نە دەتوانرێت دەستەبەری مافەکانی مرۆڤ بکرێت و نە لە پێشێلکارییەکانیان دوور بخرێتەوە. پێشەکی پەیماننامەی مافەکانی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکان داوا لە هەموو ئەندامانی دەکات کە بۆ بنیاتنانی رێکخستنی جیهانێکی نوێ، لەسەر بنەمایەکی رێکوپێک هەوڵبدەن.

زەحمەتە بڵێین کە نەتەوە یەکگرتووەکان یان هەر بەشێکی نەتەوەیی یان نێودەوڵەتی تر یان دەسەڵاتێک، کە لە ڕاستیدا فەرمانی جیهانی داواکراوی لەسەر بنەمای دەنگ داڕشتووە بتوانێت مافی مرۆڤ بدات.

بەڵام لە ئیسلامدا وەک پێشتر باسمانکرد، یەکتاپەرستی و گوێڕایەڵی بێ مەرج بۆ خودا بەهێزترین هاندەر بۆ چاودێریکردنی مافەکانی مرۆڤ و بەهێزترین بەربەست لە دژی پێشێلکارییەکانیان دابین دەکات.[1]

ئافرەت لە دیدی ئیسلامدا:

ئافرەت لە ئیسلامدا لە هەموو تەمەن و ساتەکانی ژیانیدا مامەڵەی تایبەتی لەگەڵدا کراوە، تەنیا لە گەنجی و جوانیدا گرنگی پێ نەدراوە، تەنیا لەو ساتانەدا باسی مافی نەکراوە کە ئافرەتەکە گەنجە و توانای هەیە، بەڵکوو هەر لە هاتنە نێو دونیاوە باس لە فەزڵی کراوە تا ساتی دەرچوونی ڕۆح لە جەستەی.

---

(۱) دکتۆر «فەریدە خانم» لە پەرتووکی «Life and Teachings of the Prophet Muhammad»ەوە.

پێغەمبەر(ﷺ) ئاماژەی بەوە کردووە کە کچ هەر لە سەرەتاوە دەبێتە هۆکاری چونە بەهەشتی باوکی، لە فەرموودەیەکیدا کە ئیبن عەباس دەیگێڕێتەوە، پەیامبەر(ﷺ) دەفەرموێت: (من ولدت له أنثى فلم يئدها، ولم يهنها، ولم يؤثر ولده عليها -يعني الذكر عليها- أدخله الله بها الجنة). واتە: "هەر کەس مێینەیەکی بوو و زیندەبەچاڵی نەکرد و سووکایەتی پێ نەکرد و کوڕەکەی بەسەردا پێش نەخست، خودا بەو مێیینەیە دەیخاتە بەهەشتەوە"[1]، ئەمە لەکاتێکدا کچەکە منداڵ بێت. لەکاتی باڵغبوونیشیدا ئافرەت پشتگوێ نەخراوە و دیسانەوە پەیامبەر(ﷺ) نزیکبوونی موسڵمانان لە خۆیەوە دەبەستێتەوە بە باشبوونیان لەگەڵ کچەکنیان، لە فەرموودەیەکی تردا کە ئەنەسی کوڕی مالیک دەیگێڕێتەوە، پەیامبەر(ﷺ) دەفەرموێت: (مَنْ عَالَ جَارِيَتَين حتَّى تَبلُغَا جاء يَومَ القِيَامَة أَنَا وَهُو كَهَاتَين). واتە: "هەر کەس دوو کچ بەخێو بکات تا باڵغ دەبن، ڕۆژی قیامەت دێت و من و ئەو،-پەنجەکانی لە یەکتر دا-"[2] واتا من و ئەو وەک ئەم پەنجانە واین و لێک نزیکین.

جگە لەوەی کە پەیامبەر(ﷺ) ئاماژەی بەوە کرد کە باشبوون لەگەڵ کچ و پەروەردە کردنی دەبێتە هۆی چونە بەهەشتی باوک و نزیکبوونەوەی لە خۆی لە ڕۆژی قیامەتدا، لە شوێنێکی تردا مامەڵەی باش لەگەڵ کچدا دەبەستێتەوە بە پاراستنی خاوەنەکەی لە ئاگر، دایکە عائیشە بۆمان دەگێڕێتەوە کە (دخلت امرأة معها ابنتان لها تسأل، فلم تجد عندي شيئا غير تمرة، فأعطيتها إياها، فقسمتها بين ابنتيها، ولم تأكل منها، ثم قامت، فخرجت، فدخل النبي صلى الله عليه وسلم علينا، فأخبرته فقال: "من ابتلي من هذه البنات بشيء كن له سترا من النار") واتە: "ئافرەتێک لەگەڵ دوو کچ هاتە ژوورەوە و داوای دەکرد- سوالّی دەکرد-، جگە لە دەنکە خورمایەک هیچ شتێکم لانەبوو بۆی، دەنکە

---

(١) قال الذهبي: صحيح؛ ك٧٣٤٨

(٢) صحيح مسلم،٢٦٣١

خورمایەکم پێدا و لەنێوان دوو کچەکەی دابەشم کرد و ئەو لێی نەخوارد، پاشان هەستا و ڕۆیشتە دەرەوە، پێغەمبەر(ﷺ) هاتە ژوورەوە بۆلامان و هەواڵم پێدا، فەرمووی "هەر کەس بە کچان تاقیبکرێتەوە دەبنە پۆشەری لە ئاگر""[1].

پاش ئەوەی ئەم ئافرەتە گەورە بوو و کاتی شوکردن و هاوسەرگیری هات، دیسانەوە پەیامبەر(ﷺ) پەیام بۆ مێردەکەی دەنێرێت و پێی دەڵێت (خیرکم خیرکم لأهله وأنا خیرکم لأهلي)[2] واتا: «باشترین کەستان ئەوانەن کە باشترینن بۆ خاوخێزانەکانیان، منیش لەهەموتان باشترم بۆ خێزانەکانم»، واتا ئەگەر دەتەوێت لە دیندا باش بیت و پێگەت لای خودا بەرز بێتەوە، دەبێت لەگەڵ ژنەکەت باش بیت، نا... بەڵکوو دەبێت باشترین بیت!

هەر ئەم ئافرەتەی کە باوکی لێ ئاگادار کراوەتەوە دەبێت باشبێت لەگەڵیدا لەکاتی کۆرپەیی و دواتر تا گەورەی دەکات و مێردێکی چاکی بۆ دەدۆزێتەوە و، دواتریش دەبێت مێردەکەی چاک بێت لەگەڵیدا، خودا و پەیامبەرەکەی(ﷺ) پەیامیان بۆ کوڕەکەشی ناردووە تا باش بێت لەگەڵ دایکیدا، ئەبی هورەیرە(خوا لێی ڕازی بێت)، وتی(جَاءَ رَجُلٌ إلى رَسولِ اللَّهِ صَلَّى اللهُ عليه وسلَّمَ فَقالَ: يا رَسولَ اللَّهِ، مَن أحَقُّ النَّاسِ بحُسْنِ صَحَابَتِي؟ قالَ: أُمُّكَ، قالَ: ثُمَّ مَنْ؟ قالَ: ثُمَّ أُمُّكَ، قالَ: ثُمَّ مَنْ؟ قالَ: ثُمَّ أُمُّكَ، قالَ: ثُمَّ مَنْ؟ قالَ: ثُمَّ أبُوكَ) واتە: پیاوێک هات بۆلای پێغەمبەری خودا(ﷺ) وتی: ئەی پێغەمبەری خودا، کێ پێشترین کەسە بە هاوەڵیکردنی باش لەلایەن منەوە؟، پەیامبەر(ﷺ) فەرمووی: دایکت"، وتی: پاشان کێ؟، فەرمووی: "دایکت"، وتی: پاشان کێ؟، فەرمووی: "دایکت"، وتی پاشان کێ؟، فەرمووی:"پاشان باوکت".[3]

---

(١) بوخاری١٤١٨، موسلیم٢٦٢٩

(٢) صحیح ابن حبان، الرقم ٥٦٧٦

(٣) بوخاری٥٩٧١، موسلم٢٥٤٨

ئەگەر تەماشای ئەم فەرموودەیەی سەرەوە بکەین، دەبینین پەیامبەر(ﷺ) سێ جار بە پیاوەکەی فەرموو کە دەبێت لەگەڵ دایکیدا باش بێت، ئینجا باوکی، واتا فەزڵی دایک زۆر گەورەیە لای خودا و پەیامبەرەکەی. فەزڵی دایک و باوک هێندە گەورەیە کە پەیامبەر(ﷺ) بە جیهاد ناوی بردووە، بگرە سەریشی خستووە بەسەر جیهاددا، عەبدوڵای کوڕی عەمر(خودا لێیان ڕازی بێت)، وتی: (جَاءَ رَجُلٌ إلى النبيِّ صَلَّى اللهُ عليه وسلَّمَ، فَاسْتَأْذَنَهُ فِي الجِهَادِ، فَقَالَ: أحَيٌّ والِدَاكَ؟، قَالَ: نَعَمْ، قَالَ: فَفِيهِما فَجَاهِدْ) واتە: پیاوێک هات بۆلای پێغەمبەر(ﷺ) داوای مۆڵەتی جیهادی لێکرد، پەیامبەر(ﷺ) فەرمووی: "ئایا دایک و باوکت زیندوون؟"، وتی بەڵێ، فەرمووی: "کەوابوو لەو دوانەدا جیهاد بکە"[1].

لە فەرموودەیەکی تردا، پیاوێک بەناوی "جاهیمە" هات بۆلای پێغەمبەر(ﷺ) وتی: ئەی پێغەمبەری خودا(ﷺ)، دەمەوێت بچم بۆ جیهاد، ئێستا هاتووم تا پرست پێ بکەم. پێغەمبەری خواش(ﷺ) فەرمووی: "ئایا دایکت ماوە؟. ئەویش وتی: بەڵێ. پێغەمبەریش(ﷺ) فەرمووی: "بچۆ خزمەتی بکە، چونکە بەهەشت لەژێر پێی ئەودایە"[2].

لە ئیسلامدا هەندێک جار مافی خودا و مافی دایک و باوک جیا نەکراوەتەوە، ناکرێت کەسێک بڵێت "من لەخودا نزیکم و لەهەمان کاتدا لەگەڵ دایک و باوکیشمدا باش نیم" ئەو کەسەی لەگەڵ دایکیدا باش نەبێت، لە قیامەتدا لە دۆزەخ پارێزراو نییە و لە پەیامبەر(ﷺ) نزیک نییە و کارێکی نەکردووە دەرگای بەهەشتی بۆ بکرێتەوە!

---

(١) المحدث : البخاري | المصدر : صحيح البخاري
الصفحة أو الرقم: ٣٠٠٤ | خلاصة حكم المحدث : [صحيح]

(٢) الراوي : معاوية بن جاهمة السلمي | المحدث : الألباني | المصدر : صحيح النسائي
الصفحة أو الرقم: ٣١٠٤ | خلاصة حكم المحدث : حسن صحيح

لە ئیسلامدا نافرەت نەک تەنیا وەکوو کۆرپە و کچ و ژن و دایک باس لە مافی کراوە، بگرە وەک پوریش-خوشکی دایک- باس لە چاکەکردن لەگەڵیدا کراوە، ئیبن عومەر دەگێڕێتەوە کە "پیاوێک هات بۆلای پێغەمبەر(ﷺ) و وتی: ئەی پێغەمبەری خودا، من گوناهێکی گەورەم ئەنجامداوە، ئایا تەوبەم بۆ هەیە؟، فەرمووی: "ئایا دایکت هەیە؟"، وتی: نەخێر، فەرمووی: "ئایا خوشکی دایکت هەیە؟"، وتی: بەڵێ، فەرمووی: "چاکەی لەگەڵ بکە"[1].

لەکۆتاییدا، خوای گەورە مافی خۆی و مافی بەندەکانی پێکەوە بەستووەتەوە، بۆیە ناکرێت کەسێک بێتە ناو بازنەی ئیسلامەوە و باش نەبێت لەگەڵ مرۆڤەکانی چواردەوریدا، بەتایبەت دایک و باوک و کچ و خوشک و پور و ژنەکانی. باشترینی ئیمانداراني بەستووەتەوە بە باشبوون لەگەڵ هاوسەرەکەیدا، بەدەستهێنانی بەهەشت و دووربوون لە دۆزەخی بەستووەتەوە بە خزمەتکردنی دایک و باوک، واتا ئەگەر کەسێک لەگەڵ دایکیدا باش نەبێت، قیامەتی لە فەوتاندایە، پەیامبەر(ﷺ) نزیکبوونی بەندەی لە خۆیەوە لە ڕۆژی قیامەتدا بەستووەتەوە بە باشبوون و پەروەردەکردن و بەخێوکردنی کچ.

لێرەدا بە ڕوونی دەردەکەوێت کە فروستادەی مرۆڤایەتی (ﷺ) هانی هاوەڵان و ئوممەتەکەی داوە کێبڕکێ بکەن لەگەڵ یەکتریدا لەسەر باشبوون لەگەڵ خێزانەکانیان. پێوەری باشی ئەوەیە بۆ ژنەکەت و دایک و باوک و کچ و خوشک و پورت باش بیت، نەک لەناوخەڵکیدا باش دەربکەویت و چاکەیەکت بۆ خێزانەکەت نەبێت.

---

(١) اسناده صحيح على شرط الشيخين(شعيب)

ئیتر لێرەوە پێوەری قیامەتی هەیە!:

خواسەنتەری کۆتایی بە کێشە و ناکۆکییەکان دەهێنێت!

ئیسلام، وەک دواییین پەیامی پەروەردگار بۆ گرۆی مرۆڤایەتی، پڕۆگرامی ژیان و چارەسەر و سەرچاوەیەکی مەزنە بۆ هێنانەدی مافەکانی مرۆڤ بەگشتی و ئافرەتانە بە تایبەتی. تاکە فیکرێکە کە خاڵی کۆتایی بۆ نەهێشتنی ستەم و بنبڕکردنی گرفتەکانی ئافرەتان داناوە، بە مەرجێک موسڵمانان بە پیاوان و خانمانەوە شوێنکەوتەی ڕاستەقینە و کرداری ئایینەکەیان بن.

لەکۆتاییدا گەیشتین بەوەی کە فێمینیزم هیچی پێ نەبوو بۆ چارەسەری گرفتەکانی خانمان، بە درێژایی چەند سەدەیەک و دەیان ساڵ هەر قوتابخانەیان داتاشی و ئافرەتیان بەرەو ونبوون برد، تا ئەو ڕادەیەی لە تازەترین قوتابخانەیاندا کە قوتابخانەی "فێمینیزمی جێندەریی"یە، ئافرەتیان هەر نەهێشت، ئافرەت لەو دروستکراوەی کە خودا بە شووشە ناوی هێنا، کردیان بە سەگ و پشیلە و هەر بوونەوەرێکی تر کە پێی خۆشبێت! وتیان تۆ دەتوانیت لەمەودوا ڕەگەزی خۆت دیاری بکەیت، دەتوانیت بڵێیت کە "من سەگم، یان گوێدرێژم، یان دەکرێت من پیاو بم! نا... ئەسڵەن هەر نازانم من چ ڕەگەزێکم، دەکرێت هەم نێر بم هەم مێ، دەکرێت هیچیشیان نەبم..."، بۆیە چیدیکە پێویست ناکات لەسەر فێمینیزم بڕۆین و درێژە بە شەپۆڵ و ئاڕاستە و قوتابخانە و کەسایەتییەکانیان بدەین، چونکە وەکوو باسکرا، هەتا قوتابخانەیان زیاتر بێت، گرفتی گەورەتر دروست دەبێت.

ئەسڵەن پێویست ناکات قوتابخانە دروست ببێت! فێمینیزم بۆچی هەبێت؟!

ئەگەر خەڵکی ئایینی ئیسلام پەیڕەو بکەن وەکوو خۆی، چ پێویست دەکات فێمینیزم هەبێت؟! کاتێک زوڵم لە ئافرەت دەکرێت کە یاسایەکی ئیلاهی نەبێت پەیڕەو بکرێت، وەک ئەو زوڵمانەی لە ئایینی زەردەشتی و مەسیحی

و یەهوودی و شارستانییەتی ڕۆم و هیند و یۆنان و تورک و عەرەبی پێش ئیسلامدا لە ئافرەت کراوە، چونکە پیاوانی ئەو سەردەم و ئایینانە خواستر و قیامەتسەنتەر نەبوون، ترسێکی قیامەت لە دڵیاندا نەبوو تا ڕێگری بکات لەوەی بۆ ئافرەتان خراپ بن، کاتێکیش فێمینیزم وەک پەرچەکردار دروست بوو، کێشەکانی قوڵتر کردەوە، فێمینیزم پەیامێکی نەبوو بۆ پیاوان تا مافی ئافرەتان بپارێزن، بەڵکوو گۆڕانکاری لە سیستم و فیترەتی ئافرەتدا کردوو پێگەی ئافرەتیان گۆڕی، ئەمەش کارەسات بوو، ئەم پەرچەکردارە نەک مامەڵەی پیاوانی نەگۆڕی، بگرە مامەڵەی ئافرەتی گۆڕی و ئافرەتی کرد بە پیاوی پلە دوو.

نە ڕێککەوتن نامەی سیداو و نە قوتابخانەکانی فێمینیزم و نە دیموکراسیەت و سۆسیالیزم و نە عالەمانییەت نە مارکسیزم و نە هیچ یاسانامەیەکی جیهانی نەیانتوانی برینەکانی ئافرەتان تیمار بکەن، دەرمانێکیان پێ نەبوو!

واتا فێمینیزم چارەسەری پێنەبوو...

بەڵام ئیسلام چارەسەری بۆ هەردوو ڕەگەز پێیە، ئیسلام تەنیا پەیامێکی ئیلاهی نییە بۆ ئەوەی کە مرۆڤەکان لە ڕۆژێکدا پێنج جار نوێژ بکەن و لە دوازدە مانگێک بەڕۆژوو بن و لە سەروەتەکەیان بڕێک ببەخشن بۆ ئەوەی قیامەت بەدەست بهێنن، بەڵکوو پەیامێکە بۆ ژیانکردن بە شێوەیەکی ئەخلاقییانە، لە ئیسلامدا دەبێت پەرستشە ئیمانییەکان کاریگەرییان لەسەر مامەڵەی ئەخلاقی بەندەکان هەبێت، {إِنَّ الصَّلَاةَ تَنْهَىٰ عَنِ الْفَحْشَاءِ وَالْمُنكَرِ} دەی بەخوا ئەو کەسەی خراپە دەکات، نوێژەکەی تەواو نییە! نوێژ ڕێگری دەکات لەوەی کە بەندەکەی خراپە بکات، ئەگەر کەسێک هەر خەریکی خراپە بێت، ئەوا نوێژ ناکات، با دایمە لە مزگەوتیش کەوتبێت. ئاگای لە نوێژەکەی نییە، خۆ بەوە نییە کە جوڵەکان دەکات! ئاساری نوێژ، ڕێگریکردنە لە خراپە. چی

لەوە خراپترە کە مرۆڤ لەگەڵ دایک و کچ و هاوسەر و خوشک و پوریدا خراپ بێت؟! دەی ئەمە خراپەیە و نوێژیش ڕێگری دەکات لە خراپە، بۆیە ئیسلام پەیامێکە قیامەت و دونیا پێکەوە کۆدەکاتەوە، ئەگەر کەسێک بزانێت لە قیامەتدا لێپرسینەوەی لێ دەکرێت و دەچێتەوە بەردەستی خودا، بوێری ئەوە ناکات مامەڵەی خراپ لەگەڵ ڕەگەزی بەرانبەردا بکات.

کاتێک بەندە درک بەوە دەکات کە سەرەنجام و دواڕۆژی لەدەست اللەیە و ناتوانێت لێی هەڵبێت، ئیتر هەموو گیان و وجوودی پڕ دەبێت لە ترس و هەست دەکات بە مەسئولیەت، وردە وردە لە وەڵامدانەوەی پرسیارەکانی خەڵکی هەڵدێت و بەرەو وەڵامدانەوەی پرسەکانی ئیلاهی دەڕوات، چونکە دەزانێت لەبەرانبەر خودادا لێپرسراوی هەیە، ئەگەر هەر ڕۆژێک تاوان ئەنجام بدات ڕووی نایەت تەماشای ئاسمان بکات، چونکە دەزانێت پێچەوانەی مەبەستی بوونی کردووەتەوە و بەو حاڵەوە ناتوانێت وەڵامی خودا بداتەوە، ئاخر چۆن تەماشای ئاسمان بکات؟ لەکاتێکدا دەزانێت اللە بەو سەرەوە تەماشای دەکات و کۆمەڵێک پرسیاری بۆ ئامادە کردووە! ئەم چۆن وەڵامی ئەوە بداتەوە کە چۆن ژیانی بەسەر بردووە؟ چۆن مامەڵەی لەگەڵ ئیمکانات و نیعمەتەکانی خودادا کردووە؟

کاتێک دەزانێت ڕۆژێک دێتە پێشەوە و دەکەوێتە بەردەم ئەو موحاکەمە و لێپێچینەوانە، ترس و لەرز گیانی داگیردەکەن و دڵی لەناو سینەیدا دەزریکێنێت، هەموو ئەندامەکانی دەقیژێنن و پێی دەڵێن شوێن نەفست مەکەوە، لەگەڵ خەڵکی و دایک و باوک و میردەکەت و ژنەکەت و خوشک و برا و پور و مام و خاڵ باشبە و مافەکانیان بدە، با لەو ڕۆژەدا بە سەرشۆڕی و ڕووڕەشی نەچینەوە بەردەم پەروەردگار.

بۆیە ئیتر ئەم بەندەیە کارێک دەکات و هەوڵ دەدات بە ڕووسووری و

سەربەرزی بگەڕێتەوە لای اللە و خۆشبەختی ئەبەدی بەدەست بهێنێت.

کاتێک بەندە دەزانێت زاتێک هەیە بەو سەرەوە چاودێری دەکات و، دەزانێت ئەو زاتە ڕازی بوونی خۆی بەستووەتەوە بە ڕازی بوونی دایک و باوکەوە، ناوێرێت مافی دایک و باوکی نەدات و باش نەبێت لەگەڵ ژنەکەیی و، کچەکەی زیندەبەچاڵ بکات. بەندە لە ئیسلامدا هەوڵ دەدات مافی پەرستشی خودا بدات، دەشزانێت ناتوانێت مافی خودا بدات تا مافی بەندەکانی خودا نەدات، بۆیە لە ئیسلامدا ئامانجەکە گەورەترە، ئامانجەکە ڕازیبوونی خودایە، ئەو خودایەی کە مرۆڤی هێناوەتە بوون و نیعمەتەکانی خۆی بەسەردا ڕشتووە و دەیڕێنێت و دواتر دەیهێنێتەوە بەردەستی خۆی تا لێپێچینەوەی لەگەڵدا بکات لەسەر چۆنیەتی ژیانکردن و بەکارهێنانی نیعمەتەکانی، بۆیە لێرەدا بەندە بۆ ئەوەی لە لێپێچینەوەی ئیلاهی دەربچێت، ناچارە باش بێت لەگەڵ دایک و باوک و خوشک و برا و ژن و کچ و پور و خاڵ و مام و نەنک و باپیر، دەبێت مافی دایکی و ئافرەتانی تر بدات، چونکە دەزانێت ڕازیبوونی خودا پەیوەستە بە ڕازیبوونی ئافرەتێکەوە کە دایکیەتی.

ئەگەر بەندەیەک بیەوێت بەهەشت و قیامەتی خۆی بەدەست بهێنێت و سەرەنجامێکی باشی هەبێت، دەبێت بچێت خزمەتی ئافرەتێکی لاوازی پیری سەر سپی چرچ پێست بکات کە دایکیەتی، چونکە بەهەشت و قیامەتی خۆی لەلای قاچی دایکیەوە دەست دەکەوێت.

هەر لەبەر ئەمەشە کە دەڵێین قیامەتسەنتەری وادەکات مرۆڤ لە هەموو ساتەکانی ژیانیدا، لە منداڵی و ناسکی کچدا، تا گەورەیی و جوانی و تا پیری و پەککەوتەیی، چاکە بکات لەگەڵ ئافرەتدا و مافی بدات.

لە هەموو یاسا مرۆییەکاندا، مرۆڤ کۆمەڵگە و خەڵک دەکات بە چاودێر بەسەر خۆیەوە، بەڵام هەرکاتێک کامێرای کۆمەڵگەی بەسەرەوە نەبوو، زۆر

بە ئاسایی خراپە دەکات، بۆیە لە ئێستادا بە چەندین نموونە دەبینین لە پیاوان کە لەسەر تەلەفزیۆن و میمبەر و کەنالّەکان باسی مافی ئافرەت دەکەن، بەڵام لە ماڵەوە ناهێڵن ژنەکانیان نووزە بکەن و قسە بکەن و دەیانچەوسێننەوە، یان ئافرەتانێک دروست بوون کە بانگەشەی ئازادی و مافی ئافرەت دەکەن، بەڵام کۆرپەکانیان دەکوژن و لەباریان دەبەن و لەژێرەوە خیانەت لە مێردەکانیان دەکەن!

بەڵام چاودێری خودایی هەمیشەییە، بەندە کە خوای ناسی، دەزانێت زاتێکە بینایی هەیە و بیسەرە، زانایە و بەئاگایە بەوەی کە مرۆڤەکان ستەم دەکەن یان نا، هەر بۆیە کاتێک ژیانی باشترین نەوەی مرۆڤایەتی دەخوێننەوە، کە هاوەڵانن و دواتر تابعین و تابعی تابعینن، دەردەکەوێت ستەمکردن لە ئافرەتان هەر بوونی نەبووە، بەڵکوو ژنانی ئەو سەردەمە زۆر لە مێردەکانیان ڕازی بوون و پێیان وابووە هیچ پیاوێک نییە لە مێردەکانیان باشتر بێت.

بۆیە دەڵێین کاتێک مرۆڤ قیامەت سەنتەر بوو، لە دونیاشدا مافی مرۆڤەکان دەدات بە پیاو و ژنەوە.

ئافرەت لەنێوان قوتابخانە فێمینیستییەکان و ئیسلامدا:

بەو چەشنەی کە باسکرا، دەردەکەوێت کە ئاڕاستە فێمینیزمییەکان ململانێ دەخەنەوە نێوان ڕەگەزی «(نێر» و «مێ»وە؛ وەک «قوتابخانەی فێمینیستی ڕادیکاڵ» کە ئەم قوتابخانەیە زیاتر لە کیشوەری ئەمریکای باشوور و ئەمریکا و چیک و هەنگاریا هەیە. هاوفکرێکی زۆریشیان لە ئەڵمانیا و بەلجیکا و پۆڵەندا هەیە. فێمینیزمی ڕادیکاڵی لەنێو فێمینیزمی شەپۆلی دووەمدا لە شەستەکانی سەدەی ڕابردوو سەر هەڵدا. تێڕوانینێکە لەنێو فێمینیزمدا کە داوای دووبارە ڕێکخستنەوەیەکی ڕادیکاڵی کۆمەڵگا دەکات کە تێیدا باڵادەستی پیاو لە هەموو چوارچێوەیەکی کۆمەڵایەتی و ئابووریدا

لابربێت. پێیان وایە لە بنچینەدا کێشەی ئافرەت پیاوە، ئەگەر دەسەڵاتی پیاو لابربێت ئەوا ئافرەت کێشەی نابێت. داوا لە ژنان دەکەن کە پیاو لابدەن لە ژیانیاندا و ڕووبەڕوویان ببنەوە و داوای جیاکردنەوەی کۆمەڵگەی ژنان لە پیاوان دەکەن.

«شولامیث فایەرستۆن» لە دیالێکتێکی سێکسدا دەڵێت: "ئامانجی شۆڕشی فێمینیستی دەبێت بە پێچەوانەی بزووتنەوەی فێمینیستی یەکەم بێت، نەک تەنیا سڕینەوەی ئیمتیازی نێر، بەڵکوو لە جیاکاریی سێکسی خۆی دەبینێتەوە. فێمینیستە ڕادیکاڵەکان پێیان وایە جیاوازی لە زاوزێ و تایبەتمەندییە سێکسییە لاوەکییەکان نابێت لە ڕووی کەلتووری و سیاسییەوە گرنگ بێت."

یان قوتابخانەی فێمینیزمی مارکسیستی و سۆسیالیستی و هاوڕەگەزبازی و کولتووری، کە ئەوانیش بە هەمان شێوە باس لەوە دەکەن دەبێت ئافرەت جیا بێت لە پیاو لەڕووی دارایی و سێکسی و جەستەییەوە.

ئەم تێڕوانینەی فێمینیستەکان ڕقێکی زۆر لەنێوان چینەکانی کۆمەڵگا دروست دەکات. دەکرێت بوترێت دیوارێکە لەنێوان ئافرەتان و پیاواندا کە بە خشتی ڕق دروستکراوە. چی دیکە نابێت ئافرەت لە پیاو نزیک ببێتەوە و پیاویش هیچ پەیوەندییەکی بە جیهانی ئافرەتانەوە هەبێت، دەبێت ببن بە دوو بوونەوەری جیا.

بەڵام شەریعەتی ئیسلام تێڕوانینێکی زۆر جیاوازی بۆ پەیوەندی نێوان ئافرەت و پیاو هەیە.

لە فەرهەنگی قورئاندا، خانمان و پیاوان دۆست و پشتیوانی یەکترین، پێکەوە هانی کۆمەڵگا دەدەن کە کاری چاکە بکەن، ﴿هُنَّ لِبَاسٌ لَّكُمْ وَأَنتُمْ لِبَاسٌ لَّهُنَّ﴾ واتا: «ئەوان پۆشاکن بۆ ئێوە و ئێوەش پۆشاکن بۆیان».

﴿وَالْمُؤْمِنُونَ وَالْمُؤْمِنَاتُ بَعْضُهُمْ أَوْلِيَاءُ بَعْضٍ ۚ يَأْمُرُونَ بِالْمَعْرُوفِ وَيَنْهَوْنَ عَنِ الْمُنكَرِ وَيُقِيمُونَ الصَّلَاةَ وَيُؤْتُونَ الزَّكَاةَ وَيُطِيعُونَ اللَّهَ وَرَسُولَهُ ۚ أُولَٰئِكَ سَيَرْحَمُهُمُ اللَّهُ ۗ إِنَّ اللَّهَ عَزِيزٌ حَكِيمٌ﴾ [التوبة:١٧] واتە: «باوەڕدارانی پیاو و ئافرەت هەندێکیان دۆست و خۆشەویست و سەرخەری هەندێکی تریانن، فەرمان دەکەن بە چاکە و ڕێگری دەکەن لە خراپە، هەروەها نوێژەکانیان ئەنجام دەدەن و زەکاتی مالەکانیان دەدەن. گوێڕایەڵی خوا و پێغەمبەرەکەی دەکەن. هەرکەسێک ئەم سیفەتانەی تێدا بێت، خودای گەورە ڕەحم بەو کەسانە دەکات. بەڕاستی خودای گەورە زۆر بە عیزەت و باڵادەست و کار بە جێیە».

لە تێڕوانینی قورئاندا, هاوسەران هۆکارن بۆ ئاسودەیی و دڵنەوایی یەکتر، پێویستە هاوسەرە باوەڕدارەکان خۆشەویستی و سۆز و میهرەبانی لەنێوانیان هەبێت. منەتی کردووە بەسەر پیاواندا کە ئافرەتانی بۆ دروستکردوون، وەک خودا لە قورئاندا دەفەرموێت: ﴿وَمِنْ آيَاتِهِ أَنْ خَلَقَ لَكُم مِّنْ أَنفُسِكُمْ أَزْوَاجًا لِّتَسْكُنُوا إِلَيْهَا وَجَعَلَ بَيْنَكُم مَّوَدَّةً وَرَحْمَةً ۚ إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَآيَاتٍ لِّقَوْمٍ يَتَفَكَّرُونَ﴾.

لە «قوتابخانەی ئیسلامی»دا ئافرەتان و پیاوان فێردەکرێن کە پێکەوە کۆمەڵگە بەرەو پێشەوە ببەن و بەرپرسیاریێتی هەڵبگرن؛ وەک پێغەمبەر موحەممەد (ﷺ) لە فەرموودەیەکدا کە ئیمامی بوخاری و موسلیم (ڕەحمەتی خوایان لێ بێت) ڕیوایەتیان کردووە دەفەرموێت: «هەر یەک لە ئێوە وەک شوانێکە و بەرپرسیارە لەوەی خراوەتە بەردەستی و متمانەی پێیەتی، فەرمانڕەوا شوانە بۆ ئەوانەی متمانەیان پێیەتی، پیاو شوانی خانەوادەکەیەتی، ئافرەت بەرپرسیارە لەوەی ڕێزی ماڵ و مێرد و منداڵەکانی بگرێت و چاودێریان بکات، کەواتە هەموو کەسێک شوان و بەرپرسیارە، بەرانبەر ئەوەی لەژێر دەستییەتی و بەرانبەر ئەوانەشی متمانەی پێ دەکەن».

واتە ئافرەت و پیاوان نابێت وەک دوژمن سەیری یەکتری بکەن، بەڵکوو

هەردووکیان دوو دروستکراوی خودان و بەرپرسیاریێتی جیایان هەیە. پیاو بەرپرسە لە خوشک و دایک و کچ و هاوسەرەکەی، خانمانیش بەرپرسن لە باوک و برا و کوڕ و میێردەکانیان.

ژن مافی هەیە بەسەر میێردەکەیەوە و پیاویش مافی هەیە بەسەر هاوسەرەکەیەوە. پێکەوە پۆشاکن بۆ یەکتری و ئافرەتان قەڵایەکن بۆ میێردەکانیان، پێکەوە تەواوکەری یەکترین.

کەواتە ئەگەر ئەم مامەڵە و تێگەیشتنە هەبێت لەنێوان ئافرەت و پیاودا، لەنێوان ژن و میێرد، و خوشک و برادا، چ پێویست دەکات بزووتنەوەیەک هەبێت بەناوی فێمینیزم (داکۆکیکاری مافی ئافرەتان)، یان بزوتنەوەیەکی تر بەناوی «داکۆکیکاری مافی پیاوان»؟

خودا باس لە مافی مرۆڤ دەکات نەک تەنیا مافی یەک ڕەگەز! نەک بەو چەشنەی نێر دەڵێت تەنیا مافی «نێر» و مێ دەڵێت تەنیا مافی «مێ»!

پەیامی کۆتایی و وتاری ماڵئاوایی

ئێستا ئافرەت ون بووە!

ئەوەی لە کۆتایی گەشتەکەماندا پێی گەیشتین، فێمینیزم بە هەموو قوتابخانە و ڕێبەرەکانیەوە بە درێژایی چەندین ساڵ و چەند سەدەیەک، نەیتوانی کێشەی ئافرەت چارەسەر بکات؛ بەڵکوو ڕۆژ بەڕۆژ لەگەڵ زیادبوونی قوتابخانەی فێمینیزم و ڕەوتەکانیەوە، کێشەکانی ئافرەت بەرەو هەڵکشان دەڕۆن و زیاد دەکەن. بگرە لەنێو خۆشیاندا ئێستا یەکتریان قبووڵ نییە. ئێستا کە فێمینیزمی ڕادیکاڵ و جێندەری لە بازاڕەکەدان، نەک هەوڵی چارەسەری گرفتەکانی ئافرەتان نادەن لە ئەرزی واقیعدا، بەڵکوو بەتەواوی خەریکە ڕەگەزی ئافرەت دەگۆڕن و نەوتی زیاتر بە جەنگی نێوان ژن و پیاودا دەکەن، ئێستا فێمینیستەکان ناتوانن ئافرەت بناسێنن و وەڵامی پرسی «ئافرەت چییە؟» بدەنەوە. هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ونکردن و دوورخستنەوەی ئافرەت لە فیترەت و سرووشتی خۆی. دوورخستنەوە لەو ڕەگەزەی کە هۆکار بووە بۆ دروستبوونی، لەو ڕەگەزەی کە دەیەوێت باوکی بێت و گەورەی بکات، برای بێت و پشتیوانی بێت، میێردی بێت و هاوڕێ و هاوەڵی ژیانی بێت، کوڕی بێت و لە پیریدا لە خزمەتیدا بێت.

دەی بێگومان ناتوانن چەمکی ئافرەت پێناسە بکەن؛ چونکە ئەگەر پێناسی شارێک بریتی بێت لە (خەڵک و دار و درەخت و جادە و کۆڵان و خانوو و باڵەخانە و دامودەزگاکان)، ئەوا ئەگەر ئەمانەی لێ لابببەیت، شار نامێنێت. ئەگەر سروشتێکی جوان پێکهاتبێت لە (چیا و تاڤگە و سەوزایی و درەخت و

دۆڵ و دەنگی ئاژەڵان و بای ئێواران)، ئەگەر هەرکام لەم دیمەنانە لابببەین شتێک نامێنێت بە ناوی دیمەنی «سرووشتێکی جوان». سروشت بەبێ (تاقگە و چیا و سەوزایی درەخت و ئاو) کەی جوانە؟! کێ حەز دەکات بۆ سەیران کردن بچێتە شوێنێک کە ئەم دیمەنانەی لێ نەبێت؟!

ئەگەر بمانەوێت پێناسی کراسێک بکەین، لە جۆری قوماشەکەیەوە دەست پێدەکەین؛ کە ئایا ئاوریشمە یان خوری و لۆکە؟ یان چ نەخشێکی تێدا بەکارهێنراوە، زستانەیە یان هاوینە؟، ئەگەر بێت و قوماش بوونی نەبێت، نەخشێک بوونی نەبێت، ئەوکاتە شتێک بوونی نابێت بەناوی «کراس»ەوە و ناتوانین وەڵامی ئەو پرسیارە بدەینەوە کە «کراس چییە؟)».

پێناسی ئافرەتیش بریتییە لە خێزان (دایک و باوک و کچ و خوشک و برا و میرد و ژن و نەنک و باپیر). ئافرەت ئەگەر نەبێت بە کچی پیاوێک یان ژنی پیاوێک یان دایکی کوڕێک، پێی ناوترێت ئافرەت. وەکوو چۆن پیاو کاتێک پێی دەوترێت پیاو، کە باوکی کچێک بێت و میردی خانمێک بێت و کوڕی دایکێک بێت.

لە کوردەواریدا بە ژن و میرد دەڵێن (تەواوکەری یەکتری). واتا بوونی یەکێکیان بەستراوەتەوە بەوی تریانەوە، بێ ڕەگەزی بەرانبەر ئەمەی تریان ناتەواوە. چۆن ئەگەر شوێنێک باڵەخانە و داموودەزگا و جادە و ماڵ و خەڵکی تێدا نەبێت پێی ناوترێت «شار» کە پێناسی شار ئەمەیە؛ بەهەمان شێوەش ئافرەت کاتێک پێناس دەکرێت کە ڕەگەزی بەرانبەری لەگەڵدا بێت و بەو شێوازە بژین کە خالق بۆی دیاری کردوون. خۆ فێمینیستەکانی شەپۆلی یەکەم پیاویان قبوولْ بوو، بەڵام کەتەلۆکی چۆنیەتی ژیانکردنیان پێ نەبوو. بۆیە هەمیشە گرفتیان لەگەڵ پیاوەکانیان هەبوو یان پیاوەکانیان خراپ بوون. بۆیە ئێستا گەیشتوون بەوەی کە هەر لە پیاو دوور بن؛ بەڵام کەوتوونەتە تاریکاییەکەوە

کە خۆیان لەدەست داوە نەک تەنیا پیاو. وەکوو چالاکوانی ئەمریکی «مات والْش» لە ژینگەیەکی ڕۆژئاواییدا لە دۆکیومێنتاریە بەناوبانگەکەی بە ناوی «ئافرەت چییە؟)» پرسیار لە پسپۆرانی بواری جێندەر و فێمینیست و دکتۆری نەشتەرگەری ڕەگەزگۆڕ دەکات «ئافرەت چییە!». بەڵام کەسێک نییە وەڵام بداتەوە و بزانێت ئافرەت چییە! ئەم ونبوونەی ئافرەت بەرهەمی فێمینیزمە. فێمینیزم ئافرەتیان بەرەو ونبوون و نەمان و فەوتان برد.

چارەسەر چییە؟!

پاش باسکردنی فێمینیزم و شوێنکەوتنی ئیسلام و وەڵامدانەوەی گومانی فێمینیستەکان لەسەر ئیسلام، ئەوەی دەمێنێتەوە ئاشتکردنەوە و گەیاندنەوەی دوو ڕەگەزەکەیە بە یەکتری لە ئەرزی واقیعدا. هەم دید و تێڕوانینی فێمینیستەکان باسکرا سەبارەت بە ئافرەت و ژیان، هەم دید و تێڕوانینی پێغەمبەر(ﷺ) و شەریعەتی ئیسلام بۆ ئافرەت و ژیانکردن، هەم دیدی شارستانییەتەکانی مێژوو و ئایین و فەیلەسووفەکان و زانست. دیدی هیچ کامیان وەکوو دیدی ئیسلام شیاوی ئافرەت نەبوو، ئیسلام ئافرەتی وەکوو ئافرەت ناساند، نەک ڕکابەرێکی پیاو، وەکوو هاوسەرێکی پیاو ناساندنیی نەک دوژمنی.

پێغەمبەر(ﷺ) نزیکبوونەوەی پیاوان لەخۆی دەبەستێتەوە بە باشبوونی پیاون لەگەڵ کچەکانیان. وەکوو لە فەرموودەیەکیدا دەفەرموێت: «هەر کەسێک دوو کچ پەروەردە بکات تاوەکوو پێدەگەن و باڵغ دەبن، ئەوا لە ڕۆژی قیامەتدا پێکەوە ئاوا دەبین(هەردوو پەنجەی جووتکرد)»[1]. واتا ئەگەر کەسێک بۆ کچەکەی بەم چەشنە باش بێت، ئەوا لە قیامەتدا بەم چەشنە لێم نزیک دەبێتەوە. پەروەردەکردنی ڕەگەزی مێ بە نزیکبوونەوەی لە خۆی

(١) رواه مسلم ٢٦٣١

ڕادەگەیەنێت. پاش ئەوەی ئەم کچەش گەورە بوو، بە مێردەکەی دەڵێت: (خیرکم خیرکم لأهله وأنا خیرکم لأهلي)[1] واتا: «باشترین کەستان ئەوانەن کە باشترن بۆ خاوخێزانەکانیان، منیش لە هەموتان باشترم بۆ خێزانەکانم». لێرەشدا دیسانەوە باشی پیاوان دەبەستێتەوە بە باشیی مامەڵەیان لەگەڵ ژنەکانیان، دواتر کە ئەم ژنەش کەوتە تەمەنەوە و پیر بوو، بە کوڕەکەی دەڵێت: «دەبێت چاودێری بکەیت و لە خزمەتیدا بیت، چونکە ئەو بەهەشتەی تۆ هەوڵی بۆ دەدەیت، لەژێر پێی دایکتدایە».

پەیامبەر(ﷺ) خۆشی پێشەنگی خەڵکی بووە لەم بوارەدا و لە یەکەم پەیامی وەحیدا چووە مااڵوە بۆ لای خێزانەکەی کە خەدیجە بوو. لە کاتی گرفت و ناڕەحەتییەکانیشدا ڕاوێژی بە خێزانەکانی دەکرد. بە پیاوانی دەوت ئافرەتان وەکوو شووشە وان و دەبێت بە ناسکییەوە مامەڵەیان لەگەڵ بکەن. لەکاتی خۆشیشدا یاری لەگەڵ خێزانەکانیدا دەکرد و پێشبڕکێی لەگەڵ دەکردن. بە هاوەاڵنی دەوت: «دونیا خێر و خۆشییە، گەورەترین خۆشی دونیاش ئافرەتێکی چاکە». کەیسی ئافرەت هێنده لای پەیامبەر (ﷺ) شکۆدار و گرنگە کە تەنانەت لە وتاری مااڵواییشدا بیری گەلەکەی دەخاتەوە و وەسیەتی بۆ کردن و فەرمووی: «ئافرەتان ئەمانەتی پەروەردگارن بۆ ئێوە». تا لە کۆتایی ژیانیشیدا خێزانەکانی بەدەوریەوە بوون و هەموویان ناڕەحەت ببوون کە ئەم پیاوە بەجێیان دەهێڵێت. بۆیە صەفیەی خێزانی هێندەی خۆش دەویست خۆزگەی دەخواست کە خۆی لەباتی مێردەکەی کە پێغەمبەرە(ﷺ) وەفاتی بکردایە. ئەوەبوو لەکۆتاییدا پەیامبەر(ﷺ) سەری خستبووە سەر ڕانی عائیشە و لای خێزانەکانی بوو ئینجا وەفاتی کرد. پەیامبەر هەم لە کۆتا وتاریدا هەم لە کۆتا دێڕەکانی تەمەنیدا بە پیاوانی دەوت ئاگاتان لە ئافرەتەکانتان بێت. ئەمەش بە واتای ئەوەی کە پەیامبەر(ﷺ) لەگەڵ خێزانەکانی زۆر بەباشی

(١) صحيح ابن حبان، الرقم ٥٦٧٦

مامەڵەی کردووە و پێکەوە بە خەڵکییان وتووە بۆ یەکتری وەکوو ئێمە بن(واتا وا باش بن لەگەڵ هاوسەرەکانتان). بۆیە دایکە عائیشە و خێزانەکانی تری پەیامبەر تا پیریش ببوون خزمەتی فەرموودەکانی پەیامبەریان(ﷺ) دەکرد و بە خەڵکییان دەگەیاند.

ئەو فەرموودانەیان بە خەڵکی دەگەیاند کە پەیامبەر(ﷺ) تێیدا فەرموویووی «گەورەترین خۆشی دونیا ئافرەتێکی چاکە» یان «ئافرەتان ئەمانەتی پەروەردگارن بۆ ئێوە»، «هەرکەسێک دوو کچ بەپێزەوە پەروەردە بکات لە قیامەتدا لە منەوە نزیک دەبێت»، «نەرمونیان بن بەرانبەر شوشەکان، باشترینتان ئەوەیە کە باشترینە بۆ خێزانەکانی...».

کۆتایی: ٢٠٢٣/٦/٤: سولەیمانی.

و صلی الله علی ئەو بەحری نووری عیلم و عیرفانە

کە دەرکی غەوری ناکا غیُر علم الله سبحانە

و صلی الله علی ئەو زاتی پاکی قودسی ئایاتە

کە ئەخلاقی پەسەندیدەی جەنابی حەیی مەننانە

"مەحوی"

وَالْحَمْدُ لِلَّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ

سەرچاوەکان

لە پاش قورئانی پیرۆز

١- تەفسیری ڕێبەر

٢- تەفسیری ڕامان

٣- تەفسیری تەبەری

٤- سەحیحی موسلیم

٥- سەحیحی بوخاری

٦- سونەنی ئەبو داود

٧- صحیح ابن حبان

٨- جامع الترمذي

٩- مسند احمد بن حنبل

١٠- مەشخەڵی سوننەتی پێغەمبەر(ﷺ)

سەرچاوە کوردییەکان:

١- سەربوردەی ژن لە شارستانییەتەکاندا: شا توڕابی.

٢- فێمینیزم و هاوڵاتیبوونی یەکسان: سازگار عەبدول صالح

۳- ژنان له کۆمەڵگەدا، له فارسییەوە: مەجیدی مارابی

٤- ئاشنابوون به سیمۆن دی بۆڤوار

٥- گفتوگۆ لەگەڵ سیمۆن دی بۆڤوار

٦- فێمینیزم له چیرۆکەکانی شێرزاد حەسەندا: ئەڤین ئاسۆس

۷- دۆزی ئافرەت: د. عەبدولوەهاب مەسیری.

۸- ئیسلام و کاریگەری لەسەر شارستانییەت و چاکەی بەسەر مرۆڤایەتییەوە،: ئەبولحەسەنی نەدەوی.

۹- هونەری ڕەفتار لەگەڵ ژنان: ئارسەر شۆپنهاوەر

۱۰- هاوسەرایەتی و ئەخلاق: بێرتراند ڕاسڵ

۱۱- ئافرەت له دیدی مەلای گەورەوە: ئاڵا دارا عەبدولمەجید

۱۲- بوونیادی ئافرەتی موسڵمان: د. موحسین عەبدولمەجید.

۱۳- ئایا نێر و مێ دوو ڕەگەزی یەکسانن؟!: د. سیروان ئەحمەد قادر ئەمین

۱٤- چەند ژنی، لەنێوان فیقهی ئیسلامی و ویستی پیاواندا: نەوا موحەممەد سەعید

۱٥- بەڵگەکانی بوونی خوا: د. سامی عامری.

۱٦- حەقیقەتی ئیلاهی: حەمزە ئەندریاس تزۆرتزیس.

۱۷- ئیلحاد، بنکەنکردنی دیوارێکی لەرزۆک: زانا سەلام.

۱۸- چل پەیام بۆ ئافرەتان: د. ئیحسان بورهانەدین.

۱۹- بەڵگەکانی پێغەمبەرایەتی: د. عەبدولواحید

۲۰- یاران، ئەستێرەکانی ئاسمانی ئوممەت: نیهاد جەلال

۲۱- بوونەوە بە خانم: د. ئەیاد قونەیبی

۲۲- هەتوان: د. موتلەق جاسر

۲۳- دەسەڵاتی ئێمەی ژنان: نووسەر: هلن لورنز رابینز، وەرگێڕانی: شنۆ میهرپەروەر

۲٤- بزووتنەوەی فێمینیزم: کۆمەڵێک نووسەر لە دەزگای ئایدیا.

۲۵- بنەما فەلسەفییەکانی بیرکردنەوەی فێمینیستی خۆرئاوایی: خەدیجە ئەلعەزیزی.

۲٦- فێمینیزم و ئاڕاستەکانی لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا: هاوڕێ حەسەن

۲۷- چۆن لە فێمینیزم بڕوانین: تریفە عەلی

۲۸- ڕاستییەکی ون بوو: فەرمان خەرابەیی

۲۹- لە پێغەمبەرەوە(ﷺ) فێردەبین: نیهاد جەلال

۳۰- فێمینیزم: کۆمەڵێک نووسەر: سەرپەرشتی: ڕۆزا شێخانی.

۳۱- وتەکان: م. سەعیدی نوورسی

۳۲- بریسکەکان: م. سەعید نوورسی

۳۳- ئافرەت و کولتوور: سەلام ناوخۆش

۳٤- ئافرەت لە شارستانییەتی ئیسلامدا: د. عەلی جمعە محمد

۳۵-ژن لە سەردەمی دیموکراسیدا: ئیسماعیل مەزهەر

۳٦-ئافرەت لە کۆمەڵگەی ئیسلامدا: عەلی سالّح میران

۳۷-سەردەمی ژن: کۆمەڵێک نووسەر

۳۸-ژن و فەلسەفە، فەلسەفەی جێندەری: سامالّ مانیی

۳۹-پێمەڵێن: کنێر عەبدولّا.

٤۰-دۆمینیک ئەستریناتی: فێمینیزم و کەلتووری گشتی، وەرگێڕانی لە فارسییەوە: ڕێبین هەردی.

٤۱-ژان بۆدیار، پۆست مۆدێرنێتی: ئازاد حەمە.

٤۲-دەروازەیەک بۆ میتۆدەکانی ڕەخنەی هاوچەرخ: و.د.موحەممەد تاتانی، چاپی یەکەم.

٤۳-فروغ فرۆغزادە، یەکەمین ترپە عاشقەکانی دلّم، وەرگێڕانی: ڕەئووف بێگەرد و شەیدا سەلّاح.

ئەو مالّپەڕ و وتار و توێژینەوە کوردییانەی وەکوو سەرچاوە بەکارهاتوون:

۱-مالّپەڕی ژنەفتن.

۲-مالّپەڕی پێنوس.

۳-سیمۆن دی بۆڤوار و بزووتنەوەی ژنان؛ن. کلّۆدیەن مونتی لە فارسییەوە، ڕێباز مستەفا.

٤-ڕەهەندەکانی فێمینیزم: کنێر عەبدولّا.

٥- چەردەیەک لەبارەی فێمینیزم و جۆرەکانی: هەتاو.

٦- فێمینیزم یەکسان نییە بە فێمینیزم: هێرۆ خوسرەوی.

٧- تیۆر و مێژووی فێمینیزم: وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: مەهاباد قەرەداغی.

٨- کورتە مێژووی فێمینیزم: سەید عەبدولمەجید زواری.

٩- جۆرەکانی فێمینیزم و جیاوازییەکانیان: مالپەڕی شارپرێس.

١٠- فێمینیزم و فێمینیزمی کەلتووری: د. چۆمان هەردی.

١١- وانە ڤیدیۆییەکانی کۆرسی فێمینیزم لە مالپەڕی ئاستانە، ئامادەکردن و پێشکەشکردنی "دکتۆرە بێخاڵ ئەبوبەکر".

سەرچاوە ئینگلیزییەکان:

1- The story of Civilization: Will Durant.

2- A History of Feminism In Western Society: Marlin Le Gate.

3- The Second Sex: Simone de Beauvoir.

4- The collective memory and challenges of feminism: Amelia Varcarcel

5- The Variety of Feminism and their Contribution to Gender Equality: Judith Lorber.

6- Is Aristotle a Misogynist?: Christopher staves.

7- Feminist Political Theory, An introduction: Valarie Bryson.

8- An Introduction: Feminist Perspectives: Penny A. Pasque.

9- Most Important Laws Concerning Women: Barbara Leight Smith

Bodichon.

10- Feminism: A Very Short Introduction: Margaret Walters.

11- Feminism: Andrée Michel.

12- Feminism And Postfeminism: Sarah Gamble.

13- Spartan Women: Sarah B. Pomeroy

14- Women In The Classical World: (Elaine Fantham - Helene Peet Foley - Natalie Boymel Kampen - Sarah B. Pomeroy - H. A. Shapiro).

15- A Vindication of the rights of woman: Mari Wollstonecraft.

16- Feminism: Jean Friedman.

17- The city of ladies: Christine de Pizan.

18- Spirit Of Laws: Baron De Montesquieu.

19- The Ascent of Nature in Darwin's Descent of Man: John R. Durant.

20- Kevles, B., Females of the Species: Sex and Survival in the Animal Kingdom, Harvard University Press, Cambridge, MA,1986.

21- The Autobiography of Charles Darwin: Charles Darwin. 1809-1882.

22- The Crowd: Gustave le Bon.

23- Feminist Manifesto: Chimamanda Ngozi Adichie.

24- Feminist Through: Tong R.

25- Life and Teachings of the Prophet Muhammad: Farida Khanam.

26- The Personal Is Political; The women,s libration movement: Ann Popkin

27- Alcoff, L 'Cultural Feminism versus Poststructuralism: The Identity Crisis in Feminist Theory'.

ئەو مالپەڕ و چەنالّ و توێژینەوە ئینگلیزییانەی سوودیان لێبینراوە.

1- The women of Sparta: Steven Pressfield.

2- Aristotle, generation of animals. A.L.PECK, Loep Classical Libarery (Cambridge, MA,: Harvard Press, 1943). Reprinted with permission.

3-Carl Vogt, Lectures on Manp. 192

4- Functionalism, Darwinism, and the Psychology of Women: Stephanie A. Shields.

5- researchgate.com

6- BBC NEWS.

7- The Sun.

سەرچاوە عەرەبییەکان:

١- النسوية: فكرها واتجاهاتها: نورة فرج سعيد.

٢- المرأة في القرآن: عباس محمود العقاد.

٣- المرأة بين الفقه والقانون: الأسفار المدسة في الأديان السابقة الإسلام: د علي عبدالواحيد.

٤- عودة الحجاب، محمد أحمد إسماعيل المقدم.

٥- عوده الحجاب/ المرأة بين تكريم الإسلام وإهانة الجاهلية.

٦- فيمينزم، مفهومها، اصولها النظرية وتيارتها الاجتماعية: نرجس رودگر.

٧- مفهوم الفكر النسوي في العالم الغربي والوطن العربي: مركز الباحثات.

٨- دراسات في تاريخ العرب، الجزء الأول، عصر ما قبل الإسلام: السيد عبدالعزيز سالم، «الأسكندرية ١٩٦٨م».

٩- جواد علي، المفصل في تاريخ العرب قبل الإسلام، الطبعة الثالثة.

١٠- الألوسي، بلوغ الأرب.

١١- محمد بيومي مهران، الحضارة العربية القديمة.

١٢- عبد السلام الترمانيني، الزواج عند العرب في الجاهلية والإسلام، دراسة مقارنة، المجلس الوطني للثقافة والفنون و الأداب.

١٣- البلدان: ابن الفقيه.

سەرچاوە فارسییەکان:

١- تاريخ رم، آلبرماله و ژوال ايزاک، ترجمه غلامحسين زيرک زاده.

٢- تمدن اسلام و عرب.

٣- تاريخ ملل شرق و يونان، آلبرماله و ژول ايزاک، ترجمه عبدالحسين خان هژير.

ناوەڕۆک

سوپاسنامە ٧
پێشەکی ٩
چەمکی فێمینیزم ١٧
زیاتر لە پێناسەیەک ١٧
جیاوازی ئاراستەکانی فێمینیزم چییە و بۆچی ئەم جیاوازییە گرنگە؟ ٢٠
ئافرەت لە مێژوودا ٢٦
ئافرەت لە دیدی هەندێک لە شارستانییەت و ئایین و فەیلەسووفەکاندا: ٢٧
دۆخی ئافرەت لە شارستانییەتی هیندیدا: ٢٧
ئافرەت لە شارستانییەتی ڕۆمانییە کۆنەکان: ٣١
ئافرەت لە شارستانییەتی یۆناندا: ٣٥
میراتی ئافرەت لە یۆناندا: ٤٠
ئافرەت لای عەرەب، پێش ئیسلام: ٤١
هاوسەرگیری لای عەرەبەکانی پێش ئیسلام: ٤٤
سەربوردەی ژن لای تورکەکانی پێش ئیسلام: ٤٧
ئافرەت لەلای سۆمەرییەکان: ٤٨
ئافرەت لە شارستانییەتی بابلیدا: ٤٨
ئافرەت لە شەریعەتی حامورابیدا: ٤٩
ئافرەت لە جیهانی فەلسەفەدا ٥٠
پێگەی ئافرەت لای هەندێک لە فەیلەسووفەکان و زانایان ٥٠
ئافرەت لە دیدی ئەرستۆدا: ٥٣
ئافرەت لە بیردۆزی پەرەسەندندا: ٥٤
ئافرەت لە دیدی چارلس داروینداا: ٥٥
ئافرەت لە تەرازووی «گۆستاف لو بۆن»دا: ٥٦

ئافرەت لە ئایینی زەردەشتیدا: ٥٨
ئافرەت لە تەورَاتدا: ٥٩
دۆخی ئافرەت لە ڕۆژئاوادا: ٦٢
ئافرەت و پێوەرە ئەخلاقییەکان: ٦٤
ئافرەت و خوێندەواریی: ٦٥
ئافرەت و هاوسەرگیری: ٦٨
مێژووی فێمینیزم..... ٧١
«لە پڕۆتۆ و پێش فێمینیزمەوە تا پۆست فێمینیزم» ٧١
پرسی ژنان..... ٧٣
کریستین دی پیزان کێیە؟ ٧٤
مقۆمقۆکانی دوای دی پیزان..... ٧٦
ماری وڵستن کرافت کێیە؟ ٨٠
شەپۆلی یەکەمی فێمینیزم: ٨٣
شەپۆلی دووەمی فێمینیزم: ٨٩
سیمۆن دی بۆفوار کێیە؟..... ٩٤
چەمکی «لەباربردن» و «حەبی مەنع -حەبی دژە سکپڕبوون» لە شەپۆلی دووەمی فێمینیزمدا:..... ٩٦
شەپۆلی سێیەمی فێمینیزم:..... ١٠٠
ئاڕاستە هزرییەکانی فێمینیزم..... ١٠٥
١- قوتابخانەی فێمینیزمی لیبراڵی:..... ١٠٦
٢- قوتابخانەی فێمینیزمی ماركسی:..... ١١٠
٣- قوتابخانەی فێمینیزمی ڕادیکاڵی (تۆندڕەوەکان):..... ١١١
٤- قوتابخانەی فێمینیستی سۆسیالیستی:..... ١١٤
٥- قوتابخانەی فێمینیزمی بوونگەرایی(وجوودی):..... ١١٥
٦- قوتابخانەی فێمینیستی هاوڕەگەزباز:..... ١١٨
٧- قوتابخانەی فێمینیزمی کولتووری:..... ١٢٠
٨- قوتابخانەی فێمینیزمی ڕەشپێست:..... ١٢١

٩- قوتابخانەی فێمینیستی ئیسلامی:..... ١٢٣
١٠- ڕاڕاستەی پۆست فێمینیزم: ١٢٥
دۆخی فێمینیزم لە هەرێمی کوردستاندا ١٢٧
فێمینیزم، لە بزووتنەوەیەکی سیاسییەوە بەرەو کوێ؟..... ١٢٧
داواکاری فێمینیستەکان، لە چاکسازی کۆمەڵگەوە بۆ قتوویەک سلیکۆن!:..... ١٣١
دۆخی تیۆری فێمینیزم لە کوردستان: ١٣٣
پشیلەکانی من و فێمینیزمی ڕۆشنگەری!..... ١٣٥
چەند ڕەخنە و تێبینییەک لەسەر فێمینیزم..... ١٤٠
ئەو بابەتانە چین کە فێمینیزم بە کێشەیان دەزانێت؟! ١٤٠
١- یەکسانی: ١٤١
پێوەری باشە لای خودا بۆ پیاوان و ئافرەتان..... ١٤٦
٢- ئەخلاق و فێمینیزم: ١٤٨
نێر سالاریی یان مێ سالاریی؟..... ١٥٥
٣- ئافرەت و کارکردن لە دەرەوە:..... ١٦٠
٤- خێزان..... ١٦٨
دیدی ئیسلام بۆ هاوسەرگیری: ١٧٤
هاوسەرگیری لە دیدی «من» نا! لە ژیانی «پەیامبەر»دا (ﷺ):..... ١٧٤
نە لەیل نە مەجنون، نە شیرین و فەرهاد!: ١٧٦
باشترین بن بۆ خێزانەکانتان!:..... ١٧٧
ڕامانێک لە ئایەتی ﴿الرِّجَالُ قَوَّامُونَ عَلَى النِّسَاءِ﴾..... ١٧٨
پاش ئەرکی باڵادەستی و قەوامەت، پیاوان چۆن مامەڵە بکەن؟! ١٨٠
ئێستا ئێوە پۆشاکن!:..... ١٨٧
هاوسەرگیری پێغەمبەر(ﷺ) و دایکە عائیشە، بۆچی ٩ ساڵانێک؟!..... ١٨٨
٥- ئافرەت و باڵاپۆشی:..... ١٩٨
٦- چەند ژنی:..... ٢٠١
مێژووی فرەژنی و چەندژنی:..... ٢٠٢
بۆچی چەندژنی؟! ٢٠٧

ئەی بۆ ئافرەتێک شوو بە چەند پیاوێک نەکات؟ ٢١٥
ڕێکەوتننامەی سیداو ٢٢٠
فێمینیزم بۆچی؟ ٢٢٦
ئایا پێویستیمان بە فێمینیزم هەیە؟!..... ٢٢٦
خودا و مافی مرۆڤ..... ٢٢٨
ئافرەت لە دیدی ئیسلامدا: ٢٣٢
ئافرەت لەنێوان قوتابخانە فێمینیستییەکان و ئیسلامدا:..... ٢٤١
پەیامی کۆتایی و وتاری ماڵئاوایی..... ٢٤٥
سەرچاوەکان..... ٢٥٠
سەرچاوە کوردییەکان: ٢٥٠
سەرچاوە ئینگلیزییەکان:..... ٢٥٤
سەرچاوە عەرەبییەکان: ٢٥٦
سەرچاوە فارسییەکان:..... ٢٥٧

لەم توێژینەوەیەدا بەدواداچوون کراوە بۆ قوتابخانەی فێمینیزم، هەوڵ دراوە لە زمانی فێمینیستەکانەوە فێمینیزم بناسێنرێت و بزانرێت ئایا هەر بەڕاستی ئەم گرووپە هەوڵی بەدەستهێنانی مافی ئافرەت دەدات و، ئایا بەدەستیان هێناوە؟! ئایا هەموو فێمینیستەکان یەک بیرکردنەوەیان هەیە؟ هەروەها هەوڵ دراوە بزانرێت کە یەک داواکارییان هەیە یان داواکارییان جیایە؟ ئایا بەڕاستی فێمینیزم داکۆکیکاری مافی ئافرەتە یان تەنیا بانگەشەیەکە؟ دژی فیترەتی مرۆڤە یان لەگەڵیدا یەکانگیرە؟ ئایا هەموو ئافرەتێک ئەم بزووتنەوەیەی قبووڵە، یان ئافرەتانێک دژایەتی دەکەن؟ ئەسڵەن فێمینیستەکان لەنێو خۆیاندا یەکترییان بەلاوە پەسەندە؟ چەند جۆرن؟ لە چ سەردەمێکدا دروست بوون؟ کێ نوێنەر و پێشەوایانە؟ ئەی گەیشتوون بە ئامانجەکەیان و مافی ئافرەتیان بەدەست هێناوە؟

نرخ : ٥٠٠٠ دینار

9 789426 257243